# مەرگی مرۆڤ و نیوێک



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# مەرگی مرۆڤ و نیوێک


## ڕۆمانی کۆچ و ١٥ کورتە چیرۆک

**مەهاباد قەرەداغی**



**پێشکەشە بەهاوڕێی زۆر هێژام: مام پۆڵا**

ناوی کتێب: مەرگی مرۆڤ و نیوێک- ڕۆمانی کۆچ و ١٥ کورتە چیرۆک
نووسینی: مەهاباد قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣١٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوّتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٤٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ



# من

با ئەم فرسەتەش لە دەستی خۆم نەدەم، هەتا ئەوان بەئاگا نین بیر بکەمەوە و بڕیاری خۆم بدەم، ململانێی نێوانیان منی لەم ناوەندەدا بێزار کردووە، نازانم بۆچی بەم ڕۆژگارە سرەوتیان نییە و ئەم خودە ماندووەی منیان کردوەتە مەیدانی جەنگی خۆیان، زۆر جار ناچارم دەکەن جەستەی خۆم چۆڵ کەم و بۆ ئەوانی بەجێ بێڵم، من دەڕۆم و ئەوان دەمێننەوە، بەدوای جێگایەکدا دەگەڕێم کە تاوێ تیایدا بحەسێمەوە، بەڵام سەردەکەم بە هەر شوێنێکدا کێشەکانیان دەگوێزنەوە ئەوێ و ئەوێشم لێ دەکەن بەدۆزەخ، ناچار دەبم بگەڕێمەوە ناو تاراوگەی جەستەم و لەگەڵ ئەواندا ئاشت ببمەوە، بەهەرسێکمانەوە نیشتەجێی ناو ئەم جەستەیەین، من تا ئێستا هیچم نەوتووە و نەکردووە کە بەدڵی خۆم بێ، هەموو کردەوەکانم فرمانی ئەوانە و من جگە لە قوتابییەکی گوێ ڕایەڵی ئەوان هیچی تر نیم. بۆیە وتم قوتابییەکی گوێ ڕایەڵ، چونکە شەرمم کرد بڵێم کۆیلەیەکی گوێ ڕایەڵ. ئەم شەرمە دەمکوژێ، من کەسێکی شەرمن نیم و ئەو پێم دەڵێ شەرمن بە. ئا، باڵابەرزەکەیان، پێم دەڵێ بەئەدەب بە. هەرچەند لە ناخی خۆمەوە زۆر ڕقم لە یاساکانێتی، بەڵام ناچارم گوێی بدەمێ و پەیڕەوی بکەم، چونکە زۆر کەس هەر لەبەر ئەوەی شەرمنم ڕێزم لێ دەگرن. پێم دەڵێ: لەگەڵ ژناندا مەدوێ و، ماچ مەکە و، زایەند مەکە، هەرچەندە هێزێکی ئەفسووناوی بەرەو لای ئافرەت ڕام دەکێشێ و حەز دەکەم هەمیشە لەگەڵیاندا بم، بەڵام هەر کە لە ئافرەتێک نزیک دەبمەوە قسەکەی ئەوم بیر دەکەوێتەوە و شەرم دام دەگرێ و پاشگەز دەبمەوە.

ئەوی تریان هەر بۆ ئینکاری و لە ڕقی باڵابەرزەکە هانم دەدا هەرچی



ئارەزووم لێی بێ بیکەم و هیچ گوێ نەدەمە قسەی خەڵک. ئەو بستە باڵایەیان پێم دەڵێ: تا کەی ئەو ئارەزووانەت زیندەبەچاڵ دەکەی، ئازاد بە، تۆ بەئازادی لە دایک بوویت و دەبێ بەئازادییەوە ژیان بەسەر بەری.

من لەم ناوەندەدا هیچ ناڵێم و بێ دەنگ دادەنیشم، بۆ ئەوەی خەڵک خۆشی بوێم و ڕێزم لێ بگرێ سەر بۆ باڵابەرزەکەیان دادەنەوێنم و بێ دەنگ دەبم، بەڵام ڕقم لەو بێ دەنگییەی خۆمە، دەزانم ئەو مرۆڤە بێ دەنگە من نیم و کەسێکی ترە و بەزۆر جەستەمی داگیر کردووە. ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە، جەستەی منە و ئەوی تیا دادەنیشێ، بەڵام چۆن بیسەلمێنم کە ئەمە جەستەی منە و هی ئەو کەسە نییە کە تیایەتی، با تۆزێ بیر بکەمەوە، بەڵگەم چی بێ بۆ ئەوەی ئەم جەستەیە هی منە؟! دەڵێن چی ئەوان بەئاگا بهێنمەوە بۆ ئەوەی گەواهیم بۆ بدەن؟!، نا، ئێستا ئەگەر بێداریان کەمەوە لەگەڵ یەکتردا دەیکەن بە بگرە و بەردەیەک ئەوپەڕەکەی دیار نەبێت و بابەتەکەشم لەبیر دەبەنەوە، چاکترە خۆم بیرێکی لێ بکەمەوە و بەڵگەیەکی تر بدۆزمەوە تا بۆ هەمووتانی بسەلمێنم ئەمە جەستەی منە و هی ئەو کەسە بێ چاوڕووە نییە کە داگیری کردووە.

نەء، تاپۆی ڕەشم نییە، بەڵام من خاوەنیم، چونکە نایەتەوە بیرم کەسێ جەستەی لێ کڕیبێتم، هی خۆمە و زیاتریش. پێش ئەوەی ببم بە نوتفەیەک، جوتێ کرۆمۆسۆم بووم، ئاگام لەو کەین و بەینە بوو کە لە نێوان دایکم و باوکم ڕووی دا. باوکم، یان ڕاستتر بڵێم ئەو کەسەی کە لە جەستەی باوکمدا بوو فرمانی ئەو نووستنەی دا. نووستنی چی، باوکم هەر بەزۆر دایکمی پاڵخست و دەیویست زۆر بەخێرایی فرمانی کەسەکەی ناو جەستەی جێبەجێ بکات. دایکم، یان ڕاستتر بڵێم ئەو ژنەی کە لەناو جەستەی ئەودا بوو فرمانی پێدا کە دەبێ گوێ ڕایەڵ بێ و هیچ بەرهەڵستییەک نەکات بەرامبەر بەویستی باوکم.

جەستەی هەردووکیان بوو بەیەک، هەروەکو چۆن ئەوان یەکیان گرت و ئاوێزانی یەکتر بوون، ئاوهاش کرۆمۆسۆمی (X) دەستی لە ملی (Y) کرد

و ئاوێزانی یەکتر بوون و نوتفەیەک دروست بوو، ئەو نوتفەیە من بووم، ئەو ڕۆژەی لەدایک بووم گوێم لە هەڵهەڵەی مامانەکە بوو، دەنگێکی ناسازی هەبوو، مژدەی نێرێتی منی دا بەدایک و باوکم. گریام، زۆر گریام، گریانەکەم هی ئەوە نەبوو کە لە دایکم جیا کراومەتەوە، دەمزانی کە هەر دەبێ جیهانێکی فراوانتر لە منداڵدانی دایکم بناسم و تیا پەروەردە بم، گریانەکەم هی ئەوەش نەبوو کە بەگوێزانێکی کول ناوکیان بڕیم و بەشە براوەکەیان خستە ناو دەستەسڕێک و بەدایکمیان وت فڕێیدە ژووی دکتۆرێک تا کوڕەکەت ببێتە دکتۆر. گریانەکەم هی ئەوە بوو کە هەر ئەو ڕۆژە منیان لە جەستەم دەرکرد و نێرینەیەکیان خستە جێگام. نەنکم کە دەیوت: های پیاو چۆن دەبێ بگریە، لە کاتێکدا ئەو پیاوەی ئەو مەبەستی بوو تەنها تەمەنی چەند دەقیقەیەک بوو. بڕواتان بەم بەڵگەیە کرد یان هی تریشتان دەوێ؟ باشە، با بەسەرهاتی دوای ئەوەشتان بۆ بگێڕمەوە، لەناو ئەو جەستەیەدا ڕۆژ بەڕۆژ فەرمانم بەسەر دەدرا کە ئەرکی سەرشانی ئەو نێرینەیە ئەنجام بدەم. ئەرکەکانی ئەو سەخت بوو، دەبوایە بچێت بەگژ ئاو و ئاگردا. دەبوایە لە هیچ نەترسێ، تەنانەت لە تاریکیش، من لە تاریکی زۆر دەترسام، نەنکم هێندە باسی جنۆکە و دێوەزمە و شەوە و دایکی ئاڵی بۆ کردبووم لە تاریکی زەندەقم دەچوو، بەڵام ئەو ترسەم دەشاردەوە و وام دەنواند پیاوم و ناترسم. یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو نێرینەیەی کە لە جەستەمدا دانرابوو، ئەوە بوو لە خوشکەکەم بدەم، دەبوایە ئەو خوشکەم لێم بترسێ و پێی خوار دادەنێت، کە سایەی منی لێوە دیار بوایە نەدەبوو سەر بەرز بکاتەوە، یان پێبکەنێ، پێکەنین بۆ مێینە کارێکی ناحەزە. ئەو نێرەی کە تیامدا نیشتەجێ بوو، هانی دەدام هەر کە نەمتوانی کارێ ئەنجام بدەم و هەرکە لە بوارێکدا سەرنەکەوتم خوشکەکەم بگرم و تێری بکوتم. زۆر جار کە خوشکەکەم دەگریا و لەبن پێمدا دەپاڕایەوە: «کاکە گیان چیم کردووە، بۆ لێم دەدی؟ تۆبە، تۆبە». سەیرم پێ دەهات، هیچیشی نەکردبوو، بەڵام خۆ ناهەقیشی نەبوو، من وازم لێی نەدەهێنا تا سێ جار



نەیگوتبایە تۆبە! ئەوەندەی تۆبە بۆ کردبووم بۆ خواشی نەکردبوو. ببورن، بۆ منی نەکردبوو، بۆ نێرینەکەی کە لە مندا دانرابوو. نا، پاکانە بۆخۆم ناکەم، منیش بەقەد ئەو نێرینەیە تاوانبارم، چونکە دەبووایە بەهەرچی چەشنێ بێت، لە جەستەمی دەرکەم و نەهێڵم ئەو تاوانانە بەناوی منەوە بکات، یان ئەو تاوانانە بەمن ئەنجام بدات. منیش هەڵەم، بەڵام ئێستا دەمەوێ هەڵەکەم ڕاست کەمەوە و بڕیار بدەم. یا من، یا ئەو، ئەمشەو هەتا ئەوان بەئاگا نین، بیر دەکەمەوە و بڕیار دەدەم. بڕیار دەدەم خۆم بچمە ناو جەستەی خۆم و ئەو منەی تر دەرکەم. بەسە، ئیتر لە وزەمدا نەماوە، سی ساڵە ئەو ڕۆڵە بەدفەرەم پێ بەخشراوە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. جەستەم کراوەتە دەمامک و کراوەتە بەر نێرێتیم. سی ساڵە، سی، وایان ئاوێتە کردووە خۆشم نازانم جەستەم دەمامکەکەیە یان نێرێتیم دەمامکەکەیە.

بەو ڕوخساری دزێوی دەمامکە هێند ژنەکەمم تۆقاندبوو لەبەر دەمما وەک شۆڕەبییەکی بەر تۆفان دەلەرزی. زۆر جار لە تەنیاییدا بیرم دەکردەوە پەشیمان دەبوومەوە لە کردەوەی ئەو نێرە نەعلەتییەی ناخم. دەمووت ئەمە چ هێزێکی بێ بەزەییە لە ناخمدا وەکو بورکان بەڕووی ئەو ئافرەتە جوانکیلەیەدا دەتەقێتەوە.

نازانم بۆ هیچ ڕۆژێک نەبووە لە ژیانمدا بێگومان کردن ژیابێتم، گومانم دەکرد کە ژنەکەم ناپاکیم لێ دەکات، نەم دەزانی سەرچاوەی ئەو گومانە لە کوێوە هەڵدەقوڵێ.

هیچم لێی نەدیبوو، بێ پرسی من لە ماڵ نەدەچووە دەرەوە. دەترسام لەوەی چاوی بکرێتەوە و، شت فێر بێ. وام دەزانی ئەگەر چاوی بکرێتەوە و شت فێر ببێ توانای دۆزینەوەی نهێنییەکەمی دەبێ. ئەو نهێنییەی کە لە پیاوەتیم دایە. بەوەی کە نێرێتی دەمامکە و، هیچی تر. دەترسام بۆی دەرکەوێ هێزی من هێز نییە بەڵکو ڕۆڵێکە و دەینوێنم. تەنها بەسەر ئەودا دەتوانم بینوێنم. هەر لەو ڕۆژە دەترسام و ئاخری ڕووی دا، ئاخری بۆی

دەرکەوت کە پیاوەتی جگە لە دەمامک هیچ مانایەکی تر نابەخشێ.

چۆن بۆی دەرکەوت؟ ئێستا ئەوەشتان بۆ باس دەکەم، با ئەم جگەرەیە داگیرسێنم، پەلەتان نەبێ، با مژێکیشی لێدەم، ئێوە نازانن ئەم تاڵییە بۆمن چەند مانادارە، دەڵێی تامی ئەو یەقینەیە کە ئەو ڕۆژە بەسەر گوماندا سەرکەوت. ئەو شەوەش تەنیا بووم و گومان سەرتاپامی گرتەوە، ژنەکەم لە ماڵی باوکی بوو، گومانی ئەوشەوەیانم لە ژنەکەم نەبوو، چونکە دڵنیابووم کە باوکیشی وەک من جڵەوی دەگرێ و ناهێڵێ بەرەڵا بێ. گومانەکەم لە خۆم بوو، لە نێرێتی خۆم، گومان زۆری بۆ هێنام و هانی دام تاقی بکەمەوە، ئەوە تاقی بکەمەوە نێرم یان نێر نیم.

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و ژمارەکەیم لێ دا، داوام کرد بێتە لام، تا تاقیکردنەوەکەم بکەم و ئەنجامەکەیم دەست کەوێ، ئەو هات و قابقابەکەی داکەند، هێشتا دانەنیشتبوو پەلاماری جلەکانیم دا و دامکەندن، دەتوت جەردەم و کارم هەر ڕووتکردنەوە بووە، پەلەی تاقیکردنەوەکەم بوو، شەرمم لەو نەدەکرد، دەمزانی ئەو وەک ژنەکەم نییە، نە کەس شەرمی لێ دەکرد و نە ئەو شەرمی لە کەس دەکرد، ئەوەندەی دەمامک دیبوو، بەقەد ژمارەی ئەو پیاوانەی کە دەچوون بۆ لای. یان دەچووە لایان. خەریکی تاقیکردنەوەی نێرایەتی بووم، ژنەکەم بەسەردا هات، ڕێک ئەو کاتەی دەمامکەکەم داکەندبوو، بەڵێ بەچاوی خۆی بینی و بۆی دەرکەوت نێرایەتی چییە! هەر لەبەر ئەوەش تەڵاقم دا. چونکە دوای ئەو ڕووداوە نەمدەتوانی دەمامکەکە بەکار بهێنمەوە. تەڵاقم دا!

لەو ڕۆژەوە بەردەوام لەگەڵ دوو کەسەکەی ناخمدا دەجەنگم، باڵابەرزەکەیان و کورتەبنەکەشیان، دەمەوێ گشت ئەو کەسە غەریبانە دەرکەم و بچمە ناو قاوغی جەستەی خۆم، ئێستا ئەوانم ماندوو کردووە و نوستوون، ئاگایان لەوەش نییە کە من ئەم یەقینە بۆ ئێوە دەگێڕمەوە، ئەوان ماندوون و، ئەوەتا لێی کەوتوون و ڕەنگبێ ئیتر هەڵنەستنەوە. جارانی بوایە هەڵدەستان و لە جیاتی من ئەوان قسەیان دەکرد، چی درۆ نەبوایە




نەیان دەگوت.

کات درەنگ بووە، منیش ماندووم، بەڵام هەر دەبێ بڕیار بدەم، گەر بڕیار نەدەم خەوم لێ ناکەوێ. با جارێ لە ئێوە بپرسم ئایا باوەڕتان کرد ئەوە جەستەی منە و ئەو کرێنیشینە بەدفەساڵەی تیا نیشتەجێیە. کرێی چی، خۆ بەکرێ تیای دانەنیشتووە بەڵکو داگیری کردووە، بەزەبری هێز داگیری کردووە، بەڵام ئێستا من لێی ناترسم چونکە منیش باوەڕم بەو هێزە نەماوە. دەمەوێ ئاسایی بژیم، وەک مرۆڤێکی خاوەن هەست. دەمەوێ چێژ لە ژیان وەرگرم.

شاد بم، خەمبار بم، بترسم، خەون ببینم، لە کاتی خۆشەویستیدا هەست بەترپەکانی لەززەت و عەشق بکەم. دەمەوێ بیرم بچێتەوە کە پیاوم و تەنها ئەوەم لەبیر بێ کە مرۆڤێکم و هەستەکانم لەگەڵ ڕووداوە تاڵ و شیرینەکاندا دەورووژێن. بەڵام تا ئەو پیاوە لە ناخما بێ، لە جەستەمدا بێ ناتوانم هەست بەو شتە سروشتییانە بکەم کە لە دەورووبەرمدا ڕوودەدەن. ناهێڵێ! نەخێر ناهێڵێ! هانم دەدا بۆ خۆنواندن و زەبر و زەنگ، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو وشەیەی پێ بوترێ کە ختوکەیەکی هیستریایانەی دەدا. کام وشە؟ پیاوێتی! بۆیە دەمەوێ ئەم نوستنەیان دوا نوستن بێ و بەئاگایان نەهێنمەوە. هەر بەنوستوویی پەلیان دەگرم و دەریان دەکەمە دەرەوە. ئێوە شایەت بن، لە سبەینێوە من دەچمەوە ناو جەستەی خۆم.

١٠/٤/١٩٩٤ شینسکاتابێری



# یەک = سفر

ئێستا دەروونت وەکو خاکەساری کوانووی ماڵە قەرەجێکە، سارد و سڕ. دەرگاکانت خڕ کردووە و ناتەوێ ئەمشەو کەسی تر ببینی. ئەو جگەرەیەی کە لە نێوانی پەنجەکانت دایە، دەمێکە هاودەمێکی وەفادارتە و لەگەڵ دوکەڵەکەیدا حەسرەتێکی نهێنی هەڵدەکێشی. دوکەڵەکە لە بۆشاییدا دیمەنی گشت ئازارەکانی ڕابردووت پیشان دەدات. ئەو ڕابردووەی کە بەردەوام لەگەڵتایە و ڕانابووری. ئەو ڕابردووەی کە ئێستا و دوا ڕۆژتە. سەرنجت تێکەڵ بە دوکەڵەکە دەبێت و ئەویش بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ڕادەی باڵای ونبوون و ئیتر نایبینی. ئەو دوکەڵە چی لێهات؟ بۆ ون بوو؟ خۆ تۆ هەستت دەکرد ئەو دوکەڵە تۆی! کەواتە تۆش بوونێکی دوکەڵ ئاسایت و ون دەبی، یان هەر ئێستاش ونیت و بوونێکی هەست پێ نەکراوی. خۆ بەوە نییە بیر دەکەیتەوە و جەستەیەکت هەیە و بۆشاییەکت پڕ کردۆتەوە، ئەوان ناتخەنە ناو ئەژماری مرۆڤەوە، باوەڕت بەهیچ یەکێ لەو وتانە نەماوە کە سەردەمانێ بەدەم خەویشەوە دەتوتەوە: (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)، جارێکیان توند یەخەی دایکت گرت و ڕاتوەشاند و هاوارت کرد: من هەم یان نیم؟ جگە لە دیمەنی ڕیزێ فرمێسکی ڕوون هیچت نەبینی، تۆ توانای خوێندنەوەی ئەو فرمێسکانەت هەبوو، بەڵگەنامەی ڕاستییەکی شاراوە بوون، وەک هەر یەکێ لەو ڕاستییانەی بەم ڕۆژگارە لەناو تەمی درۆ و گوماندا دەخنکێن، ڕۆژگار ڕۆژگاری ئاوەژوو بوونەوەی ڕاستییەکانە.

هەموو دەرگاکانیان بەڕووتاندا داخست، تەنانەت کەس نەیدەویست ئەو دایکەت بەکارەکەریش ڕاگرێ، دەترسان دەستی ئەو ماڵەکەیان گڵاو



بکات. کە منداڵ بووی سەیری دەستە ناسک و نەرمەکانی دایکت دەکرد و پێت دەگوت: دایە خۆ دەستی تۆ زۆر پاکە بۆچی کەس ناهێڵێ لە ماڵیاندا کار بکەیت؟ هەستت دەکرد ئەو پرسیارانەت خوێیە و دەڕژێتە سەر سەرتاپای برینی و ئازارێکی کوشندەی دەدا و وەڵامێکی نییە بۆ تۆی ئازیزی. ئەو تۆی خۆش دەویست و جگە لە تۆ کەسی تری شک نەدەبرد، دەیویست هەرچۆنێ بێ قوتابخانەت پێ تەواو بکات و چارەنووسی تۆش ڕێڕەوی ڕووباری چارەنووسی ئەو نەگرێ.

یەکەم ڕۆژ کە چویتە قوتابخانە دوو کچی دراوسێتان کە هاوپۆلت بوون لێیان پرسیت: کچەکە تۆ باوکت کێیە؟ هاتیتەوە لە دایکت پرسی. کوا باوکم. وەک هەموو جارێ پێی وتی مردووە. بەڵام سەرنجی قوتابییەکان و مامۆستاکان و بەڕێوەبەر و ژنانی کۆڵان گومانیان لە دڵە بچکۆلەکەتدا دەڕواند. کەس توخنت نە دەکەوت. لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا هەموویان پێکەوە یارییان دەکرد و تۆش لە دوورەوە ڕادەوەستای و تەماشات دەکردن، کە نزیک دەکەوتیەوە دوور دەکەوتنەوە، دەتگوت دوو جەمسەری لێکچووی موگناتیسن، بەڵام تۆ لەوان نەدەچووی، لەوان زیرەکتر و جوانتر بووی، دایکت بۆ ئەوەی هەستی تەنیاییت لا بڕەوێنێتەوە کتێبی چیرۆکی منداڵانەی بۆت دەکڕی و تۆش بەحەزەوە دەتخوێندەوە، هەموو ساڵێ بەیەکەم دەردەچووی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی بەسۆزی هیچ مامۆستایەکت نەدەدی و خۆت بەسەرنەکەوتوو دەهاتە بەرچاو، بەڵام دایکت کۆڵێ شادمان دەبوو، جارجار لە خۆشیاندا دەگریا.

کە یەکەم جار هەستت کرد ئەو پیاوانەی بەشەو دێنە ماڵەکەتان خاڵ و مام و خزمی ئێوە نین و تەنها کڕیارێکن و دێن چێژی جەستەی دایکت بکڕن. هێند گریای، هێند گریای تا دوا فرمێسکت داچۆڕا و، واتزانی ئیتر جۆگەلەی فرمێسکت بۆ هەمیشە وشکی کرد. دایکت لە تۆ توندتر دەگریا و دەیپرسی: ئەی چی بکەم، هەموو دەرگاکانیان بە ڕوومدا داخست، تەنها ئەم ڕێگەیەیان لەبەر دەممدا ئاوەڵا هێشتەوە! تەنها ئەم کارەم دەدەنێ!

بەگڵاوم دەزانن؛ تەنانەت ناهێڵن ئاودەستخانەکانیشیان پاک بکەمەوە، لە ئاودەستخانە بەپیسترم دەزانن.

قیژاندت بەسەریا: بۆ؟ بۆ وا بەگڵاوت دەزانن؟ چیت کردووە؟ بەدەم قوڵپی گریانەوە داستانی خۆشەویستیی نێوان خۆی و باوکتی بۆ گێڕایتەوە. ئەوینێکی درەوشاوەی بێ گەرد، ئەوینێکی تێکەڵ بەخاک و ئەمەکداری بۆ چارەنووسی مرۆڤ، لەو ژووانی دوعاخوازیەدا، کە دەبوو باوکت بچێ بۆ دێ و نامەیەک بگەیەنێتە جێ، هەردووکیان دەمیان لەناو دەمی یەکتر نا و ئەو ماچانە پەیامی چێژی جەستەیان گەیاند و بەئاوێتە بوونی جەستەیان کۆتایی هات، باوکت هەر دەبوایە بچێ بۆ ئەو سەفەرە و بەڵێنی دا دوای هەفتەیەک بگەڕێتەوە و زەماوەند بکەن، بەڵام ئەو نەگەڕایەوە، هەر ئەو گیرانە بوو کە چارەنووسی ئەوی بەرەو سێدارە برد. بەڵام تەنها ئەو لە دار نەدرا، چارەنووسی ئێوەش لە دار درا. چارەنووس وای کرد کە تۆ بەبێ ناسنامە لە دایک ببی، لە کات و شوێنێکدا کە کەس بەناسنامەی خۆی ناناسرێ بەڵکو بەناسنامەی باوکی.

تا ئەو ڕۆژەش کە یەکەم ڕۆژی مامۆستایەتیت بوو لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، وات دەزانی تۆ کەسێکی بوونت هەیە و دەتوانی پارێزگاری لەو بوونەی خۆت بکەی. دەتویست بیسەلمێنی کە تۆ خۆت، کەسایەتی خۆت ناسنامەتە و دەبێ کۆمەڵ تۆ بناسێ کە توخمێکی بەئەرکی و نەوەیەک پەروەردە دەکەی. یەکەم وانەی ژمارەت بە پۆلی یەکی سەرەتایی وتەوە و فێری ژمارە یەکت کردن. حەزت دەکرد هەموویان فێری هاوکێشەی یەکسانی بکەیت، بەڵام فریای وانەی دووەم نەکەوتی و لە پشووی وانەی یەکەمدا بەڕێوەبەر سکاڵای چەندان دایک و باوکی قوتابیی پیشان دای کە قایل نین و نایانەوێ تۆ دەرس بەمنداڵەکانیان بڵێیتەوە.

وشەی زۆڵ لە گوێتا دەزرینگایەوە، هیچ وشەیەکت بەقەد ئەو وشەیە زۆر نەبیستبوو، تەنانەت لە وشەی تاوانیش زیاتر، لە وشەی ناپاکی و تاڵان و ساختە و قۆڵبڕینیش زیاتر. ئەوسا زانیت بۆچی دایکت ناچار بوو جەستەی



بفرۆشێ تا بژی و تۆ بژێنێ، هەر هۆی ئەوەش بوو بەرگەی سوکایەتیی ئەم دنیا بێ میهرەی نەگرت و بەگەنجی مرد.

ئەمشەو گیانت بووەتە پەلەوەرێکی ئاگرین و جەستە بەتاڵەکەت هەراسان دەکات، باوکی یەکێ لەو منداڵانە میوانت بوو کە مامۆستایان بوویت و نەبوویت. یەکێ لەو کەسانەی کە ناچاریان کردی لەشت بفرۆشی.

تۆ بەکراسە شەفافەکەتەوە لەسەر کورسیەکە دانیشتبوویت و ئەویش کەوتبووە بەر پێت و وەکو سەگێکی برسی دەیلێستیەوە. پەنجەی پێکانیشیی ماچ دەکرد. ئەو باوکە بەڕێزەی کە نەیدەویست منداڵەکەی فێری نووسین و ژمارە بکەی چونکە زۆڵی، ئێستا حەیشەرییانە دەتلێسێتەوە.

کە جەستە ڕووتەکەی ئەوت بینی ئێڵنجت دەهاتێ و چاوەکانت دەنوقاند. ئەو بەنوقانی چاوی تۆ زیاتر کلێپەی دەسەند. حەزی دەکرد چاو بنوقێنی و دیمەنی لاوازی ئەو نەبینی کە کڕنۆش دەبا و پەنجە ناسکەکانی پێت دەلێسێتەوە. کە دەرکت بەو حەزە شاراوەیەی ئەو کرد چاوەکانت کردەوە تا باش ئەو دانەوین و ڕووخانەی ببینی و، پیشانی دەی هێشتاش تۆ لەو بەنرخ تری. هەستت کرد هەموو جەستەی لە بەردەم سەرنجتا دەلەرزێ و ئارەقێکی سارد هەموو جەستەی داگرتووە. چاوەکانت بەبێ تروکاندن بەنێو چاویدا چەقاند و دەتویست بەسەرنج بیکوژی. چاوی داگرت، وات زانی شەرمەزار بوو، بەڵام بەو چاوداگرتنەی تەنها دەیویست لە تیری سەرنجت ڕزگاری بێ. چاوەکانت لە بەشی خوارەوەی جەستەت بڕی و بەرزی نەکردەوە، کاتێکت زانی کاری خۆی لەگەڵ جەستە سڕ بووەکەتدا ئەنجام داوە و ڕۆیشتووە. لە جێگاکەی ئەو تەنها هەندێ پارەت بینی، بەشی نان و ئاو و ئەم جگەرە تاڵانە!

ئەو مژە تاڵانەی جگەرە یەک لە دوای یەکەکانی نێوان پەنجەکانت ڕۆژگاری قوتابخانەت بیر دەخەنەوە، فێریان کردبووی کە یەک یەکسانە

بەیەک، مامۆستا دەیان جار لەسەر تەختەی ڕەش نووسیبووی ١=١، وەکو گومانی هەبێ لەو هاوکێشەیە کە زیاد لە پێویست دووبارەی دەکردەوە. بەڵام تۆ هەستت دەکرد ئەو هاوکێشەیە لاسەنگە، چونکە هەستت نەدەکرد تۆ یەکێکی و یەکسانی بەیەکێکی تر، لەسەرنجەکانیاندا شتێکی ترت دەخوێندەوە، وا دەردەکەوت کە تۆ بەهیچ نازانن، بەتایبەتی ئەو ڕۆژەی کە مامۆستای ماتماتیک شەونم و تۆی لە لای تەختە ڕەشەکە ڕاوەستاند و ڕاڤەی ئەو هاوکێشەیەی بۆ دەکردن و وتی: بڕوانن، شەونم یەک کەسە، پەیامیش یەک کەسە، کەواتە شەونم یەکسانە بەپەیام. شەونم دەستی بەگریان کرد و هاواری کرد... نا... من یەکسان نیم بەپەیام، من حەڵاڵزادەم و ئەو زۆڵە، مامۆستاش داوای لێبوردنی لێ کرد و پێی وت مەبەستی نەبووە. مەبەستی نەبووە، ئیدی بۆ ڕاڤەی ئەو هاوکێشەیە هەرگیز تۆیان بەنموونە نەهێنایەوە! کەوابێ تۆ یەکسان نەبووی بەهیچ کەسێکی تر. کە وابێ یەک یەکسان نییە بەیەک! لەو ڕۆژەوە ئیتر هەر مامۆستا باسی ئەو هاوکێشەیەی دەکرد وات دەزانی درۆیەکی زل دەکات.

زۆر جاریش بیرت دەکردەوە ئاخۆ یەک یەکسانە بەچەند؟ هەر لەم ڕۆژانەشدا ئەو وەڵامەت دەست کەوت، ئەو شەوەی مێردەکەی شەونم لە دەرگاکەی دایت و بەدیمەنی فرمێسکەکانی پڕ بووی لە بەزەیی و بەسۆزەوە سەریت لەسەر ڕانت دانا و بەدەستەکانت فرمێسکەکانیت سڕی و، ئەویش یاری بەپرچە ڕەشەکەت دەکرد. وەکو بیەوێ قەرەبووی ئەو بێ سۆزییەی شەونم بەسۆزی تۆ بداتەوە. یەکەم جار بوو بەدڵەوە پەنجەکانت بەر جەستەی پیاوێ بکەوێ و هەست بکەی خۆت دەتەوێ و بەسەرتدا نەسەپاوە، ئەو چاوی لە چاوت بڕی و وتی: بەڕاستی تۆ مرۆڤێکی دڵسۆزیت! سەیرت پێ هات کەسێکی تریش بێجگە لە خۆت هەبێ بزانێ تۆ مرۆڤی، یان کەسێ هەبێ لەو کۆمەڵگەیەدا بەسۆزانیی بڵێت مرۆڤ!

ئەو شەوە گشت زوخاوەکانی بۆ هەڵڕشتی، شەونم ژیانی لێ تاڵ کردبوو، وای لێ کردبوو ناوی خۆی لەبیر بچێتەوە، پێش ئەوەی بڕوات دەستی



بەگیرفانە بەتاڵەکانیدا گێڕا و وتی: بەداخەوە هیچم پێ نییە، شەونم گشت ئێوارەیەک چۆڵی دەکا و کراس و جانتا و پێڵاوی پێ دەکڕێ، داوەتی پێ دەکا و دەچێتە داوەتی، ئاهەنگی پێ ساز دەکات، ئاخ بریا شەونم بوونی نەبوایە لە ژیانمدا، دەزانی چی؟ شەونم سفرە، بەڵێ، سفرێکی گەورە. هیچ سوودێکی نییە نە بۆ خۆی، نە بۆ من، نە بۆ کۆمەڵگە.

بەڵێ، دەمێک تێپەڕیبوو بەسەر ئەو پرسیارەی کە لە مێشکتدا دەخولایەوە، داخۆ یەک یەکسانە بەچەند؟ ئای، کەواتە یەک یەکسانە بەسفر.

١/٤/١٩٩٤ شینسکاتابێری







# گیاندان

وا دێم بۆ لات فاتم، نەموت لەو دنیاش بێ بەیەک دەگەین، هەر تۆزقاڵێ ئۆقرە بگرە هاکا گەیشتمە لات، من تەنها لەبەر بێکەسیی دایکم بوو دواکەوتم دەنا ئارەزووم دەکرد هەر دوای ئەو کۆچەت منیش دوات کەوتبام. فاتم گیان بیرتە کە لەسەر تەنوورەکەی بەرماڵتان یەکەم نانت دامێ، نانەکەم لەسەر دڵم دانا و بۆنم دەکرد، بۆنی تۆ و وەفاداری و ئەوینی لێ دەهات، هەشت ساڵ دڵمان بۆ یەک لێیی دا فاتم، زۆر جار دەمویست خەیاڵ بکەم تۆ لە باوەشمی و توند دەتنووسێنم بەخۆمەوە و ماچت دەکەم و ئاوێزانی یەکتر دەبین، بەڵام هەر زوو ئارەقی شەرمەزاری بەنێوچەوانمدا دەهاتە خوارەوە و هەستم بەگوناه و پەشیمانی دەکرد و دەموت ئێمە بەپاکی یەکترمان خۆش دەوێ و نابێ خەیاڵی پیس بکەمەوە... ئەوەندە هەست بەگوناهم تیا دروست بوو بوو تەنانەت کە تۆش داوام لێ بکەی توخنت نەکەوم، ببورە فاتم گیان ئەو ڕۆژەی کە لە کادینەکەتاندا یەکمان بینی و هەستم کرد جەستەی تۆش بووەتە یەک پارچە ئارەزووی ئاوێتە بوون لەگەڵ جەستەی مندا، دەستت هێنایە پێشەوە تا دەستم بگرێ بەڵام من لێت دوور کەوتمەوە و وتم سوێندم خواردووە بەپاکی خۆشتم بوێ، ئێستا دەزانم چەند ستەمم لە تۆ و لە خۆشم کرد، بەڵام ئەوە تاوانی من نەبوو، وایان فێرکردبووم کە خۆشەویستی پاک پەیوەندی نێوان ڕۆح و ڕۆحە نەک جەستە و جەستە، هەموو وا فێرکرابووین کە پەیوەندی نێوان جەستەی کچ و کوڕ زینایە، نەخوازەڵا تۆ فاتم کە کچە شێخێ بوویت و لە تەکیە پەروەردە بووبووی و لەناو دەروێشە پرچ درێژەکاندا چاوت کردبووەوە. کەچی هێشتا تۆ لە من چاوکراوەتر بووی، تۆ دەتویست دەستم بگریت و چێژی ماچ و پێکەوەنووسانی جەستە و جەستەم فێرکەی. لێم ببورە فاتم، تەنها خۆشەویستی بوو، تەنها دڵسۆزیم بوو بۆ تۆ وای لێ کردم خۆم و تۆش لەو چێژە بێ بەش بکەم، دەنا منێکی کوڕە شاریی تا ئەو کاتەش نەمدەزانی قیبلە چییە و ڕووی لە کوێیە و نەمدەزانی چەند ڕکات نوێژ فەرزە. کە تۆم خۆشویست بەرماڵم هەڵگرت و دەستم بەنوێژ کرد، لە خوا دەپاڕامەوە کە لەم دنیادا من و تۆ بەیەکتر شاد بکات، زۆر ئازاری ئەوەم دەچێژا کە دەمبیست دەڵێن شێخەکان تەنها کچ دەدەن بەشێخ و نایدەن بە مسکێن، بەڵام نائومێد نەدەبووم و لە هەوڵدا بووم بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە باوکت، زۆر جار نوێژەکەم بەئەنقەست لە تەکیە دەکرد، بەڵکو باوکت بمبینێ و بزانێ چ موسوڵمانێکم. بەڵام فاتم من ئەلحەمدوم نەدەخوێندەوە، بەڵکو تا دەمتوانی ناوی تۆم دەهێنا، تا بێ کۆتایی بیر و خەیاڵم لە خۆشەویستی تۆ دەکردەوە. شێوە فریشتەیییەکەی تۆ وەکو خوا لە بەرامبەرمدا بوو، بۆیە کڕنۆشم دەبرد و دەگریام. من بۆ ئەوە دەگریام، دەترسام لەوەی من و تۆ بەیەکتر نەگەین و شێخێتی ببێتە دڕکی مەم و زینی نێوانمان، کەچی دەروێشەکان وایان دەزانی من لە خۆشەویستی خوادا نوقوم بووم. تەنانەت باوکیشت نەیدەزانی من لە خەڵوەتی عەشقی تۆدا بوومەتە دێوانە. باوکیشت کە دەروێشەکان پێیان وابوو لە غەیبەوە پەیامی بۆ دێ و ئاگاداری چارەنووس و نەزانراوەکانە، نەیدەزانی من گیرۆدەی تۆم. لە دڵی خۆمەوە دەموت خۆزەکە ڕاست بوایە و ئاگاداری نهێنی و غەیب بوایە بۆ ئەوەی ئەم عەشقە خواییەی منیشی دەرک پێ بکردایە، دەموت بریا ڕاست بوایە و خۆفی خوای لە دڵدا بوایە و لەبەر خۆفی خوا و تۆی بدایە بەمن.

فاتم گیان نیگەران مەبە، ئەوەندە چاوەڕێت کردووە چەند خولەکێکی تریش چاوەڕێ بە، دێم و قەرەبووی هەموو ئەو چاوەڕوانی و تەنیاییەت دەدەمەوە، ئیدی دڵت ناشکێنم و ئەگەر ویستت دەستم بگری نەک هەر دەستمت لەناو دەست دەنێم بەڵکو تا بێ کۆتا لێوەکانت دەمژم و تا بێ

کۆتا لە باوەشت دەگرم. ئەزموونێکی تاڵمان بینی و نابێ دووبارەی بکەینەوە، ئێستا باوەڕم وایە جەستە و ڕۆح پێکەوە زیندوێتی دەدەنە ئەوین، خۆشەویستی ڕۆح بەبێ جەستە خۆشەویستییەکی ناتەواوە. فاتم گیان ئەمجارە دێم و بۆت دەسەلمێنم بەتەواوی خۆشم دەوێی.

کێ دەیوت فاتم گیان ئەو ڕۆژە دێ؟ لە خەیاڵی کێدا بوو؟ هەمووی لە چرکەیەکدا ڕوویدا! جا ئەو ساتانە سات بوون یان بورکان؟ جا ئەو ڕۆژە زەمەن بوو یان ئەفسانە؟ کێ دەیوت وامان لێ دێ کێ؟ بیرتە ڕۆژێ کە لای کانیاوەکە ژوانمان هەبوو، هێلانە چۆلەکەیەک لەسەر درەختەکەوە کەوتبووە خوارەوە چۆن باسمان کرد؟ فرمێسکم لە چاوە پڕ بەزەییەکانتدا بینی کاتێ بێچوە چۆلەکەکان زیکە زیک بەدەوری دایکە بێ دەرەتانەکەیاندا باڵە فڕێیان دەکرد و منیش هەستام و هێلانەکەم خستەوە سەر لقی درەختەکە و چاوەکانی تۆ پڕ بوونەوە لە بریسکەی شادی؟! بیرتە؟! کێ دەیوت ئەمە ڕوو دەدا کە ساڵ بێت و بڕوات و من تۆ نەبینم؟ ئای چەند دەگریام، بەدەنگێکی بەرزی لە شێوەی گۆرانی دەگریام، لەگەڵ ئەو گۆرانیانەدا دەتوامەوە، بپرسە لە شاخ! هەر ئەوان حەسرەتەکانمیان لە توێی حەسرەتەکانی خۆیاندا حەشار دەدا. بپرسە لە تفەنگەکەم کە ئەو چرکەیەکیش لێم جیا نەبوەتەوە و گوێی لە یەکە یەکەی ئێشە دەنگدارەکانم بووە. بپرسە لەو چەند هاوڕێ بەئەمەکەم کە پێکەوە برسێتی و تینوێتی و ترس و سەرمامان چێشت و لەم چۆڵەوانییەدا هاودەردی یەک بووین.

فاتم گیان گەر هاتم باسی هەموو شتێکت بۆ دەکەم، لەو ڕۆژەوەی کە ئیتر تۆم نەبینییەوە. من سەختیم زۆر کێشا بەڵام دەزانم هەموو ئەو سەختییانەی کە من کێشاومە ناگاتە چرکەیەکی سەختییەکانی تۆ، چونکە هەرچۆنێ بوو من خۆم ئەو سەختییەم هەڵبژارد و ئازاد بووم، بەڵام تۆ، تۆی ڕوون وەک کانی، تۆی جوان وەک فریشتە ئەو ڕێگە ناهەموارەیان بەسەردا سەپاندی، من دەزانم بەتۆ بوایە بەدووی من بکەوی و بڕۆین. بەڵام بەدەستی خۆت نەبوو، ئەوجارەیان بەدەستی باوکیشت نەبوو، بەدەستی



براکانیشت نەبوو، فاتم گیان ئەوجارەیان بەدەستی کەسانێ بوو کە هیچ مافێکیان بەسەرتەوە نەبوو. تۆ و هەمووانیان برد، هەموو، من لە پاڵ شاخەکەوە دەمبینی کە چۆن سواریان کردن، دەگریام، گریانێ کە ئاگر لە جەستەمەوە هەڵدەستا، هاوڕێکانیشم دەگریان، تفەنگەکانیشمان دەگریان و لە بێدەسەڵاتیا خەریک بوو دڵمان شەق بەرێ، بەچاوەکانی خۆم بینیم گڕ لە شوێنەواری یادگاریەکانمان بەرز دەبێتەوە، فاتم گیان هەموویان سوتاند، تەکیە، کادین، ماڵەکان، درەختەکان، هەموویان ڕوخاند و سوتاند، ئەو تەنورەش کە تۆ نانت تیا دەکرد و من سەیری قەد و باڵام دەکردی و هەموو جارێکیش یەکەم نانت دەدا بەمن.

فاتم گیان کە هاتم تۆش سەرگوزەشتەی خۆتم بۆ بگێڕەوە، دڵم پڕ لە گرییە و بەتۆ نەبێ ناکرێتەوە. من هێندەم قسە بیستووە نازانم چەندیان ڕاستن و چەندیان درۆ، تۆ بۆم باس کە و دڵنیام کە، هیوادارم فاتم گیان ئەوانەی بیستوومن ڕاست نەبن. هیوادارم کە ئەو جەستە پاک و ڕوونەت کە من نەمدەوێرا پەنجەی بۆ بەرم، ئەو جەستە پیرۆزەت بەجەستەی ئەوان لێخن نەبووبێ! ئای چۆن گریانێکی نهێنی دەگریام کاتێ دەمبیست ئێوەی فریشتە لەبەرچاوی باوک و براکانتاندا ڕووت دەکەنەوە و بەزۆر کچێنیتان لێ دەستێننەوە. فاتم گیان تۆ لە سەرنجی مندا وەکو جاران پیرۆزیت، جەستەت وەک جاران پیرۆزە، کچێنیت هەبێ یان نەبێ، جەستەی تۆ دەریایەکی فراوانە و بەدەمی ئەوان گڵاو نابێ. هەر تۆزێکی تر دان بەخۆتدا بگرە ئیدی لەو چاوەڕوانییە درێژخایەنە ڕزگارت دەکەم و دەبین بەهاوسەر.

نا، دڵ لە دڵ مەدە ئازیزم، هۆی ئەم دواکەوتنەم بێ ئەمەکی و بێ بەڵێنی نەبوو، بەڵکو من پێم وابوو بەمانەوەم لە شاخ و بەم تفەنگە دەتوانم ڕزگارت کەم، بەڵام ئاخ، هیچم پێ نەکرا و تۆش تا دەهات دوورتر دەخرایتەوە، بیابان بەبیابان دەیانبردی. سەدان جار خەونم پێتەوە دەدی کە چۆن قرچەی نیوەڕۆ ئەو لەمەی بیابان داغ دەکا و چزە لە جەستە ناسکەکەت

هەڵدەستێنێ، کە لە خەو ڕادەپەڕیم، تفێکم لەو تفەنگە بێ دەسەڵاتەی خۆم دەکرد کە هیچی لە دەست نایەت و زیاتر ئازارم دەدا.

کە لەو کابوسانە ڕادەپەڕیم لە گابۆڕەم دەدا و پڕ بەو شاخانە بانگم دەکردی. چیم کردبا ئازیزم لەو چۆڵەوانییە سامناکەدا تەنها من و ئەو چەند هاوڕێیەم وەکو پیاوی ناو ئەفسانە لە شوێنەواری دێ و ماڵ و هێلانەی ڕووخاودا دەگەڕاین، فاتم گیان هەر (بنکە) نەبوو کە کاول کرا، گشت دێکانی تریش، ئاخ، ئاخۆ ئەوان چەند جێ ژوانیان تیا بوو بە خۆڵەمێش و چەند دڵداری ئێمە ئاسایان تیایاندا لە یەک ترازاند. زۆر جار دەچوومە سەر شوێنەواری تەکیەکەتان، تەنوورەکە، سەر بیری ئاوەکەی ناو حەوشەتان، کادینەکە، کێ دەیزانی لەو شوێنە پیرۆزانەدا ژوانێک لە نێوان دوو ئالوودە ڕوویداوە بێ ئەوەی ماچێکی یەکتر بکەن.

خانمەکەم... هۆشم نەیدەویست بڕوا بکات کە جەستەی تۆش و ئەوانی تریش لە چاڵە ڕەشەکانی بیاباندا بەزیندوێتی داپۆشراوە. نەمدەتوانی باوەڕ بکەم تۆ کوژراوی، ئاوەزم توانای قبوڵکردنی ئەوەی نەبوو کە دەستانێ هەبن بتوانن تۆیەکی فریشتە بخەنە چاڵێکەوە و بەزیندوێتی داتپۆشن. نەمدەتوانی، هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی باوەڕ بکەم تۆ نەماوی، ڕەنگە هۆی ئەوەبێ کە ڕۆحت هەمیشە لەگەڵمدا بوو، دەیدواندم، دڵی دەدامەوە، هێزی دەخستمە بەر و هانی دەدام و سوری دەکردم لەسەر مانەوە لە شاخ و یاخیبوون.

هەر هۆی ئەوە بوو مامەوە و سەختییەکانم لا ئاسایی دەبوونەوە، تا ئەو کاتەی توانیمان بەتفەنگ ڕێگایەک بەرەو شار بکەینەوە و ڕزگاری کەین. منیش بە دیداری دایکە دوورەکەم بگەم، ئەو دایکەی کە لەوەتی بیرم بێتەوە لە پرسە و جلی ڕەش دایە. ئەو بەدیتنی من و ئازادی لە پرسە و جلی ڕەشی کاکم دەرچوو، هەڵهەڵەی لێ دەدا، پێم وابوو ئەو دەنگە تەنها دەنگی خۆی نییە، بەڵکو دەنگی هەموو دایکان ئاوێتەی دەنگی بووە و گوزارشت لەو سەرکەوتنە دەکات. فاتم گیان گەر ئەو ڕۆژە دایکەکانت



دەدی چۆن باوەش بەئێمەدا دەکەن، هەرچی برینت هەیە سارێژ دەبوو، تەمەنێکی درێژ بوو نەیانتوانیبوو بەئازادیەوە چاو هەڵبڕن و سەیری کەژ و کێو بکەن، سەیری باڵای کوڕەکانیان بکەن. لەو ڕۆژەدا کە تارمایی عیزرائیلەکانیان لێ دوور خرابووەوە دەیانتوانی نەک هەر سەیر بەڵکو کوڕەکانیان بخەنە نێو بیلبیلەی چاوەکانیانەوە.

ئای خانمەکەم، چەند شادمانم کە لەتۆ نزیک دەبمەوە، هێندەش پەژموورده و دڵگیرم کە دووبارە دایکم دەئاڵێنمە بەرگی پرسە و ماتەمینی، ئەمجارەیان بۆ یەکجاری ئەو بەجێ دەهێڵم و بۆ یەکجاری بۆ لای تۆ دێم.

ئای فاتم گیان... دەنگی ئەم بۆمبایانە کاسیان کردم، (باوەشاسوار)یش وەکو من کاس بووە و سنگە پانەکەی سەدان تۆپی بەرکەوتووە، بەڵام ئەو هێشتاش هەر ڕاوەستاوە و من لە پاڵ ئەم تاوێرەدام و چاوەڕێم دوا دڵۆپەکانی ئەم دڵە نەزیفەم نەخشەی بەئەمەکیم لەناو ئەم چەمە تەنکەی (بوغاز) بنەخشێنێ و منیش دەست بەکۆچەکەم بکەم، ئای فاتم گیان، ئای ئازیزەکەم... دەستت بێنە... وەرە باوەشمەوە... نەموت لەودنیاش بێ بەیەک دەگەین... نە...مو...ت... فا...ت...م...گ...ی...ا...ن.

هاوینی ١٩٩٤ فاڵشۆپینگ

---

باوەشاسوار: ناوی شاخێکە لە شاری کفری.
بنەکە: ناوی دێیەکی سەر بەشاری کفری بوو، لە ساڵی ١٩٨٨- کە بەساڵی ئەنفال دەناسرێ- لە لایەن ڕژێمی بەعسی عەفلەقییەوە وێران کرا و دانیشتوانەکەشی وەکو دانیشتوانی هەموو دێیەکانی تری کوردستان لە بیابانەکانی خوارووی عێراق لە نوگرە سەلمان زیندە بەچاڵ کران.
بوغاز: ناوی چەمێکە لە بناری باوەشاسوار لە شاری کفری.



# نیگارە ناتەواوەکان

١

دیوارەکانی زیندان ماچ دەکات و نایەوێ بێتە دەرەوە، هاوار دەکات: زیندان گیان تۆ دوو مانگە ڕۆحی منت پاراستووە، جەستەی منت پاراستووە، خوێنی منت لە مردن پاراستووە، نامەوێ بەجێت بێڵم نا! تکایە نامەوێ بەجێت بێڵم، دەمەوێ لێرە بمێنمەوە.

هەنگاوێ لەولای دەرگای زیندانەکەوە گوللەیەکی بچووک، فیشەکی دەمانچەیەکی دیکتاریۆف، دیواری سنگی شەق کرد و لە زیندانی قەفەسەی سنگیدا دڵە شکاوەکەی دۆزییەوە و پێکای.

گوێم لێ بوو لە دادگادا زۆر کەس بەشانازییەوە باسیان دەکرد، تەنانەت دایکیشی و باوکیشی دەموچاویان وشەی ئافەرینی دەردەبڕی، لەسەر دۆسیەکەشیدا کە بەدەستی پارێزەرەوە بوو نووسرابوو (مەسەلەی شەرەف).

٢

لەو گۆڕستانەدا گڵکۆکەی ئەو تەنها گۆڕێکی بێ نازی هەڵنەگیراو و بۆیە نەکراو بوو، سەرنجم دا بەردی کێلەکەی ناویشی لێ نەنووسراوە، بەڵام چەند تاڵە نێرگزێکی خۆڕسک لە ژوورسەریدا ڕوواوە، نە پێنووسم پێ بوو نە بۆیە، دانوشتامەوە و بەپەنجەم بە مەرەکەبی با نووسیم «خۆشەویستی».

٣

کە بەو کۆڵانەدا تێ پەڕیم گوێم لە دەنگی گۆرانی و چەپڵە بوو، کە



گەیشتمە ئاستی دەرگاکە ئاوڕم دایە نێو حەوشەیان، بڕێک پیاو حەیشەریانە هەڵدەپەڕین، ئەویش بەشانازییەوە دەمانچە دیکتاریۆفەکەی هەڵبڕی و سەڵیەکی بەهەوادا کرد. وتیان لەم ماڵەدا گوێزەبانەی منداڵبوون هەیە، لە پاش سێ کەنیشک کوڕێکیان بووە.


٤

زۆر جار سکاڵای دەکرد لە بێ بەختیی خۆی، چونکە لەو ماڵەدا لەدایک بووە و ئەو باوکێتی، هێشتا ئەوەشی نەدەزانی کە باوکی دەستی بەخوێنی خۆشەویستی سوورە، دەڵێ ڕۆژ نییە لە داخی حەوا من دارکاری نەکات، دەڵێ: گەر ژن نەبوایە ئێمە لە بەهەشت دەرنەدەچووین، دەڵێ ئەو ئەم دنیایەی لێ کردووین بەدۆزەخ، براکەشمی هەروا فێر کردووە، دڵم بۆ خۆشەویستی دەبزووێ، مەترسییەکی گەورە دەکەم. دەزانم برا تاقانەکەم پێم بزانێ هەر دەمکوژێ!!

٥

دۆسێیەکی زەردی تر لە سەری نووسرابوو «مەسەلەی شەرەف».

لە گۆڕستانەکەشدا گڵکۆیەکی بێ نازی تر بوو بەهاوەڵی ئەو گڵکۆیەی کە من بەپەنجەم، بەمەرەکەبی با ، وشەیەکی مەزنی نادیارم لەسەر نووسی، «خۆشەویستی».



# چرپەکان

### ڕاز

دەستی ڕاستی پێچابووەوە و بەملیدا هەڵواسرابوو، لە تابلۆکەی پایینی چرپاکەدا نووسرابوو لە پەیژە بەربووەتەوە و دەستی شکاوە، لە مەلەفی پۆلیسیشدا هەر هەمان شت نووسرابوو، بەڵام نەیدەویست ئەو ڕاستییە لە من بشارێتەوە، دەمێ بوو هاوڕێ بووین و ڕاز و نیازمان لای یەکتر دەدرکاند، بەچرپە پێی وتم: مێردەکەم دەستی شکاندم.

### شوو

– دەمێکە نووسینەکانت نابینم، ئەوە تۆ چیت لێ هات؟

– شووم کرد.

– ناهێڵێ بنووسیت؟

– ناهێڵێ خۆم بم.

### لەدایک نەبوون

لە دایک بووم و نەبووم، دایکم دەرپێیەکی لە پێ کردم و وتی: عەیبە، تۆ کچی، لەوساوە شەرمنم. لەوساوە خۆم نیم و مێینەیەکی لاواز لە جەستەمدا نیشتەجێ کراوە. ئیدی نازانم، لە دایک بووم یان نەبووم.

### مەرگ

– ئەم ئێوارەیە دەیبەن.


– بۆ گۆڕستان؟

– نەخێر! بە بوکی.



### بڕیار

بەڵێ ئەمە مافی خۆمە، خۆشم دەوێ، دەشیانویست لێکمان بترازێنن، هیچ پەشیمان نیم و مافی خۆمانە بەبێ ڕەزامەندی ئەوانیش پێکەوە بژین، «بەدووکەوتن»ی چی؟ ئەم وشە نەشازە چییە؟ نە ئەو بەدووی من کەوتووە و نە من بەدووی ئەو کەوتووم، بەڵکە بڕیارمان دا پێکەوە بژین و ژیاین.



# لە نێوانی شایی و شیندا

من لەو تیژەوەتیرە نەدەگەیشتم، ئەو ئاپۆڕە نائاساییەی کە لەناو ئەو دالانە چوار گۆشەییەدا کۆ ببونەوە دەتوت مرۆڤی ئەفسانەیین، بەئاسانی نەمدەتوانی لەو گوزارشتە بگەم کە لە دەموچاویاندا نەخشەی ئالۆزییەکی سەیری کێشابوو. ئەو باخچە باریکەی کە لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بوو لەبەرچاوی من ڕێک لە گلکۆیەک دەچوو سەری هەڵدرابێتەوە، دارێکی وشکەوە بووی بێ گەڵا کە لە تینوانا بۆنی خنکانی دەدا لە سوچێکیەوە گوزارەی لە ژیانێکی بێ هودەی ئەو کەسانە دەکرد کە لەناو ئەو ماڵ و حەوشەیەدا بۆ هیچ ژیاون. بەسەر لقە قاوەییەکانییەوە چەند پارچە جلێکی ژنانەم دەبینی، جلەکان ڕەنگێکی سەیریان هەبوو، نە سوور بوون و نە سوور نەبوون، نە تەڕ بوون و نە تەڕ نەبوون، باشتر سەرنجم دەدانێ تا بزانم ئەو جلانە ڕەنگیان ڕێک وەک ڕەنگی چی وایە، تەڕن یان تەڕ نین؟ هێشتا سەرنجەکانم ئەوەیان ڕوون نەکردبووەوە کە ڕەنگە ڕاستەقینەکانی جلەکان چۆنن، خەیاڵم بۆ ئەوەی ڕاکێشام، ئایا ئەو جلانە گەڵان یان بەری درەختەکە، دیمەنی درەختەکە و بۆنی تینوێتییەکەی لەوەی دڵنیا دەکردم کە درەختەکە زڕە، بەڵام خەیاڵە ساواکەم گومانی لا دروست دەکردم و پێی دەوتم ئەوانە بەری ئەو درەختەن. ئەی باخچە خڕەکەی حەوشەی ئێمە بۆ جل ناگرێ؟ ئێستا دەچمەوە و تەماشای دار هەنارەکەی ماڵی خۆمان دەکەم بەڵکو جلێکی هەناریی وەک ڕەنگی ئەم جلە جوانانەی بۆ من گرتبێ.

دیسان هاتمەوە ناو ئاپۆڕەکە، سەرنجم لە جەستە گرمۆڵە بووەکانی بن دیوارەکانی چواردەوری حەوشەکە دەچەقی. هەر هەموویان لە قوماشێکی ڕەش پێچرابوون و چاوەکانیان بڕیبووە دەرگای ئەو ژوورەی کە هێشتا من



نەمدەزانی ژوورە یان کونە ئەشکەوتێکی تاریک. ئێوارەیەکی سەیر بوو، ماڵەکەش لە ماڵە ئەفسانەییەکانی حیکایەتە ترسناکەکانی باپیرەم دەچوو، دەرگای ئەو ژوورەی کە هەموو چاویان تێ بڕیبوو وەکو دەرگای ئەو ئەشکەوتە دەهاتە بەرچاوم کە باپیرەم لە چیرۆکی ئەو ورچەی کە کچێکی فڕاند و بردیە ئەشکەوتەکە و خواستی و چەند منداڵێکی لێی بوو، لە ئەشکەوتەکەدا کچەکەی دانابوو بەردێکی گەورەی کردبووە دەرگای ئەشکەوتەکە کە جگە لە خۆی کەس نەیدەتوانی بیکاتەوە، ڕێک وەکو ئەو ئەشکەوت و دەرگایە دەهاتە بەرچاوم، سەیری چاوە کراوەکانم دەکرد و لە گوزارە سەیرەکەیان نەدەگەیشتم.ئەو خەڵکە بۆ لەناو ئەم ماڵە ئەفسانەییە کۆ بوونەتەوە و چاویان بڕیوەتە ئەو دەرگایەی کە جگە لە تاریکییەکی سامناک هیچی لێوە نابینرێ؟ یان دیارە شتێک هەیە و من ناتوانم بیبینم، یان چاوەکانی من لە چاوەکانی خەڵکی تر جیاوازە! بشێ هەموو خەڵک وەک یەک شتەکان ببینن، چاو ئەندامێکی سەیرە لە مرۆڤدا.

بۆ چووبوومە ئەو شوێنە و خۆم تووشی ئەو سەرسامییە کرد، ئا، کە من و ئاوات یاریمان دەکرد و هەر یەکەمان بووکە شووشەکەی خۆی هێنابوو، لە بەرد هەر یەکە و ماڵێکمان بۆ خۆمان دروست کردبوو، بەو یاریەمان دەوت ماڵە باجێنە، ئاوات پێی وتم با یاری ژن بەژنێ بکەین، گوتم ئەو یاریە چۆنە؟ بۆی باس کردم و دەستمان کرد بەیارییەکە. یارییەکی سەیر بوو، ئاوات هات بۆ خوازبێنی بووکەکەی من، واتە کچەکەی من، منیش پێم وت من هەروا کچەکەم نادەم بەکوڕی خەڵک، منیش کچێکم دەوێ بۆ کوڕەکەم، ئاوات ڕازی بوو بەژن بەژنە و زەماوەندمان ساز کرد. من بووکەکەی خۆمم تا نیوەی ڕێ برد و ئەویش ئەوەی خۆی تا نیوەی ڕێ هێنا، دەستمان کرد بەگۆرانی وتن و هەڵپەرکێ، ئاوات هەڵهەڵەی لێ دەدا، بووکەکەی ئەو لە ماڵی مندا مایەوە و ئەوەی منیش لە ماڵی ئەو. ئاوات وتی ئەم یارییە ئەزانی کەی خۆش دەبێ، کاتێ کە یەکێک لە بووکەکان بتۆرێن و بگەڕێنەوە ماڵی باوکیان. وتم کەواتە با یەکێکیان

بتۆرێنین، بووکەکەی من بەتۆراوی هاتەوە و وتی کە مێردەکەی بەشەق هەلاهەلای کردووە. مێردی بووکەکەی ئەویش لای من بەدەستی مێردەکەیەوە هەلا هەلا کرا. ئیدی خۆشمان دەستمان کرد بەجنێودان بەیەکتری و خەریک بوو هەر بەڕاستی لە سەر و قژی یەک بەربین و یەکتر هەلا هەلا کەین. دەنگی ئەو تەقەیە نەبوایە کە لە کۆڵانە باریکەکەی لای چەپمانەوە بیسترا هەر تەواو نێوانی من و ئاوات تێک دەچوو. من بەرەو کۆڵانەکەی کە تەقەکانی لێوە بیسترا غارم دا و خۆم لەناو ئەو ئاپۆڕەیەدا بینییەوە.

ماوەیەک ڕاوەستابووم و نەمدەتوانی تێ بگەم، لە چی تێ گەیشتبام؟، ئالۆزی ئەو دیمەنانەی کە دەمبینی هی ئەوە نەبوو کچۆڵەیەکی وەکو من کە هێشتا تەنها چەند پۆلێکی قوتابخانەی بڕیووە تێ بگا. دەبوایە قەرەباڵغییەکی وا یان شین و بێ یان شایی! بەڵام گومانم هەبوو لەوەی ئەو قەرەباڵغییە شایی بێ یان شین بێت! لە شین دەچوو و نەدەچوو، لە شاییش دەچوو و نەدەچوو، شتێک بوو لە نێوان شایی و شیندا، لە نێوان دڵشادی و دڵگیریدا. لە شاییدا دەبێ بووکێک و زاوایەک لە ئارادا بن و زەماوەند گێڕەکان شادمانییەک لە ڕەنگ و ڕوویان بدرەوشێتەوە، بەڵام لەو شوێنەدا بووک و زاوایەکم بەدی نەدەکرد و، سیمای خەڵکەکەش گوزارەی لە زەماوەندگێڕان نەدەکرد. لە شینیشدا دەبێ مردنێک لە ئارادا بێت و دەموچاوی خەڵکەکەش گوزارە لەوە بکەن کە کەسێ لە ژیان جیا بوەتەوە و ئیتر ئازیزانی نایبیننەوە، بەڵام لەو شوێنەدا لەوە نەدەچوو مردنێک ڕوویدابێ و ڕەنگ و ڕووی خەڵکەکەش هیچ جۆرە خەمبارییەکی پێوە دیار نەبوو.

لێڵایی ئەو ئێوارەیە دیمەنەکەی ئاڵۆزتر پیشان دەدام، ناو حەوشەکە تاریک داهات، بەڵام ڕووناکی گڵۆپێک لە سووچێکی حەوشەکەوە بەرچاوی ڕووناک دەکردەوە و سێبەری ئەو جەستانەی کە دەجوڵانەوە و دەهاتن و دەچوون گەورە دەکردەوە، ئەو ژن و پیاوە بەساڵاچووەی کە لە بن



دیواری بەرامبەرم دانیشتبوون و جگەرەیان دەکێشا و جۆرە بێباکییەکی تووڕەیی ئامێزیان پێوە دیار بوو، لەسەر دیوارەکەدا سێبەری دەستیان کە بۆ جگەرەکێشان دەیانجوولاند قەبارەیەکی گەورەی هەبوو، کە لە دەستی ئەو دێو و درنجانە دەچوو باپیرم هەموومانی پێ زاڵەترەک کردبوو، لە خەونیشدا دەمبینین دێن و پەلامارم دەدەن و دەیانەوێ بمخۆن. سێبەرەکانی سەر دیوارەکەش ئەو ئێوارەیە لە چیرۆکەکان ترسناکتر موچوڕکیان دەهێنایە جەستەم.

دیمەنەکان خەریک بوو ڕوون ببنەوە و خەریک بوو لە شتێک تێ بگەم کە تێگەیشتنی ئاسان نەبوو. لە دەرگای ئەو ژوورەوەی کە لە ئەشکەوت دەچوو، کە دەمێک بوو چاوی هەموو کەسە کۆ بووەکانی بەرەو لای خۆی وەرچەرخاندبوو، شتێکی لە شێوەی مرۆڤ بەڵام پێچراو بەجاوێکی سوور بەبەردەم من و کەسەکانی تردا کە وەک ڕیزێک بەردی ڕەش بەبن دیوارەکەوە هەڵکورمابوون ڕەت کرد و بردیانە سوچێکی حەوشەکە و پەردەیەکیان لە سوچەکەدا دروست کرد. وژە وژێک لە ژنەکانی نێو حەوشەدا دەستی پێکرد و جموجۆڵێکیش بەسەر دیوارەکەوە کە سێبەری نائاسایی ئەو چەند ئافرەتە بوون کە ئاویان گەرم دەکرد و بەدەموچاوێکی بێباکانەوە دەچوونە ئەو دیوی پەردەکە و دەهاتنە دەرێ و لە هەر هاتنە دەرەوەیەکیشدا دەنگی وژە وژەکە بەرزتر دەبووەوە و دیسان کز دەبووەوە، من دەمویست لەو شەپۆلی بەخوڕی دەنگانە شتێک ببیستم کە دیمەنە ئاڵۆزەکەم بۆ شی کاتەوە و لەوە زیاتر بەسەرسامییەوە لە جوڵەی نائاسایی سێبەری سەر ئەو دیوارە ڕانەمێنم. لە شەپۆلی دەنگەکانەوە شتێکم بۆ ڕوون بووەوە، بەڵێ، کەواتە ئەو قەرەباڵغییە شینە نەک شایی.

مردنێک لە ئارادا بوو، کەسێک لە ژیان جیا ببووەوە. نا، نا، لە ژیان جیا کرابووەوە. جیابوونەوەیەکی ناوەخت جیا کرابووەوە، ئەو مرۆڤە لە جاو پێچراوەی کە بەبەردەم مندا ڕەت کرا لاشەی مرۆڤێک بوو. مرۆڤەکە باڵاشی بەرز بوو. دیاربوو، بەجاوەکەشدا دەبینرا، دەمویست بزانم سیمای

ئەو مرۆڤە چۆنە، بەڵام ئەو سوچەی پەردەکەی لێ بوو لە منەوە دوور بوو، بەهێواشی بەبەردەم ژنەکانەوە ڕەت بووم و چووم لە نزیک پەردەی شانۆکە... نا ببورن... پەردەی سوچەکە کە مردووەکەی تیا دەشۆررا ڕاوەستام. چاوم لەو درزە باریکە بڕی کە بەدەم دەستی ئافرەتەکانەوە دەکرایەوە و دادەخرا. شتێکی سەیرم دی، ئافرەتەکەی کە دوێنێ بەبەردەم ماڵماندا ڕەت بوو، دەچوو بۆ نەخۆشخانەکەی تەنیشتمان، بەڵێ ئەو بوو، ئافرەتێکی خان و مان بوو، قژێکی خورمایی و دەموچاوێکی ئەسمەر، سەرنجێکی قوڵ لە چاوەکانیەوە وەک خۆر دەدرەوشایەوە، چاوەکانی زۆر نەدەتروکاند، کە قسەشی دەکرد هەستت دەکرد چاوەکانی جۆرێکن سەر دانەواندنیان نەناسیوە، بەڵام ژنەکانی گەڕەکەکەمان پەسندیان نەدەکرد. دەیانوت ئەگەر باش بوایە بەدیار مێردەکەیەوە دادەنیشت. هەرچۆنێک بێت پیاو هەر پیاوە و ژن دەبێ ڕازی بێ بەزەبروزەنگی، ژنەکانی گەڕەکەکەمان دەیانوت گەر کەسوکاری شەرەفیان هەبێ ناهێڵن وا هەموو ڕۆژێ بچێ بۆ نەخۆشخانە، بۆ نەخۆشی دەچێ یان...


هێشتا مردووەکە هەر لە پشت پەردەکەوە بوو، ڕیزە ژنەکەی کە لە بەرامبەرم دانیشتبوون بڕێکیان ژنەکانی گەڕەکی خۆمان بوون، بەبینینی ئەوان دیمەنەکەم بۆ ڕوونتر بووەوە، زانیم ئەوەی کە لەو حەوشەیەدا ڕووی داوە شینە و شینیش نییە. یان شینە بەڵام لە شێوازی شاییدا. یان شاییە بەڵام ژن بردنێک لە جیاتی ژن هێنانێک لە ئارادایە، ژنەکە نابرێتە ماڵە زاوا، بەڵکە بۆ گۆڕستان. ڕەنگە زۆریش جیاواز نەبێ، لە هەردوو حاڵەتەکەدا هۆشی مرۆڤەکە لە کار دەکەوێ. شاییە، بەڵام زاوایەک لە ئارادا نییە، ئەو پیاوەشی ڕۆڵی سەرەکی لەو شانۆی شینەدا دەگێڕێ زاوا نییە بەڵکە برایە، برایەکی کە دەیویست بەکوژاندنەوەی ئەو مۆمە جوانە، لەسەر زەمینێکدا کە سەرزەمینی کوێرەکانە و مۆمی تیا بێ بایەخە بەسەربەرزی بژی.

ئێستا لەو تیژەوەتیرە گەیشتووم، دەزانم پەردەکان چەند نومایشتی



سەیریان لە پشتەوە دەکرێ. ئێستا دەزانم ڕەنگە شاییەکان شین بن. شینەکانیش شایی. لە تەمەنێکی زۆر منداڵییەوە دەنگی هاوار و قیژە و تەقەکان، سامی منیان لە مردنەکان شکان.

لە مێژە بۆم دەرکەوتووە کە نومایشتە ترسناکەکانی ژیان تەنها لە پشت ئەو پەردە ڕەشانەوە نانوێنرێن کە لە شانۆ هونەرییەکاندا چەند ئەکتەرێکی هونەرمەندانە دەینوێنن، بەڵکو لە سوچی حەوشەی هەموو ماڵێکدا شانۆیەک هەیە و پەردەی خوێناوی بەڕوویدا دراوە، ئەکتەرەکانیشی نا هونەرمەندانە پەیامە ترسناکەکانی خۆیان دەگەیەنن. دەمێکە دەزانم کە بۆ ئەوەی ڕۆڵی مردووی پشت پەردەی سوچی حەوشەی ماڵەکەی خۆمان نەبینم دەبێ بەئەدەب و عاقڵ بم، دەزانن عاقڵ یانی چی؟ یانی ئاوەز و هۆشم بەکار نەهێنم! چونکە گەر بەکاریان بهێنم دەبێ ئاسایی بم، واتە ئەگەر مێردەکەم لێی دام لێی قبوڵ نەکەم، واتە کۆیلەیەتی خۆم قبوڵ نەکەم!، بەڵێ عاقڵ بم و بەهیچ شێوەیەک عەقڵم بەکار نەبەم، دەنا دەبێ ئەکتەرێکی مردوو بم و لە پشت یەکێک لەو پەردانەوە بێ بەزەییانە شایی یا شینم بۆ بگێڕن. بەڵام من دەمەوێ بەئاوەزی خۆم گلۆپێکی هەزاران ڤۆڵت لەسەر ئەو شانۆیانە داگیرسێنم، کە تا ئێستاش جەماوەری هێژا، لەبەر تاریکایی کوشندەی سەر شانی نهێنییەکانیان ئاشکرا نەکردووە و تیژەوەتیرەکانیان نەدۆزیوەتەوە، دەمەوێ ئەکتەرێکی بەئاوەز و زیندوو بم.



# گەورە بوون

ترس، ترس، ترس، چ گیاندانێکی بەکاوەخۆ بوو، چ مردنێک بوو لە بەرگی ژیاندا؟! لە مێشکمدا وەکو فرفرۆکە دەخولایەوە و ئازارێکی سەیری دەدام. بەڵێ، من کەسێکی زۆر سەرەڕۆ و ترسنۆک بووم، سەیرتان پێ نەیەت، سەرەڕۆیی و ترسنۆکی لەگەڵ یەکدا ناگونجێت؟ من بۆتان دەسەلمێنم کە سەرەڕۆ و ترسنۆک بووم. دایکم دەیوت کە لەدایک بووم منداڵێکی جوان بووم و زۆر بەساواییش دەستم بەگڕوگاڵ کرد، هەر لە تەمەنێکی بچووکیشدا کە لە زۆربەی منداڵان زووتر دەستم بەگفتوگۆ کرد، دەیوت پێمان سەیر بوو وا زوو فێری قسەکردن بوویت و پرسیارت دەکرد، کەواتە من منداڵێکی ژیکەڵە بووم و ترسەکەم زکماگی نەبوو، ترسەکەم لە کاتێکدا دەستی پێ کرد کە گەورەکانم دەدی دەترسن، نیگەرانن، خۆزگە بەتافی منداڵی دەخوازن.

لەوساوە لە گەورەبوون دەترسام! گەورەبوون خێوێکی دزێو بوو خەونەکانی دەتاساندم. خەونەکانم چی بوون؟ یاری کردن، بەڵێ یاری کردن، ئەوە بۆ من کەم نەبوو! جیهانی یاری بۆ من جیهانێکی پڕ لە ئازادی بوو، بەڵام ئەوسا نەمدەتوانی وەکو ئێستا گوزارشتی لێ بکەم، هێندەم دەزانی پێویستم بەوەیە تەمەنێک یاری بکەم، دەترسام گەورەبوون ئەو تەمەنەم لێ بستێنێتەوە، دەترسام گەورەبوون بەندم کات و بمتاسێنێت و بمکوژێ.

خوایە چی بکەم؟، وا ڕۆژ وەکو چەرخی شەمەندەفەرێکی خێرا بەسەر هێڵی ئاسنینی زەمەندا دەڕوات و خەریکە لە منداڵێتیم دوورم دەخاتەوە، ئەی خوایە من چی بکەم وا خەریکە لە وێستگەی گەورەیی نزیک دەبمەوە



و لەو شوێنە ترسناکە دام دەبەزێنێ، چی بکەم خوایە؟ چۆن لە گەورەبوون ڕزگارم بێت؟ چۆن زەمەن بوەستێنم؟ چۆن؟

ڕۆژ بەڕۆژ دەروونم زیاتر دەبووە کانگای نیگەرانی، کابووسی گەورەیی خەونەکانی قورس کردبووم. تەمەنی منداڵێتیم یەک پارچە ترس بوو لە گەورەیی، ئەو گەورەییە بێ مانایەی کە لێ دەربازبوونی مەحاڵە. ئەو ترسەش بەجۆری شەرمنی کردبووم کە تاڵیی لە دەروونمەوە هەڵدەقوڵاند، ئەزانن لە چی شەرمم دەکرد؟ دەهاتە بەرچاوم گەورە بووم و مەمکم دەرهێناوە و لە سوچی ماڵێ ئاخنراوم و ناهێڵن بچمە دەرەوە یاری بکەم. مەمک بۆ من مایەی شەرم بوو، چونکە یەکەم نیشانەی گەورەیی و یەکەم هۆی زیندانی کردنم بوو لە کونجی ماڵەوە، چۆن لەو بەڵایە ڕزگار ببم و ڕێگە لەو دەردەسەریە بگرم کە دووچارم دەبێ؟ چی بکەم خوایە؟

هەرچیم کرد نەمتوانی ڕێگە لە گەورەبوون بگرم، هێندەم زانی دوو شتی لە شێوەی دوو دوگمە لەسەر سنگمدا ڕواون، کە دەستم لێ دەدا ترسێکی لە شێوەی مەرگ دایدەپۆشیم، ئای خوایە من چی بکەم؟ بشێ ئەمە مەمک بێ؟! ئەو شەوە تا بەیانی ئەم دیو و ئەو دیوم دەکرد و بیرم لە لەناوبردنی ئەو دوو دوگمەیە دەکردەوە، نەوەک گەورە بێت و ببێتە مەمک و ژیانم لێ بکاتە دۆزەخ.

منداڵێکی سەیر بووم، ڕەنگ بێ زۆر منداڵی لەمن سەیرتریش هەبووبێ، ڕەنگ بێ هەمووتان، یان زۆربەتان وەک من ترسی گەورەبوون لە چێژی منداڵێتی بێ بەشی کردبن، یان ڕەنگ بێ ئەو هەستە هەستێکی کچانە بێ و نێرینەی مرۆڤ هەر لێی تێ نەگات، یان هەر هەستێکی کچانەی ڕۆژهەڵاتی بێ و کچانی ڕۆژئاوا هەر لێیشی تێ نەگەن. هەر چۆنێک بێ هەستێکی تاڵ بوو، تاڵ پڕ بەمانای تاڵیی، لێواولێو لە ژەهر.

مەمکم ڕۆژبەڕۆژ گەورە دەبوو، ترسیشم لەگەڵیدا گەورەتر دەبوو، هەستم دەکرد دوو نارنجۆکی کۆککراو لەسەر سنگە بچووکەکەمدا دانراوە و هاکا

دەتەقێتەوە و پارچە پارچە دەم. کە بەقەد هێلکەیەکی لێ هات دەترسام ئیتر خەڵکی هەستی پێ بکات و دایک و باوکیشم پێم بزانن و ئیدی لە یاری کردن بێ بەریم کەن. هەرچەندە ئەو نیگەرانییەش خۆیشی بێ بەری کردبووم لە چێژی یاری کردن. دەبینن پشتم کۆم بووتەوە؟! ئەوە هۆی ئەو خۆ کۆم کردنەوەیەیە کە لە پێناوی شاردنەوەی مەمکە تازە دەرهاتووەکانم دەمکرد، بەو کۆمیە ڕاهاتم و پشتم کەوانە بووەوە و تا ئێستاش بۆم چارە ناکرێ. بیرۆکەیەکی سەرەڕۆیانەم بەخەیاڵدا هات، بیرۆکەیەکی زۆر ترسناک، ناڵێم ترسنۆکێکی سەرەڕۆ بووم؟ مەبەستم ئەم بیرۆکە مەترسیدارەیە کە کاتی خۆی بەخەیاڵمدا هات.

نیوەڕۆیەکی ئێجگار گەرمی هاوین بوو، لەبەر گەرمای بێ ئەندازە، خەڵک ڕاهاتبوون نیوەڕوان بنوون، کەسەکانی ماڵەوەمان لە پرخەی خەودا بوون، منیش لە دوا پلەی نیگەرانیدا بووم، لە ناکاو ئەو بیرۆکەیەم بەخەیاڵدا هات «چەقۆیەکی تیژ دەهێنم و مەمکەکانی خۆم دەبڕم»، ئەو بیرۆکەیە بروسکە خۆشییەکی بەدەروونمدا هێنا و خێرا ڕام کردە ئاشپەزخانەکە و چەقۆیەکی تیژی گەورەم برد و ڕام کردە سەربان، خۆم ڕووت کردەوە، بەدیتنی ئەو دوو گۆ بچووکانە لەرزێکی خێرا بەجەستەمدا هات، بەپەلە چەقۆکەم هێنا و لە بنی بنەوەی مەمکی چەپم گیرم کرد، لەو چرکەیەدا کە دەمویست چەقۆکە داگرمە خوارێ و لەو بەشە ترسناکە ڕزگارم بێت.

بانگ کرام، دایکم لەو کاتە سامناکە بۆچی هەستا؟، لەو پرخە پرخی خەوە چۆن ڕاپەڕی؟ ئەی چۆن فریای ئەوە کەوت من بانگ کات؟ منی بۆچی بوو؟ ئێستاش نازانم؟ بەڵام ئەو بانگکردنە لەو نوشدارییە گرنگەی کە دەمویست بەدەستی منداڵانەی خۆم ئەنجامی دەم ڕزگاری کردم، خێرا چەقۆکەم شاردەوە و جلەکانم لەبەر کرد و ڕامکردە خوارەوە.

لە چارەسەری تر زۆر گەڕام و هەموو مێشکی ئەو تەمەنەم بەو ترس و دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوە بێ هودەیە تەواو کرد. دیسان لە قرچەی نیوەڕۆدا



بوو، دەرزی و داوم هێنا و ژێرکراسەکانم بردە سەربان و دەستم بەتەسککردنەوەی هەموویان کرد. بەجۆرێ تەسکم کردنەوە کە مەمکەکانم لە ژێریاندا پان بێتەوە و بخنکێ. من زۆر ئازاری ئەم جەستەیەی خۆم داوە، بەتایبەتی ئەو ئەندامانەی کە مایەی شەرمەزاری بوون، من بڵێم چی؟ هێندە وترابوو عەیب و شوورەیی و شەرمەزاری نەنگیم لەو ئەندامانەدا دەبینی. من ترسێنرابووم، من قوربانی ترسێک بووم کە وەهمی گەورە نەزانەکانی دەوروبەرم لە دەروونمدا دروستیان کردبوو. ئاخ ببورن کە نەمتوانی فرمێسکی خۆم ڕاگرم. کە دەستم بەگێڕانەوەی ئەم باسە کرد بڕیارم دابوو نەگریەم، تەنها ئەو ئەزموونە تاڵەی خۆمتان بۆ باس کەم ڕەنگە ئێوەش ئەم ڕاستگۆییەی من هانتان بدات نهێنییەکانی منداڵیی خۆتان بگێڕنەوە.

ماوەیەکیش بەو خنکانە مەمکەکانم لە دەرکەوتن دوور خستەوە، بەڵام ئەو چارەش کەڵکی نەبوو، جلەکانی ژێرەوەم ئیتر بەبەریان نەدەکردم و ناچار بووم ئەو دوو بەندیە بێ تاوانە لەو کۆتانە ئازاد بکەم.

بەئازاد کردنی ئەوان خۆم ڕەها نەبووم چونکە گەورە بوون وەک لە کەمیندا بێ بۆم هێرشێکی گەورەتری بەسەر هێنام.ئەوەی لێی دەترسام ڕوویدا، ئاخری گەورەیی دۆزیمییەوە و لە ژیانێکی ئاسایی بێ بەشی کردم.

بەیانییەکی پایز بوو، کاتێک کە لە ئاودەست بووم چەند دڵۆپە خوێنێکم بینی لەگەڵ میزکردندا، ئازارێکی لە شێوەیەکی زۆر جیاواز لە هەموو ژانەکانی تر لە پشتم و زگمەوە ڕۆحی هێنامە ئێش، سەرەتا نەمزانی ئەو خوێنە نیشانەی گەورەبوون و دیل بوونە، چومە لای دایکم و پێم گوت:

– ببە بۆ لای دکتۆر.

– بۆچی کچم؟

– توشی نەخۆشی بلهارزیا بووم.

– بلهارزیا چییە؟

– لە کتێبی زانیاریدا باس کراوە، کرمێکە دەچێتە میزڵدانەوە و توشی میزکردنی خوێناویت دەکات، منیش میزەکەم خوێناویە، پشت و زگیشم دێشێ.

دایکم بزەیەک گرتی و بەچرپەیەکی ترسناکەوە پێی گوتم:

– ئەوە باڵق بووی، ئەوە خوێنی مانگانەیە، ئیتر هەموو مانگێ ئەو خوێنەت چەند ڕۆژێک دەبێت، کچم ئەوە گەورە بوویت و ئیتر نابێ بچیتە دەرەوە، نابێ لەگەڵ کوڕاندا قسە بکەیت، نابێ لە ڕێی قوتابخانە پێ بکەنیت، نابێ...، نابێ... ناب...، نا.

گەورەبوون، گەورە بوون، گەورەبوون، کەسمان لێی ڕزگار نابین، ئەویش وەک لەدایک بوون و مـــردن هەر دەبێ ڕووبەڕووی بینەوە، هەر دەبێ بیچێژین، بەڵێ، گەورەبووم و منداڵێتیەکی پڕ لە نیگەرانیم بەجێ هێشت.

بەگەورەیی بووم بە هونەرمەند، تابلۆم دەکێشا، تابلۆکان پڕ بوون لەو ڕەنگانەی کە منداڵ دەخاتە سەمای ئاسوودەیی، قەت وێنەیەکم نەدەکێشا گوزارشت لە گەورەیی بکات.

بەگەورەیی، کە ئازارەکانی مرۆڤم دەخوێندەوە، قەبارەی ئەو نیگەرانییەم بچوک دەبووەوە و وردە وردە لە ترس و دڵەڕاوکێ ڕزگارم دەبوو. وردە وردە لە هەموو دیاردە نیگەرانی هێنەکان یاخی دەبووم، بەگەورەیی ئەو کارانەم کرد کە بەمنداڵی نەمدەتوانی بیکەم.

خۆشەویستیم کرد، کە لێیان قەدەغە کردم، یاخی بووم و لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا زەماوەندمان کرد، بەڵێ خۆمان بڕیارمان دا و زەماوەندمان کرد. باوکم گوتی شێت نەبوایە دەمکوشت، پێیان دەوتم شێت، هەر کە دەستم بەیاخی بوون کرد، وایان زانی تازە جنۆکە دەستی لێ وەشاندووم و چارم نییە، هەموو پێیان وابوو شێتم، خۆم ئەو شێتییەم لا پەسەندە.


وا پیریش بووم، گەورەیی هەر سەختە، تا گەورەتر دەبیتەوە لە کۆتایی



نزیکتر دەبیتەوە، بەڵام ئەمجارە لە گەورەبوون ناترسم، چونکە کۆتای بوونم کۆتاییەکی هەمیشەیی نییە، زۆر تابلۆم کێشاوە و وێنەی زۆر یاخی بوونم کێشاوە، یاخی بوونەکان نەمرییەکانن، من ئیتر لە پیری و گەورەبوون ناترسم.

١٩٩٤/١١/٢٧





# مەرگی مرۆڤ و نیوێک

– پێویستە نەهێڵین گەشە بکەن، بەگەشە سەندنی ئەوان زیان لە ئێمە دەکەوێ، دەبێ لەناویان ببەین.

چی دی ئەم قسە بەتاڵانە نەدەچوو بەگوێتا، بەڵام سوودی چییە، تازە کاری تۆ لە کار ترازا و چاک بوونەوەی خۆت بەخەیاڵ و دڕدۆنگی دەزانی. باوەڕ بەو بەڵێنانەش ناکەی کە پێیان داوی. بەڵێنی چی؟ ئەوان چۆن کاری وا لەگەڵ تۆ دەکەن و دەتنێرن. نە بابە ئەم خەیاڵانە تەنها کاتت بەفیڕۆ دەدەن... کات بە فیڕۆدانی چی؟ کات بۆ کەسانێ زێڕە کە بتوانن بەئازادیەوە بجوڵێنەوە و هاتوچۆ بکەن، نەک بۆتۆ، ئەو کاتانە بۆتۆ زێڕ بوون کە لە پەنا بەردێکەوە هەڵکورمابوویت و چاوەڕێی زیلەکان بووی ڕەت بن و بەیەک هەناسە لە لوولەی ئارپیجییەکەتەوە ئاگریان بەسەردا ببارێنی و ئیدی ئەو ڕێگەیەیان پێ تەرک کەی کە ڕێگەی ئەوان نین و لە تۆش ئازاد تر پیایا تێدەپەڕن، دەتویست نە کاتت بەفیڕۆ بچێ و نە گوللە، هەمیشە بەتەنگ فرسەتە زێڕینەوەکانەوە بوویت و نەتدەهێشت لە دەست بچێ، باوەڕ، باوەڕ، باوەڕ شتێکی زۆر سەیرە و مرۆڤ دەکاتە کۆیلەی خۆی، تۆش باوەڕت بەو ڕێگایەی خۆت هەبوو.

بەڵام خۆ ئەو ئێوارەیە باوەڕت بەو ڕێگایەی خۆت نەبوو، بەڵکو هەر بەڕێگای خۆشتت نەدەزانی. ئەرێ بەڕاست چۆنیان وا لێکردی بەشداری بکەی، خۆ ئەو سەگبابە دەڵێی جادووی بەدەمەوەیە و تا قایلی نەکردی وازی نەهێنا. تۆ سەرەتا سوور بووی لەسەر نەچوون، دەتزانی ئەمجارەیان ئەگەر کات بەفیڕۆ نەدەی خۆت بەفیڕۆ دەچی. ئەمجارەیان پێویستە گوللە و کات و هەموو شتێکی بێ مانای لەم جۆرە بەفیڕۆ بدەی بۆ ئەوەی خۆت



و ویژدانت بەفیڕۆ نەچن، ئەی بۆ نەتکرد، بۆ؟ ئەی کە دەتزانی بۆ نەتکرد ماڵ وێران؟ با ئەو سەگبابەشت لێ زیز بوایە، چاتر نەبوو لەوەی وزە و جوڵە و ویژدانت لە کیس بچێ؟ ئەی ئێستا دەڵێی چی؟ دوای ئەو عەقڵە خاوەی خۆت کەوتی و بەقسەی ئەوت کرد، ئەوەتا تۆ لە جوڵە براوی و ئەویش وەک شێرێکی لە بێشە دەرپەڕیو بەسەر سەکۆکانەوە بڵندگۆی بەدەمەوە گرتووە و لە کەللەی سەر دەقیرێنێ و سەدانی تری وەکو تۆ فریو دەدات. هەی کلۆڵی هەڵخەڵەتاو چۆن خۆتت لەم ڕێ بێ ڕێیە دانا و خۆتت کرد بەبار بەسەر ئەم دایکە نەگبەتەشتەوە.

– ئەم شەڕە بۆ بکەین؟ هێشتا ئێمە ئێرەمان لە دوژمن پاک نەکردۆتەوە!

– ئەمان لە دوژمن خراپترن، تا ئەمان مابن ئێمە نابین بەهیچ، ئێمە بەقەد گەڵای دار شەهیدمان داوە، ئەوان هاتنە سەر خوانی ئامادە.

– خوانی چی بەرێز، کوا نان لەسەر خوان ماوە، خوانەکە دوژمن لستویەتیەوە و هیچی بەسەرەوە نەماوە، بهێڵن هێشتا لەو میکرۆبانە پاک بینەوە.

– تۆ لە سیاسەت نازانی، گوێ لە مامی خۆت بگرە، من بەتەمەن و بەئەزموون لە سیاسەت قاڵ بوومەتەوە، دەزانم هەلی وا بۆ ئێمە زێڕینە و نابێ بەفیڕۆی بدەین، دەی کاکە دەی وەختی دەمەتەقێ نییە بچن لە سەنگەرەکان دامەزرێن، ئەم شەڕە پیرۆزە، کات بەفیڕۆ مەدەن.

بۆ بواری دای بیر بکەیتەوە و بڕیار بدەی؟! ئەو سەگبابە هەر وا بووە، چی ویستووە پێی کردووین و لەسەر هەموو گوریسێ بازی پێ داوین، ئێمەش خەتای خۆمانە، بوار هەر هەیە گەر گێل نەبین، بیرکردنەوە لەناو سەنگەریشدا دەکرێت، دەمتوانی هەر ئەو ساتەی کە پەنجەم بەپەلەپیتکەی ئارپیجییەکەوە ناو ماڵی پیرەژنەکەی گەڕەکی خۆمانم ڕووخاند، پەشیمان بوومایەتەوە. ئەو بەستەزمانە چی کردبوو، هەر لەبەر ئەوەی کوڕەکەی لەگەڵ ئێمەدا نەبوو. دەمتوانی پێش ئەوەی سامانی هاوڕێم بکوژ... ئای

سامان گیان، دەمبوری؟ هەقتە نەمبووری، بەمندالّیش کە شەڕە گەڕەکمان دەکرد، جارێکیان سەرم شکاندی و خوێنی ئالّی تۆم بەناو ئەو گەڕەکە هەژارنشینەدا بلاّوکردەوە و بەگریانەوە ڕات کردە مالّەوە و لەوساوە ڕقت لێم هەلّسا و سوێندت خوارد ئەو ڕێگەیەی منی پیا ڕەت بم هەرگیز تۆی پیا ڕەت نەبی. هەر بۆیەشە ڕێیەکەی ترت هەلّبژارد و ئاخری پاشماوەی خوێنەکەت بەدەستی من ڕژا. ئای سامان گیان قەت لە خۆم نابوورم کە بەو دەستە ناپاکانەم لەسەر زەویم ڕامالّیت و ونم کردی. خۆ من پێش ئەوەی مالّتان بار بکات و بچێتە گەڕەکەکەی ئەودیو، خۆشم دەویستی و سەدان جار بەدەم یاری کردن و بازبازێنەوە پێکەوە لە تریقەی پێکەنین و چەپلّەمان داوە. زۆر جاریش پێکەوە گۆرانیمان دەگوت، سامان گیان ئێستاش کۆپلەیەکی ئەو گۆرانیەم لەبیرە، پێکەوە لە مەکتەب فێریان کردبووین، ئا، ئا... گۆرانییەکە باسی جوانیی دەکرد، ئەو کاتە هێشتا ماناکانیشمان نەدەزانی، بەلاّم ئاوازەکانمان پێ خۆش بوو «کە دەلّێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە... چەندە مەلّبەندی ئێمە شیرینە، بچۆ سەر گردی یارە ببینە... لە جیهاندا گولّێکی ڕەنگینە»، بەلّێ سامان گیان، دەستم شکێ کە کوشت...، نازانم، نازانم چۆن توانیم بتکوژ...، ئەوە چەندان مانگە تۆ لێرە نیت و نازانی من لەم تاریکی ژیانەدا چەند بە پەشیمانییەوە خۆم دەخۆمەوە و، پەشیمانییش نابێتە دلّدەرەوەم، چی دەتوانێ مەرگی تۆم لەبیر باتەوە؟ چی پەرجوویەک تازە دەتوانێ زیندووت بکاتەوە تا گوێم لە دەنگی ڕاستەقینەی خۆت بێت کاتێ دەمبووریت، تەنیا مردوو ناتوانێ ببورێ، سامان گیان ئەوا شێت دەبم، دەستم شکێ، بەلاّم خۆ لە دەستەکانم گرنگترم لەدەست چوون، قاچەکانم لە دەست چوون، هەر ئەو ڕۆژەی کە تۆ تەواو بووی نیوەی منیش تەواو بوو، هەردوو قاچم سامان گیان، ئەو قاچانەی کە بەمندالّی سرەوتیان نەبوو لەگەلّ تۆدا پێکەوە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم شارەی تەی دەکرد، دەمانگوت با بچینە سەر گردی یارە و ببینین ئایا ڕاستە مەلّبەندەکەی ئێمە شیرینە؟ چەند بزێو بووین، چەند



شادمان و تەبا و هاوڕێ بووین بەمندالّیی!

قاچەکانم سامان گیان، قاچەکانم... هەر نەمزانی لە کوێ ون بوون، ئێستاش نازانم نیوەکەی جەستەم لە کوێ سووتا و، هەر چاوم دەگێڕا و نەمدەدۆزییەوە... تا توانیم هاوارم کرد، گریام، گریانێکی لە شێوەی مردن، کوا نیوەکەی جەستەم؟ کوا قاچەکانم؟ کوا، کوا؟

نەمدۆزیەوە، کاتێکم زانی نیو مرۆڤم و ناتوانم بجولّێمەوە، بوومەتە بار بەسەر ئەم دایکە نەگبەتەمەوە، ئیتر کەسیانم نەبینییەوە، گوێم لێیە دووبارە تەبا دەبنەوە و تێکی دەدەنەوە، هەر چییەک بکەن تازە نە تۆ زیندوو دەبیتەوە و نە من دەبمەوە بە مرۆڤ، من و تۆ چیمان بەسەر هات ئازیزم!؟

نازانم، دەلّێن تۆزێ بێ تاقەت بووە و بۆ ئەوەی بۆ شەوتی دووەم گوڕێک بەخۆی بدات چووەتە دەرەوە، بەلّێنیان بەدایکیشم داوە کە بۆ چارەسەر منیش بنێرنە دەرەوە و قاچی پلاستیکم بۆ دروست بکەن، تازە من باوەڕ بەهیچیان ناکەم، قاچیشم ناوێ، گەر قاچم بۆ دروست کەن یەکجاری بەمولّکی خۆیانم دەزانن... ئەمجارە بەزۆر دەمنێرنەوە ناو سەنگەری براکو...، دەمم گۆ ناکا، لە جولّە بڕاوم، بەشی هیچم تیا نەماوەتەوە، هێندە سەرزەنشتی خۆمم کردووە ئیدی وزەی سەرزەنشتیشم تیا نەماوە، سامان گیان؟ مەمبوورە، نا مەمبووە، بۆچی دەمبووری؟ کە دەمتوانی نەتکوژ...

١٩٩٤/١٢/٢٦



# فەنتازیا

کەسێکی دروست کرد و کەوتە داویەوە، نموونەی وا کوا لەم سەرزەمینەدا، مەگەر هەر بەخەیاڵ، هەموو جارێ پێم دەگوت کەسێ کە دروستی دەکەی با شێوەی لە مرۆڤێکی ئاسایی بچێ، با ڕەوشتی لە کەسێکی ئاسایی بچێت، وەکو هەر یەکێ لەم خەڵکانەی کە زەوییان تەنیوە، درۆ بکات، دزی بکات، جنێو بدات، هەندێ جار هەست بەشەرمەزاری و هەندێ جار هەست بەکەمی و بەمەزنی و بەنێرگزییەت و بەخۆپەرستی بکا، هەندێ جار تووشی گرێی ئۆدیب یان ئەلکترا بێت، جارجارە توشی هیستریا و خەمۆکی و گرێی گوناه و ئیدی وەک هەر یەکێ لەم مرۆڤانەی کە لەسەر ئەم ئەستێرە مەزنەی زەویدا دەژین نائاسایی بێت. بۆ دەبێ کەسەکەی تۆ لەم سەرزەمینەدا نموونەیی و جێی سەرسوڕمانی خەڵک و تەنانەت خۆشت بێت، بۆ دەبێ هێندە ڕاستگۆ بێت کە جێی گومانی هەموو کەس و تەنانەت خۆشت بێت.

زۆرم پێ گوتی ئەو کەسەی تۆ دروستی دەکەی ڕۆژێ دێ دەتبەستێتەوە و دیلت دەکات، دەمزانی توشی کارەساتێ دەبیت بەڵام نەمدەزانی ئێجگاری بەو شێوەیە دەبێت کە تۆ لە ئەودا غەرق بیت و بەجۆرێ تێکەڵاوی بیت خۆتیشت پێ نەدۆزرێتەوە.

ئاخر هۆش قبوڵی ناکات کەسەکەی تۆ هێندە ئاشتی خواز بێت، هەموو جارێ کە دەکەوتمە گفتوگۆ لەگەڵتا و دەمگوت دە وەرە ڕەفتاری کەسێکی ئەم کۆمەڵگەی مرۆڤەم بۆ دەستنیشان بکە کە بەزەڕەش لە ڕەفتاری ئەم کەسە نموونەییەی تۆ بچێ، یا خود بەقەد نیوەی کەسەکەی تۆ ئایدیال بێت. هەموو جاریک دەتگوت بەڵێ هەیە، هەیە و لە نزیک ئێمەوە نییە، هەر



دەبێ هەبێ، ئەم دنیایە وا کاولیش نەبووە کە کەسانێکی وەکو کەسەکەی لەمەڕ منی تیا نەبێت.

هەر لەم ئەنجامە دەترسام، سەرسەختییەکەت لە جۆرێک بوو کە نەمدەتوانی دەرەقەتی بێم، یا خود من کەسێکی لاواز بووم و نەمدەتوانی بتهێنمە سەر ئەو ڕایەی کە کەسێکی لەو جۆرە دروست نەکەی، دەمگوت:

– جوان گیان، تۆ نە کچەکانی کە دروستی دەکەی لە کچی ڕاستەقینە دەچن، نەش کوڕەکانی کە دروستی دەکەی لە پیاوی ئەم دەور و زەمانە دەچن!

– نا، لەو باوەڕەدام کە لە سوچێکی ئەم دنیایەدا پەیدا دەبن.

– ئەمانە سۆفین!

– کەسانێکی ڕاستگۆ و هۆشمەندن، کەسانێکی ئاساین.

– بەڵام مرۆڤێ نییە لە هەموو بوارێکدا، لە هەموو هەڵوێستێکدا ئاسایی بێت... ئەمە خەونە و تۆ دەتەوێ لە ڕاستیدا و لە کەسەکانتا بەرجەستەی بکەی.

هیچ! هیچ سوودی نەبوو، سوور بووی لەسەر ئەو خەونەی کە هاتنەدی ئاسان نەبوو، بەڵام من لە ئاکامی ئەم کارە دەترسام، دەمزانی ئەم ڕۆچوونە ئەنجامی غەرق بوونە و تۆش مەلەوانێکی شارەزا نیت، دەمزانی ئەم فەنتازیایە غەرقت دەکات.

کە دەمبینی لەبەر ئەو پەنجەرەیە دانیشتوویت و چاوەڕوانی کەسەکەت دەکەی و جاروبار تەڕاییەک نیگاتی داپۆشیوە و سپێتی چاوەکانت بە وردە دەماری سوور ڕەنگێکی سەیری گرتۆتەخۆ کە هەر لە تابلۆی سوریالی دەچن، هەر کە دەمبینی بەناو گەرەکەکەدا غار دەدەیت و ڕیزێ منداڵە وردکەی چڵمن دوات کەوتوون و بەردت تێ دەگرن، هەناسەم توند دەبوو گریان ئەوکی دەگرتم و دەمووت بریا کەسەکانی کە دروستت دەکردن بوونیان

هەبوایە، تا بەدەنگتەوە بهاتنایە و لەم دەردەسەری و ڕەجم کردنەیان دەرباز کردبای.

دوا جار کە لە لات بووم دەرکم بەو عەشقە کرد کە کەوتبوویتە داوی، ئاخر منیش هەر لەو عەشقە دەترسام، دەمزانی عاشق بوونێکی وا شێتیی بەدواوەیە، پەراوەکەت هێنا و تازەترین چیرۆکی خۆت بۆ خوێندمەوە، شێوەیەکی جیاواز خوێندتەوە، کوڵمەکانت سوور هەڵگەڕان و هەستم بەهەڵاوی گەرمی هەناسەت دەکرد، لە دەنگ و ڕەنگدا ئەوین دەچۆڕا و، چاوەکانت فرمێسکێکی سەیریان تیا زا.

– ئەم پیاوەش کە دروستت کردووە وەک هەموو پاڵەوانەکانی ترت بوونی لە واقیعدا نییە و تەنها کردەی خەیاڵێکی ڕووت و قوتە.

– زۆرم خۆش دەوێ!

– نایدۆزیتەوە! تکا دەکەم جوان غەرقی ئەم فەنتازیایە مەبە!

– سێ شەوە بیری لێ دەکەمەوە، کەوتوومەتە داوی ئەوینیەوە، نەیدۆزمەوە شێت دەم.

دەمزانی نایدۆزیتەوە، ئەفسووس دەمزانی شێتیش دەبیت، لە ژوورەکەتدا دادەنیشتی و چیرۆکەکەت دەردەهێنا و بەفەنتازیای خۆت پاڵەوانەکەیت دەهێنایە دەرەوە و دەکەوتیە گفتوگۆ لەگەڵیا، نموونەیەکی هێندە باڵا بوو کە حەزت بچێتێ و خۆشت بوێ، هەر بەخەیاڵ وات دانا کە ئەویش غەرقی ئەوینی تۆیە و بەو ڕۆژگارە لەگەڵیا قسەت دەکرد و پێ دەکەنیت و دەگریایت و ڕاتدەبوارد.

– ئەمشەو تا درەنگانێ پێکەوە بووین، هاتبووە ناو جێگاکەمەوە، یاری بە پرچ و گۆنام دەکرد، تا توانیمان یەکترمان ماچ کرد و شەڵاڵی سۆز و ئەوین بووین، نازانم کەی بوو خەومان لێ کەوت بەڵام لە خەونیشدا بینیم ئاوێزانم بووە و جەستەمان بووەتە یەک جەستە و تێکەڵاوی بیر و هۆشم بووە.



چەند جاری تریش هەمان قەوانت بۆ لێ دەدام، تا وای لێ هات کە قسەم بۆ دەکردی گوێت لە قسەکانی من نەبێ و هەر بەشان و باڵی کەسایەتییە خەیاڵییەکەی نێو چیرۆکەکەتدا هەڵ بدەیت و، هەر لە بیری ئەودا بیت. دەچوویتە بەر پەنجەرەکە و هەر کە کوڕێکی باڵا بەرزی چاو گەورەی ئەسمەرت لە دوورەوە دەدی دەتوت:

– وەرە، ئەوە لە دوورەوە هات، ئەوە خۆیەتی دڵدارەکەمە، ڕاستییە.

– ڕاستی چی جوان گیان، ئەوە حەمەیە، دوێنێ لە بەندیخانە هاتوەتە دەرەوە، لەسەر دزی گیرابوو.

تارماییەکی تر لە دوورەوە سەرنجی ڕادەکێشایت و دیسانەوە هەڵدەستایتە سەر پێ و هاوارت دەکرد:

– بڕوانە ئەوە ڕاستی هات، ئێستا دێت و دەبینی کە چ کوڕێکی ڕاستگۆیە.

– نا جوان گیان، ئەوە نەوزادی دراوسێتانە.

ئەوەی کە لێی ترسابووم ڕووی دا و فەنتازیا کاری خۆی کرد. وردە وردە لە قۆناغی چاوەڕوانی و بەرپەنجەرە گرتنیش بێزرایت و بەرەو ڕووی تارماییە دوورەکان تاوت دەدا و هەر کە نزیک دەکەوتیتەوە و دەتزانی ئەو ڕێبوارەی کە بەوێدا دەڕوا ڕاستی نییە و کەسێکی ترە، بەسڵێکەوە غارت دەدایە دواوە. دوای چەند غار و سڵەمینەوەیەک تۆش بێ ئاوڕدانەوە لەوان هەنگاوی گەورە گەورەت دەنا و بەنەرمەغارێک شارت بەجێ دەهێشت و هەر کە لە سنووری شارەکە ئاودیو دەبویتەوە منداڵەکان دەگەڕانەوە و تۆش بەتەنها دەمایتەوە و کە بەتەنهاش دەبووی دەکەوتیتەوە ناو دەریای فەنتازیا و لەگەڵ ڕاستییی خۆشەویستتدا ئاوێزانی یەکتر دەبوون.

دواجار لە نەخۆشخانەدا بەدیارتەوە دەگریام، ژانی منداڵ بوون شەڵاڵی ئارەقەی کردبووی، خەڵک هەر یەکە دەیانگوت سکی لە یەکێ پڕە، ناوی

هەموو دز و درۆزن و پیاوخراپەکانیان هەڵدابوو، بەڵام من لێم پرسیت:

– جوان گیان بەمن بڵێ، کێ باوکی ئەم منداڵەتە؟

ماندوو بووبوویت، ژانەکەت ئێجگار زۆر بوو، نەتدەناسیمەوە، بیرت نەدەکەوتەوە کە من و تۆ سەدان جار پێکەوە دانیشتووین و باسی فەنتازیامان کردووە، دەمویست بیرت بهێنمەوە بەڵام کاتەکەی ژاناوی بوو، قسەکانی من تێکەڵ بەشەپۆلی ژانەکانی تۆ دەبوون و هاوارێک دروست دەبوو.

توند باوەشم پێدا کردبوویت، گوێم لە ترپەی قایمی دڵت بوو، تۆزێ هێمن بوویتەوە، تەماشایەکی قووڵت کردم، دیسان پرسیارم لێ کردیت:

– جوان گیان، کێ باوکی ئەم منداڵەتە؟

– ڕاستی!

چاوت نوقاند، هاوارم کرد، هۆڵەکەم پڕ کرد لە هاوار، پزیشکەکان بردیانیە ژوورەوە، دوای ماوەیەک چاوەڕوانی من و خامۆشی هۆڵەکە، منداڵێکی کۆرپەیان لە باوەشم نا، بەحەپەساوییەوە تەماشایەکی منداڵەکەم کرد، شێوەی لەو پاڵەوانە دەچوو کە دروستت کردبوو، کە کەوتیە داوی ئەوینیەوە، کە شێتی کردی.

منداڵەکەم توند لە ئامێزی خۆم نا، بەڵام هیچ گوێم لە دەنگی تۆ نەما، پرسیم:

– ئەی دایکی؟

– بەداخەوە!

کۆرپەیەکی ڕاستی بوو یان پاڵەوانێکی بچکۆلەی فەنتازیای ئەم جارەی چیرۆکەکەم؟ کە چیرۆکەکەم تەواو کرد بینیم ئەوەی کە ڕووی دا و کە دروستم کردبوو، پاڵەوانێکی چیرۆک نووسی خەیاڵی بوو کە لە چیرۆکێکمەوە هاتبووە دەرەوەوە و لە ئەنجامی فەنتازیای ئەوی چیرۆک



نووس و منی چیرۆک نووس داستانێک ڕووی دا و، منیش هەر بەڕاستی بۆ مەرگی ئەو تیر تێر گریام و بەلەدایک بوونی کۆرپەکەی ئاهێکم هاتێ.

١٩٩٥/٢/٨ فالشۆپینگ

# له ڕۆژژمێری نیگارکێشێکدا

### تەریبەکان

هەموو جارێک کە دەستم بەکێشانی تابلۆیەک دەکرد، بەدوو هێڵی تەریب دەستم پێ دەکرد، دواییش خەم دایدەگرتم بەوەی هێڵە تەریبەکان لە هیچ خاڵێکی دنیادا یەک ناگرنەوە، هەرچەندیش درێژیان کەیتەوە بەیەک ناگەن، بیرم دەکردەوە لەوەی کارێکی ئەوتۆ بکەم ئەو دوو هێڵە لێک زیزبووە بەیەکتر بگەیەنم، بەڵام مەحاڵ بوو، دوو دڵ دەبووم لەوەی تابلۆکە بکێشم یان نا، دەترسام لە کێشانی پەشیمان ببمەوە و ڕەنگەکانیشم بەخەسار بچن.

بەهەر حاڵ، تابلۆکەم دەکێشا، ڕەنگەکان تێکەڵ دەبوون و بوارێکیان بۆ نیگای خەیاڵ فراوان دەکرد، دەتتوانی زۆر وردەناسۆر و زۆر وروژان و ساتی شێت بوون و حاڵ لێهاتنی خۆتیان تیا بخوێنیتەوە، دەتتوانی هیستریای دنیایان تیا ببینی، بەڵام هەموو جارێک نەنگی کارەکەم ئەو دوو هێڵە دەبوون کە مەحاڵ بوو لە هەوڵی یەککگرتنیاندا بوومەلەرزەیەک ساز نەبێت.

### با

جارێکیان پەرەموچەکەم بەدەستەوە بوو، دەمویست نیگاری «با» بکێشم، دەمێک بوو خولیای کێشانی تابلۆی با لە خەیاڵمدا جێی بۆ خۆی چێ کردبوو.

«با»م لەسەر کورسیەک دانا، ڕێک بەرامبەر بەخۆم، نیگام لە بەرامبەریدا ڕامابوو، تا ئەدگاری بگوێزمەوە چاوم و لە چاویشمەوە بۆ سەر تابلۆکە.



هێمن، هێمن و بێ جوڵە. لەسەر کورسیەکەی ژێر سێبەری شۆڕەبییەکە دانیشتبوو، منیش ئەدگاری نادیار و قەشەنگیم بەچاو هەڵدەمژی، گلێنەکانم پڕ بوون لە جوانییە ئەفسووناویەکەی، هەر کە ویستم ئەو جوانییە بگوێزمەوە سەر تابلۆ، هەڵی کرد و بەگڤە گڤ ئەو ناوەی خرۆشان، کورسیەکە کەوت، شۆڕەبییەکان لەرز گرتنی، تابلۆکەم کەوت و شکا، بۆیەکانم هەموویان ڕژان.

لەسەر زەویەکەدا ڕەنگە ڕەشەکە هەموو ڕەنگەکانی تری داپۆشی، لە داخاندا دەستم بەپێکەنین کرد و لە ژێرەوەی ڕەنگە ڕژاوەکاندا نوسیم «تابلۆی ڕەشەبا».

### ئاگر

هاوڕێکەم لێی پرسیم: دەتوانی وێنەی ئاگر بکێشی؟

منیش پەرەموچەکەم هێنا و برد و دەریایەکم بۆ دروست کرد و وتم: ئەوەش ئاگر.

ئەو قاقا پێکەنی و وایزانی شێت بووم، منیش بەزەردەخەنەیەکەوە وتم: برادەر بۆ پێدەکەنی، ئاو بریتییە لە ئۆکسجین و هایدرۆجین، ئۆکسجین دەسوتێ، هایدرۆجین یارمەتی سوتان دەدات.

دیسان پێکەنی و گوتی: ئەی چۆن ئاگر دەکوژێنێتەوە؟

### بازنە

بازنەیەک دەکێشم دەرگای هەبێ، پەنجەرەی هەبێ، ئیدی با شێوەی بازنەش بگۆڕێ، بۆ وا داخراو و بێ هەناسە بێت، بۆ ئەوەی کەسێ کە بەڕێکەوت یان بەویستی خۆیشی کەوتە ناو بازنەیەکەوە ڕێگەیەکی هەبێ بۆ دەرباز بوون.

لەوەتی بازنە داهاتووە هەست دەکەم لەو شێوەیەدا هەڵەیەک هەیە، من لە تابلۆیەکی بازنەییدا شێوەی بازنە دەگۆڕم، دەمەوێ لە ناوەوەی بازنەوە گەردوون ببینرێ.

### سەمفۆنیا

هەمیشە حەز بەکێشانی تابلۆی شتە نەبینراوەکان دەکەم، وەک با، دەنگ، سەراب، خوا، شتی لەم بابەتە.

پەرەموچم بەدەستەوە گرت تا نیگاری سەمفۆنیایەک بکێشم، چ قەشەنگ بوو ڕەنگەکان لێویان لە لێوی یەکدی و ڕۆحیان لە ڕۆحی یەکدیدا توابووەوە، هێڵەکان سەمایەکی ناسکیان دەکرد و باخچەکان خەویان دەبینی.

### دەروون

دەمەوێ وێنەی خۆشەویستەکەم بکێشم، بەڵام بەڕووتی، مەبەستم ئەوە نییە جلەکانی لەبەر داماڵم، نا!

من بەوە ناڵێم ڕووتیی، نا! دەمەوێ وێنەکە تەواو ڕووت بێ، بەتەواوی جلەکانیشیەوە بێت، بەڵام بەبێ دەمامکەکانی!

من دەمەوێ نیگارێکی ئەفسووناوی هۆش و بیر و هەست و نەستەکانی بکێشم!

### بۆشایی

لە شینایی ئاسمان ڕادەمێنم، ڕامانێکی درێژ، کە لەو ساتانەدا خەیاڵ سەرەوەرە. پێنووسێکی سوور دەهێنم سێگۆشەیەکی تیژ دروست دەکەم. لە گۆشە تیژەکەی دەنووسم: مردن، لە هەر یەکێ لە دوو گۆشەکەی تر دەنووسم: ژیان.

### بۆن

کە بەلای باخچەدا تێ دەپەڕم، بۆنێکی هەست هەژێن مەستم دەکات، لە فرسەتێک دەگەڕێم بتوانم لە تابلۆیەکدا گیری بهێنم، تۆ بڵێی بتوانم ڕەنگێ بۆ بۆن بدۆزمەوە!؟



### گەڵا

ئەم ئێوارەیە گوێم زرینگایەوە، زرینگانەوەیەکی سەیر!

دایکم: ئەگەر گوێت بزرینگێتەوە کەسێک ناوت دێنێ و باست دەکات.

باوکم: داری ژیان چڕ و پڕە، ژیانی هەر یەک لە ئێمەش گەڵایەکە لەو دارە. کە کەسێک دەمرێ، یەکێ لەو گەڵایانە هەڵدەوەرن، لە کاتی بەربوونەوەی ئەو گەڵایەدا تا ئەوکاتەی دەگاتە سەر زەوی لە چەندان گەڵای تر دەدات، لەو کاتەدا گوێی ئەو مرۆڤەی کە گەڵا مردووەکە لە گەڵای ژیانی داوە دەزرینگێتەوە، گوێ زرینگاندنەوە واتە مردنت لەبیر بێ.

هاوڕێکەم: ئاو چووە بەگوێتدا، دوای مەلەکردن گوێیەکانت پاک بکەرەوە.

خۆشەویستەکەم: هەر کە گوێت زرینگایەوە بزانە کە منم پێت دەڵێم «خۆشم دەوێی»!

خۆم: هەستی حەوتەمە!

### گریان یان پێکەنین


بەمنداڵی و ئێستاش گریان و پێکەنینی هەندێ کەس لە یەکتر ناکەمەوە.

دەنگی گریانەکە و پێکەنینەکە هیچ جیاوازییەکیان نییە، دیمەنەکەشیان هێندە لە یەک چووە جیاناکرێتەوە، بەشێوەیەک کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا فرمێسک دەبینرێ.

هەندێ جار ناتوانم خۆشی و شادی لە ناخۆشی و نامرادی جیا کەمەوە. ڕەنگە مەودای نێوانیان هێندە نەبێ کە بتوانرێ ببینرێ، بۆن بکرێ، ببیسترێ، دەستی لێ بدرێ، یان تام بکرێ!؟

هەندێ جار مەودای نێوان شەڕ و ئاشتیش هەر بەوجۆرەیە!

١٩٩٥/٢/١



# دۆنایدۆن

دیوارەکان دەجولێنەوە، تیشکی کزی خۆر کە لەو پەنجەرە بەرزە بچوکەوە دێتە ژوورەوە، ڕەشە، چەند سەیرە، تیشکی خۆر چۆن ڕەش دەبێت؟ دەستەکانم کە هەڵیان دەبڕم بۆ ئەوەی سەرە قورسەکەمی پێ بگرم و لە تاو ئازارە توندەکەیدا لەپم توند بە تەوێڵمەوە بنووسێنم، ناتوانم و دەستەکانم لە بۆشاییدا وەک لە بومەلەرزەدا بن ئاواهی سەمایەکی بێ هودە دەکەن. من کەی وا بووم؟ بۆ دیمەنەکان و شتەکان لەم ساتەدا وا گۆڕان؟ باشە ئێرە کوێیە؟ ئەی من لە کوێم؟

نازانم ئەمە خەیاڵە یان ڕاستییە؟ هەست دەکەم کچێک بووم، ئا کچێک بووم بەدرێژایی ڕۆژگار بەدەم هەموو کار و بارێکەوە گۆرانیم دەگوت، تریقەی پێکەنین هەمیشە هاوەڵم بوو، زۆر سەیرە، خەیاڵە یان ڕاستی؟ نازانم! بەڵام هەست دەکەم شاعیر بووم، حەزیشم لە مۆسیقا و سەما دەکرد، نیگاریشم دەکێشا.

داخۆ ئەو زەمەنە کەی بوو؟ بشێ ئەو ڕووداوانەی هەستیان پێ دەکەم و دەیانگێڕمەوە لەم دۆنەی ژیانمدا بووە و بەسەر مندا دێت، یان بەسەرهاتی ژیانی ڕۆحێکی ترە کە لە کلێشەی من دایە؟

داخۆ ئەو کچەی ئەم ڕۆحەی ئێستای منی لە کلێشەدا بووە چەند ماندوو بووە، کەوا ئەم ڕۆحەی سەرشاری نامورادی و ئازار کردووە. تۆ بڵێی ئێستا ئەوەی هەستی پێ دەکەم بەسەر ئەو هاتووە یان بەسەر من دێ؟

هەست دەکەم دایکێکم هەبوو، لە جوانیدا وێنەی ڤینۆس و لە میهرەبانیدا ئافرۆدیتێک بوو بۆخۆی. سەری منی دەخستە سەر باڵی و بەپەنجە نەرمەکانی یاری بە بێخی سەرم دەکرد و منیش لە قوڵایی ئەو



سۆزە پاراوەیەدا خەوێکی بێ ئەندازە شیرین دەیبردمەوە.

کە لە باوەشیا دەنوستم، دەبووم بە فریشتە، پاکییەکی بێ سنوور دایدەپۆشیم، دەتگوت لە بێشکەی ئەزەلی ئارامییدا نوستووم و دەستی خوا ڕامدەژەنێ، خەونم دەدی، ئەو خەونانەی کە لە باوەشی دایکمدا دەمدی، چەند شیرین بوون، چەند.

لە ڕابردوودا باوکێکیشم هەبوو، بەڵێ هەر دەڵێی ئێستایە، دێتەوە بیرم کە ئەو باوکەی من وەکو شوانی برام خۆشی دەویستم و هەمیشە بۆ کارە سەرکەوتووەکانم دەستی بەپشتمدا دەهێنا و دەیگوت: ئافەرین.

ئافەرینەکەی ئەو زۆر جیاواز بوو، جیاواز لە هەموو ئافەرینەکانی دنیا، پڕی دەکردم لە شانازی و هێزی دەخستمە بەر بۆ هەنگاوی تر.

بشێ ئەو دایک و باوکە هی من بوون یان هی ئەو کچەی کە ڕۆحی منی لە کلێشەدا بووە؟ نا... ڕۆحی ئەوە و لە کلێشەی من دایە.

باشە ئێستا من لە کوێم؟ ئەمە شوێنە یان شوێن نییە؟ هەست دەکەم و دڵنیا نیم لەوەی پێشتر لە شوێنێکدا بووم دیوار بەری ڕۆژی لێ نەدەگرتم، خەڵکانێکی ڕووخۆش و ئازیز لە دەوروبەرم بوون، دنیایەکی فراوانم هەبوو، کە هەناسەم دەدا بۆنی نێرگز پڕ بە سییەکانم دەبوو، پەنجەرەیەکی گەورە لە ژوورەکەمدا دەیڕوانییە سەر گوڵجارێک، هەمیشە دوای تەواوکردنی وانە و نووسینەکانم، دەچوومە بەر پەنجەرەکە و شیعرێکم دەنووسی، دەتگوت ئەو پەنجەرەیە سروشتە و لەوەوە سۆزی پاراوی هەموو شیعرەکانم دەڕژایە سەر ئەو ڕووپەڕانەی کە هەر دوای تەواوبوونیان دەمخستنە ناو زەرفێکی نامە و دەمناردن بۆ خۆشەویستەکەم.

ئای چ خۆشەویستێکم هەبوو! بیرمە دەهاتە بەر پەنجەرەی ژوورەکەم، کە دنیا مەیلەو تاریک دەبوو، سەرم لە پەنجەرەکەوە دەردەهێنا و جارێ تێر یەکترمان بۆن دەکرد و ماچ دەکرد، ئەوسا تێر قسەی شیرینمان بۆ یەکتر دەکرد، ئەو ئێجگار منی خۆش دەویست، ئەو ئێجگار لە دڵی مندا بوو.

ئەرێ ئەو کوڕە خۆشەویستەی کە هەست دەکەم خۆشەویستی من بووە، هی من بوو یان هی ئەو کچەی کە ڕۆحەکەی لە کلێشەی من دایە؟ باشە چۆن دڵنیا بم کە ئەوەی هەستی پێ دەکەم بەڕاستییە و لە ژیانی مندا ڕوو دەدا یان بەڕاستی بووە لە ژیانی ئەودا ڕووی داوە.

ئاخۆ ئەو ناوی چی بووە، ناشێ ناوی کوردە بووبێ، دوور نییە، بۆ نا. ئای ئەوەی دەیبینم تیشکی هەتاوە یان گوریسێکی ڕەشی تەڕە کە لەو کلاوڕۆژنەیەوە دێتە ژوورەکەم. ژووری چی؟ ئەمە کەی ژووری من بوو، خوایە من لە کوێم؟ ژوورەکەی من چرپایەک و کورسی و مێزێکی تێدا بوو، لای چەپییەوە کتێبخانەیەکی گەورە و لە ژوور سەرمدا وێنەی دایکێکم هەڵواسیبوو، دایکەکە کوڕێکی چواردە ساڵانی لە باوەشدا نووستبوو، نا، نەنوستبوو، بەوە دەچوو مردبێ، بەڵێ دڵنیام مردبوو، ئەگەر سەیری دەموچاوی دایکەکەت کردبایە چ گوزارشتێکی سەیری دەنواند، دەتزانی ئەو ڕۆڵەیەی کە لە باوەشیدایە مردووە.

ئەی کێ نالێ ڕۆحی ئەو کوڕە نییە هاتۆتە کلێشەی من، کێ نالێ؟ بەڵێ وێنەی دایکم بوو بەژوور سەرمەوە هەڵم واسیبوو، کوڕە چواردە ساڵییەکەش شوانی برام بوو! نا ئەو نەبوو، دایکیشم نەبوو، بەڵام دیمەنەکە هەر لەو ساتە ژاناویە دەچوو کە شوانییان هێنایەوە و دایکم لە باوەشی گرت و هەر دەتگوت خەوی لێ کەوتووە، بەڵام کە لە گوزارشتی ئەدگاری دایکم ورد ببویتایەوە دەتزانی ئەو خەوی لی نەکەوتووە، بەڵکە مەرگی لێ کەوتووە.

نا ڕۆحی ئەو نییە لە کلێشەی مندا، ڕەنگە ڕۆحی ئەو لە کلێشەی کوڕێکی تردا بێت کە من هەر نایناسم، بەڵام خۆزگە دەمناسی و ئێستا تێر ماچم دەکرد، ئای چەند بیری دەکەم! هەمیشە بیری دەکەم!

نازانم، نازانم چ پەرجوویەک ڕوویدا و ژوورەکەمی وا ژێر و ژوور کرد، کوا؟ کورسی و مێزەکەم چییان لێ هات؟ بشێ ئەمە خەون بێ؟ زۆر جاران



خەونی ناخۆشم دیوە بەڵام قەت وەکو ئەمجارەیان ئازاری نەداوم، پێشتر قەت لە خەونمدا نەگۆڕابوو بە ئەم شتە سەیرەی کە ئێستا تیایە دەشڵەقێم، قەت کورسی و مێزەکەم هەڵ نەفڕیبوو، زۆر ناخۆشە ئەگەر ئەمە خەون بێ! لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە کە ڕاستی بێت.

ڕاستی! تۆ بڵێی ڕاستی بێت؟ من ڕاستیم زۆر خۆش دەوێت، نەک هەر خۆشم دەوێت بەڵکە وێڵیش بوومە بەدوایدا، بەڵام نەک لەم شێوەیەیدا، نا، بریا ڕاستی ئەمە نەبێت، بیستومە ڕاستی تاڵە و ئەوەی ئێستا دەیچێژم تاڵە، بەڵێ زۆر تاڵە بەڵام گومان دەکەم ڕاستی بێت، هەموو ڕاستییەک تاڵە بەڵام هەموو تاڵییەک ڕاستی نییە. بەڵێ: باوەڕم وایە ئەمە ڕاستی نییە، نەخێر نە ڕاستییە و نە ڕەوا، بەڵکە تەنها پێکێکە لە ژەهرەژانی ژیان.

ژیان! ئاخۆ دەبێت بەهەموو ساتەکان بوترێ سات و بەهەموو شوێنەکان بوترێ شوێن؟ دەکرێ بەهەموو زینوێتییەک بوترێ ژیان؟ ژیان جۆراوجۆرە، ڕەنگەکانی ژیان ڕامان دروست دەکەن. منیش لە نێوانی ڕامان و ڕانەمان دام، لە نێوانی بیرکردنەوە و بێ خەیاڵیدا، هەست و نەستدا، نێوانەکانیش هەمیشە سەختن، هەمیشە هەستی هەڵواسراوییت تیا دەچێنن. نازانم ئەمەی ڕوو دەدا ئێستایە یان نا؟ ئەوەی ڕووداوەکەی بەسەردێ منم یان نا؟

ئەم دیوارانە بۆ وا دەجوڵێنەوە؟ بومەلەرزە ڕوویداوە، یان تۆفانێک هاتووە دنیا بڕوخێنێ؟ بنمیچەکە دێتە خوارەوە و زەمینەی ژوورەکە بەرز دەبێتەوە، دیوارەکان دەسوڕێنەوە، ئەم شەپۆلە تاریکییە چییە دێت و هەموو شتێکم لەبەرچاو دەشارێتەوە و دوای ماوەیەک دووبارە دێنەوە بەرچاوم.

کوان؟ ئێسکەکانی جەستەم چییان لێ هات؟ بۆ وا وەک بەرۆ شل و خاو بوومەتەوە و ناتوانم هەستم، بۆ وا وەک موگناتیس بەم هەردەوە نووساوم؟

ئەم شلە گەرمەی کە بەدەموچاومدا دێتە خوارەوە سەرچاوەکەی لە کوێوە هەڵدەقوڵێ؟ خوێنە؟

تا ئەو کاتە لە نێوان ئاگایی و بێ ئاگاییدا بوو، هەستی دەکرد و نەدەکرد، گاڤێک بەتەواوی لە جیهانی هۆش دابڕا، دووبارە هاتەوە نێو دنیای هۆش. بوومەلەرزەکە وەستابوو، دیوارەکان وەکو جاران لە جێی خۆیان سەقامگیر بووبوون، تیشکە ڕەشەکەش ون بووبوو، بەڵام شلە گەرمەکە هێشتاش لە لووتییەوە فوارەی دەکرد، پەنجەکانی هەردوو دەستی و سەرینە چڵکنەکەی و خاولییە چکۆلەکەی خەڵتانی خوێن بوون.

تاوی دایە خۆی و هەستایە سەر پێ، جگە لە خۆی کەس لە ژوورەکەدا نەبوو، ڕۆشناییەکی کز دەرگاکەی پیشان دا، بەدوو هەنگاو گەیشتە دەرگاکە، دوو جار کیلوونی دەرگاکەی داگرت و پاڵی نا، نەکرایەوە، لەودیوەوە دەرگاکەیان لەسەر داخستبوو، دەمێک بوو دایان خستبوو.

خوێنەکەی لووتی هەر دەهات و دەهات، لامل و جلەکانی تەواو تەڕ بووبوون، بەتوندی بەهەردوو مستی لە دەرگاکەی دا، بەڵام کەس نەبوو لێی بکاتەوە، یان کەس هەبوو بەڵام لێی نەدەکردەوە، جارێک و دووان و سێیان و زۆر جاری تریش لە دەرگاکەی دا، لە ئاکامدا لەو دیوی دەرگاکەوە گوێی لە نەڕەیەک بوو، سەرەتا ترسا، وایزانی لە جەنگەڵێک دایە و لە ناکاو پڵنگێ یان دڕندەیەکی تری لێ دەرپەڕیوە، لەگەڵ نەڕەکەی بیست دوو هەنگاو کشایەوە و ڕەنگی هەڵبزرکا، دوای ساتێک بیری کەوتەوە کە ئەو دەنگە دەنگی مرۆڤە نەک ئاژەڵ، بەڵێ دەنگێکی کەرخی پیاوانە بوو، دەتگوت پیاوێکە پیشەی توڕەبوونە و لە ئەزەلەوە بۆی براوەتەوە توڕە بێت و بنەڕێنێ، دەنگی پاسەوانە ئێشکگرەکەی ئەو شەوە بوو:


– چیتە؟ بۆ وا لەو دەرگایە دەدەی؟


– خوێنی لووتم بەر بووە و ناوەستێتەوە، تکایە بمبەن بۆ لای دکتۆرێ، دەمێکە بەر بووە و ناوەستێتەوە.



هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، ماوەیەک بێ دەنگی ترس و گومانی مردنی خستە دڵیەوە، دووبارە لە دەرگای دا، ئەمجارەیان گوێی لە گرمەیەک بوو، بەڵام نەترسا و وای نەزانی کە گرمەی هەورە، دەیزانی ئەوە دەنگی ئەفسەرە ئێشکگرەکەیە، دەرگاکەیان کردەوە، لە جیاتی پزیشک و دەوا و دەرمان هەندێ سەهۆڵیان هێنا و لەسەر تەوێڵیان دانا، خوێنەکە وەستایەوە، بەڵام لەشی تەواو داهێزرابوو، کە ئەوان ڕۆیشتن و دەرگاکەیان لەسەر داخست ئەم لە نێوانی خەو و بێداریدا، لە نێوان و ئاگایی و بێ ئاگاییدا، نەیدەزانی خەون دەبینێ یان ڕاستی؟ نەیدەزانی ئەوەی بەسەری دێ ڕووداوێکە ئێستا ڕوودەدا، یان پێشتر ڕووی داوە و بەسەر ئەو کچەدا هاتووە کە لە کڵێشەی ئەمدابووە، یان ڕووداوێکە و هەموو دۆنێک دووبارە دەبێتەوە، نەیدەزانی ئەویش ناوی کوردە بووە یان شتێکی تر، ئەویش لە هەمان زیندان و ئازارخانە بووە یان لە هی تر، دڵنیا نەبوو.

١٩٩٥/٣/٣ فالشۆپینگ





# ئای چەندم خۆش دەویی

تەنها گوێم لە ناوت ببوو، باسیان کردبووی، باسی شێوەت نا، باسی ئەو شەش حەوت ساڵەی کە لە دووریانەوە بوویت، دیار بوو بیرت دەکەن، هەر بۆیەش ئەوەندەیان باس دەکردی، باسەکانیان منیشی تامەزرۆی بینینت کردبوو، هەر لە خۆمەوە پێش ئەوەی بشت ناسم بیرم دەکردی، خۆشم دەویستی، خۆشەویستی لای من جۆرێکی تر بوو، تەنها مانای ئەوینی نەدەبەخشی، لەو جۆرەش نەبوو کە سۆزی خوشک و برای پێکەوە گرێ دەدا، وەکو ئەوەی کە گوڵاڵە تۆی خۆش دەویست، ئەو جۆرەشیان نا کە دایکێک منداڵەکەی خۆی نوقمی سۆز دەکات، ئەوجۆرەشیان نا کە دوو هاوڕێ هەستی پێ دەکەن، کۆی هەموو ئەوانە لای من دەبووە خۆشەویستییەکی سەوز، سەوزێکی خۆڕسک، بۆیە دەڵێم سەوز چونکە هەردەم لە ڕسکان و گەورەبووندا بوو، دەمتوانی بەقەد ئەو گەورەییە خۆشتم بوێ، هەر بەقەد ئەو گەورەییەش کەسانێکی تۆ ئاساییم خۆش دەویست. هەر بەو خۆشەویستیەش بیرم دەکردی، پێش ئەوەی هێشتا دیدارێکیش لە نێوانماندا ڕوویدابێ و نیگامانی پێکەوە گرێدابێ، هەستم دەکرد پەیوەندییەکم لەگەڵتا هەیە، پەیوەندییەکی خۆڕسک، پەیوەندییەکی پڕ لە پەیوەندی مرۆڤانە، بۆ نا، مەرج نییە تەنها بینین و دیدار پەیوەندی دروست بکەن، زۆر کەسانی کە بەم ڕۆژگارە لە دەوروبەرم دان و دەمدوێنن و دەیاندوێنم و هیچ پەیوەندییەکیشم لەگەڵیاندا نییە، پەیوەندی بینین دروستی ناکات، هەندێ جار تەنها بیستن دروستی دەکات، منیش پەیوەندیم لەگەڵ تۆدا تەنها بەبیستن دروست بووبوو.

هێشتا هەر ئازارم مابوو، سێ مانگ بەسەر لە شاخ بەربوونەوەکەم تێ پەڕیبوو، هێشتاش هەر دەشەلیم و هەنگاوەکانم لار و خواربوون، لەو



ڕۆژگارە سەیر و سەمەرە و پڕ لە کێشەیەدا کە مرۆڤی وەکو ئێمە پێویستی بەهەزار پێ هەبوو بۆ ڕاکردن و خۆ لە مەرگ دەربازکردن، کە پێویستی بەهەزار پێ هەبوو بۆ سەرخۆ هەڵگرتن، من پێیەکم شکا، وەکو هەموان لەگەڵ لێشاوی ئاپۆڕەی خەڵکدا ئەو شوێن و کاتەم بەجێ هێشت، بەجێم هێشت و تەواو.

ئەوە ئەوسا بوو، ئەوسایەکی پڕ لە کارەسات، ئێستاش ئێستایەکی دوور لە کارەساتی شەڕ و نزیک لە کارەساتی دەروونییە، کە بەهۆی ئەم غوربەتەوە بەچرکەش وازم لێ ناهێنێ، ئەمڕۆش سەعات یانزەی بەیانی وەک هەر ڕۆژێکی تر چاوەڕێی ئەوەبووم پۆستچییەکە لە کونی پۆستی دەرگاکەوە نامەیەک یان چەند نامەیەکم بۆ بخاتە ژوورەوە، ئارەزووی زۆری ئەوەم دەکرد نامەکە لە کەسێکی ئازیزەوە بێت و لەگەڵ سۆزی پاراویشیدا بۆنی خاک بپرژێنێتە سەر غەریبیم و بۆ چەند ساتێک لە هۆشی نامۆییم بچم و بگەڕێمەوە نێو یادگارییە تاڵ و شیرینەکانی ئەوێم. هەروەکو سەگەکەی بافلۆف ڕاهاتووم هەموو یانزەی بەیانییەک لە کونی دەرگاکەوە چاوەڕێی نامە بم و، ئەو ڕۆژانەی کە پۆستچییەکە نەیەت و شتێک لەو کونی دەرگایەوە بەر نەبێتەوە وا دەزانم ئەو ڕۆژە ڕۆژ نییە، ئەم بەیانییەیان نامەکەی تۆ نیشانەیەکی سەرسوڕمان و تەزوویەکی خۆشی تێکەڵ بەیەکتر کرد.

هەرگیز، هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووم نامەی تۆم لە وڵاتێکی ئەوروپاوە پێ بگات، لەسەر زەرفی نامەکە ناونیشانێکی ئەڵمانی و ناوەکەی تۆش لە سەرووییەوە دیمەنی پێشمەرگایەتی هێنایەوە پێش چاوم، هێشتا زەرفەکەم هەڵنەبچڕیبوو، پرسیارم لە خۆم کرد، ئەویش گەیشتوەتە ئەوروپا؟ نەمدەزانی پێم خۆش بێت یان نا، حەزم دەکرد کەسێکی وەک تۆ لە نزیکمەوە بێت، بەڵام حەزیشم نەدەکرد کەسی وەک تۆش ئەم زوخاوە بنۆشێ.

نامەکەم کردەوە و تەنها ئەوەم بۆ دەرکەوت کە لەوێی کە نەتدەتوانی لێی

بی، ئاخر ئەوێ زۆر دووره لەو دۆزەخەی ئێمە، کە خۆشمان دەوێ و بیری دەکەین. هەر خێرا ئەو ژمارە تەلەفۆنەم لێدا کە لە نامەکەدا بۆت نوسیبووم ، هەناسە تەنگییەکەت، بێزارییت، بیری وڵات کردن، هەموو ئەمانە لە چەند مانگێکدا کێوێکی ترسناکی لەبەردەمتا دروست کردبوو، دەمزانی تۆ لەو جۆرە کەسە نیت کە بەرگەی نامۆییەکی هێندە سامناک و دوورییەکی هێندە کوشندە بگری. دەمزانی دەگەڕێیتەوە. نامەی دووەمت ئەو شێوەیە بوو کە چاوەڕێم دەکرد، بۆنی هەموو نێرگزە چاو زەردەکانی گەرمیانی لێ دەهات، لەو شوێنەوە نوسیبووت کە دەتتوانی پڕ بەئەوین خۆشەویستی تێدا بکەی، وشەکانت هەرچەندە لەسەر زەمینێکی پڕ لە گرانیی و شەڕەوە هاتبوون بزە و گەرمی خۆیان نەدۆڕاندبوو، جۆش و خرۆشێکی بەهارانەیان لە خۆیان ئالاندبوو، یەکەم دیداری خۆمانی بیر خستمەوە، کاتێ دایکم لەسەر کانییەکە هاتەوە و پێی وتم:

– ئەمشەو بچین چاوەڕوونییان لێ بکەین، کوڕە پێشمەرگەکەیان هاتووەتەوە.

– بەڕاست؟! بەڕاستی حەزدەکەم بیبینم!

دارەکەم هەڵگرت تا بەیارمەتی ئەو بەشەلە شەل بگەمە دیدارت، دایکیشم چراکەی هەڵگرت، دەروازەی ڕەشماڵەکەمان توند بەست و بەرەو ڕۆژئاوای ئۆردوگاکە بەڕێکەوتین، ڕووناکی چراکەی دایکیشم کە پرتە پرتی دەکرد سێبەری جەستەمانی دەلەنگاندەوە، دەنگی بۆقەکان لە زەلکاوەکانی ئەو ناوەوە بەرز ببوونەوە و وەکو ئۆپێرابێژ ئاوازێکی بلەندیان پێشکەش بەجەماوەری ماندووی ئەو کەرتە شانۆیەی زەمین دەکرد. بەناو ریزە ڕەشماڵەکاندا تێپەڕین، ڕووناکی کزی چراکان سیمای پڕ لە ئازاری خەڵکانی ژێر دەوارەکانی پیشان دەداین، ڕێک وەکو ئەو بازنە ڕووناکیانەی کە ئاراستەی تەختەی شانۆیەک دەکرێن و دیمەنێکی تراژیدی لەو گۆشەیەدا نومایش دەکەن. سیمای ژنێکی ماندوو کە لە ڕۆژێکی درێژی پڕ لە دەردەسەری، ئاوهێنان لە تەنکەرەکان و قوتووی خواردن



پەیداکردن و دەرمان بۆ منداڵەکەی و حەبی بەرگری منداڵ بۆ خۆی و، ئاوگەرم کردن بۆ مێردەکەی و، نان کردن و، چێشت لێنان و، زۆر کاری تر، جگە لەو ئازارە دەروونییە پەنگخواردووەی کە ناشوێرێ بۆ کەسی باس بکات کاتێ لە لایەن پاسدارێکەوە سوکایەتی پێ کراوە تا قوتوە گۆشتێکی دڕاوەتێ چاوی لێ داگرتووە و دەستی بۆ بردووە و ئالۆشی چەپێنراوی خۆی پێ دامرکاندووە.

سیمای پیاوێکی بێزار کە بەدێژایی ڕۆژ لەبەر بێکاری بەناو ئەو ئۆردوگایەدا سوڕاوەتەوە و جاروباریش لەگەڵ ئەم و ئەودا دانیشتووە و خۆی بەدامە و سێ ڕسکان و تەزبیح بادانەوە خەریک کردووە تا ئەو کاتەی کە برسێتی تاوی بۆ هێناوە و بەرەو ڕەشماڵەکەی خۆیان ملی ناوە.

سیمای فریشتانەی منداڵە وردەکان کە چڵکن و تۆزاوی لەبەر یاری و ڕاوڕاوکێ و بەردەفڕکان ماندوو بوون و لەناو ئەو ڕەشماڵە گەرمانەدا لاڵ و پاڵ کەوتبوون.

هەنگاوی وردمان دەنا و ئەو دیمەنە دڵهەژێنانەش هەنگاوی قورستر دەکردین، هەردوو سێبەرەکەشمان کورت و پان بە بەردەمانەوە دەڕۆیشتن و پێشبڕکێیان لەگەڵ دەکردین، قاچی چەپم ئازاری دەدام، هەر ئەو ئێوارەیە شکا کە ڕەوەکە دەستی پێکرد، سەرەتایەکی ترسناک بوو، ترسناکترین سەرەتا، ڕۆژگارێک بوو مەگەر لە ئەفسانەدا هی وا هەبێ، من لەو ڕۆژەدا قاچم شکا و نە دکتۆرێ هەبوو، نە قاچ گرەوەیەک، هەموو لەگەڵ لێشاوی ڕەوەکەدا بوون و کەس بەکەس نەبوو. کێ بەکێ بێ؟ لەو ماراسۆنەدا کێ بەکێ بێ؟ دەتگوت پێشبڕکێیەکی مێژوویییە و هەموان دەیانەوێ تاجی زێڕینی ژیان ببەنەوە. منیش بەو قاچە شکاوەوە دووی ئەوان کەوتبووم و هەر چۆنێ بوو گەیشتم، قاچیشم بەو شێوەیە گیرسایەوە و هەنگاوەکانی لار و خوار کرد.

چەند هەنگاوێکمان مابوو بگەینە ڕەشماڵەکەتان، هێشتا نەمدیبووی

بەڵام شێوەتم بەخەیاڵدا هاتبوو، زۆر جار کە باسی کەسێکیان بۆ کردبام وێنەیەکی خەیاڵی ئەوم لا دروست دەبوو، کەم جار وێنەکەی خەیاڵم و وێنە ڕاستیەکان هاوشێوە دەبوون.

بەڵام ئەمجارەیان وێنە فەنتازیەکەی تۆ زۆر لە شێوە و ئەدگاری ڕاستیت دەچوو.

چراکەتان و چراکەمان لە نێوانماندا یەکێتی دوو ڕووناکی کزبوون و هێزێکی زۆرتریان دابووە تیشکەکان و دەمانتوانی چاکتر لەگەڵ باسەکاندا یەکتر ببینین. من وا ڕاهاتبووم کە دەدوێم بڕوانمە چاوی بەرامبەرەکەم کوڕ بوایە یان کچ، پێچەوانەی زۆر کچانی تر، بەو تێڕوانینە قوڵە دەمتوانی قوڵتر لە دەروون و کەسایەتیەکان بگەم، دەمتوانی لە چاواندا نهێنییەکانی دەروون بخوێنمەوە.

باس و گفتوگۆی زۆرمان کرد، من دەمێک بوو بۆ هاوڕێیەکی وەکو تۆ دەگەڕام تێم بگات و تێی بگەم، لەوەتی لەو ئۆردوگایە بووم دەروونم پڕ ببوو لە هەژان و ئازاری پەنگ خواردوو و کەس لەو زمانە نهێنییەم نەدەگەیشت، چەند نامۆ بووم؟

لەو کەرتە شوێنە پڕ لە خەڵکەدا کە زرمەی دەهات لە ژن و پیاو و منداڵ، من تەنها بووم، لەو زەمەنە شڕەدا خەریک بوو تەنهایی بمکوژێ، بۆیەش پێش ئەوەی بتبینم خۆشم دەویستی و پێش ئەوەی خۆشتم بوێ بیرم دەکردی، دەمزانی دەبینە هاوڕێ.

ڕەنگ بوو ئەگەر لەوە تەنهاتر بام، لەوە زیاتر نامۆ بام بمرم، دەتگوت هاتووی قەرەبووی ئەو زەمەنە بەفیڕۆ چووەم بکەیتەوە، بۆیە هێندە دەمدوێنی تا نامۆییم بڕژێتە نێو باسەکانەوە و ڕەها بم، ئەو شەوە وەکو بمانەوێ هەموو کێشەکانی دنیا تاوتووکەین، زمانمان بەناو هەموو باسەکاندا تەراتێنی دەکرد، هێندەمان قسە کرد زمانمان تیژ بوو، بیرمان کرایەوە، چاومان کەوتبووە بریسکانەوە، نەمدەزانی بۆ هێندە دڵم خۆشە،



دەمگوت ڕەنگبێ هی ئەوە بێ کە وێنە فەنتازیاییەکەی تۆم بەو سەلیقە وردبینانەوە گرتبێ.

کات بەخێراییەکی تیژەوە ڕێگەی دەبڕی، کەوتینە ئەودیوی کەرتی شەوەوە. بەمن بوایە کاتی ڕۆشتنەوە هەر نەیەت و چراکەمان هەر هاوەڵی چراکەتان بێ، من هێشتا نەمدیبووی بیرم دەکردی، ئەی ئێستا کە بینیمی و دواندمی و خۆشم ویستی و پەیوەندییەکم لەگەڵتا دامەزراند، ئیدی چۆن بیرت نەکەم. هەموان وایان دەزانی ئیدی من و تۆ دەبین بەئەویندارى یەکتر، زۆ ئاسایی نەبوو دوو کەس، کچ و کوڕ بن و هێندەش یەکتریان خۆش بوێ و ئەوینیش نەبن. نەیانزانی ئەو خۆشەویستییەی من تۆم پێی خۆش دەوێ ئەوین نییە، ئەوین تەنها بەشێکی بچووکیەتی.

دایکم چراکەی هەڵگرت و بەرەو خێوەتەکەی خۆمان گەڕاینەوە، دوای گشت ئەو گفتوگۆیانەش من پێم وابوو هێشتا فریا نەکەوتووین قسەیەک بکەین، چراکە کزتر ببووەوە. بەهەمان ڕێگادا هاتینەوە، ئەمجارەیان سێبەرێکی باریکی درێژ کەوتە پشتی هەریەکەمانەوە و دەتگوت دەیەوێ بەرەو دواوە ڕامانکێشێتەوە، ئێمەش بەرەو ماڵەوە، ببورە بەرەو خێوەتەکەی خۆمان خۆمان بەکێش دەکرد، هەمان ڕێگا بەڵام ئەمجارەیان هەستم دەکرد دوورترە، دەروازەی ڕەشماڵەکان بەگوریس داخرابوون، دەتگوت جگە لە تاریکی هیچی تریان تیا نییە، دەتگوت بۆ یەکجاری کۆتایی بەنومایشی تراژیدیاکان هاتووە و ڕووناکییە بازنەییەکە تەنها ئاراستەی هەنگاوە کۆچەرییەکانی ئەو دوو ئافرەتە ڕێبوارەیە کە خۆیان بەکێش دەکەن و سێبەرەکەیان ڕایاندەکێشێت.

بەگەیشتنمان بەخێوەتە بچکۆلانەکەمان بازنە ڕووناکییەکەش بەدەستە چرچ و لۆچەکانی دایکم کوژایەوە و کۆتایی بەسیناریۆکە هێنا، بەڵام هۆشم داگیرسا و کەوتبوومە دەشتێکی بەرینی بیرکردنەوە لە هەموو بابەتەکانی کە باسمان کرد.

ئێستاش هەر کە دڵتەنگی و بێزاریی لەم نامۆییە شاڵاوم بۆ دێنێ هەست دەکەم دەبێ تۆ بێیت و دڵنیام کەیتەوە، زەنگی تەلەفۆنەکە ڕام دەچڵەکێنێ، هاوسەرەکەم وەڵام دەداتەوە و بەخۆشحاڵییەوە دەیداتە دەستم و دەڵێ: لە وڵاتەوەیە.

دڵنیایی هونەرێکە کەس بەئاسانی ناتوانێ ئەو هونەرەی هەبێ و پێشکەشی کەسانی تری بکا، کەچی تۆ هەر جارەی نادڵنیا بم وەک فریشتەیەک لە دووری دوورەوە دەنگت دەنێری تا هەستی کوشندەی غەریبیم بگۆڕیتەوە بەدڵنیاییەک، نازانم بۆ ئەم دڵنیاییانەی تاراوگە هێندە تەمەنیان کورتە و هەر زوو ئاوا دەبن و کێوێکی دڕدۆنگی لە جێگایاندا دەڕوێ.

هاوڕێی بەئەمەکم، چەند شادمانم بەوەی کە وێنە فەنتازیەکەی من ڕێک وەکو خۆت بوو، هێندەش شادمانم بەوەی لەم زەمەنە ترسناکە پڕ لە ساختەیەدا تۆ پەیامێکی مرۆڤانەت هەڵگرتووە و دەتەوێ وێرانییەکان ئاوەدان کەیتەوە، کە کۆمەکی ئەو مرۆڤانە دەکەی کە لە شارستانیەت وەدەرنران، کە لە خاڵی سفری ژیاندا دەژین.

یەکەم جار کە بریسکانەوەیەکی پێغەمبەرانەم لە چاوەکانتەوە دی، زانیم تۆ دەبیتە یەکێک لە کەسە نزیکەکانم، لە کەسایەتیە زۆر ئازیزەکانی چیرۆکەکانم، دەمزانی پێویستە خۆش بویستریێی، دەمەوێ لە تەنها وشەیەکدا جێگەی ئەو خۆشەویستیە بکەمەوە، من ناوی دەنێم پەیوەندی، چ پەیوەندییەک؟ ئەوەیان وەک وتم خۆشەویستی لای من جۆرێکی ترە، تەنها مانای ئەوین نابەخشێ، لەو جۆرەش نییە کە سۆزی خوشک و برا پێکەوە گرێ دەدا، وەکو ئەوەی کە گوڵاڵە تۆی خۆش دەوێ، ئەو جۆرەشیان نا کە دایکێک منداڵەکەی خۆی نوقمی سۆز دەکات، ئەو جۆرەشیان نا کە دوو هاوڕێ هەستی پێ دەکەن، کۆی هەموو ئەوانە لای من دەبێتە خۆشەویستییەکی سەوز، سەوزێکی خۆڕسک، بۆیە دەڵێم سەوز چونکە هەردەم لە ڕسکان و گەورەبووندایە، دەتوانم بەقەد ئەو گەورەییە خۆشتم




بوێ، هەر بەقەد ئەو گەورەییەش کەسانێکی تۆ ئاساییم خۆش دەوێ. هەر بەو خۆشەویستیەش بیرت دەکەم، هەر وەکو ئەوسا کە هێشتا دیدارێکیش لە نێوانماندا ڕووی نەدابوو کە نیگامان پێکەوە گرێ بدا، هەستم دەکرد پەیوەندییەکم لەگەڵتا هەیە، پەیوەندییەکی خۆڕسک، پەیوەندییەکی پڕ لە پەیوەندی مرۆڤانە، بۆ نا، مەرج نییە تەنها بینین و دیدار پەیوەندی دروست بکەن، زۆر کەسانی کە بەم ڕۆژگارە لە دەوروبەرمدان و دەم دوێنن و دەیان دوێنم و هیچ پەیوەندییەکیشم لەگەڵیاندا نییە، پەیوەندی بینین دروستی ناکات، هەندێ جار تەنها بیستن دروستی دەکات، منیش پەیوەندم لەگەڵ تۆدا تەنها بەبیستن دروست بووبوو، ئای چەندم خۆش دەوێی؟!.

یولی ١٩٩٥ فالشۆپینگ







# کچێکی وەنەوشەیی

هۆڵەکە تاریک و نوتەک بوو، هەر دەتگوت پارچە ڕەشاییەکە و لە سامناکترین زستانەوە بەربووەتەوە. دەتگوت قەترانە و لە شەو هەڵکێشراوە. نەتزانی کەی و چۆن هاتییە ئەو هۆڵە، بەڵام دەتزانی چاوەڕێی شتێکی یان چاوەڕێی کەسێکی، بێت و لەم تاریکییەت ڕزگار کات. هیچ نەبێ بێت و قسەیەکت لەگەڵ بکا تا ئەم هەستی کوشندەی ترسەت لابەرێ و بتکاتە هاودەمی بەسەرهاتێکی نامۆ، گوێت لە هیچ هەناسەیەکیش نەبوو، هەندێ جار گومانت دەکرد ئەو هۆڵە هیچ کەسێکی تری تیا بێ جگە لە تۆ، بشێ وابێ، گومان خەریکە زراوت بتۆقێنێ، هەستت بەهەناسەدانی کەس نەدەکرد، بەڵام گوێت لە ترپەی هەزاران دڵ بوو، ساتێ هەناسەت لە خۆت دەبڕی و ترپەی دڵی خۆت دەوەستاند تا باشتر گوێ بگری لە ترپەکانی تر، تا دڵنیابی ئەو دەنگانە ترپەی دڵن و مۆسیقایەکی دەنگ بەرز نین.

دوودڵ بووی، مۆسیقاکە لە ترپەی هەزاران دڵ دەچوو، ترپەکان لە سەدای مۆسیقا دەچوون، تەنانەت جاروبار وەک سەدای تەپڵی هیندییە سوورەکان دەهاتە بەر گوێت. ترس دەبووە دڵنیاییەکی گوماناویی، بشێ لە جەنگەڵ نەبم و خێڵی هیندییە سوورەکان ئابلۆقەیان نەدابم؟ شێوەیانت دەهاتە بەرچاو، دەموچاوی سوور، دوو هێڵی سپی بەسەر گۆنادا کێشراو، پەڕێک بەسەر سەریانەوە، ڕووت و قووت، ڕمێکی درێژیش بەدەستیانەوەیە و لە جەنگەڵستانێکی نوتەکدا لە پشت دارەکانەوە وەستاون چاوەڕێن بجوڵێی و تیربارانت کەن. چونکە لە خێڵی ئەوان نیت و هاتوویتەتە سنووری ژینگەی ئەوان. دەترسن نوێنەری داگیرکەرێ بیت و هاتبی نەخشەی هێرشێ بکێشی. ڕمەکانیان ئامادەن کە لە یەک کاتدا بەرەو سنگت و



پشتت و هەموو جەستەت بهاوێژرێن، پاشان بتبەن بۆ لای سەرەک خێڵ و لەبەر چاوی ئەوەدا بەئاگر بتسووتێنن. خۆت دەزانی گەر پێت بزانن لەم جەنگەڵەدای ئەوە چارەنووستە، ئەوانە لە دێر زەمانەوە ئێرەیان کردۆتە زێد و ئەو دارانە مێژوویانن. ئەوان بەوە نییە کە نازانن لە شێوەی ئێمەومانان بدوێن، ئەوان زمانی تایبەتیان هەیە. بەسەرنج یەکتری دەدوێنن، بەهێما کارەکانیان جێ بەجێ دەکەن. هەرکە یەکێک لە ئێمە دەبینن گومانمان لێ دەکەن و وا دەزانن ئەوەی لە شێوەی ئێمە بێت و دەم و چاوێکی وەک ئەوەی ئێمەی هەبێ جگە لە داگیرکردن هیچ شتێکی تر نازانێ. لە هیچ ئاژەڵێکی تر ناترسن هێندەی ترسیان لە مرۆڤە، چونکە زۆر جار لە کاتی تەپڵ لێدان و بەدەوری ئاگردا سەما کردنیان و لەو ئاهەنگە شادانەیاندا لەناکاو یەکێکی وەکو منیان دیووە هاتووەتە نێو سنووریانەوە و نەخشەی تێکدانی ئەو زێدە ئازیزەیانی کێشاوە، شارستانێتییەکی وەهمییان پێ بنیات ناوە، دارەکان کە مێژووی ئەوانن بڕیویانەتەوە و کورسی و بێشکە و قۆناغە تفەنگ و تابووتیان پێ دروست کردووە. دەترسای ئێستا هەرچی کورسی ئەو هۆڵەیە لەسەر تۆیدا بشکێنن و لەت و پەتت کەن. تەپڵەکانیان جار جار بەرز و جار جار نزم دەبووەوە، بەڵام تاریکییەکە هەمان تاریکی بوو، نە ڕوون دەبووەوە و نە تاریکتر. لەوە تاریکتر هەر بوونی نەبوو، هەر دەتگوت قەترانە و لە شەوی زستان هەڵکێشراوە. هەر دەتگوت ئاڵایەکی ڕەشە و لە سامناکترین وڵاتی ترسەوە بەربووەتەوە. گوێت لە هەموو ترپەی دڵەکان بوو، هی خۆت نەبێ ڕێک وەکو تەپڵ، ڕێک وەک ئەو ئاهەنگە قەرەباڵغەی کە لە ناکاو دەبێتە شیوەن.

دەستەکانت توند لە کۆشی خۆت قایم کردبوو، تا زیاتر دەترسای زیاتر و توندتر بەلاقەکانتەوەت دەنووساندن، توندتر لەسەر کورسییەکە دادەنیشتی و دەترسای لە ناکاو بەرببیتەوە. هەستت دەکرد کورسییەکە دوو پێی باریکی هەیە و بەقەد ئاسمانێ بەرزی کردویتەتەوە. وەک بترسی لەو بەرزاییەوە سەیری خوارەوە بکەی ملت ڕەپ بەرەو پێشەوە وەستاند.

دەتویست تێر جنێو بەخۆت بدەی کە بەو شەوە بۆ هاتیتە ئەم شوێنە سامناکە، بەڵام بیرت دەکەوتەوە تۆ نەهاتووی بەڵکو خۆت هەر لێرە بوویت، بەڵام پێشتر بۆ هێندە تاریک نەبوو؟ بۆ هەستت بەو هەموو ترس و خەتەرە نەدەکرد؟ وا دیارە پێشتر کوێر بوویت و تاریکیت نەبینی بوو، تەنها ئێستا کە چاوت کراوەتەوە هەست بەسامناکی ئەو وەحشەتە دەکەی، بەڵام تۆ هیچت نەدی جگە لە تاریکی، بەڵێ مەملەکەتی هیندییە سوورەکانت بینی و مێژووی ئەو خێڵەت خوێندەوە، خودی تاریکیشت بینی، ئاڵایەکی ڕەشە و لە قەتران و شەو هەڵکێشراوە. کورسییە بەرزە دوولاقە لەرزۆکە سامناکەکەت بینی، هەستت کرد ئەمە هۆڵێکی گەورەیە، ئێجگار گەورە، پڕە لە مرۆڤ و مێروولە و سەگ و پشیلە و مشک و فیل و کەر و شێر و کەروێشک و هەڵۆ و پەپوو. پڕە، سیخناخە لە زیندووی مردوو، مردووی زیندوو، بەڵام خۆر کوژاوەتەوە و چاو چاوی تیا نابینێ.

هەستت کرد دەنگی تەپڵەکە وردە وردە دوور دەکەوێتەوە و کورسییەکەی ژێرت هێدی هێدی دادەبەزێ و دادەبەزێ تا لاقەکانی بەئێجگاری ون دەبێ و لەسەر زەوی دادەنیشی. ڕووناکییەکی کزکزی وەنەوشەیی لە شێوەی ئەستێرەیەک دەبێتە هاودەمت، ترسەکەت دەنیشێتەوە، وەک ئەوەی ئەو ڕووناکییە وەنەوشەییە پەیامی ئاشتی بێ و لە نێوانی مرۆڤ و جەنگەڵ نشینەکان مۆر کرابێ. وەک ئەوەی ئەو ئەستێرە وەنەوشەییە تروسکەی ئازادی بێ و لە ئاڵا لە قەتران و شەو هەڵکێشراوەکەی زەوی درابێت. ئاوڕت دایەوە، هۆڵەکە سیخناخ بوو لە زیندەوەری مردوو، مردەوەری زیندوو، هەمووشیان تیشکێکی وەنەوشەیی کز ترسەکەیانی دەخوێندەوە. خێرا ڕووت لە ئەستێرە وەنەوشەییەکە کردەوە و لەو کلاوڕۆژنەیە ورد بوویتەوە، ئەمە شانۆیە یان گۆڕستان؟ یەک، دوو، سێ، چوار... ئەم هەموو گڵکۆیانە چین؟ بشێ ئێرە گۆڕستان نەبێ و تۆش نەمردبی، خێرا دەستت لە کورسییەکەی ژێرت دا تا دڵنیابی ئەوەی کە لەسەریا دانیشتووی کورسییە و گۆڕ نییە!



خۆ ئەوە چاڵە! چاڵێکی قووڵ قووڵ، دەستت بەلێواری چاڵەکە داهێنا، من کەی مردم؟ لە کوێ؟ بەچی؟ لەبیرم نایەت! کەواتە نەمردووم، نا، ئێرە گۆڕستان نییە و شانۆییە، ئێرە یەکەم جارە شانۆی تیا نومایش دەکرێ، جاران ئێرە قەسابخانە بوو، بەرخ و مەڕ و گا و گوێلکیان تیا سەر دەبڕی، قسەی خۆشمان بێ هەندێ جار گورگ و سەگ و ڕێویی و ئەسپیشیان سەردەبڕی و بەنرخی گا و گوێلک دەیانفرۆشت. جارێکیان شێریشیان سەربڕی. زەمانێکی دوورودرێژ قەسابخانە بوو، دواجار هاتن و ئەم بۆیە ڕەشەیان کرد و کردیان بەشانۆ، ناویان نا شانۆی میللی، دەڵێن ئەو شانۆنامانەی لێرە نومایش دەکرێن هەموویان واقیعین و ئەکتەرەکانیش خودی ئەو کەسانەن کە لە واقیعدا نومایشیان کردووە، حەزم دەکرد جارێک دەم و چاوی ڕاستەقینەی ئەکتەر ببینم، هەر بۆیەشە بێباکانە ڕێگەی ئێرەم گرتەبەر و هاتمە ناو ئەم هۆڵە ترسناکەوە.

ڕووناکییە وەنەوشەییەکە کەوتە سەر گڵکۆیەکی باریک، لاکێشەیی، گڵکۆکە قرچە قرچێکی تێ کەوت، وەک قرچە قرچی دارێکی ئەستوور کە لقێکی گەورەی لێ بشکێ و وردە وردە بێتە خوارەوە. شەقی برد، وەک هێلکەیەک لە کاتی تروکانیدا. ڕووخا، وەک شارێک بوومەلەرزە ڕووخاندبێتی و شوێنەوارێکی ترسناکی تیا بەجێ هێشتبێ. لەناو خۆڵ و بەردەکانەوە هەستت بەجوڵەیەک کرد، چاوەکانت سەد هێندەی تر زەق بوونەوە و چاوت بڕیە جووڵە هێواشەکە. هێدی هێدی بڵند بووەوە، کراسێکی وەنەوشەیی ئاو دامانی لەبەردا بوو، ڕەنگبێ ئەویش سپی بووبێ و تیشکەکە ڕەنگی گۆڕیبێ. دەم و چاوی وەنەوشەیی بوو، قژێکی درێژ درێژی وەنەوشەیی، چاوی وەنەوشەیی، یەکەم جار بوو کچێکی وەنەوشەیی ببینی. چاوە وەنەوشەییەکانی تێ بڕیت و نەیدەتروکاند، سامت لێ دەنیشت و خۆت گرمۆڵە کرد، بەپەنجە وەنەوشەییەکانی هێمای بۆ کردی، وردە وردە هاتەوە پێشەوە، ویستت هەڵسی و تا هێزت تیایە ڕاکەی، وات زانی ئەوە هێمای تاوانبار کردنتە، ئەو هەر دەهاتە پێشەوە، تا گەیشتە

بەردەمت پرسی:

– تۆ من دەناسیت؟

چاوت بەسەرتاپایدا خشاند دەتویست بیناسیتەوە یان نەیناسیتەوە، تەنها وەڵامی بدەیتەوە و بڕوات، لێت دوورکەوێتەوە، کچی وەنەوشەییت قەت نەدیبوو، دیمەنەکە بۆ تۆ سامهێنەر بووە هەزار نەفرەتت لە خۆت کرد، بۆ هاتم بۆ ئێرە، چیم دابوو لە دیتنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەکتەر، بەمن چی؟ ئەوپەڕی ژیانێکی بێ باکانە دەژیام، نیو سەدە بوو بەم شێوەیە دەژیم و هیچ کێشەیەکم نەبوو، بە ناوبانگیش و دارا و خۆش گوزەرانیش بووم. شەوی کچێک میوانی جەستەم بوون و لەسەر داوێنیان داوەت بووم. ئەو کچانەی دۆستی من بوون هەموو سپی بوون وەک شووشە، هەر لەو کاغەزە بێ گەردانە دەچوون کە پڕم دەکرد لە گەردی وشە و بەخەڵکم دەفرۆشت، بازاڕم گەرم و دڵم سارد بوو، هەزاران جار دەمنووسی خۆشەویستی و یەک جاریشم خۆشەویستی نەکرد، کێم خۆش ویستبا، ئافرەت؟ بێ خۆشەویستیش دەمتوانی ئارەزووی خۆمیان پێ دامرکێنم، ئیدی بۆ خۆشم بوێن؟ خوا؟ بێ خواپەرستیش وەک شاهەنشا دەژیم، خۆم! تەنها بەبێ خۆم نەمدەتوانی بژیم، تەنها لەبەردەم خۆما دەمتوانی عاشق بم و ڕووت بمەوە، تەنها لە دەریای ئەوینی خۆما دەمتوانی بێ ماندوو بوون مەلە بکەم و نەخنکێم.

نەتناسییەوە، سیمای نە کچ بوو نە کچ نەبوو، جەستەی نە ماسی بوو نە ماسی نەبوو، قژی نە شۆڕەبی بوو، نە شۆڕەبی نەبوو، هەرگیز لە نیو سەدەی ڕابردووی تەمەنتدا شێوەیەکی وات نەدیبوو نە کچ بێ و نە کچ نەبێ و، نە ماسی بێ و نە ماسی نەبێ و، نە شۆڕەبی بێ و نە شۆڕەبی نەبێ. هەرگیز وێنەیەکی وات نەدیبوو نە لە شیعردا، نە لە چیرۆکدا، نە لە ئەفسانەشدا، هەموو جەستەت بوو بەچاوێکی گومان و سەیرت دەکرد، بەپچڕ پچڕی وتت:



– نا... نات ناسم، تۆ کێی؟

پشتی تێ کردی و گەڕایەوە، هەنگاوی هێمن، هێمن، هێمن وەکو مێروولە، تەنانەت لە ساتێکدا وات زانی ناڕوات و وەکو شۆڕەبی یەک چەقیووەتە بەردەمت هێمن هێمن، دەتگوت درەختێکە و شەماڵ دەی لەرێنێتەوە، بەرەو شانۆکە هەنگاوی دەنا، ورد ورد، دەتگوت قاچەکانی قاچ نین و ڕەگی بەڕوون و بەناو جەستەی زەویدا شۆڕ بوونەتەوە. قژی شۆڕ ببووەوە دەتگوت چڵە ئەرخەوانێکی تەریکە. لەبەردەم گڵکۆکە ڕاوەستا و سوڕایەوە تا ڕووی کەوتە بەرامبەر بە ڕووی تۆ، چاوەکانی تەریب بوون بەچاوەکانت، بزەیەکی بەمانا کەوتە سەر لێوەکانی و وتی:

– دەتەوێ بمناسیت؟

لە ساتێکدا گومانەکەت ڕەوییەوە. دیارە حەز دەکات بیناسم و وەکو کچانی دی شەوێک لەسەر داوێنی خۆی داوەتم کا! بزەیەکی بێ مانا کەوتە سەر لێوەکانت، یادگارییەکی قەشەنگە، شەوێک لەگەڵ کچێکی وەنەوشەییدا بەسەر دەبەم ئاخۆ تام و چێژی ئامێزی ئەمیش وەک ئەوانی دیبە، بەڵام ئەم لەوان ناچێ، نە کچە و نە کچ نییە، نە ماسییە و نە ماسی نییە، ڕەنگە ئەمە شا کچی زەوی بێ، نا، نا، ڕەنگە حۆری بێ، بەڵام خۆ من لە بەهەشت نیم، من لە شانۆی مێللیم و هاتووم بۆ بینینی ڕووی ڕاستەقینەی ئەکتەر، ئەی باشە ناوی شانۆگەرییەکە چی بوو؟ لەبیرم چووەتەوە، کە هاتم نیوو سەعات لە بەردەرگا وەستام و لە وێنەکان ڕامام و ناونیشانەکەم دەخوێندەوە، بەڵام لەبیرم چووەتەوە، دەمەوێ بزانم ئەم ئەکتەرە جوانە کێیە، تا منیش خۆمی پێ بناسێنم و بیکەم بەدۆستی خۆم، هیچ نەبێ شەوێک لەگەڵیدا بنووم و بزانم تامی ئەمیش وەک ئەوانی ترە؟

ڕووت هاوتەریبی ڕووی ئەو بوو، زەردەخەنەیەکی بێ مانا بەسەر لێوە ڕەش هەڵگەڕاوەکانتا پان بووەوە، ددانە زەردە دووکەڵ خواردووەکانت بەئاستەم دەرکەوتن. سەرت بۆ لەقاند و گوتت:

– بەڵێ، دەمەوێ بتناسم، تۆ کێیت و خەڵکی کوێی؟

شێوەی گۆڕا، زەردەخەنە مانادارەکەی کوژایەوە، دانەوییەوە و داوێنی کراسەکەی بەرزکردەوە، بەرزی کردەوە و هێدی هێدی دایکەند، ڕووت بووەوە، لە سەرەتادا سەرنجت بزێوانە تەنها بەدوای ئەو پارچە چێژە دەگەڕا کە لە نێوان هەردوو ڕانیدا بوو، بەڵام هیچت نەدەدی، چاوت بەرزکردەوە تا هیچ نەبێ بەبینینی قووبەی مەمکە قوتە وەنەوشەییەکانی دامرکێیتەوە، تۆ لە بەردەم مەمکی کچانا وەکو کێوێکی سەهۆڵ دەتوایتەوە، تا ئەوانت زیاتر گوشیبا خۆت زیاتر دەتوایتەوە. بەڵام قوبەی مەمکی ئەم کچە لە قوبەی هیچ مەمکێکی تر ناچێ، ئەبێ نهێنی ئەم فریشتە وەنەوشەییە چی بێ، لە جیاتی چێژ دەمترسێنێ، لە جیاتی دامرکاندنەوەی ئارەزووم کلّپەی گومانم تیا دادەگیرسێنێ.

تیشکەکە کەوتە سەر سکی، ناوقەدێکی باریک، بەڵام نەخشەیەکی ترسناکی سووری لەسەر کێشرا بوو، دەتگوت جێ زامی کۆنە و خۆش نەبووتەوە، دەتگوت ناسۆری هەوکردووە، تیشکەکە نەخشەکەی تەواو پێشان دای، هێندە ڕوون نەخشەکەت بینی وات دەزانی بەو دەستانەی خۆت کێشاوتە، ئینجا تیشکەکە کەوتە سەر دەم و چاوی و چاوەکانی وەک ئاسمان کرابوونەوە و دەتگوت سەد حیکایەتت لە ساتێکا بۆ باس دەکات، بەدەنگێکی بەرز کە لەناو هۆڵە چۆڵ و بەمرۆڤ و مێروولە و بەرخ و گورگ و زیندەوەری مردوو، مردەوەری زیندوو سیخناخەدا دەنگی دەدایەوە، هاواری کرد، هاوارێکی لە شێوەی بێدەنگی کە تۆ وات زانی تەنها و تەنها تۆ بیستت گوتی:

– من وەنەوشەم.

– وەنەوشە!؟

دەتویست ئەو ناوە لە بیر خۆت بەریتەوە، وەکو ئەو ڕەنگەت هەرگیز نەدیبێ و ئەو وشەیەت هەرگیز نەبیستبێ. دەمێک ساڵە مامەڵە لەگەڵ



ڕەنگدا دەکەیت بێ ئەوەی ڕەنگی وەنەوشەییت بەکارهێنابێ، دەمێک ساڵە وشەسازیی دەکەی بێ ئەوەی ئەو وشەیەت لە چیرۆکێکدا داڕشتبێ، وەک ئەوەی بترسی ئەو ڕەنگە یان ئەو وشەیە تاوانەکەت بخاتە ڕوو، کەچی ئەمشەو وەکو چارەنووس خۆی بەسەردا سەپاندی و بەڕووت و قووتی هاتە ناو چاوتەوە. دووبارە هاتە پێشەوە، ئەمجارە بەبەردەمتا تێ پەڕی و بەناو هۆڵەکەدا ڕۆیی و لە بەردەمی هەموو زیندەوەرە مردووەکانا هەڵوێستەیەک دەوەستا و نەخشەکەی سەر سکی پێشان دەدان، مردەوەرە زیندووەکان دەتگوت یەکەم جارە نەخشەیەکی ئاوا بینراو ببینن و تێی ڕادەمان.

دەتگوت خۆیان قەت ڕۆژێ نەخشەیەکی وایان نەکێشاوە، بەڵام دوای وردبوونەوە، دوای ئەوەی تیشکەکە تەواو نەخشەکەی پیشان دەدان، بەڕوونی دەیانبینی و وایان دەزانی خۆیان ئەو نەخشەیان کێشاوە. هۆڵەکە گەورە بوو، دانیشتوانی هۆڵەکەش بێ ئەژمار، سەراپا هۆڵەکە گەڕا، هەر هەموو نەخشەکەیان دی، هاتەوە سەر شانۆ و ڕووی لە تۆ کرد، تۆ لەرزێکی شاراوە جەستەتی هێنایە سەما، دەتگوت لە دادگادا و لەناو قەفەسی تاوانباریدا دانراوی، هەرگیز لە دادگا نەترسا بووی، خۆت زۆر جار عەبا ڕەشەکەت دەخستە سەر شانت و دەچووی لە دادگادا داوەریت لە مافی تاوانباران دەکرد و بەعەبایەکەت تاوانەکەت بۆ دەپۆشی. ئەی ئێستا بۆ وا دەلەرزی و دەڵێی لە کێشەیەک دای هەرگیز بەیاسا چارەسەر ناکرێ، تۆ مرۆڤێکی مێژوویییت و کێ هەیە تۆ نەناسێ، پارێزەرێکی یاسا ناس و سەرکەوتوو، چیرۆک نووسێکی تازەگەر، هونەرمەندێکی تەشکیلی و ڕابەری سەدان هونەرمەندی لاو کە نموونەی باڵای ئەوانی و چاوت لێ دەکەن، ئەی ئیتر بۆ لە بەرامبەر ئەم تیشکەدا زراوت تۆقیووە و سەما کەوتۆتە جەستەت، چاوەکانی لە چاوت چەقاند و بەهێمنییەوە وتی:

– بەڵێ وەنەوشە... قەت لەبیرت نایە کچێک هەبوو بێ لە دنیای ئێوە بەناوی «وەنەوشە» ؟! من ئەوم بەڵام چارەکە سەدەیەکە لە خزمەتی ئێوە

مرەخەس بووم و هەڵفڕیم، بیر بکەرەوە! چارەکە سەدەیەک پێش ئێستا کە تۆ لاوێکی بیست و پێنج ساڵی بووی، تازە پارێزەر بووی، تازە عەبای یاسات نابووە سەرشان و دەتویست سەرکەوتنی خۆت بەسەر زیندەوەرە مردووەکاندا بسەپێنی، دەچوویتە هۆڵی دادگا، ئەوێش هۆڵێکی لەم چەشنە بوو، پێشتر قەسابخانە بوو، مەڕ و بەرخ و گورگ و سەگ و گا و گوێلکیان تیا سەر دەبڕی، زۆر جار شێریشیان تیا سەر دەبڕی، دوایی بۆیەیەکی سپییان کرد و کردیان بەدادگا، لە جیاتی چەقۆ هەڵواسراوەکان تەرازوویەکیان دانا و قەسابەکانیشیان گۆڕیی بە دادگەر و پارێزەر و پارێزەری گشتی. تۆ پارێزەری تایبەتی بووی، هاتەوە بیرت؟! لاوێکی قۆز، دەیانوت هونەرمەندیشە و پارێزەریشە! ئەو هەموو بەهرەیەی تیا کۆبووەتەوە، پەنجەکانی گەوهەری وشە دەرێژێ، چیرۆک دەنووسێ، ڕۆمان دەنووسێ، تابلۆ دەکێشی، لە یاساناسیشدا بێ هاوتایە، هیچ تاوانبارێ نەهاتووەتە بەر دەستی وەکو موویەک لە ماست دەرکا لە تاوانەکەی دەری نەکردبێ. هاتەوە بیرت؟! چونکە من ئەوکاتە لەوێ نەبووم. با زیاتر بیرت خەمەوە، ڕۆژێکی هاوین بوو، تۆ کراسێکی سپی و بۆینباخێکی سوور و قاتێکی ڕەشت لەبەردابوو، لاوێکی قۆز بووی، ئەوەی ئامادە بوو لە هۆڵی دادگادا نیوەیان بۆ دیتنی ئەو دیمەنە جوانەت و نیوەشیان بۆ گوێ گرتن لەو وتە نەرم و نیانەت بوو کە هەر زوو دادگەرت پێ ڕازی دەکرد. ژنان دەیانوت دەڵێی نوشتەی چەور و شیرینی پێیە.

ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو، پێم وایە دووشەممەش بوو، نا پێم وانییە بەڵکو دڵنیام دووشەممە بوو، چونکە من ڕۆژانی دووشەممە لەگەڵ فەرهاد دا ژوانم هەبوو، لە ڕێی قوتابخانە دەمدی و چەند قسەیەکمان دەکرد، ئەوکاتە من چواردە ساڵ بووم و فەرهاد شانزە، یەکترمان خۆش دەویست، وەک چۆن دوو چۆلەکە یەکتریان خۆش دەوێ، چۆن دوو پەپوولە یەکتریان خۆش دەوێ، لە ڕێی قوتابخانە تۆزێ دەوەستاین و دڵداریمان دەکرد، ئەگەر کەس دیارنەبووایە بەخێرایی دەممان تێکەڵ دەکرد و ماچێکی بروسکە ئاساشمان



دەکرد. کۆڵانەکە چۆڵ و هۆڵ بوو دەتگوت سەدەیەکە چۆڵ کراوە و قەد کەسی تیا ناژیی، نازانم چۆن و لە کوێوە! ڕێک لە ساتی ئەو بروسکە ماچەدا ئامادە بوو، وابزانم هێشتا ماچەکەشمان نەکردبوو، قژی ڕاکێشام و بردمییە ماڵەوە، خۆی و باوکم تێریان کوتام، براکەم گوتی:

– بەچاوی خۆم بینیم ئابڕوومانی تکاند.

باوکیشم فەرمانی دا پیاوانە بمکوژێ، براکەم پیاوانە کوشتمی.

من مردم، هەر ئەوساتە مردم، دەتگوت بەمردنی من تنۆکە ئابڕووەکانیان دەست دەکەوێتەوە، ئەو ئابڕووەی کە بەخۆشەویستی تکا، بەبروسکە ماچێکی پەپوولەیی.

بەڕێزان، دیوتانە ئابڕوو بەبروسکە ماچێکی پەپوولەیی بتکێ؟ ئەی دیوتانە ئەو ئابڕووە وەهمییە بەکوشتنی کچێک هەڵگیرێتەوە؟! بەڵێ بینووتانە، هەمووتان بینوتانە، هەمووتان بەوەهم ئابڕووی خۆتان تکاندووە و بەتاوان هەڵتان گرتۆتەو.ە هەمووتان من ئاسایەکتان کوشتووە، نەشتان کوشتبێ دیلتان کردووە، کەستان نییە لە قەفەسی ماڵەکانتانا چەند دانەیەکتان ماڵیی نەکردبێ، بۆ هێلکە کردن و بۆ شەو ئاهەنگی شەهوەت. کەستان حەز بەبینینی دوو پەپوولەی حەز لەیەک کردوو ناکەن، کەستان توانای بینینی ماچێکی ڕاستەقینەتان نییە، بەڵام ڕۆژی دەیان ماچی درۆینەی فڕ و فێڵاویی دەکەن.

بەهێمنییەوە بەدرێژایی شانۆکە دەهات و دەچوو، دیسان چاوی لە چاوی تۆ بڕی، وەک ئەوەی تۆ تاوانبارترین تاوانباربیت، سەرنجەکانی هاوتەریب دەچەقینە چاوت، بەهێمنییەوە وتی:

– هاتەوە بیرت بەڕێز، ڕاستە تۆ منت هەرگیز نەبینیوە، چونکە ئەوکاتەی لە دادگادا داوەریت لە مافی تاوانبار دەکرد من مانگێ بوو لەناو ئەم گڵکۆیەدا بووم، دیسان ڕۆژی دووشەممە بوو، مردبووم و ئاگاداربووم، یاساکانت تاوتوو دەکرد تا درزێ بدۆزیتەوە و بێ تاوانیی براکەم

بسەلمێنی، «بۆ پاراستنی ئابڕووی خێزان، شەرەفی میللەت، نامووسی نەتەوە» ، ئیدی هەموو ئەو وشانەی درەوشانەوەیان هەبوو لە یاسادا، یاساکان لە خزمەتت دابوون و تۆش لە خزمەتی ئەواندا، وەک ئاسانترین مەسەلە براکەمت لە سزا ڕزگار کرد، هاتەوە بیرت؟

ئەوەی کە کوژرابوو، کە تەنها ناوی لە مەلەفەکاندا مابوو من بووم، دواییش ناوی و مەلەفەکان تووڕ دڕانە دۆلابەکەی تۆ، تا ئێستاش تۆز و گەردی چارەکە سەدەیەکی هەڵگرتووە. تەنانەت نەتویست وەکو ڕەنگیش لە تابلۆیەکدا بەکاری بێنی یان وەک وشەیەکی جوان لە چیرۆکێ، شیعرێ، ڕۆمانێکدا بینووسی.

ڕووی کردەوە دانیشتوانی هۆڵەکە و بەتوڕە بوونێکی نائاساییەوە وتی:

– بەڕێزان ئێوە... چاوتان لێیە چۆن پێتان دەڵێم بەڕێزان لە کاتێکدا ئێوە قەت ڕۆژێ ڕێزتان نەگرتم، قەت لەم هونەرمەندەتان پرسیوە بۆچی ڕەنگی وەنەوشەیی لە تابلۆیەکیدا بەکار ناهێنێ؟ ئەی وەنەوشەیی ڕەنگێکی جوان نییە؟ بشێ کەستان حەزتان لێ نەبێ، بڕوا ناکەم، هەمووتان حەزتان لێیە بەڵام ڕانەهاتوون پرسیار بکەن، هەرگیز سۆراخی حەزە نادیار و شاراوەکانتان ناکەن، ئێوە هونەرمەند بەخوا دەزانن هەرچی وت باوەڕ دەکەن، ئەم هونەرمەندە دەیان جار نووسیویەتی ماف بەڵام مافی منی پێشێل کرد، سەدان جار دەڵێ ئازادی بەڵام داوەری لەو کەسانە دەکا کە ئازادی سەر دەبڕن.

دیسانەوە چاوەکانی بڕییەوە ناو چاوت، تۆ خەریک بوو لە شەرما ببی بەتنۆکێ ئاو، گیانت بەوە بوو هۆڵەکە زۆر تاریک بوو و کەس بەئاسانی شێوەی دەموچاوتی نەدەدی، زەردەخەنە مانادارەکە دیسانەوە هاتەوە سەر لێوەکانی و گوتی: – بەڕێز، نەتزانی گۆڕستانیش شانۆیەکە و هەزاران شانۆی تیا نومایش دەکرێ، من دەڕۆمەوە ماڵەکەی خۆم بەڵام لەبیرت نەچێ تابلۆکانت بێ ڕەنگی وەنەوشە هیچ مانایەک نابەخشن، گەر توانیت



وەنەوشەیان تیا بەرجەستە کەی لە ئاوێنەشدا دەبی بەهونەرمەند، لە ڕوانگەی خۆشتا دەبی بەو مەزنەی کە خەڵک پێیان وایە.

پشتی لە تۆ و هەمووان کرد، بەهێمنییەوە دەڕۆیشت، هەنگاوی هێمن هێمن، وەکو مێروولە، تەنانەت لە ساتێکدا وات دەزانی ناجوڵێ، ئەرخەوانێکە و با دەیلەرێنێتەوە، وردە وردە ون بوو، تیشکە وەنەوشەییەکە کزبوو، کزتربوو، تا تەواو کوژایەوە، تیشکێکی زەرد، وەکو خۆر هۆڵەکەی ڕووناک کردەوە، ڕات کردە سەر شانۆ، تا توانیت بەدەنگێکی بەرز هاوارت کرد:

– بمبوورە، وەنەوشە!...

دانیشتوانی هۆڵەکە چەپڵەیەکی توندیان بۆ لێدای، سامت لەو وشەیە شکا، دووبارە ڕەنگەکە هاتەوە نێو تابلۆیەکانت.

١٩٩٣/٩/١





# زاوا شووشە

ئەمە یەکەم ڕۆژە یان دوا ڕۆژە؟! دەتەوێ بۆت ڕوون بێتەوە کامیانە! ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە تۆ بیست ساڵە سات بەساتی بۆ دەژمێری و ئێستا پێی گەیشتووی، بیست ساڵ، هەر ساڵەی خەتێکی بەنێوچەوانتا کێشا و هەر هێڵێکیشی ئەزموونێکی تاڵتری فێر کردی، هەر ئەزموونێکیش دەیگەیاندیە دڵنیابوونێکی پڕ لە گومان. ئێستا لەم سنووقەیان پەستاوە و هاکا دەیبەن، دەیبەن و نایبیننیتەوە، زۆر جار بیرت لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ دەکردەوە و دەتگوت بەڕۆژی لە دایک بوونی خۆمی دادەنێم. کەواتە تۆ ئێستا ساوایەکی تازە لە دایک بوویت و هیچ لە بارەی ژیانەوە نازانی و دەبێ پێ بکەنی، کەچی ئەو پێکەنینەت نابینم دەڵێی لێوت خەندەی لەبیر چۆتەوە، دەڵێی چاوت لە فرمێسک زیاتر هیچ ڕووناکییەکی تر ناناسێ، دەڵێی ئەم سنووقە تەمەنی تۆیشی تیایە و ماڵ ئاواییت لێ دەکات. سەرت لەچی سووڕماوە؟! ڕامانەکەت نائاساییە و پڕە لە نهێنی بینراوی ئاڵۆز، سنووقێکی چوار گۆشەیی لە نێوانی ئەم ژوورە چوارگۆشەییەدا دەریایەک ڕامانی لە چاوەکانتدا دروست کردووە، ڕامانەکەت لە شێوەی شەپۆلی ورد وردی فرمێسک دەبینم، جار جارێ دەمەوێ تەواو لەو دڵۆپانە ورد ببمەوە تا لە پشت ئەو تنۆکە شەفافانەوە کونجێکی ناخەوەت بەدی بکەم، بشێ لە ناخەوە دڵشاد نەبی و گۆرانی نەبیستراو نەڵێی؟! بشێ بیر لە نوێ بوونەوەی تەمەن و مۆمێکی تر نەکەیتەوە؟! لە دڵۆپەکان تەواو ورد دەبمەوە، دەڵێی مرواریيەکن لە قوڵڵایی دەریای گومانەوە دەرهێنراون، گومان لە هەموو شتێک، لە خودی فرمێسکەکانیش، لە دەریا و شەپۆل و کەناریش، جار جار بەپارچەیەکی سپی گوڵ ورد فرمێسکەکان دەسڕی، وەک ئەوەی بتەوێ کەناری ئەو دەریا لێخنە پاک کەیتەوە لە وردە ماسی



مردوو کە شەپۆلی هار تووڕی داونەتە دەرەوە و بۆگەنیان کردووە. وەک ئەوەی بتەوێ بەرگری لە نقووم بوونی کەنار بکەیت دژ بەلافاوی بی مێهری ئەو وەرزە نالەبارەی تەمەن کە ساڵ دوانزەی مانگ پەڵە پەڵە هەوری ڕەشی کردبووە خانە خوێی ئاسمانی جەستەت. پارچەکە دەخوسێ، دڵت دەخوسێ، بەڵام لێوەکانت هەر وشکن و دەڵێی کێڵگەیەکن چەندەها ساڵە ئاویان نەدیوە و، تینووێتی چەرخێکی نالەباریان پێوە دیارە. پەرداخەکە لە لاتەوەیە، بەڵام گومان دەکەی لەوەی ئەو شلە بێ ڕەنگەی کە تیایەتی ئاوە یان ژەهراوی زەمەن. وزەی تاقی کردنەوەی لەوە زیاترت تیا نەماوە، بیست ساڵە لەم تاقیگە بۆگەن کردووەی تەمەنی هاوسەرێتیدا کار دەکەیت و ئەنجامەکەی هەر ئەو هێڵە تەریبانەن کە لە نێوچاوتا وێنەی هێڵی ئاسنی ژەنگاویی درێژبوونەتەوە و هیچ شەمەندەفەرێکی کورت یان درێژی هیوایان پیادا ناڕوات. دەڵێی ڕێی وڵاتێکی بەلوغم چێنراویت و کەس ناوێری بۆ گەشتوگوزار بەناختدا گوزەر بکات. دەڵێی کیشوەرێکی نەدۆزراوەیت و بەخەیاڵی هیچ زانا و گەردوون ناسێکی پیر و گەنجدا نەهاتووە بتدۆزێتەوە و لەناو گەردی ئەم لەبیرچوونەوەیە دەرت بێنێ. کە بەدەستە سڕە گوڵ وردەکە کەنارە کەند و لەنداوییەکەی چاوت دەسڕی دەستێکی چرچ و لۆچ و دەماری هەڵتۆقیوو سەرنجی من ڕادەکێشێ دەمارەکان شین شین وەک جێ زامی کوتەکێکی ئەستوور کە بەمنداڵیی لەسەر جەستەی سپی دایکتا دەتبینی کە لە گەرماو خۆی ڕووت دەکردەوە بتشوا، جار جار لێت دەپرسی بۆ وا لەشی شین بووەتەوە، بەخەمبارییەکی بێ دەسەڵاتانەوە دەیگوت:

– ڕۆڵە لەشی هەموو ژنێک شینە.

ڕقت لەو پەڵە شینانە بوو، جەستەی دایکت بێ ئەو پەڵە شینانە دەتگوت ئاسمانێکی ساماڵە و خۆرێکی گەرمی هاوین درەوشانەوەیەکی نائاسایی پێ بەخشیوو، بەڵام بەو پەڵانەوە لە کەوە ڕۆژێکی زستان دەچوو کە هەوری ڕەش تەنگی بەبست بەبستی ئاسمانەکەی هەڵچنیبێ و چاو ئەندازێکی ترسناکی پێ بەخشیبێ. لە دڵی خۆمدا دەمگوت بشێ ئەو

دەمارە شینانەی دەستت سەرنجی ئەوانی تریشی ڕانەکێشابێ؟! چاوەکان هەموو ئەبلەق ببوون و سەیری چاوی تۆیان دەکرد، دەتگوت دەیانەوێ یەک بەیەکێ فرمێسکەکانت بژمێرن و خەمەکانتی پێ بپێون. دەتگوت دەیانەوێ بگەنە دوا خاڵی دەریاکە و بنی بنەوەشی ببینن.

عەباکانیان لەسەر شانیاندایە و وەک بەردی ڕەش دانیشتوون دەڵێی کەللەسەرەکانیان لەسەر تاوێری ڕەش ڕوواوە، وەکو ڕیزە پەیکەری لە یەک چوو بێ دەنگ دانیشتوون و جوڵەیەک ناکەن. لە هەموو جەستەیاندا تەنها گلێنەیان دەجوڵێ ئەویش تەنها بۆ سەیر کردنی جووڵە و بۆ ژماردنی فرمێسکەکانی تۆ.

سەرنجیان لە نێوانی تۆ و ئەم سنووقە لاکێشەیەدا دێت و دەچێ. تۆش دەڵێی دەتەوێ ئارەزووی ئەوان بەجێ بێنی بێ پشوودان و یەک لە دوای یەک فرمێسکەکانت بەدوای یەکتردا بەپەلە پەل هەڵدەوەرن. چاوت دەڵێی کوپەڵەیەکی کونە و ئاو ڕاناگرێ، ئەوە چەند جارە ئەو دەستەسڕە بگوشی و دووبارە کەناری پێ وشک کەیتەوە. سەیری دەموچاوی تۆ و ئەوانەی تەنیشتت و ئەوانەی بەرامبەرت دەکەم، هەموو ئەڵێی سێوێکن و کراونەتە دەیان پارچە، چاوتان لە یەک دەچێ، یەک چەشنە داستانیان تیا دەخوێنرێتەوە، لێوتان یەک چەشنە تینوێتی تیا دەبینرێ دەڵێی قەت ماچێکی پڕ بەدڵی خۆتان نەکردووە، هێڵە تەریبەکانی نێوچاوتان یەک جۆرە دەڵێی قەت ڕێبوارێکی پیا نەڕۆیشتووە، دەمارە شینەکان لە دەستە چرچ و لۆچەکانتانا دەڵێی یەک نەخشەن و کۆپی کراون، دەڵێی نەخشەی دێیەکی وێرانن، نا، دەڵێی شوێنەواری ئاگردانی کوێرەوە کراون کە تەنها خۆڵەمێشەکەی دەبینرێ.

سەرنجێکی قووڵ دەگریتە سنووقەکە و موچورک بەجەستەتدا دێ، وەک ئەوەی لە خەونێکی ناخۆش ڕاچڵەکابیت و ماوەیەک بیر لە خەونەکەت بکەیتەوە. ئەو ساتانەی کە بیر لەو شەوگارە پڕ لە خەونی ڕەش و شەوە و مۆتەکەیە دەکەیتەوە، بۆ کورتە ساتێکی بێ دەنگ فرمێسکەکانت



ڕادەوەستێ و واق وڕماوییەکە سیمات دادەپۆشێ. ئەمە ژیان بوو یان خەون؟! داستانە خەونێکی دوورودرێژ بوو تەمەنی قووت دابوویت! دەتەوێ بیرت بکەوێتەوە، کۆشش دەکەی بێتەوە بەر زەینت کێ یەکەم جار بەیەکتری ناساندن، نەدەهاتەوە بیرت، چونکە نەت ناسیبوو، نەدەهاتەوە یادت کە لەگەڵیا ژیاوی، نەدەهاتەوە بەر خەیاڵت ئەوەی بیستساڵی تەمەنی لەگەڵ ئەودا بەسەر برد تۆ بووی، تۆ نەبووی؟ ئەی کێ بوو؟ جەستەیەکی تر بوو جێگەی ئەم جەستەی تۆی گرتبووەوە، یان ئافرەتێکی تر بوو چووبووە ناو کەوڵی جەستەتەوە؟ بیر دەکەیتەوە، لە ناکاو بیرت دەکەوێتەوە تۆ بوویت و بەم جەستە حازرییەشتەوە بیرت دەکەوێتەوە کە دایکت چەند ڕاستیەکی گەورەی پێ وتبووی کە بەمنداڵیی تۆ نەتدەتوانی دەرکی پی بکەی «لەشی هەموو ئافرەتێ شینە»، زۆر جار ئەو ئاسمانە تووش و پڕ لە گرمە گرمی هەورەت لە جەستەی خۆتا دەدی، شەوانیش گلۆپەکەی دەکوژاندەوە نەوەک بەدیمەنی ناشیرینی پەڵە شینەکانی ئاسمانی جەستەت بێزی بیتەوە و ئاگری شەهوەتی بکوژێنێتەوە. کە گلۆپە نیۆنەکەی دەکوژاندەوە شەهوەتی دادەگیرسا و دەبووە کڵپەیەکی ئاگر و دەچزایە جەستەت. کە دەستە زبرەکانی بەر پەڵە زامەکانت دەکەوتن دەکولانەوە و هاوارت دەکرد، هاوارەکەی تۆ ئەوی بەجۆشتر دەکرد، وەک ڕووبارێکی لێخن تێکەڵ بەڕوونیت دەبوو، ئێڵنجت دەهاتێ، لە ناخەوە هەستێکی سەیر چاوتی پڕ لە ئەشکی خوێنین دەکرد. چەند تاوانە ڕووباری لێخن تێکەڵ بەدەریای فراوان بکرێ! کەگلۆپەکەی پێ دەکردەوە و فرمێسکەکانتی دەبینی پێ دەکەنی و هیچی نەدەگوت. خۆی پۆشتە دەکردەوە و دەچووە ژێر لێفە گەرمەکەی و دوای ساتێ پرخە پرخی کاسی دەکردی. تۆ ماوەیەک بەشی خوارەوەی جەستەت بەڕووتی دەمایەوە و وزەی جل لەبەر کردنەوەت نەبوو، هەستت دەکرد لە جەنگەڵێکی تاریک و نوتەکدا جەردەیەک هات و جلەکانی لەبەر داماڵیت و هەرچیت هەبوو بردی.

موچورکێکی تر جەستەی لەراندیییەوە و بیرت کەوتەوە، ئا، بیرت کەوتەوە، ئەو ئێوارە کە زستانێکی تەم و مژی جەستەت ئاسابوو، براکەت بەباوکتی وت دەیەوێ ژن بهێنێ، حەزی لە کچێ کردووە و هەر دەبێ ئەو بهێنی، زەردەخەنەیەکی پان کەوتە سەرلێوەکانی باوکت و دایکت، کوڕی گەورەیان دەبێتە خاوەن ژن و ماڵ و منداڵ و هاکا نەوەی خۆیان دەبینن و دەبن بەداپیرە و باپیرە. کاری ئەمڕۆیان نەخستە سبەینێ و هەر ئەو شەوە لە دەرگای ماڵی بووکیان دا. ئەوانیش بۆ کوڕەکەیان بووکیان دەویست، ئەو بووکەش دەبوایە تۆ بی، بێ ویستی خۆت بوویتە ئەو بووکە، یان ئەو بووکە شووشەیە، ڕێک وەکو ئەو بووکە شووشانەی کە بەمنداڵیی بەزەییت پێیان دەهاتەوە کە منداڵان دوای تێر یاری پێ کردن فڕێیان دەدان. زۆر جار لە گەڕەکدا لاقی یان دەستی بووکە شووشەیەکت دەبینی و دەوەستای و لێی ڕادەمای، تەنها شتێک کە سەرنجی منالانەی تۆی ڕادەکێشا ئەوە بوو کە بووکە شووشە بۆ هەر دەبێ کچ بێ؟! حەزت دەکرد بزانی کارگەی بووکە شووشە کوڕیش دروست دەکات یان تەنها وا باوە بوو کە شووشە کچ بێت. لاقەکە یان دەستەکەت دەبردەوە و هەڵت دەگرت. جارێکیان دایکت دۆڵابە بچووکەکەتی کردەوە بینی دەیان دەست و دەیان قاچ و سەری تیایە، ڕاچڵەکی، دیمەنێکی ترسناک بوو، هەر لەو قەسابخانانە دەچوو کە ڕۆژی دەیان وڵاخ سەردەبڕن و سەر و قاچ و دەستەکان بەناو دوکانە خوێناوییەکەیاندا بڵاو دەکەنەوە. بەمنداڵیش حەزت لە سەر و پێ نەبوو، هەستت دەکرد ئەو سەر و پێیانەی وەک هی ئەو بووکانە وان کە کتومت لە کچی ڕاستەقینە دەچن. باوکت و براکانت خۆشترین خواردنیان سەر و پێ بوو، هەفتەی جارێک دەیانخوارد و ئەو ڕۆژە تۆ بەبرسێتی دەمایتەوە. دایکیشت دەیخوارد، پێت سەیر بوو، وات هەست دەکرد سەر و پێ نابێ کچ یان ژن بیانخوا، بەڵام دەتبینی ئاساییە و زۆربەی دایکان دەیخۆن و زۆربەی کچانیش دەیخۆن، بەڵام تۆ هەر نەت دەخوارد و بەبینینی ئێڵنجت دەهاتێ.



بێ ویستی خۆت بووی بەبووک، لە سەرەتادا زۆرت پەلەپروزە کرد، نابێ و ناکرێ و نامەوێ، وەک مرۆڤێ لە سەرەمەرگا کە بەزۆرگیان دەدا بەدەستەوە زۆرت گینگڵ دا، بەڵام ئەوان پەلەیان بوو کە کاری ئەمڕۆ نەخەنە سبەینێ، کفنی سپی بووکێنیان لەبەر کردی، ڕێک وەکو ئەو مردووانە دەهاتیتە بەرچاوی خۆت کە کراسی بووکێنی مردنیان لەبەر دەکرێ و دەبرێن، بەڵام ئەوان بۆ گۆڕستان و تۆ بۆ ئازارستان.لای تۆ یەک جیاوازیی نەبوو لە نێوان هەردووکیان بەڵکو ئەوی تریانت بەئاسوودەتر دەزانی، چەند جارێکیش بیرت لێ کردەوە، بەڵام ئازایەتیت خیانەتی لێ دەکردی و نەت دەتوانی و ڕێی یەکەمیانی پێ گرتیتە بەر.

هەست دەکەی جەستەی ناو سنووقەکە دەجووڵێتەوە، ترسێکی بێ ئەندازە ناخەوەت دەسمێ، چاوەکانت فراوانتر دەبنەوە، ڕێک بەقەد سنووقە لاکێشەیییەکە، وەک ئەوەی بترسی ئاگای لە بیرکردنەوەت بێ کاتێ بیر لە کاوە دەکەیتەوە، کوڕە دراوسێ چاو ڕەشەکەی تەنیشتتان کە پێش کارەساتی کفنی بووکێنی پۆشینت بەساڵێ حەزت لە چاوەکانیا دەخوێندەوە، وردە وردە جەزەکانی گەورە بوون و بوون بەئەوین، چۆن ئەوینێک، مەم و زینی چی؟ تۆ باوەڕت وابوو خۆشەویستی پاک تەنها بەماچ و لێو هەڵمژینێکی هەمیشەیی گوزارشتی لێ دەکرێ نەک لە دوورەوە سووتان . جار جار دەچوونە سەربان و دوور لە چاوی ئەم و ئەو مژە ماچێکی قووڵ قووڵتان دەکردە گوزارشتی ئەو ئەوینە. ئەو ماچە لای تۆ لە هیچ چێژێکی تر نەدەچوو، تایبەتمەندێتییەکی سەیری هەبوو، سەیر، وەکو خودی سەر سوورمان، وەک خودی ماچی موچورکە بەخش. زۆر جار بیرت دەکردەوە بشێ هەموو ماچێک ئەوەندە سەیر بێت، دواجار بۆت دەرکەوت وانییە و تەنها جارێکیش لەگەڵ مێردەکەتدا نەت توانی تاقی بکەیتەوە. بیست ساڵی تەمەن بەقەد یەک چرکە ماچی ئەوسا شیرینیان نەبەخشییە ژیانت و ئاسودەییان نەبەخشییە ڕۆحت. بۆ ئەوەی قەرەبووی هەموو ئازارەکانی هاوسەرێتیشت کە بەسەردان دەچوویەوە ماڵی باوکت

وەکو جاران هەلێکت دەقۆستەوە و وەکو کۆترێکی تینوو دەچوویتە سەربان و دەنووکت تێکەڵ بەدەنووکی ئەو دەکرد و هێور دەبوویتەوە. جارێکیان تاقی کردنەوەیەکی مەزنت ئەنجام دا، بوارەکەت زۆرتر بوو، شەوێکی مەیلە و ساردی بەهار، مێردەکەت بۆ سێ ڕۆژان لێت دوور کەوتبووەوە و سەفەری شارێکی تری کردبوو، تۆش لەماڵی باوکتا ئۆقرەیەکی کاتیت گرت. هەر لە ئێوارەوە چوویتە سەربان و ئەویش هات، ئەمجارە ماچەکان زۆرخایەن تر و قوڵتر و بەچێژتر بوون، هەڵفڕینێکی تەلیسماوی لە ئاسمانێکی ڕوونا جەستەتی تێکەڵ بەجەستەی کرد.

دوای ساڵێ شووکردن و هەموو شەوێ جەستە تێکەڵ بوون، تەنها یەکەم جار بوو هەست بەتێکەڵ بوونی ڕاستەقینەی جەستە بکەی. هەستت دەکرد تەنها جەستە نییە کە تێکەڵ بەیەکتر دەبێ بەڵکو ڕۆحیش، بەڵکو هەستیش و نەستیش و مێشکیش، هەستت دەکرد خانەیەک نامێنێ لەگەڵ خانەیەکی تری جەستەکەی تردا یەک نەگرێ، خڕۆکە نامێنێ لەگەڵ خڕۆکەی جەستەکەی تردا ئاوێتەی یەکتری نەبێ.

ئەوین هێندە بەتوانایە؟! چ هێزێکە ئەو هەستە دەروونییە مەزنەی ناونراوە خۆشەویستی؟! ئیدی نەتدەتوانی جەستەت لەو چێژە و هەستت لەو ئەوینە و مێشکت لەو کردەوە ئاساییە بێ بەش بکەی. هەرچی جارێ بەبیانوویەکی سادە پیاوەتی خۆی لە کوتەکێکدا بۆ دەربڕیبای و لەشی بکردیتایەتە زستانی پەلە هەوراوی، تۆش دەچوویت و خۆت دەخستە بەر شەپۆلی تاڤگەی توندی خۆشەویستی و دەیشوشتیەوە. کاوە بەهێمنییەوە زامەکانی ماچ دەکردی و بۆنی قژە خاوە ڕەشەکەی دەکردی، وەکو ساوا لە باوەشیا دای دەنای و توند بەسنگییەوەی دەنووساندی و ماچی دەکردی و تێر نەدەبوو لە بۆن و بەرامت، وەکو ئیسفەنج هەموو ئازارەکانتی دەمژی و فرمێسکە شاراوەکانتی دەسڕییەوە و، دەهاتییەوە ماڵێ. وات دەزانی ئەو ساتەیە کە پەلی حەوایان گرت و توڕیان دایە ئەو دۆزەخە، بەڵام حەوا لەگەڵ ئادەمدا بەجوتەوە تووڕدران و زەوییان بوژاندەوە، تۆ بەتەنها،



هەستت دەکرد گەر لەگەڵ کاوە بیت هەموو شوێنێک بۆ تۆ بەهەشتە، تەنانەت ئەو ماڵەش کە هەموو چرکەیەک ئازارەکانت تازە دەکاتەوە و وەکو ژووری ئەشکەنجەدانی زیندانێک دەیبینی. تەنانەت گەر لەسەر ئەو جێگایەش بێت کە سەدان و هەزاران جار بەزۆر یخ دراویت و بەپەلەپەل ئارەزوویەکی ساویلکانەی پێ دامرکاندویتەتەوە. هەستێکی سەیری هاوڕۆحی بەکاوەتەوە توند توند گرێ دەدا. ئەویش وەکو تۆ بەبێ ویستی خۆی کرا بەزاوا.

تەنها ئەو ساتە زانیت کە کارگەی بووکە شووشە زاوا شووشەش دروست دەکەن. لە شاییەکەیدا داوەت کران، چاوەکانتان لە نهێنیدا سەرنجی یەکتری دەمژی، خەڵک هەڵدەپەڕین و گۆرانییان دەگوت و ئێوەش لە هەموو جوڵەیەک ڕادەمان و نیشانەی سەدان پرسیار و هەزاران سەرسوڕمان لە دەموچاوتانا دەنیشتەوە. ئامۆزا بووکە شووشە و کاوەش زاوا شووشە بوو. ئەو خەڵکەش وەکو لێبووکی دەموچاو ڕەنگ کراو هەڵ دەبەزینەوە و کەسیان ئاگایان لە سووتانی ئێوە نەبوو. کەسیان نەیاندەزانی ئەو ساتە دژوارە بۆ ئێوە کارەساتە. ئێوارەش بووکە شووشە لە پەردە نرا و زاوا شووشە هاندرا خێرا کارە مەزنەکە ئەنجام دا. ناردیان تا پەردەی کچێنی بدڕێنێ و پیرەژنی پێخەسووش لەبەر دەرگای ژوورەکە لەسەر ئاگر چاوەڕوان بوو تا پارچە خوێناوییەکەی بدرێتە دەست و کۆڵان کۆڵان ڕوو سووریی ماڵە بووک پیشانی خەڵک بدات و لە بری ئەوەش چەند دینارێ وەرگرێ. زاوا درەنگی پێچوو لێبووکەکانی دەرەوەی ژوورەکە نیگەران بوون، دەتوت جەلادن و تەنها بینینی ئەو خوێنە کپیان دەکاتەوە، مقۆمقۆیەکی نائاسایی، «پیاوێکی بێ توانایە و ناتوانێ کارێکی وا ئەنجام دا»، سمێڵ بابڕێکی باوکت ئاسا لە تەنیشتتەوە بوو بەمێردەکەتی وت: کاری وا قابیل بەخۆم و خۆتە. مێردەکەشت قاقایەکی بۆ کرد، تۆش دەتگوت جەستەت لە دەرەوە و ڕۆحت لە ژوورەوەیە و تەماشای ئەو گاڵتە جاڕییە دەکا کە ناونراوە شەوی پەردە. ئاگات لە دەوروبەری خۆت نەمابوو، تەنها ئەو

دەنگی هاوارە نەشازانە دەیانهێنایەوە کە لە بەردەرگای ژوورەکە دەیانقیژاند:

– خێراکە چیت کرد!

هاتە دەرەوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، دەتگوت خوێنی دەموچاوی خۆیەتی ڕژاوەتە سەر لەچکە سپییەکە و نەخشەیەکی ترسناکی لەسەر نەخشاندووە. دەنگی هەڵهەڵە بەرز بووەوە و شیرینی بەخشرایەوە، شیرینییەکی تاڵ بوو، وەک ژەهری مار، ئێڵنجی بەتۆ و بەکاوە دەهێنا. ئیدی دوای ئەو کارەساتی ژن هێنانە بوارتان کەمتر بووەوە، بەڵام هەردووکتان لەو دۆزەخە دەستکردانە خۆتان دەدزیەوە و لە باوەشی یەکتردا بەهەشتتان دروست دەکرد، بەڵام بەهەشتی کاتیی.

ئەوەتا چاوت ڕەنگی سووری ئەو جاوە سوورەی سەر ئەم تابووتە دەمژێ و، وەکو بیر لە داهاتوویەکی خوێناوی بکەیتەوە سپێتی چاوت سوور هەڵگەڕاوە و حەوت منداڵ لە ماوەی بیست ساڵی وەهمی کە ناونرا ژیانی هاوسەرایەتی و چل ساڵی تەمەنێکی نیوە داخ کراو. بیست ساڵە داخ کراوەکەی سەرەتای تەمەنت کوانوویەکی هەمیشەیی پڕ لە ژیلەمۆ بوو، لەشی شینی دایکت، چاوی سووری باوکت، دڵی ڕەشی براکەت، هەموو ئازاریان دەدای و تراژیدیایەکی بێ دەنگ و نەبینراویان لە ناختا نومایش دەکرد. بێ ویستی خۆت دەژیای و دەگەڕای و دەتخوارد و دەنووستی. تەنها دۆستێکی نزیکت ئەو قوتابخانەیە بوو کە چەند ساتێ لە دۆزخە ڕەنگینەکەی لەشی شینی دایکت و چاوی سووری باوکت و دڵی ڕەشی براکەت دووری دەخستیەوە، بەڵام سووک و ئاسان لە قوتابخانە دەریان کردی و هەمان شێوەش لە ماڵ دەریان کردی. تەنها یادگارییەکی شەنگت لەو ماڵەدا دیوارە نزمەکەی نێوان هەردوو سەربانی ماڵی خۆتان و کاوە بوو کە ئەو دیوارە لەمپەرێکی بچووکی نێوان نیوەی خوارەوەی جەستەتان بوو، بەڵام نیوەکەی تری جەستەتان وەک لاولاو بەیەکەوە دەئاڵا و گوڵە ماچی دەگرت. تەنها ئەو سەربانە و ئەو جەستە شینەی دایکت خۆش دەویست کە



لە گەرماودا بەزەییەکی مناڵانەی لە دڵتا دەڕواند، دەتزانی شوێنی ئەو شووڵە هەنارەیە کە باوکت هەموو جارێ لە دار هەنارەکەی باخچەی حەوشەکەتان دەیبڕێ و بۆ سەلماندنی پیاوەتیی خۆی جەستەی ئەو دەکاتە نەخشە.

نیگەرانییەک سەرتاپات دادەپۆشێ، لەرزێکی شاراوەش ڕات دەوەشێنێ، وەک بوومەلەرزەی ترس لە شەوێکی نوتەکی گۆڕستانەکەی ئەوبەرتان. گومان و ترس و نیگەرانی و فرمێسک ڕێگەی شادیت لێ دەگرن. زۆر جار گوێم لێ بوو دەتوت:

ئەگەر بمرێ و لە کۆڵم بێتەوە مەولوودییەک دەکەم. کەچی پێچەوانەی ئەمە دەبینم، تەنانەت چرکەی وا هەیە گومان دەکەم پێت خۆش بێ مردووە.

چاوت دەسووڕێنیتەوە و حەوت منداڵ لە دەوروبەری تابووتێک دەبینی، سێ کچ و چوار کوڕ، کچەکان هەرسێکیان لە خۆت دەچن، کوڕەکان لە کاوە دەچن، ڕەنگە تەنها لەبەرچاوی خۆت وابێ چونکە تەنها خۆت گومان دەکەی لەوەی هی مێردەکەت بن و وا دەزانی هەر حەوتیان لە ساتی ئاوێتە بوونی بەجۆشی دوو جەستەی گەرم و ئەویندارى تۆ و کاوەدا دروست بوون. زۆر جار وات بەخەیاڵدا دەهات ڕەنگە مێردەکەت نەزۆکیش بێت و بەناڕەوا بووبێتە خاوەنی حەوت منداڵ و بەناڕەوا ناوی حەوت مرۆڤی بەناوەوە بانگ دەکرێ. لەبەرچاوی تۆ کوڕەکان لە کاوە و کچەکان لە خۆت دەچوون، کەچی وا خەمبار خەمبار بەدیار ئەو تابووتەوە دانیشتوون و خۆیان بەباوک مردوو دەزانن، هەست دەکەی تاوانێکی گەورە ڕوودەدا، خۆت دەجوڵێنیتەوە، خەریکە هاوار بکەی:

– ڕۆڵە مەگرین ئەمە باوکی ئێوە نییە و باوکی ئێوە لەم سنووقەدا نییە.

گومان دەتتۆقێنێ. چاوەکان چاودێرییت دەکەن، سات بەسات فرمێسکەکانت دەژمێرن، کچە گەورەکەت بەکوڵ دەگریی، جەستەی سپی ئەو لە ناو کراسێکی سووردا دەدرەوشێتەوە، دەمارەکانت کرژ دەبنەوە، لە

ناخی خۆتدا بڕیار دەدەی نەهێڵی جەستەی ئەویش شین بێتەوە، ئاسایی نییە جەستەی ئافرەت شین بێ، بڕیار دەدەی نەهێڵی کراسی تاریک لەبەرکا و، ببێتە بووکە شووشە، نەهێڵی ئەو کوڕە نازدارانەشت کە هەر دەڵێی لەتی کاوەن ببنە زاوا شووشە.

چاوەکانت بڵند کردەوە و هێدی هێدی هەستت کرد ئەمە ڕاستییە ڕوو دەدات نەک خەون، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە تۆ چاوەڕوانی بووی، بەڵام چاوەڕوانییەکەت درێژەی کێشا، بیست ساڵ، هەر ساڵەی هێڵێکی بەنێوچاوانتدا کێشا و هەر هێڵەی داستانێکی پڕ لە ژانی تۆمار دەکرد و ئەزموونی تاڵی دەدایتێ. پەنجا ساڵ ژیا بێ ئەوەی بزانێ بۆ ژیاوە و مەبەست لە ژیان چییە. بێ ئەوەی بزانێ نهێنی بوون لە چی دایە و مرۆڤ بۆ دەبێ ببێ. بیست ساڵ لە ژیانی هاوسەرێتیدا ژیا بێ ئەوەی بزانێ ژن مرۆڤە. هەروەکو ئەو بووکە دەیبینی کە بەمناڵی دەست و سەر و قاچەکانی فڕێ دەدرا، هەر هێندەی دەزانی ژن دەبێ بەڕۆژ بەخواردن تێری کا و بەشەویش بەسێکس. بیست ساڵیش لەگەڵتا ژیا بێ ئەوەی بزانێ حەوت مرۆڤ کە ئەو بەهیی خۆی دەزانێ ڕەنگە هی خۆی نەبن، زۆر جار دەستی بەسەر کوڕەکانا دەهێنا و شاگەشکە دەبوو دەیوت:

– ئۆجاخم ڕوونە!

هەرگیز دڵی بەو سێ گوڵە نازدارە خۆش نەبوو کە ئێستا فرمێسک هەڵ دەوەرێنن و خۆیان بەکۆست کەوتوو و باوک مردوو دەزانن. چەند جاریش ویستی «شەونم» لە قوتابخانە دەرکا، بەڵام تۆ زوو فریای دەکەوتی و نەت دەهێشت، پەڵە پەڵە جەستەت شین دەبووەوە و نەت دەهێشت.

لە پەنجەرەی ژوورەکەوە چەند پیاوێک دەبینی، دراوسێکانن و بۆ تەدارەکی مردوو گواستنەوە بەڕیز لە حەوشەدا ڕاوەستاون، لەناو ئەواندا کاوە دەبینی، قژی تاڵ تاڵ سپی بووە و پشتی تۆزێ چەماوەتەوە و چاویلکەیەکی سپی چاوە ڕەشەکانی داپۆشیوە، بەڵام لەژێر



چاویلکەکەشەوە تۆ هەر دەیبینی و خۆشەویستی لێوە هەڵ دەمژیی. بشێ ئەویش پێی خۆش نەبێ؟! چاوەڕێی ڕۆژێکی وابوو، بەڵام چاوەڕوانییەکەی درێژەی کێشا، زۆری خایەند، بیست ساڵ، بیست ساڵی دوورودرێژ بەشەو و ڕۆژەکانییەوە، حەوت هەزار و سێ سەد ڕۆژ و حەوت هەزار و سێ سەد شەو، سەد و حەفتا و پێنج هەزار و دووسەد سەعات، چاوەڕوانییەکی ئێجگار درێژ، ئێوە کاتێ ئاواتەخوازی ئەم ڕۆژەبوون نە ئەو هێشتا پشتی کۆمابووەوە و چاویلکەی لە چاو بوو، نە تۆش ئەو هەموو هێڵە لە نێوچاوانت و ئەو دەمارە شینانەی دەستت دەرپەڕیبوون. وردە وردە نائومێد بوونەوە لە چاوەڕوانی و تا ئیتر بێزار بوون و چاوەڕێی هیچ نەبوون، ژیانی ئەو گرینگ نەبوو لە لاتان و مردنی ئەو هیچ مانایەکی نەدەبەخشی، تازە گەر بشمرێ بێوەژنێکی چل ساڵەی دەموچاو چرچ بووی خاوەن حەوت منداڵ و پیاوێکی چل و پێنج ساڵەی خانەنشین و خاوەن ژن و منداڵ کەی دەتوانن بەیەکتر بگەن، با یەکتریشیان خۆش بوێ، دەبنە بنێشتەخۆشەی دەمی خەڵک و گاڵتەیان پێ دەکرێ.

توند چاوەکانت نوقاند، یەک ڕێز فرمێسک بێ پەروا یەک لە دوای یەک ڕژان و بەپەلەپەل گلێنە ڕەش و گەشەکانیان بەجێ هێشتی، پیاوەکان هاتنە ژوورەوە، هەموو هەستانە سەر پێ، هەریەکە و سوچێکی تابووتەکەیان گرت و بەرزیان کردەوە. تابووتەکە قورس دەهاتە بەرچاو، لەوە نەدەچوو تەنها لاشەی نەخۆشێکی تیابێ، بەڵکە دەتووت هەموو تەمەنی لاوی تۆیشی تیا ئاخنراوە و بەرەو گۆڕستانی دەبەن. هەردوو دیوی دەرگاکە ئاوەڵاکرا و ئەو پیاوانەی کە تابووتەکەیان لەسەرشان نابوو بەرەو دەرگای حەوشە هەنگاویان نا. دەنگی هاوار بەرزبووەوە، تۆش بێ ئەوەی هەست بکەی قیژەت تێکەڵ بەهاوار و قیژەی ئەوانی تر بوو... ...

١٩٩٢/٩/١



# خۆرنشین

حەز دەکا مەرگ ببینێ بەڵام دیمەنی خۆر ئاوابوون نەبینێ. ئەو کاتانەی ڕەنگی نارنجی خۆرنشین دەبینێ تا هێزی تیابێ هاوار دەکا و هاوار دەکا، تا ماندوو دەبێ و دەبوورێتەوە. ئێواران دەیبەنە ژوورەوە تا ئەو دیمەنە نەبینێ، بەڵام نەشی بینێ هەستی پێ دەکات. هاوار دەکا، هاوارێکی وا دیوار و پەنجەرەکانی ژوورەکە دەلەرزێنێتەوە. دەوروبەری چۆل دەکەن، زۆر جار پەلاماری شووشە و چەقۆی داوە تا خۆی بکوژێ و ئاسوودەبێ. جگەرەشیان لێ قەدەغە کرد، چەند جارێ جگەرەی لەسەر جەستەی خۆیا کوژاندۆتەوە. دەیەوێ بەهەر شێوەیەک بێت ئازاری خۆی بدات تا ئەندێشەی کەم بێتەوە، کە جگەرەکانی لەسەر جەستەی خۆیا دەکوژاندەوە هەستێکی ئاسوودەیی پڕی دەکردەوە و ڕووی دەگەشایەوە.

دەمێکە ئاوێنەی نەدیوە و نازانێ ئەو سیما ئەسمەرە قەشەنگەی کە جاران پڕ بوو لە شادی و ئاسودەیی ئێستا ڕەش داگەڕاوە و چەندان هێڵ لە ناوچەوانیدا نەخشەی پیرییەکی ناوەختیان کێشاوە. ساڵێکە لە هیچ ئاوێنە و شووشەی پەنجەرەیەکدا بەدیداری خۆی نەگەیشتووە. ئاوێنەکانیان لێ شاردۆتەوە، یەکەم دوژمنایەتی لەگەڵ ئاوێنەدا بوو، کاتێ بەشەکەتی بەمۆڵەت گەڕایەوە و «وەفا» وەکو جاران بەڕوویەکی گەشەوە باوەشی بۆ گرتەوە، بەڵام ئەو هەر وەکو لەو جیهانەدا نەبێ بێ ئەوەی ورتەیەکی لە دەم بێتە دەرەوە وەژوور کەوت. وەفا هەستی بەشەکەتی و ناڕەحەتی و ناهەمواری باری دەروونی کرد، بەڵام نەیدەزانی ئاخۆ چی ڕوویداوە و بۆ ڕەنگ لە ڕووی مێردەکەی هەڵگیراوە؟ ویستی بەو موژدە خۆشە دڵشادی کات کە چوار ساڵە چاوەڕوانی دەکەن.



– موژدە! کوڕێکمان بوو!!!

ئەم هەواڵە نەک هەر دڵخۆشی نەکرد بەڵکو هێندەی تر چرچ و لۆچی خستە نێوچەوانییەوە. بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات چووە ژووری نوستن و پاڵ کەوت، چ کارەساتێک ئەم پیاوەی گۆڕیوە؟ وەفا کەوتە گومان لەو بێ دەنگییە چاوەڕوان نەکراوەی، هاتە لایەوە، دەیدواند، پرسیاری دەکرد، بەڵام گوێی لە هیچ وەڵامێک نەبوو، سەیری بنمیچەکەی دەکرد و ڕامابوو، دەتگوت لەسەر ڕووی بنمیچەکە داستان دەخوێنێتەوە، ڕەنگە لە هەموو ژیانی ڕابردووی خۆی ڕامابێ، لە کاتی لاویی خۆی، لە کاتی منداڵیی خۆی، ڕەنگە بیر لە یەکەم جووتە پێڵاو بکاتەوە کە باوکی بەبۆنەی چوونە قوتابخانەوە بۆی کڕی، بەڵێنی دابوویە گەر چوو بۆ قوتابخانە جووتێ پۆتینی سووری بۆ بکڕێ، شەوان کە دەنووست بیری لەوە دەکردەوە کە کەی گەورە دەبێ و تەمەنی دەبێتە شەش ساڵ و دەچێتە قوتابخانە.

هێندە بیری لە قوتابخانە و پێڵاو پێکەوە کردەوە وای دەزانی هەردوو وشەکە یەک مانا دەدەن. قوتابخانە و پێڵاو بابەتی بیرکردنەوە و مەودای خەیاڵی ئەو بوون، سێ ساڵ بیری لە قوتابخانە و پێڵاو کردەوە، دەچووە بن دەستی دایکی و دەیپرسی!

– کەی دەچم بۆ قوتابخانە؟

– کاتێ ددانی شیریت بکەوێ دەچیتە قوتابخانە.

بەپەنجە وردەکانی ددانەکانی پێشەوەی خۆی دەگرت و توند دەیلەقاند بۆ ئەوەی پێش وەخت بکەون. جارێکیان لە حەژمەت پێڵاودا بە بەرد ددانی پێشەوەی خۆی دەکوتا بۆ ئەوەی لەق بێت و بکەوێت، دەیویست فێڵ لە تەمەن و زەمەن بکا و چی زووترە تەمەنی ببێتە شەش ساڵ. ددانەکانیشی کەوتن و هێشتا مابووی بەپێڵاو و قوتابخانە شادبێت.

– دایە ئەوە ددانەکانی پێشەوەم کەوتن؟

– ڕۆڵە هێشتا ساڵێکت ماوە بۆ قوتابخانە.

خەونی دەدی دەچێتە قوتابخانەیەکی سوور کە لە شێوەی پۆتین دروست کراوە، لە سەربانی قوتابخانەکەدا ئالآیەکی ولآت دەشەکێتەوە، ستوونی ئالآکە بەگوریسێکی باریکی سوور ڕاگیراوە، گوریسەکە هەر لە قەیتانی پێڵاو دەچێ.

بوو بەشەش ساڵ و خرایە قوتابخانە و پێڵاوە سوورەکانی لە پێ کرد. لە خۆشیی پێڵاوەکان قوتابخانەشی خۆش دەویست مامۆستا هەرچی لە دەم دەردەچوو ئەم لە بەری دەکرد، بەڕێوەبەری قوتابخانە هەموو ساڵێ دیارییەکی دەدایە، بەڵام هیچ دیارییەکی بەقەد ئەو پێڵاوە سوورە دڵشادیان نەدەکرد، تەنانەت ئەو ڕۆژەشی کە یەکەم قاتی لەبەر کرد و یەکەم بۆینباخی بەست تا بچێت بۆ کۆلیج بەقەد پێڵاوە سوورەکە دڵشادی نەکرد.

– کوڕم بەقسەی من بکە و بچۆ بۆ کۆلیجی سەربازیی.

– بابە گیان حەزم لە کۆلیجی ئەندازیارییە.

– کوڕم ئەمڕۆ نان لە سەربازی دایە، ئەوەتا سەدان ئەندازیار بێ کار کەوتوون و کرێکارییشیان دەست ناکەوێ، بەهەزار دەردەسەری توانیم پەروەردەت بکەم، ئێستاش پیر بووم و توانای کارم نەماوە، بەقسەم بکە باتۆش بێ کار نەکەوی.

چوو بۆ کۆلیجی سەربازیی، باوکی دەگەشایەوە بەبینینی باڵای بەرزی کوڕەکەی بەو جلە سەربازییەوە، کە هاوینان بەرگی سپی و زستانان بەرگی شینی لەبەر دەکرد و کڵاوە شەفقەدارەکەشی زۆر لێ دەهات، سەرەڕای ئەوەش کە سەری سفر تاشرابوو سیمای هەر سەرنج ڕاکێش بوو، هەر بەو جلەشەوە سەرنجی وەفای ڕاکێشا، کە یەکتریشیان ناسی و لە کەنار دیجلەدا ڕاز و نیازیان گۆڕییەوە یەکتریان خۆش ویست، خۆشەویستییەکی مەزن بوو کە لە نێوانیاندا ڕووی دا.

لەگەڵ وەفادا زەماوەندیان کرد و چوار ساڵە پێکەوە دەژین، ماوەیەک بوو



بیریان لە منداڵێک دەکردەوە ژیانیان ڕووناکتر بکاتەوە، بەڵام ئەم کاتێ بوو بەباوک کە نەیدەزانی باوکایەتی چییە.

– «وەلید» گیان پێم بڵێ چی ڕوویداوە؟! چی نارەحەتی کردووی کەوا دڵت بەم کۆرپەشمان خۆش نییە؟ سەیری کە چەند جوانە، هەر لەتۆ دەچێ.

دەتگوت چاوی بەرایی نادات منداڵ ببینێ، چاوەکانی دەنوقاند و خۆی دەخواردەوە، تا ئێوارە بێ دەنگ، بێ ئەوەی لە جێی خۆی بجوڵێتەوە لەسەر چرپاکە پاڵ کەوتبوو، کاتی خۆرنشین کە دیمەنی نارنجی خۆری لە پەنجەرەکەوە بینی هەستایە سەرپێ، هاواری کرد، هاوارێکی بەرز، دیمەنی خۆی لە ئاوێنە گەورەکەدا بینی مستێکی توندی لە ئاوێنەکە دا و ورد و خاشی کرد و خوێن بەدەست و پەنجەکانیا هاتە خوارەوە، کە خوێنەکەی دەستی خۆی بینی و هەستی بەئازاری برینەکانی دەست و مەچەکی کرد هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا و لەسەر چرپاکەدا خەوی لێ کەوت.

وەفا حەپەسابوو، نەیزانی بۆ ئەوە ڕوویدا، ئەو کارەی لا گەلێ نائاسایی بوو، شڵەژا، بەڵام دوای ئەوەی گشت خۆرنشینانێک ڕووی دەدا و هاوار وناڵەی وەلیدی دەبیست پێی ڕاهات، تەنها شتێک کە ببوە گرێ کوێرە لە دڵیا ئەوە بوو کە نەیدەزانی هۆی ئەم لە پڕ گۆڕان و نارەحەت بوونەی وەلید چییە؟

ساڵێکە لەم ژوورە تایبەتییەی ئەم نەخۆشخانەیە دایە و لەژێر چاوەدێری پزیشکەکان دایە، گشت خۆرنشینانێکیش وەکو بورکان دەتەقێتەوە و شێت دەبێت.

کاتەکانی تریش ئاسایی نییە، بەڵام خۆرنشین گیانی دەرزی ئاژن دەکا، دەڵێی بۆمبایە و بەناو جەستەیدا دەتەقێتەوە، حەز ناکا چاوی بەمنداڵە تاقانەکەشی بکەوێ، بەتایبەتی لە کاتی خۆرنشیندا، پێڵاوی سوور و گەورە شێتی دەکا، هەر کە پێڵاوێکی سووری گەورە دەبینێ گشت گیانی وەک ئاگر گەرم دەبێتەوە و تووشی هیسترییایەکی توند دەبێ و هاوار دەکا

هاوار دەکا تا دەبووژێتەوە.

وەفا سەری سوورِ دەمێنێ لەو کارەساتە، ئەو زۆر جار وەکو یادگارییەکی قەشەنگ باسی جووتە پێڵاوە سوورەکەی منالّیی خۆی بۆ کردووە، دەیوت هەرچەندە زۆری خـایاند تا بووم بە خـاوەنی ئەو جـووتە پێـڵاوە، بەڵام یادگـارییـەکی شیـرینی سـەردەمی منالّیـمـە، هەرکـە ئەو یادگـارییـەشی دەگێڕایەوە بەزەردەخـەنەیەکەوە دەیوت ئێستـاش حـەزم لە پێڵاوی سوورە. ئەی ئێستا بۆ دیمەنی پێڵاوی سوور وا شێتگیری دەکا. سەرسوورِمانی وەفا زیاتر و زیاتر دەبوو کـە دەیبـینی ئەو کـوڕەیەی کـە چوار سـاڵ بیـریان لێ دەکـردەوە و هەر لە یەکـەم ڕۆژی زەمـاوەندیانەوە ناوی «خـالیـد» یان بۆ هەڵبـژارد، ئێـستـا هەرکـە دەیبـینێ ڕادەچڵـەکێ و دەڵێی تارمـایی مـردن دەیبـینێ، خـوایە ئـەمـە چییـە ڕوو دەدا، چ تیـژەوە تیـرێکە ئەم مـرۆڤـە وا گۆڕاوە. جاران کە بەمۆڵەت دەهاتەوە دیارییەکی نایابی بۆ دەهێنا و هەرکە دەرگاکەی دەکردەوە لە باوەشی دەگرت و دەیبردە ژوورەوە و لەسەر چرپاکە دایدەنا و ماوەیەکی زۆر گشت ئەندامەکانی جەستەی ماچ دەکرد و پێی دەووت:

«هاوسەرە وەفادارەکـەم» گوێچکەی دەنا بەسکییەوە و دەیووت: «کەی کـوڕەکـەمـان دەبێ؟»، وا ئێسـتـا نە ئـاوڕ لە ئەو و نەش لە کـوڕەکـەی دەداتەوە، تەنانەت کە بانگی خۆیشی دەکەن وەڵام ناداتەوە، دەڵێی ناوی خۆی لە بیر چووەتەوە، یان حەز ناکا هەرگیز گوێی لەو ناوە بێت، تەنانەت وەڵامی وەفاش ناداتەوە کە بانگی دەکا، جاران هەرکە وەفا بانگی دەکرد دەیوت ناوەکەم بەدەنگی تۆ زۆر خۆشە هەرکە بانگم دەکەی هەست دەکەم خۆشترین ناوم هەیە.

بەو هەموو نەخشە و خەتە کورت و درێژانەی دەموچاو و نێوچەوانی کێ دەڵێ تەمەنی سی و پێنج ساڵە، ئەوەی ئێسـتـا بیبـینێ وا دەزانێ دوو هێندەی ئەو تەمەنەیە، ئەوەی لە وێنەکانی سەردەمی قوتابێتی و وێنەکانی سەربازگەشی ورد بێتەوە دەڵێ ئەوە کەسێکی ترە، جەستەیەکی بەهێز و



چوارشانە، باڵایەکی بەرز، دووچاوی گەش و فراوان، پێکەنینێکی ئێجگار سەرنج ڕاکێش، ئێستاش دەڵێی مردوویەکە و گۆڕەوشار دراوە.

حـەز دەکـا مـەرگ ببـینێ بەڵام ئەسـتـێـرە نەبینێ دەدرەوشـێـتـەوە، ئەو ئەستێرانە دنیایان لێ تاڵ کرد، ئەو ئەستێرانە کردیانە ئەم مرۆڤە شێتەی کە ئێستا پزیشکەکانیش سەریان لە حاڵەتی سوورِ دەمێنێ، ئەو ئەستێرانە وایان کرد ڕقی لە کوڕەکەی خۆی هەستێ و دیمەنی خۆرنشینی لا ببێتە دۆزەخ و پێڵاوی سوور شێتی کا، ئەو ئەستێرانە وایان کرد ڕقی لە دیمەنی دەرەوشانەوەی ئەستێرە بێتەوە و ڕقی لە ناوەکەی خۆی بێتەوە.

حەز دەکا گوێی لە سەدای مەرگ بێ بەڵام گوێی لە ناوی باوکی نەبێ، تەنانەت لە ناوی خۆی زیاتر ڕقی لە ناوی باوکێتی. ئەو باوکەی ڕۆژانەی دوو ڕۆژی ئارەق ڕشتنی بەر هەتاوی خۆی بۆ دا بەجووتێ پێڵاوی سوور. کێیان هەبوو لەو زیاتر تەنها ئەو و حەوت کچ، تا ئەمیان نەبوو بوو خۆیان بەئۆجاخ کوێر دەزانی، حەوت کچ لای ئەوان وەک حەوت پووشی دەم با وابوو، تەنها بەلەدایک بوونی ئەم ئەو هەستی خۆ بەبێ پشتیوان زانین و ئۆجاخ کوێرییەیان لا ڕەوییەوە، حەزیان دەکرد بۆ هیچ شتێ دڵی نەشکێنن بەڵام نەداریی ڕێی نەدەدان هەرچی ویست بۆی بکرن، هەر ئەو دەست کورتییە بووە هۆی ئەوەی باوکیشی پیشەی ئەفسەری بۆ هەڵبژێرێ، ڕۆژگارێکی ترسناک بوو ئەو سەردەمی لاوییەی ئەو، چ کارەساتێک بوو کە بێ ویستی خۆی بوو بەئەفسەر.

وەفا لە هەموو شتێ سەری سوورِماوە، چاکی لەبیرە ئەوجارەی کە هاتەوە و دەستی لە ملی ئاڵاندەوە و بەپێکەنینێکی بەرزەوە گوتی:

– ئەستێرەیەکی ترم وەرگرت.

دەیوت دەبێ سوپاسی باوکم بکەم لە کاتی خۆی پێشنیازی بۆ کردم بچمە کۆلیجی سەربازی، هەر ئەو ڕۆژە چەپکێ گوڵی بردە سەر گۆڕەکەی باوکی.

پیشەکەی خۆی خۆش دەویست، ڕەنگبێ تەنها لەبەر ئەو هەموو ڕێزە بێ کە سەربازەکان لێیان دەگرت، خەڵکیش زۆر بەڕێزەوە سەیریان دەکرد، جار جار گومانی دەکرد لەو ڕێزە بێ پایانە، گومانی دەکرد و لە دڵی خۆیا دەیوت ئایا ئەمە ڕێزە یان ترس؟! ئاخۆ ئەم خەڵکە لێم دەترسن یان ڕێزم دەگرن؟! دواجار باوەڕی بەخۆی هێنا کە پیشەکەی گرنگە و شایانی ڕێزە.

لە سەربازگەدا هەموو خۆرنشینانێ لە دیمەنی نارنجیبوونەوەی خۆر ڕادەما و تا ئەو ئاوا دەبوو ئەم بیری دەچووەوە بۆ لای «وەفا» کە لەبەر دووری و کار تەنها مانگێ جارێ دەگەڕایەوە و هەفتەیەکی لە ئامێزیا بەسەر دەبرد، خۆرنشین خۆشەویستییەکەی بیر دەهێنایەوە، ئەو خۆرنشینانەی کە لە کەناری دیجلەدا دادەنیشتن و بە چرپە دەدوان، دیمەنی نارنجی خۆر ناسکی دەکردنەوە و، دەستی لەناو دەستیابوو، تا ئەو ئاوا دەبوو ئەمان لە چاوی یەکتری ڕادەمان و جەستەیان دەبووە یەک پارچە سۆز و حەزی ئاوێتە بوون پڕی دەکردنەوە، کە ئەو ئاوا دەبوو دیجلەیان بەجێ دەهێشت و هەریەکە و بەرەو ماڵ دەبوونەوە، ئەو شەوانەش خەونیان بەیەکتر و ساتەکانی خۆرنشین دەبینی.

ئێستا حەزدەکا مەرگ ببینێ بەڵام دیمەنی خۆرئاوابوون نەبینێ، دیسان ئێوارەیە خەریکە ساتی خۆرنشین تەقینەوەیەک لە ناخیا هەڵدەگیرسێنێ، ئێجگار لاواز بووەتەوە، تەنها ئێسک و پروسک و پێستێکی جیڕی ماوەتەوە، دەموچاوی ترسناک دەبینرێ، دڵێی مردوویەکە و گۆڕەوشار دراوە، خۆرنشین لای ئەو کات نییە بورکانێکە و لە ویژدانیدا دەتەقێتەوە و هەر ڕۆژە و کۆمەڵێک خانەی زیندووی مێشکی دەسووتێنێ، لە کاتی خۆرنشیندا ئەو ژوورەی لێ دەبێتە گۆڕستان و جەستەشی دەبێتە گۆڕێکی باریک و قووڵ بۆ ڕۆحی. تەنها چەند خانەیەکی زیندوو لە مێشکیدا ماوە، دڵی سست بووەتەوە و تەنها بەشی تەقینەوەیەکی تری بورکانەکەی ماوە، دیسان ئێوارەیە، چاو ئەندازەکەی هاتەوە بەرچاو، ئەو چاوانەی کە تەنها بەشی بینینێکی تری ئەو دیمەنە سامناک و پڕ مەترسییە دەکەن، لە



ژوورەکەیدا دانیشتبوو، سەربازەکە هاتە ژوورەوە و سڵاوێکی سەربازیی بۆ کرد، لیستەکەی دایە دەستی و دووبارە سڵاوێکی تری کرد و دەرچووە دەرەوە، لە لیستەکەدا سەدان ناو نووسرابوو، هاتە دەرەوە سێ پاسی درێژ ڕاوەستابوون و کۆمەڵێک خەڵک ڕاوەستابوون، ژن و پیاو و منداڵ، پیر و لاو، هەموویان سەریان داخستبوو، دەتگوت هەرگیز بەرزیان نەکردۆتەوە، دەتگوت لە ترسی چەپۆک بەرزی ناکەنەوە، بشێ ئەم لیستەیە بەهەڵە نەهاتبێ؟ ناوەکانی یەک یەکی خوێندەوە، دەبوایە ئەوەی ناوی دەخوێندرێتەوە بڵێ: (بەڵێ).

گەیشتە ناوی «شاخەوان» کەس وەڵامی نەدایەوە، پرسیاری کرد: (شاخەوان کێیە؟ بۆ وەڵام ناداتەوە؟)...

دایکی هاتە پێشەوە و مەلۆتکەکەی لەبەر دەمیا ڕاگرت، خۆ ئەم منالە زۆر ساوایە و هێشتا چلەی نەچووە، سەیرە! هەبێ و نەبێ ئەم لیستەیە بەهەڵە هاتووە. چووە لای ڕائید «عەلی»، سڵاوێکی سەربازیی بۆکرد و لیستەکەی دایە دەستی:

– گەورەم پێم وایە ئەم لیستەیە بەهەڵە هاتووە؟

سەیرێکی کرد و نێوچەوانی لێ گرژ کردەوە، داڵەکانی سەرشانی بەجوڵەی جەستە زەبەلاحەکەی بریسکانەوە دەتگوت دەیانەوێ سەری ئەم بخۆن.

– بۆچی پێت وایە هەڵەیە؟

– گەورەم ناوی منداڵێکی ساوای تیایە تەمەنی مانگێکە.

– جا ئەمە هەڵەیە؟

– گەورەم، ئاخر...

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو لیستەکەی دا بەنێوچەوانیدا و گوتی:


– هەر ئێستا فرمانەکە ئەنجام دە!

هاتنە دەرەوە، عەلی وەستا و دەستەکانی نایە سەر کەمەری و پێکانی بڵاوکردەوە، داڵەکانی سەرشانی دەبریسکانەوە، دەتوت دەمیان کراوەتەوە و دەیانەوێ سەری ئەم بخۆن، شۆفڵەکان خەریکی هەڵکەندنی چاڵەکان بوون، ڕێز ڕێز خەڵکەکەیان ڕاوەستاند، شاخەوان لە باوەشی دایکیا بوو، توونند بەسنگی خۆیەوەی نووساند بوو، سەری داخستبوو دەتگوت دەچرپێنی بەگوێیدا و پێی دەڵێ ڕۆڵە بۆچی هاتیتە ئەم دنیا خەراپە؟ شاخەوان گریا، عەلی چنگی لێ دا و دوور دوور تووڕی هەڵدا، هەرکە ئەو دەستی بەگریانێکی توونند کرد عەلی هێمای بۆ سەربازەکان کرد و هاواری هەمووان بەرز بووەوە و چەند ساتێکی کورتی خایاند و نەما تەنها دەنگی واقە واقی توونندی شاخەوان دەبیسترا، دەتگوت لە جیاتی هەمووان هاوار دەکا، عەلی هێمایەکی بۆ وەلید کرد کە پێیەکی لێ بنێ و دەنگی ببڕێ، شاخەوان دەتگوت زەڕنەقووتەیەکی بێ تووکە، کراسێکی سپی لەبەر کرابوو، سپی... وەک ڕەنگی کفن، وەلید چرکەیەک ڕاوەستا و سەیری عەلی کرد، چاوەکانی عەلی ڕەق و ئاگریان لێ دەباریی، داڵەکانی سەرشانی دەبریسکانەوە، دەستیشی لەسەر دەمانچەکەی بوو، خانەکانی مێشکی وەلید لە چرکەیەکدا کەوتنە کارکردنێکی زۆر خێرا، لە چرکەی پێ بەرزکردنەوەی تا گەیشتنە سەر سکی منداڵەکە، سەیرێکی سەر شانی خۆی کرد ئەستێرەکان لەسەر شانی دەدرەوشانەوە، ئەستێرەیەکی تر وەردەگرێ و دەبێتە (باڵیۆز). چاوی لە ئاسۆ بڕی، دیمەنی نارنجی خۆرنشینی بینی دەڵێی تابووتە و ویژدانی ئەوی تیا پاڵ خراوە، سەری داگرت پۆستاڵە گەورەکەی پێی چەقیبووە سکی منداڵە ساواکە، پێی بەرز کردەوە پۆستاڵەکەی سوور دەچووەوە، دەنگی شاخەوان کۆتایی هات، سەیرێکی عەلی کرد چەپڵەی بۆ لێ دەدا، ئەستێرەیەکی تر لەسەر شانی کەوتنە جریووە، داڵەکەش دەمی داخست.

ڕۆژی دووەم هەمان کات لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، چاڵەکان داپۆشرا بوون، شۆفلەکان لە دوورەوە دەبینران ڕاوەستێنرابوون، سەری هەڵبڕی، کە



دیمەنی نارنجیی خۆرنشینی بینی بورکانێک لە دەروونیدا تەقییەوە، ئەوە بورکان بوو یا دەنگی گریانی شاخەوان؟ ئەوە گریانی شاخەوان بوو یان تەقینەوەی بورکان. هەر دووچاوی خۆی نوقاند تا دیمەنی نارنجیی خۆرنشین نەبینێ، هاواری کرد، هاواری کرد، تا کەوت و بوورایەوە، وچانیان بۆ نووسی تا بگەڕێتەوە و ماوەیەک بحەسێتەوە، بەڵام گشت ئێوارەیەک ئەو دەنگە وەک بورکان لە دەروونیدا دەتەقێتەوە، حەز دەکا مەرگ ببینێ بەڵام دیمەنی نارنجیی خۆرنشین نەبینێ......





# پەردە

لەگەڵ داگیرساندنی بیستەمین جگەرەدا... ئێڵنجت هاتێ، مژێک و دووان، خێرا ڕات کردە باڵکۆنەکە و هەرچیت خواردبووەوە هەڵتهێنایەوە، ئەمشەو دەبووایە لەگەڵ «کاتیا»خاندا بەزمت سازکردبا و ئەم ئاهەنگی خواردنەوەت ئەنجام دابا، بەڵام ئەو نەهات، لێت تووڕە بووە یاخود کارێکی گرنگی بۆ وەپێش هاتووە؟

ساڵێکە پەیوەندیتان هەیە، خۆشت دەوێ خۆشت ناوێ، چەند جارێ دێت و ئەم تەنیاییە کوشندەیەت ڕادەماڵێ، مێزەکە دەڕازێنیتەوە، خواردنەوەی ڕەنگاو ڕەنگ، هەردووکتان پێکی یەکەم لە یەک دەسوون و فڕی دەکەن، وردە وردە جیهانێکی ئەفسووناوی عەشق ئاسا جەستەتان بەرەو لای یەکدی کێش دەکا، کەشی ژوورەکە بزوێنەرە، مۆمێکی کز ژوورەکەی نیوە ڕوون کردۆتەوە، ڕووتی دەکەیتەوە وەک ئەو کچەی وێنەکەیت هەڵواسیووە لە بەرامبەر نوێنەکەت، لە ئامێزی دەگری و مژی پێوە دەنێی، دەڵێی ئەو کانیاوە و تۆ ڕێبوارێکی ڕێ وێڵ کردووی تینوو، جەستەتان دەبێ بەیەک، خۆشتی دەوێ و ناوێ، خەوتان لێ دەکەوێ، سبەینێ کە چاوت دەکەیتەوە تەنیای، کاتیا چووەتە سەر کار و تۆش تەنهایی دەتکرۆژێ، تەپڵەکی جگەرەکە خاڵی دەکەیتەوە، بوتڵە بەتاڵەکان فڕێ دەدەی، دیسانەوە دەکەویتە چاوەڕێ کردنی هاتنێکی تری ئەو.

دوای ئێڵنجەکە فەرامۆشی یەک جەستەی داگرتی... نووستی... هەستایتەوە، زەمەنێکی سەیر بەسەر چووبوو، چەند سەعاتێک، وات زانی چەند ساڵێکە، هەستت کرد زەمەن غار دەدا و دەبێ بەدوایدا غار بدەی، خەریکە زەمەن لە چاو ون بێ و ئیدیی نەتوانی بیبینی، بەخێرایی



شتەکانت بیر دەکەوتەوە، ئەو ڕۆژەی کاتیات ناسی و داوەتت کرد، ئەو شەوەی پێکەوە نووستن، هیچ شتێکت بەخەیاڵدا نەهات، تەنها سبەینێ کە ئەو ڕۆیشتەوە بیرت کەوتەوە کە ئەو کچە پەردەی کچێنیی نەبوو، ئەی بۆ ئاسایی بوو لە لات؟!

هەر دەتگوت شتێ لە ئارادا نییە پێی بوترێ پەردە، بەتایبەتی لای تۆ کە لەسەر ئەو پەردەییە کارەساتێکت قەوماند. حەوت ساڵ پێش ئێستا کە لاوێکی بیست و سێ ساڵەی خوێن گەرم بووی، «گوڵاڵە»ت خۆشویست، پێکەوە لە زانکۆ دەتانخوێند، ئەوینێ لە نێوانتانا دروست بوو، ئەوینێک کە پێت وابوو فریشتانەیە، سۆز و ڕاستگۆیی دنیات لە چاوەکانی گوڵاڵە دەبینی، ئەو بەڵێنی دایتێ کە سەرپێچی بکا لە نەریتە باوەکان و نەهێڵێ لە کاتی داخوازییدا مامەڵەی لەسەر بکرێ و مارەیی و شیربایی بێتە ئاراوە، ڕاستگۆش بوو لە بەڵێنەکەیدا و وای کرد. ڕۆژی بوکێنی زۆر قەشەنگ و فریشتانە دەهاتە بەرچاو، ئێسک سووک، ساکار، جلێکی سپی ساکاری لە بەردابوو، وەکو بووکەکانی تر ڕواڵەتی لەناو بۆیەدا نەگۆڕی بوو، هەر وەکو خۆی وابوو، ئەسمەرێکی باڵا بەرزی قژخەنەیی، دوو چاوی گەورە و کاڵ، ئەو ڕۆژە وات دەزانی گوڵاڵە تەنها جوان نییە بەڵکو زیرەکیشە و ڕاستگۆشە. شەوی زاوایەتی، ئەو شەوەی کە دەبوو سەرەتای پێکەوە گرێ دانی چارەنووستان بێ، بوو بەسەرەتای لێک دابڕانتان، گوڵاڵە پەردەی کچێنی نەبوو، پەردە یان ئەو دڵۆپە خوێنەی نەخشەی شەرەف و ئابڕوو لەسەر پارچەیەکی سپی دەکێشێ؟ ئەو ئەوینەت لابوو بەئەفسانەیەکی ترسناک و دەتویست هەر ئەو ساتە لێی ڕزگار بی، دەتگوت کابووسە و بەپەلە پروزە دەتەوێ هەڵسی و لە کۆڵت بێتەوە، هەرچەند زۆر جار گفتوگۆی ڕۆشنبیرانەت کرد بوو و داوەریت لە مافی ئافرەت و ئازاد بوونی دەکرد لەوساتەدا وەکو مەلایەکی لەناو ئایەتدا خنکاو، وەک تاریک بیرێکی کۆن خواز شەرەف و ڕاستگۆیی و ئابڕووت لەو دڵۆپە خوێنەدا دەدی کە بەشانازییەوە ڕوو سووریی ئەو دەست نیشان

دەکەن. گوڵاڵە سوێندی بۆ دەخواردی کە پەنجەی نێرینەی بەرنەکەوتووە و وەفادار بووە بەرامبەر بەئەوینەکەتان، بەڵام تۆ باوەڕت پێ نەکرد، گوڵاڵەت لابوو بەدرک، هەستت دەکرد لەشی ئەو ئافرەتە گڵاوە و نابێ جەستەتی بەرکەوێ، هەر ئەو شەوە قۆڵت گرت و لە ماڵ وەدەرت نا، ئەو گوڵەت ژاکاند، براکەی فیشەکێکی پێوەنا، چاک بوو بەر شوێنێکی کاریگەر نەکەوت، دەنا ئێستا لەژێر خاکدا بوو. بەڵام ئەی ئێستا کە لەسەر خاکە چ خۆشییەکی لە ژیان دیووە، هەرچەندە هەر ئەو ڕۆژە پزیشکەکان کەس و کاری ئەویان دڵنیا کرد لەوەی هۆیەکی بیۆلۆجی هەبوو کە پەردەی نەبووە، بەڵام تۆ نەت دەتوانی باوەڕ بکەی وەک چۆن زۆربەی پیاوان نەیان توانی باوەڕ بکەن، هەر بۆیەش حەوت ساڵە کەس ناچێتە داخوازیی و چاوەکان چەشنێکی تر تەماشای ئەو دەکەن و زمانەکان بێ میهرانە لەسەری دەدوێن، هەروەکو بوونەوەرێکی ترسناک بێ، خەڵک خۆیانی لێ دوور دەکەنەوە، تەنانەت کچانیش ناوێرن لێی نزیک بنەوە و دەترسێن ڕوانگەی بەدبینی کۆمەڵەکە ئەوانیش تاوانبار کات.

خێرا خێرا کارەساتەکانت بیر دەکەوتەوە، ئەوساتەی توێشووی ئەم سەفەرەت تێک نا و وڵات و یادگارییە شەنگەکانیت بەجێ هێشت. گوڵاڵەش یادگارییەکی تاڵی شیرین، شیرینی تاڵت بوو. بەجێت هێشت و وردە وردە تۆزی کون بوون و لە بیرچوونەوە دایدەپۆشی، لەم وڵاتی بەستەڵەکە بەر قەرار بووی هێدی هێدی وێنەکان لەبەر چاوت کاڵ دەبوونەوە، هاوینان دەچوویتە کەنار دەریاچەکان و لە جەستەی ڕووت و قووتی کچ و کوڕە یەک لە ئامێز گرتووەکان ڕادەمای، ماوەیەکی زۆر بیرت لێ کردنەوە، کارێکی ئاسایی دەکەن، ئاسایی بووەوە لە لات، بیر و جەستەیان ئازادە، خۆیان خاوەنی جەستەی خۆیانن و کەس بازرگانییان پێوە ناکا، شەرەف لە پەردە و دڵۆپە خوێنی خاوەنی زاوابووندا نابینن، هەر لە یەکێ لەو کەنارانەدا کاتیات ناسی و بوون بەهاوڕێ، پێکەوە نووستن، هەرگیز لەوساتە و دوای ئەوساتەش گرنگ نەبوو لە لات کاتیا کچە یان



ژن. چەند جارێکیش داوات لێ کردووە بێت و زەماوەند بکەن و پێکەوە بژین، بەڵام کاتیا ڕازی نەبوو، دەیزانی کوڕێکی ڕۆژهەڵاتی ئازادیی لێ زەوت دەکات و پێکەوە ژیانی لەگەڵ تۆدا کارێکی ژیرانە نییە، هەر شەوێ ئارەزوو بکا نەک ئارەزوو بکەی دێت و دەبێتە هاودەمی شەوێکت، بەڵام ئەمشەو نەهات، زانیت لێت تووڕە نەبووە، بەڵام کەسێکی لە تۆ چاکتر دەبینێ، دوای زەنگێکی کورتی تەلەفۆنەکە زانیت ئیتر ئەو لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆیدا دەژی و ناتبینێتەوە.

بیرت کەوتەوە چۆن دوای بیستەمین جگەرە بەرچاوت تاریک بوو، سەرت سووڕا و ئێلنجت هاتێ، مژێک، دووان خێرا ڕات کردە باڵکۆنەکە و هەر چیت خواردبووەوە هەڵت هێنا، ئەو زەنگە کورتە لە کلێسای جەستەتدا دەنگی دایەوە و لە پەرستگای ئەوینێکی کۆندا بیری داگیرساندی.

خێرا خێرا هەر دەتگوت زەمەن ڕاوت دەنێ، پێنووسەکەت بەدەستەوە گرت و نامەیەکت بۆ گوڵاڵە نووسی: (ببوورە، ئەوسا کوێر بووم و بەچاوی لێخن و لێڵی نەریت سەیری پەیوەندیی نێوان نێر و مێم دەکرد، ئایین کوێرایی بەچاوەکانمدا هێنابوو...

تەنها ئەم جارە ببوورە، تا بێمەوە و لە پەرستگای چاوەکانتدا نوێژێکی ئەبەدی بکەم و ئەم پەردە دژوارە لە ڕووی ئەو شانۆ هەرەس هاتووانە هەڵدەم، ببوورە گوڵاڵە گیان، ئێستا چاوم ڕاستییەکان دەبینێ و دەزانم پەردەکان دەکرێ ئابڕوو نەبن، تۆش دەکرێ خاوەنی جەستەی خۆت بی و من خاوەنت نەبم... ببوورە.

نامەکەت داخست، بیرت لە بارگە پێچانەوە کردەوە، بەرەو وڵات و ئەو یادگارییە شیرینەی کە لە خۆتت تاڵ کرد......

١٩٩٢/١٠/١

# کۆچ

ڕۆمان



بۆ ڕێزلێنان و خۆشەویستی

بەکاکە زاهیر ڕۆژبەیانی.. پێشکەشە

# ١

نازانی ئەمە چەندەمین جاری ڕۆح ڕاگوێزانتە، لە ناکاو جەستەت دەبێتە هەڵگری بارێکی قورس و تەکان دەدەی، بێ ئەوەی بەهیچ کوێیەکی دیاریکراو بگەی. هیچ جارێکیش دوا وێستگەت نەناسیوە، یان ناسیووتە، بەڵام خۆت دیاریت نەکردووە و بڕیارت بۆ نەداوە، هەروەک چۆن بڕیارت لەسەر لە دایک بوونی خۆت نەدابوو، هێندەت زانی لە شوێنێکی پێی دەوترێ دنیا، کاتێکت زانی تۆ هەیت و دەژیت، ئیدی هیچ چارێکت بەدەستەوە نەبوو جگە لەوەی سەر بۆ ژیان نەوی کەیت و بژیت، ژیایت و تا ئێستاش دەژیت، بێ ئەوەی تامی بوون بکەیت و بۆنی گوڵە زیندووەکانی ژیان مەستت بکەن. یەکەم کۆچت هاتنت بوو بەرەو ئێرە، ژیان، لە ساکێکی نەرمی زیندوو و پڕ لە میهر و خۆشەویستی ژنێک، لە نەبوونەوە بەرەو بوون، هاتی و هاتی، ئەوە یەکەم گەشتی بەسەردا سەپێنراوی بەرەو بۆشایی بوو، ئەو کۆچەی دایکی هەموو کۆچەکان بوو، ئێستاش بەڕێوەی...

خەڵک ئەو کۆچە ناو دەنێن لە دایک بوون، هەر لە یەکەم وێستگەی ئەو گەشتە ئەفسوناوییەدا بەگوێزان پێشوازییان لێ کردی. یەکەمین شت کە پێیان ناساندی ئەو گوێزانە ژەنگنە بوو کە ناوکیان پێ بڕیت و بێ مێهرانە تۆ و هاوڕێکەتیان لە یەکتر جیا کردەوە، ئەو یۆڵداشە بەوەفایەی کە نۆ مانگ بوو بەچرکەش لێت دوورنەکەوتبووەوە، بەچرکەش نەیدەهێشت هەست بەتەنهایی بکەیت، پردێکی خۆشەویستی بوو لە نێوان تۆ و ئەو ژنەی کە مایەی دڵنیایی ژیانتە، ئەو ژنەی کە گوێت لێبوو گۆرانیت بۆ دەچڕێ و دەتلاوێنێتەوە، چ دەنگێک بوو، دەنگێکی فریشتەیی، نا نا، خواییترین دەنگێ بوو کە دەتبیست.

ئەو یۆڵداشە میهرەبانەیان بەو گوێزانە لێ جیا کردیتەوە، ئەوەیان فڕێ دایە چاڵی ئاودەست خانە و تۆشیان بەلانکە دارێکەوە توووند شەتەک دا.



ئەو یەکەمین ناڵەی جودایی بوو، یەکەمین تۆوی حەسرەت بوو لە یەکەمین چرکەی بوونتدا پەیامی ژیانی پێ دایت. هەر لە یەکەم چرکەی بوونتەوە ڕایانهێنای لەسەر دابڕان، گریان و شەتەک دان. نۆ مانگ بوو لە جیهانێکی بچکۆلە و پڕ لە سۆزدا، لەناو ڕەحمی نەرمو نیانی دایکتدا ئۆقرەت گرتبوو، تەمەنێکی کورت بوو، زۆر کورت، نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ بوو هێندە زوو کۆتایی هات، چونکە چاوەڕوانی هیچ نەبووی، هیچ، تەنانەت چاوەڕوانی لە دایک بوونیش نەبووی، ئەوەی چاوەڕوانی لە دایکبوونت بوو ئەوانە بوون، ئەوانەی دەرەوەی جیهانە نەرم و گەرم و نیانەکەی تۆ. نیوەشەوێکی نووتەکی باراناوی، زریانی لە دایک بوون هەڵی کرد، بروسکەی ژان وەک فلاشی کامێراکانی بەرەی جەنگ لێیان دەدا و نەدەوەستان، هەوری جەستەی دایکت گرماندی، هاوار، ناڵین، ئارەقە، خوێن ئینجا تۆ و هاوڕێ مناڵ داباری‌ن، پێکەوە بوون وەک تەنها دڵۆپێکی ڕوونی باران. خێرا گوێزان هاتە نێوانتان و لێکی دابڕین و کردنی بەدوو دڵۆپ، ئەو هەر ئەوکاتە زەوی هەڵی مژی و تۆش ئەوەتا بەئاسمانەوەی.

ئەم کۆچەی ئێستات هەرچەند بەرەو وێستگەیەکی زۆر زۆر دوور و دیارە، بەڵام تەنها پاشکۆیەکی بچکۆڵەی کۆچی لە دایک بوونتە، ئەو لە دایک بوونەی کە هەرگیز تەواو نابێ، ئەو لە دایک بوونەی کە لەوێدا بوو، لەو شوێنەی کە لەدایکبوون دەکات بەکارەسات. ئەو کارەساتی لە دایک بوونەی تۆش لە ڕۆژهەڵاتدا قەوما، وەک ملیۆنەها کارەساتی دڵتەزێنی تر. ون بوون بوو بەیەکەمین وشەی ناونیشانت، وەک ملیۆنەها کارەساتی ون بوونی تر.

ئێستا لە سەرووی هەورەکانەوەیت و بەتیلەی چاو دەڕوانیتە زەوی، دەبوو حەز بکەی سەد هێندەی تر دوور بکەویتەوە لەو زەوییە پڕ لە ژاوە ژاوەی کە شانۆی گێژاوەکانە و ملیۆنان تراژیدیای سەختی تیا نومایش دەکرێت و تۆش ڕۆڵێکی سەرتاپا تراژیدیت دراوەتێ. کەچی هێزێکی نائاسایی بەرەو زەوی کەمەند کێشت دەکەن، وەکو ئەوەی بەخۆت بڵێی

تازە هاتووم و دەبێ بوونم هەبێ، پێی بوون دەکوتیتە سەر زەوی ئەم شانۆیە و هاوار دەکەیت، بەڵام وەک ئەوەی تەختەی شانۆ تەختە نەبێ و دەنگی تۆش دەنگ نەبێ کەس نایبیستێ، نە دەنگ و نە دەنگدانەوە، زۆر جار هەست بەپوچەڵیی بوون دەکەی، دەگریەی و هاوار دەکەی، ڕۆڵە تراژیدیەکەت پڕ لە هاواری یاخیبوونە.

ئێستاش لە سەرووی هەورەکانەوەیت و هێزی شاراوەی بەربەرەکانێ لەگەڵ بوون کەمەند کێشی سەر زەوی ڕووداوەکانت دەکەن، وەک ئەوەی نەتەوێ پێش کۆتایی هاتنی شانۆییەکە، دانیشتوانی هۆڵ ئەم ئەستێرەیە بەجێ بهێڵی.

سەیر دەکەی، دەریا و دارستان و شاری جوان جوان، هەموو شتێکی لە دوورەوە قەشەنگ، گەر یەکێ هەر لەسەر ئەم هەورانەوە تێی بڕوانێ چووزانێ لەناو ئەم دارستانە چڕ و پڕانەدا چەندان دڕەندەی زەبەلاح فەرمانڕەوایی ئاژەڵە بچووک و بێ هێزەکان دەکەن. مشکەکان چەند زەلیل و داماوی دەستی پشیلەن. مەڕەکان چەند لە گورگ دەسڵەمێنەوە و کە دەیانبینن چۆن دەبن بەتنۆکی ترس و بچووک دەبنەوە.

ئەگەر ژیان لەسەر ئەستێرەکانی تریشدا هەبووایە، ڕەنگبێ خەڵکی ئەوێ خۆزگەیان بەدانیشتوانی زەوی خواستبای. ئاخر زەوی لە دوورەوە زۆر قەشەنگە! تەماشا ئۆقیانووسەکان چەند دڵگیرن، کەسێ وەکو تۆ لە دووری دوورەوە، لە سەرووی هەورەکانەوە تێی بڕوانێ چوزانێ لە قوڵڵاییدا چەند مەملەکەتێکی سامناکە و چەندەها ملیۆن ماسی بچووک گیرۆدەی دەستی ماسییە گەورەکانن و ئەوانیش گیرۆدەی نەهەنگە زل هێزەکانن و ئەوانیش لە ناکاو دەکەونە داوی مرۆڤەوە. ئای، ئای ئای لە مرۆڤ! لە ئاکامدا گشت گیانلەبەران دەبنە نێچیری مرۆڤ و مرۆڤەکانیش دەبنە نێچیری یەکتری.

هەورەکان لەژێرتەوەن، دەڵێی چەندان تەن لۆکەی هەلاجی کراون و



ڕێچکەیەکی پێچەوانەی تۆیان گرتووە و دەڕۆن، لە شووشەی ڕوونی پەنجەرەکەوە وێنەی هەورینی دیناسۆر و ورچ و پڵنگ و نەهەنگ و گیاندارە گەورەکان دەبینی، ئەوان تێک دەچن و گیانداری تر دروست دەکەن، جارجاریش کۆدەبنەوە و سەردەکەن بەیەکدا، دەڵێی تەگبیری بارین دەکەن.

ئێستا گەر بشبارێ تەڕت ناکات و جەستە و ڕۆحی گرمۆڵەبووت ئاوەژوو ناکاتەوە وەک ئەو ساتە تەزیوانەی ببوونە هاوەڵێکی داوین پیسی ڕێچکە لە مرۆڤ ترنجاوەکە. گاهباران و گاهئاگر دەبارین و بازنەی دنیایان لێ دەهێنانەوە یەک. کۆڵە گەورەکەی سەرپشتت هێندەی باران هەڵمژیبوو باری ڕۆحیشتی قورس کردبوو، پێت وابوو ڕۆحیشت هەر لەناو کۆڵە پشتەکەت دایە، لەگەڵ خۆتدا بەکێشت دەکرد. ئەوانی تریش تۆ ئاسا بەکێشیان دەکرد، با پێچەوانەی ڕێڕەوەکە هەنگاوەکانتانی قورس دەکرد و چەندان جار دەیخستن و هەڵدەستانەوە، چ سروشتێکی هار بوو ئەو ڕۆژگارانە، باران، تەرزە، بەفر، با، چەخماخە، هەور، هەموویان چوون لە دژی ئێوە تەگبیریان کردبێ ڕێیان پێ دەگرتن و جێیان پێ لەق دەکردن.

دامێنی شۆڕی کراسەکان و دەرەلنگی شەڕواڵەکان چەڵپاو و قوڕ و لیتە تابلۆی سەیر سەیریان لەسەر دەکێشان و دیمەنەکان چاویان دەهەژاند. تارمایی مەرگ بەڕۆژی نیوەڕۆ سامناکی و ترسی دەکردە هاوەڵی هەست و دیناسۆر ئاسا کلکی دەخستە سەر شانی ڕێچکەی مێروولە ئاسای ڕێگا خۆڵەکان، ئەو ڕێگایانەی ئاووس بوون بەملیۆنەها مین و لوغم و لەژێر پێی مامانی هەنگاوە ترس لێ نیشتوەکان دەزان و کەللە سەر و دەست و پێیان لە یەک دەترازاند و جەستەیان شیتەڵ دەکردەوە.

وێنەی ئەو کابووسانە دەهاتنە پێش چاوت کە زۆر جار لە هەڵدێری خەونە خۆڵەمێشییەکاندا ئامبازت دەبوون و کە بەهاواری خۆت ڕادەبووی دەتبینی دەستێکت تەواو سڕبووە و دوای ساتێ وەک ملیۆنان دەرزی پێدا بکرێت قۆڵ و باسکت دەئاڵایە زەردەواڵەی ئازارێکی گەورە.

کە بارە قورسەکەت تەواو پەکی خستی، هەڵت دایە سەر زەوی و لە پاڵیەوە دانیشتی و هەناسەیەکت هەڵکێشا، هەناسەی دوای ماندووبوون و ترس و دەردەسەری کە وەک باوێشکەکان درێژ بوون، بەڵام نە هەناسە ساردەکان دەبوونە مایەی خەمڕەوێنی و نە باوێشکە درێژەکان دەبوونە فارگۆنی خەو، تێربوون، حەسانەوە، خەو، ئومێد ئەو وشانەبوون کە دروشمی ژیانی نێو چیرۆکەکان بوون ، بیرت دەکەوتنەوە، بیرت دەکەوتنەوە و ختووکەیەک بزەی دەزاندە سەر لێوەکانت.

سەیری دیمەنەکانی دەوروبەری خۆت دەکرد، یەکەم جار بوو هەست بکەی ئێوە گەلێ زۆرن، زۆر، لە مێرووولەش زۆرتر. ڕێچکەکەی کە بە بەر دەمتا تێ دەپەڕی لە ساتێکدا هەزاران هەنگاوی قووت دەدا، هەنگاوی گەورە و، هی بچووک، ئەوانەشی کە هەر لەو ڕۆژانە پێیان گرتبوو هەنگاوی ورد وردیان دەنا، ئەوانەی تۆزێ لەوان گەورەتر بوون کۆڵ و باریشیان نرابووە کۆڵ، پەتوویەک، یان پریاسکەیەکی پڕ لە خواردن شانە بچووکەکانیانی دەئێشاند.

لەناو قوڕ و چڵپاوەکەدا یەک بەیەکی جێ پێیەکان دەردەکەوتن، هی گەورە و هی بچووک، شوێن پێڵاو و، شوێن پێی ڕووت و پەتی، کە ئەو پێ ڕووت و پەتییانەت دەبینی ئەو قوڕ و لیتەیە دەشێلن لە دڵی خۆتا دەتگوت، ئا ئەمانە خاکیان زۆر خۆش دەوێ، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ زەویدا هەیە، هیچ جۆرە نەعل و گۆرەوی و پێڵاوێک نابێتە لەمپەری نێوان ئەوان و خاک و خۆڵ بۆیە وا عاشقانە خۆشیان دەوێ و بۆی دەمرن.

لەملاو لەولای ڕێگاکەشەوە هەزاران کەسی شەکەت وەکو تۆ بۆ وەگوڕ هێنانەوەی جەستەی داهێزراو و سەرمابردوویان و تەڕ کردنەوەی گەدەی سست و وشکەوە بوویان لایان دابوو تا ئاگرێک بکەنەوە و دەست و پێی لە گۆ کەوتوویان بۆ چەند ساتێکی کورت بێننەوە گۆ و دیمەنە ناشیرین و دزێوەکەی ئەو ساتە ژینەیان لا شیرین بێتەوە و دووبارە بارەکان بگرنەوە



کۆڵ و بێ ئەوەی دوا وێستگەیان لێوە دیار بێ ڕێگا بگرنەوە بەر.

دووپەتووە شێ دارەکەت بەسەر ئەو هەردە خووساوەدا ڕاخست و دانیشتی، نەت دەزانی چۆن دانیشی، لەسەر چیچکان، یان چوار مەشقی، نەت دەزانی، چۆن شەقڵ بگری تا کەمتر سەرمات بێ و چۆقە چۆقی دانت بوەستێ کە هەر وەکو چەقەنەی سەماکەرەکان ئاوازێکی نەشازیان پێک دەهێنا و گوێیەکانیان دەئێشاندی. دەستت برد لە کۆڵەپشتەکەت پەڕاوەکانت دەربهێنی و بۆ ساتێکی خۆ گەرم کردنەوە گڕێکیان تێ بەردەی، خێرا ئەوەت وەبیر هاتەوە کە تۆ بۆ ڕزگارکردنی ئەو پەڕاوانە خەتەری مەرگت وەپێش خۆت نا و، هەر ئەوەش دایبڕاندی لە دایکت و خوشکەکەت و لە ڕۆژێکی ئاوا شووم و لە کارەساتێکی هێندە گەورە و لە کۆچێکی ئاوا هات و نەهاتدا تەنیای کردیەوە.

کە فڕۆکەکان پۆل پۆل هاتن و سنگی شارەکەیان دابێژا، ئێوەش وەک هەموو خەڵکی شارەکە لە چاو تروکاندنێکدا بارگەتان بەست و لە کۆڵ ناو شاخ بەشاخ و دۆڵ بەدۆڵ هاتن تا لە شار دوور کەوتنەوە و لە شوێنەواری دێیەکی ڕووخاوی نزیک شارەکەی خۆتان بارگەتان خست. سەعاتەڕێیەک دوور بوون لە شار بەڵام گوێتان لە یەک بەیەکی ئەو تۆپانە بوو کە بێ ڕاوەستان دەبارینە سەر شارەکە و کاول و وێرانیان دەکرد. چاوەڕێ بوون بۆردومان بوەستێ و بگەڕێنەوە سەر ماڵە ڕووخاوەکانتان، بەڵام ڕێژنەی گوللەباران تا دەهات خەست و خۆڵتر دەبوو، دووکەڵی ماڵە سووتاوەکان لە ئاسمانی شاردا تابلۆی نائومێدیی بۆ کێشابوون و هەمووتان دەتانبینی.

لەو لاپاڵەشدا هەر دەوەن بوو ڕەشە خێزانێکی گرتبووە خۆ و میوانداریەکی کورت و کەم خایەنی دەکردن. کونە تەیارەی خەڵکی دێیە وێرانکراوەکە کە دەیان ساڵ پێش ئەوسا بۆ خۆپاراستن لە بۆمبا و فڕۆکە دروست کرابوون تاقە میراتی ئەوان بوون بۆ ئێوەی هاو چارەنووسیان و لەو کاتەدا ببوونە ماڵۆچکەی دەیان پیرەژن و پیرە مێرد و ژنی زەیستان و ساوای تازە لە دایکبوو کە هەر لە سەرەتای بوونیانەوە بەرەو ئەو سەنگەر

و کونەتەیارانە بەکێشیان کردبوون.

شەو خەریک بوو ڕەشماڵی تاریکی هەڵداتە سەر خەڵکە بێ ڕەشماڵەکە، ئاسمان دەتگوت چەترێکی کون کونە و زەویش دۆشەکێکی شێدار، دەوەن و بەرد سەرین بوون و سەری ماندوویان لە کۆش دەنا، سەرما بێ مێهرانە جەستەکانی گرمۆڵە دەکرد و لوول دەدا، خەڵک دەخزانە ئامێزی یەک تا یەکتر بکەنە پەنا و خۆ لە هێزی سەرما بشارنەوە، بەڵام ئەوکارە تەنها بۆ خۆدڵدانەوە بوو دەنا کزەبا ساردەکە ئێسکی دەئێشاند.

برسێتی وردە وردە هات و سوپای ترس و سەرمای لەبیر خەڵک بردەوە، ژنەکان کەوتنە خۆیان و بەدەست و برد کۆمەڵێک پوش و پەڵاشیان کۆکردەوە و هەریەکە و سووکە ئاگرێکیان کردەوە و مەنجەڵەکانیان لەسەر سێ بەرد دانا، قوبڵی، نیسکێنە، ماش، ساوەر، کەوتنە قووڵە قووڵ، پیاوەکانیش وەکو منداڵە وردەکان بۆ پاروویەکی گەرم چاوەڕێی دەستی کابان بوون. هەموو سەرنجیان لەسەر مەنجەڵە ڕەشەوە بووەکانی سەر ئاگرەکان ڕووا بوو، کابانەکانیش جار جار دوکەڵی ڕەش چاوەکانی پڕ دەکردن لە فرمێسک و بەم لا و بەولای ڕوومەتی تەزیویاندا دەهاتە خوارەوە، منداڵەکانیش چووبوونە بن دەستیان و زوو زوو سۆراخی کوڵانی چێشتیان دەکرد.

دایکت چاکی کەوا ڕەشەکەی نابووە دارا و کەوچکە دارەکەی بەناو شلە ساوەرەکەدا دەگێڕا، لەبەر ڕۆشنایی ئاگرەکەدا لۆچەکانی دەم و چاوی وەک شوێنەواری وڵاتێکی بەبۆردومان وێرانکراو دەبینرا، دەتگوت ئەلبوومی یادگاریی تفت و تاڵە و لەو ساتەدا پەڕە پەڕە یادی تۆی هەڵ دەدایەوە، پەڕەکانت خێرا خێرا هەڵدەدا و لە پەڕەی مەرگی باوکتدا ڕاوەستای و تێی ڕامای، ڕامانێکی سوور، دڵت کەوتە لێدانێکی خێرا. چ ڕۆژێکی بێ ڕۆژ بوو، چ کارەساتێکی تاڵ بوو، گیاندانی وات قەت نەدیبوو، پێشبینی هەموو جۆرە گیان کێشانێکت کردبوو، ئەو جۆرە نەبێ، زۆرت لە بارەی عیزرائیلەوە بیستبوو کە چۆن گیانی مرۆڤ دەکێشێ و دەیکوژێ بەڵام قەت



بیرت لە مەرگی بەو جۆرە نەکردبووەوە، خەریک بوو نەیناسینەوە، باوکت پێشتر وەک سنۆبەرێکی سەوز بوو، باڵا بەرز، نێوشان پان، چاوەکانی وەک چاوی پێغەمبەران بوو، ڕەش، گەورە، پڕ لە تەسلیمی هیوا، بەڵام لە ساتەمەرگەکەیدا باڵای کورت بووبوەوە، هەر وەکو نیو مرۆڤ بێت وابوو، چاوەکانی هەر وەکو دوو چاڵی قووڵی پڕ لە وردە بەرد بێ وابوو، لە سەرەمەرگدا بوو، کاتێ دوا هەناسەکانی دەدا ئێوەیان بردە سەری، هێشتا تۆزقاڵێک ڕۆحی تیادا مابوو کە تۆ و دایکت و خوشکە بچووکەکەتیان بردە سەری. تۆ حەپەسای و دایکت بەنینۆک گۆنای خۆی هەڵدڕی، تۆ لە حەپەساویدا تەنها یەک دڵۆپە فرمێسکیش چییە هەڵت نەڕشت. سەرنجە تاساوەکان خۆیان فرمێسک بوون، فرمێسکی بەردین، شوێنەواری چاوە جوانەکانی باوکت تەواو شێتیان کردی، شێتێکی حەپەساو، سەیری ئەم لاو ئەولات دەکرد، وەکو ئەوەی بۆ قاچەکانی باوکت بگەڕێی، دەتگوت دەتەوێ قاچەکانی بدۆزیتەوە و بەجەستەیەوەی بلکێنی و باڵا سنەوبەرییەکەی ببینی. نە باڵا و نە چاو، هیچیانت نەدۆزیەوە، فریای سێ هەناسە و سێ دەم بەیەکدادانی کەوتن. هێناتانەوە ماڵەوە، مردوو شۆرەکان وەک تۆ نە حەپەسان، دەتگوت سەدان مردووی وایان شوشتووە، بەچرپە پرسەتان بۆ دانا، بەڵام تۆ هەر دەتگوت باکی مردنی ئەوت نییە، حەپەسان هەر بەردەوام لە ڕۆحتا بوو، هەتا ئێستاش حەپەساوی ئەو ساتەمەرگەی. لەوساوە لە نێو چەوانی دایکتدا ڕۆژی دێرێکی تازەتر دەخوێنیتەوە، یەکەم دێر ئەوسا نووسرا، کە هێشتا تۆ دوانزە ساڵ بوو دەژیای، بەهاری خوشکیشت چوار ساڵ بوو، ئەو هەر شێوەی باوکتی بیرنایەتەوە، هەر نازانێ باڵای وەک سنۆبەر و چاوی وەک دوو خۆری ڕەش وابوون، ساتە مەرگی باوکتی هەر بیرنایەتەوە،لە نەخشەی سەر دەم و چاوی دایکتا ئەو هەموو یادگارییە تفت و تاڵە نابینێ و وەک تۆ پەڕە پەڕە هەڵیان ناداتەوە.

ئاگرەکە وردە وردە چێشتەکەی هێنایە کوڵ، ئێوەش وەکو هەموو خەڵکی

تر له دەوری چێشتەکەی خۆتان کۆبوونەوە، تۆ و بەهار و دایکت هەر وەکو سێ بەردی ئاگردانەکە دانیشتن بەدیار مەنجەڵە چکۆڵانەکەی کە دەمێک بوو بەشی سێ کەس خواردنی تیا لێ دەنرا، بێوەژنێک و دووکچی باوک کوژراو. هێشتا دوا پاروو لە گەرووتان ئاودیو نەبووبووەوە چەکدارێکی باریکەڵە هەواڵێکی ماندووی هێنا و چزاندی بەگوێتانا:

– دەبێ هەر ئێستا ئێرە بەجێ بهێڵن و بەرەو ژوورتر بکەونە رێ، هێرشێکی گەورەیان هێناوە و ئەم ناوچانەش هەموو بۆردومان دکەن.

ئەو هەواڵە ژاوە ژاوو مـقـۆ مـقـۆی دروست کـرد و خـامـۆشی شـەوی ڕەواندەوە، دەنگی هەمـوان تێکەڵ بوون و ئاوێتـەیەکی ترسناکیـان پێک هێنا بەدەم گریانی منداڵ و بۆڵە بۆڵی گەورەکانەوە بارگەکانی دەپێچرانەوە و ئامادەی گەلەکۆچ دەکران.

تۆش لەو ساتەدا هەسـتـێکی پڕ لە نائومـێـدی ئاوێتـەی دەروونت بوو، هەسـتت دەکرد ئەم جـارەیان کـۆچێکی دوور و هات و نەهات دەکـەیت و ڕەنگە سیمای شارەکەت نەبینیتەوە. خێرا بیرت پەڕیە لای پەرتووکەکانت کە دەبوایە لە کۆچێکی وا دا لەگـەڵت دا بن و بەجێیـان نەهێـڵی، ئەوانە تۆمـارەکـانی هەنیسـک و تاسە و حـەپەسانەکـانت بـوون، یەکـەم دێڕ کە نووسیت دوانزە ساڵە بوویت و مەرگە ڕۆژی باوکت بوو، شیعـرت نووسی، کـچێکی حـەپسـاو بووی، حـەپەسـاوی شـێـتی کـردبووی، شـێت بوون و حەپەسانەکەت دەکرد بەشیعر، ساڵێک و دووان و سیان، لەم گۆڤار و لەو ڕۆژنامە بڵاوت دەکـردەوە، وردە وردە لەسـەر ڕووپەڕی ئەدەبیی ڕۆژنامـە و گۆڤارەکان ناوت وەکو شاعیرێ بینرا.

هەنیـسـک و تاسـە و ڕامـانەکـانت بوونە هەوێنی ئەو یاخـیـبـوونەت. دەتنووسی بێ باکانە ڕاستییەکانت دەنووسییەوە. جاروبار دەتبیست دەڵێن ڕەنگە کـەسێ شـیـعـرەکـانی بۆ بنووسێ دەنا کچ کـەی دەتوانێ وا بنووسێ، ئەو قـسـانـە بریندارایان دەکـردی، تاوانێک بوون دەرهەق بەکـچـایەتیت



دەوتران، گوناهێک بوون بەرامبەر بەمرۆڤایەتیت دەکران. تۆش بەقەد ئەوان هەستت دەکرد و کارەساتەکان دەیانهەژاندی، ڕەنگبێ زیاتریش، بەرامبەر بەسروشت و بوون و یاسا و ماف و داد و بێ دادیی ڕادەمایت و پرسیارت لا دروست دەبوو، بەرامبەر بەگۆڕانەکانی لەشی خۆت و قۆناغەکانی تەمەن دەوەستایت و ورد دەبویتەوە، سەدان پرسیـار لە مـێشکتدا دەووروژان و خامەیان پێ هەڵ دەگرتی، دەتنووسی، نووسین ماڵێکی نهێنی بوو دەتوانی هەموو ڕاستییە شاردراوەکانی تیا بدۆزیتەوە.

بەڵام لەم کـۆچە هات و نەهاتەدا پەرتووکەکانت بەجێ ماون و بێگومان سبەینێ لەگەڵ پەلاماری ئەواندا دەبنە خۆراکی ئاگر و ڕەنجی سیانزە ساڵی تەمەنت دەبێتە خۆڵەمێش، بیرت کردەوە دەبێ ئەو پەرتووکانە ڕزگار بکرێن و ئەو شیعرانە جوانە مەرگ نەبن.

دایکت و بەهار خـەریکی پێـچـانـەوەی بارگـە بوون و تۆش خـەیاڵێکی شێتانە دووری خستییەوە لەوان، چوویتە پاڵ بەردێکی گەورە و دانیشتی، دەتزانی گەر بەدایکت بڵێی دەچیتـەوە بۆ شار هەرگیز ڕێگەی ئەوەت نادا ناچار بووی وابکەی.

هێدی، هێدی خەڵک کۆڵ و باریان هەڵدەگرت و ئەو ناوچە سامناکەیان بەجێ دەهێـشـت، دایکت و بەهار کـەوتنە سـۆراخی تۆ و ئەم لا و ئەولا دەگـەڕان و بانگیـان دەکـردی، تۆش لە پاڵ بەردەکـە هەڵتـروشکا بووی و هەناسەت لە خۆت بڕی بوو، هەرچەندە ئەو ڕەفتارەت زۆر ئازاری دەدای و دەتزانی بەوکـاـرە دایکت نیگەران دەکـەی. بەڵام دەبوایە لە نێـوانی دڵنەوازیی دایکت و پەرتووکەکانت یەکێکیانت هەڵبژاردبا.

خەڵکەکە لە ماوەی نیو سەعاتێکدا ئەو ناوەیان چۆڵ کرد، تەنها دایکت و بەهار مـابوون، ئەوانیش بەنیگەرانییـەوە بەدوای تۆدا دەگـەڕان، دایکت لە نیگەرانیـدا دەسـتی بەگـریان کـرد و بەدەم نزا و لە خـوا پاڕانەوە بەچرا کزەکەی دەستی ئەم لاو ئەولا دەگەڕا، لاوە چەکدارەکە چووە لایەوە و لێی

پرسی:

– میمکە گیان ئەوە بۆ ناڕۆن؟

دایکت بەگریانەوە گوتی:

– ڕۆڵە گیان کچەکەم دیارنییە، ئێستا لێرە بوو، نازانم چی لێهات، لە هیچ لایەکەوە دەنگی نییە.

– منداڵە؟

– نەخێر بیست و پێنج ساڵانە.

دوو سێ جار بەدەنگی بەرز بانگی کردی: «نەورۆز»، نەورۆز، نەورۆز.

ئەو دەنگە وەک تیغ دەیبڕیت، فرمێسک لە چاوتەوە دەبارین، هەمان ئەو دەنگە پڕ لە سۆزەی کە لەوێوە دەتبیست، لەناو توێیەکانی جەستەی، لەناو منداڵدانییەوە. یەک دووجار خەریک بوو هاوار بکەیت و وەڵام بدەیتەوە، بەڵام هێزێکی تر بێ دەنگیان دەکردی، هەر وەکو بەدوو دەست دەمیان داخستبی و نەهێڵن ورتەت لە دەم بێتە دەر، دوو جاری تریش بەدەنگێکی زوڵاڵەوە بانگی کردی، لاوە چەکدارەکە پێی گوت:

– میمکە گیان، دیارە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا ڕۆیشتووە، گەر لێرە بوایە هەر وەڵامی دەدایەوە، خێرا کەن با لەو خەڵکە دوور نەکەونەوە و جێ نەمێنن دەنا ڕێتان لێ ون دەبێ.

دایکت بەگومانەوە کۆڵەکەی لە کۆڵ نا و، بەهاریش کۆڵەکەی تری لە کۆڵنا و بەڕێ کەوتن، ئەوان هێندێک دوور کەوتنەوە، تۆش لە پاڵ بەردەکە هەستایت و بەرەو لای چەکدارەکە هاتی کە لەسەر بەردێک دانیشتبوو سیغارێکی بەدەمەوە بوو هەڵی دەمژیی، تاریک و نوتەک بوو، خامۆش و سامناک، خەڵک تەواو دوور کەوتبوونەوە، دایکت و بەهاریش دوایان کەوتبوون، کە چوویتە نزیکەوە و سڵاوت لە کوڕە لاوەکە کرد، ڕاچڵەکی، لایتەکەی داگیرساند و دایە نێو چاوت پرسی:



– تۆ کێی؟

– من ناوم نەورۆزە.

ئەو بە سەرسوڕماوییەوە پرسی:

– ئەو نەورۆزەی کە ئێستا ئەو ژنە بانگی دەکردی؟

– بەڵێ.

– ئەی بۆ وەڵامت نەدایەوە، گوێت لێی نەبوو؟

– بەڵێ... بەڵام...

– ڕاوەستە با بانگی کەم... هێشتا زۆر دوور نەکەوتوونەتەوە...

– نەخێر... تکا دەکەم بانگی مەکە... نامەوێ لەگەڵیاندا بڕۆم.

– بۆچی ناڕۆی؟

– دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ شار.

– بۆ شار؟!

– پێشمەرگە هێشتا لە نێو شار ماون... وانییە!؟

– بەڵێ... بەڵام هێرشەکە گەورەیە و ڕەنگبێ سبەینێ بکشێینەوە.

– یارمەتیم دەدەی ئێستا بگەڕێمەوە نێو شار؟

– دەتەوێ چی بکەی؟

– هەندێ شتی گرنگم بەجێ ماون دەمەوێ هەر چۆنێک بێت بیانهێنم.

ئەو بڕیار بوو بگەڕێتەوە بۆ شار و تۆش لەگەڵیدا چووی، چاو چاوی نەدەبینی، زەلامە ڕێیەکەش بەنێو کەند و لەندا دەڕۆیشت و هەوراز و نشێو بوو، تۆش وەکو ئەو ڕانک و چۆخەیەکی خاکیت لەبەر بوو، کاڵەیەکی سووکت لە پێ بوو، کڵاوێکی خوریچنت لەسەر بوو، بەناو ئەو کەند و لەندانەدا چەند جارێک خەریک بوو بەسەر دەمدا بکەوی. ئەو یارمەتی دەدای لە جۆگەلەکان بپەڕیتەوە، تۆ کچە شارییەکی قوتابی بوویت و بەو

ڕێگە و بانە دژوارە ئاشنا نەبووی، ئەو پێشنیاری بۆ کردی دەستت بگرێ تا ئەو سەختە ڕێیە دەبڕن، دیار بوو شارەزای ئەو ڕێگا و بانە بوو، بۆی باس کردی کە سەدان شەو لەگەڵ ئەوانی تردا بەم ڕێگایەدا هاتووەتە نێو شار وچالاکییان ئەنجام داوە.

کە دەستت لە نێو دەستیا بوو گەرمی دەستەکانی دڵنیای دەکردییەوە، هەستت دەکرد تاریکییەکە کاڵتر دەبێتەوە و سەرماکەش کپ تر وبێ هێزتر دەبێتەوە، دەستەکانی دەتگوت کانگای سۆزن. بەدەم ڕێگاوە زۆر باس و خواستان کرد، زۆرت پرسیار لێ کرد و وەڵامی دایتەوە، تا نزیکتر دەبوونەوە لە شار دەنگی بۆمباکان زۆرتر دەبیستران، لە ناکاو تەقەیەکی ڕۆشنکەرەوە لە ئاسماندا لەسەر سەرتانەوە ڕاوەستا و ئەو ناوچەیەی ڕووناک کردەوە، خێرا لە جێی خۆتان دانیشتن و جوڵەتان لە خۆتان بڕی، هەرچەند زۆ دەترسای و دەنگی تەقەش لە نزیکتانەوە دەبیستران، لەبەر ڕووناکی گوللە ڕۆشنکەرەوەکەدا سەیرێکی دەم و چاوی ڕزگارت کرد. ئەوش سەیری تۆی دەکرد سەرنجەکانتان پڕ بوو لە سۆزی گەرم و شاراوە کە هێشتا ئاشکرا نەبوو بوو، گوللە ڕۆشنکەرەوەکە کوژایەوە و تاریکییش سەرنجەکەتانی داپۆشی. تاوێک بێ دەنگ بوون و لە جێی خۆتان نەبزووتن، ڕزگار دەیزانی لەو نزیکانە کەمین هەیە و ئێوەیان بەدی کردووە، بڕیاری دا ڕێڕەوی بەرەو شار چوون بگۆڕن، ڕێگەکەی تر هەرچەند دوورتر دەکەوتەوە بەڵام دڵنیاتر بوو، ئەمجارەیان توند دەستی ڕزگارت گرت و لەگەڵیا هەنگاوت دەنا، بەچرپە قسەتان دەکرد، هەر ئەوکاتە بۆت باس کرد ئەو شتانەی کە لەماڵەوە بەجێت هێشتوون چەند پەرتووکێکی دەستنووسی خۆتن، هەر ئەوکاتەش زانیت ڕزگاریش هونەرمەندە و تابلۆ دەکێشێ، قوتابی ئاکادیمیا بووە بەڵام بۆی تەواو نەکراوە وەک سەدان قوتابی تر زیندانی کراوە و دواییش بووەتە پێشمەرگە، شەش حەوت ساڵێکە پێشمەرگەیە.

ورده ورده لە شار نزیکتر بوونەوە، لە پاڵ گردێکی نزیک شار دانیشتن،



ڕزگار لایتەکەی هەڵکرد و بەرامبەر بەدەم و چاوی تۆ ڕایگرت و پرسی:

ناترسی؟

بەزەردەخەنەوە وتت:

– تۆم لەگەڵ نەبوویتایە دەترسام .

بزەیەکی شیرنت دی و لایتەکەی کوژاندەوە. دەستی گرتی و هەستانە سەرپێ، کەوتنە ڕێ، هەستت دەکرد ئەمجارە دەستی گەرمترە لە جاران، تەزوویەکی خۆشی بەسەرتاپاتدا ڕەت بوو، هەستت کرد تۆش توندتر دەستی ئەوت گرتووە، ماوەیەک بەبێدەنگی ڕۆیشتن، بێدەنگییەکی پڕ لە دەنگ، پڕ لە مەنەلۆجی جوان.

لە تیپەکە نزیک کەوتنەوە، ڕزگار بەبڕنەوەکەی بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوان تەقەیەکی کرد، ئەوانیش بەتەقەیەک وەڵامیان دایەوە، هەنگاوتان نا، دەستت هەر لە دەستیا بوو، دەتگوت هەر دوو دەستەکە دەستێکن، دەتگوت لە ئەزەلەوە وەکو یەک دەست دروست کراون. گەیشتنە لای تیپەکە. دەستی یەکتان بەردا، هەستت دەکرد دەستت لە بۆشایی دایە و پێویستە ئەو دەستە سۆزناکە گەرمەت هەر لە دەستا بێ، ڕزگار چووە لای فەرماندەکە و دڵنیای کردەوە لە ئەنجامی ڕاسپاردەکەی، فەرماندەکە کە تۆی بینی لە ڕزگاری پرسی:

– ئەو پێشمەرگەیە کێیە لەگەڵت؟

وشەی پێشمەرگە گەشکەیەکی خستە ڕۆحتەوە، پێشمەرگەت تا ڕادەی خۆشەویستی خۆش دەویست، ئەو وشەیە ختوکەیەکی گەشکاوییان دای. بەوەڵامەکەی ڕزگار خێراتربوو لەوەی یادگارییەکانت لەگەڵ وشەی پێشمەرگە و داستانەکانی پێشمەرگە بوروژێنێ.

– پێشمەرگە نییە کچێکی خەڵکی ئەم شارەیە و... هەندێک شتی گرنگی لە ماڵەوە بەجێماوە دەیەوێ بیانهێنێ.

– ئێستا کەی کاتی ئەوەیە؟! ئەو شتانە چین!؟ ئەگەر پارە و زێڕیشە

نابێ خەڵک ڕۆحی خۆی بۆ بخاتە مەترسییەوە، ئەوکارە ناکرێ، ڕەنگە بەنرخی ڕۆح تەواو بێ. تۆ تکات لێ کرد کە یارمەتیت بدات، هیچ نەبێ ڕێگەت بدات بەتەنها بچێتەوە ناو شار بەڵام ئەو قایل نەبوو، دوای تۆ ڕزگار داخوازی لێ کرد کە ڕێگەی بدا لەگەڵت بچێتە ماڵەوە، ئەو بەنەرمییەوە تێی گەیاند کە ئەو شتانەی لە ماڵوە بەجێ ماون پارە و زێڕ نین و بەپارە و زێڕیش ناپێورێن. ئەو هەرچەندە ئەو شتانەی لا گرنگ نەبوو بەڵام داواکەی ڕزگاری ڕەت نەکردەوە، دیاربوو ڕزگار کەسێکی خۆشەویستە لای هاوڕێکانی و قسەکانی برەوی هەبوو لەلایان، کادرێکی ڕووخۆش و کارامەیان بوو.

لەگەڵتا کەوتە ڕێ، شەوێکی سامناک بوو، دەنگی تۆپەکان هێندەی تر سامناکیان کردبوو، دەستی یەکترتان گرتبوو، دەتگوت دەمێکە هاوڕێیەکی گیانی بەگیانیتە، لە چەمەکە پەڕینەوە و بەسەر کەنارە زیخەڵانەکەدا ڕۆیشتن، ئەو شەوە ئێجگار گورج دەهاتیتە بەرچاو، هەستت بەماندوو بوونیش نەدەکرد، هەر چەندە گرمە گرمی تۆپەکان ئەو ناوچەیەیان تەواو سامناک کردبوو، تۆ شانبەشانی ڕزگار بێباکانە هەنگاوت دەنا. کەنارە زیخەڵانەکەتان بڕی و خۆتان کردە نێو کۆڵانێکی کەنار شار. جار جار ڕزگار بۆ بینینی بەرپێتان لایەتەکەی هەڵ دەکرد و خێرا دەیکوژاندەوە، نیوەشەو بوو، کۆڵانەکان نوتەکستانێکی ڕەش بوون، جگە لە ئێوە هیچ کەسی تر بەدەرەوە نەبوو، پێشمەرگەکان لە چەندان شوێندا لە سەربانی ماڵەکاندا بوون، جگە لەوان کەس لە شاردا نەمابوو، شار دەتگوت ناوچەیەکی ئەفسانەییە، چۆڵ و هۆڵ، تاریک و نوتەک، گوێسوانەی زۆربەی خانووەکان هەرەسیان هێنابوو، دەرگای زۆربەی ماڵەکان کون، کون بوو بوون. لەبەر ڕۆشنایی خێرایی لایتەکەدا وێرانییەکانتان دەبینی.

بۆ ماوەیەکی کەم دەنگی بۆمباکان کپ بوون و لەو هەلەدا ئێوە خێراتر بوونەوە، بەم کۆڵان و بەوکۆڵاندا تا گەیشتنە گەڕەکەکەی ئێوە، گەڕەکێکی هەژار نشین بوو، بێ نازیی و بێ خزمەت گوزاری پێوە دیاربوو، لە



کۆڵانەکەی خۆتاندا سەگێکیش نەدەوەڕی، ئەو کۆڵانەی کە سەگە برسییەکانی شەو هەتا بەیانی لە تاواندا وەکو گورگ دەیان لووراند و دەتگوت نزا دەکەن. بێباکییەکەت ڕەوییەوە و ترسێکی زۆر جێی گرتەوە، دووبارە تۆپەکان دەستیان پێ کردەوە، ڕزگار بۆ ئەوەی ترسی تۆ بڕەوێنێتەوە بەچرپە گوتی:

– مەترسە، تۆپەکان بۆ ئەم نزیکانە ناهاوێژرێن، دوورن.

هێشتا کۆتایی ڕستەکەی لە دەمدا بوو، دەنگێک کاسی کردن، هەر دەتگوت لە ناو سەری ئێوەدا تەقییەوە، لە ترساندا توووند باوەشتان بەیەکدا کرد، هەموو جەستەتان دەلەرزی، ترس بوو یان سەرما، نەتدەزانی؟ دانەکانت چۆقە چۆقیان پێ کەوت، دەبوایە خێرا ئەو کارە ئەنجام دەن، تۆپەکە ماڵی دراوسێکەتانی خاپور و وێران کرد، زۆر بەترسەوە دەرگای ماڵی خۆتان کردەوە و چوونە ژوورەوە، کارەبا لە تەواوی شارەکەدا کوژا بووەوە، ڕزگار لایتەکەی پێکرد و تۆش خێرا پەرتووکەکانت لە جەنتایەکی کۆڵە پشت پەستا و لە ئەلبوومەکەشتدا وێنەیەکی بچکۆلەی «سوارە»ت دەرهێنا و خستتە جەنتاکەتەوە، هەر بەخێرایی دوو پەتووشت بەستەوە و لە ئاشپەزخانەکەشدا کیسەیەکی خامت هێنا و هەندێک نان و خواردەمەنی وشکت تێکرد، ڕزگار یارمەتی دایت و پەتووەکانی لەگەڵ هەڵگرتی و خێرا ماڵەکەتان بەجێ هێشت و دیسانەوە بەکۆڵانەکاندا ڕۆیشتن. تۆپباران تا دەهات خەستتر دەبوو، ئێوەش تەکانی گەورەترتان دەدا، دووسەعات بەسەر نیوەشەودا تێ پەڕیبوو گەیشتنەوە نێو زیخەڵانی کەنار چەمە تەنکەکە، هەنگاوەکانتان بەردەکانی جێ لەق دەکرد و بەتەقە تەق نارەزاییان دەردەبڕی، باران وردە وردە دەباری و دەم و چاو و جلەکانی تەڕ کردبوون لەم سەرەوە تۆ لەبەر بارە قورسەکەت سەختتر هەنگاوت دەنا، ڕزگار هەر وەکو خۆی بوو، دەتگوت ڕاهاتووە هەمیشە بەو خێراییە بڕوات، هەناسەت سوار بوو بوو، بەڵام لەبەر مەترسی تۆپەکان نەدەکرا ڕاوەستن و پشوویەک بدەن، کە گەیشتنە لای تیپەکەی ڕزگار کاک «سمکۆ»ی

فەرماندە تووڕە ببوو، بەناڕەحەتییەوە بەڕزگارت وت:

– فەرمانی کشانەوەمان پێ دراوە، دەبوو نیو سەعات لەمەوبەر بڕۆین، بۆ ئەوەندە دواکەوتن؟

ڕزگار داوای لێبوردنی کرد و تۆش هەمان شێوە، خێرا لەگەڵ ئەواندا کەوتنە ڕێ، ئاوڕێکت دایەوە تا دوانیگای شار ببینی، جگە لە تاریکی هیچت نەدیی، دەتگوت لەو شوێنەدا هەر شارێکیش لە ئارادا نییە، بەڵام بەچاوی ڕۆحت یەک بەیەکی کۆڵان و شەقام و باخچە و ماڵەکانت دەبینی، دەتگوت ئەو شارە وەک هەر بەشێکی ئەو خاکە لە سەرتدا، لە دڵتدا، لە ڕۆحتدا بنیات نراوە، نەخشەیەکی فراوانی هەبوو لە ناختدا. گڵکۆکەی باوکیشت کە لەسەر خەتی سنووری ئەو شارەدا بوو تۆپێکی بەرکەوتبوو، یەکەم ڕۆژی ڕزگارکردنی شار، هێشتا تفەنگەکان بەئاوازی تەپڵی سەرکەوتن بەئاسماندا دەتەقێنرانەوە سەرێکت لە گۆڕەکەی باوکت دا تا لە مردن هەڵیسێنی و بەو ڕزگارییە شادی کەی، کە شار ڕزگار کرا تۆ فرمێسکت وشکی نەدەکرد، فرمێسکی شادی بوو؟ یان حەپەسانی چەندەها ساڵەت بوو دەتوایەوە و لە شێوەی فرمێسکدا دەباری؟ چویتە سەر مەزاری پیرۆزی باوکت تا باسی شکاندن و ڕووخاندنی پەیکەر و بتەکانی بۆ بگێڕیتەوە، گڵکۆکەی باوکت ڕووخابوو، هی ئەو و هی چەندان هاوڕێی مردووی تر، دەتگوت ئەوانیش ڕاپەڕیبون و بە تەکانێک گڵکۆکانیان ڕووخاندووە تا لە ڕزگارکردنی شاردا بەشدار بن، بەڵام دووبارە کوژرابوونەوە، دووبارە تۆپەکان شەهیدیان کردبوونەوە.

ماندوو بوو بووی، گریانت دەهات، هەر هەنگاوێ لە شار دوور دەکەوتیتەوە، غوربەت زیاتر شەپۆلی نائومێدیی بەسەردا دەهێنای، پەرتووکەکان بەکۆڵتەوە بوون و تەلیسەکەش بەدەستتەوە، پێشمەرگەکانیش چەکەکانیان باری قورس کردبوون و خێرا خێراش هەر دەڕۆیشتن، پەتووەکانت بەکۆڵی ڕزگارەوە بوو، ئەو هەستی بەماندوو بوونی تۆ کرد و هەنگاوەکانی تۆزێ خاو کردەوە، هاوڕێکانی پێش کەوتن و تەنها تۆ و ئەو



بیست هەنگاوێ دوورتر بەدوایانەوە بوون، بەڵام نەدەوەستان، گومان و ترس و نائومێدیی و غوربەت تێکڕا لە دەروونتدا پنگیان خوارد بووەوە و زمانیان بەستبووی، ئەو کارەساتەت هەر وەکو تیژە وەتیر دەهاتە بەرچاو، هەر دەتگوت کات و شوێنی ئەفسانەییێ و لە داستانەکانی گوێ ئاگردانەوە هاتوون ئەوانەی نەنکت بۆی دەگێڕانەوە، هەمان هەڵەموت و هەردە و دەرە، هەمان شەوی تاریک و نوتەک کە چاو چاوی تیا نابینێ، بەڵام دێوەزمەکان ببونە تانگ و زرێپۆش، غوربەت پڕی کردبووی لە گریان و هیچ قسەیەکت بۆ نەدەهات، ڕزگاریش وەکو تۆ بەبێ دەنگی هەنگاوی دەنا، بێدەنگییەکی پڕ لە مەنەلۆجی تاڵ، دەتگوت ئەویش گریان ئەوکی گرتووە و زمانی بەستووە، چەند سەیرە ڕووداوەکان چەند زوو شێوەیان دەگۆڕێ، لەو ڕێگا پڕ ترس و سامەدا ئاهەنگەکانی ڕزگاریت بیر دەکەوتەوە لە ناکاو ئاهەنگ بوو بەشەڕ، شادیی بوو بەترس، لەو کاتەدا گیسکەکەی هەیاست بیرکەوتەوە، ئەو گیسکەی کە بەمنداڵیی ببووە خولیایی دەرونت، زۆر جار لە دایکت دەبیست دەیگوت ئێمە وەکو گیسکەکەی هەیاسمان لێ هاتووە هەرتۆزی دێینەوە سەر خۆمان و دەبوژێینەوە چاوی گورگەکانمان پیشان دەدەن و دەگەڕێینەوە دۆخی جاران، ئەو قسەیە سەرنجی تۆی منداڵی ڕادەکێشا و زۆریش دەی ترساندی و وات دەزانی گورگ بەقەدەر شاخێک گەورەیە، ببووە خولیات و دەتویست شتێک لە بارەی ئەو گیسک و گورگەوە بزانی، شەوێکی فێنکی بەهار لەسەر بانە ئاورشێن کراوەکەتاندا لە پاڵ دایکتەوە نووستبووی، دایکت دەیویست بەگێڕانەوەی حیایەتی گوڕنەتەڵە و مریشکە کونجە بتخەوێنێ. گوتت:

– دایە حیکایەتی گیسکەکەی هەیاسم بۆ بگێڕەوە.

دایکت دوای تاوێک بێدەنگی و ڕامان گوتی:

ئەوە حیکایەتی منالاًن نییە، هی گوڕنەتەڵەت بۆ دەگێڕمەوە.

تۆزێ نوزە نوزت کرد و پێت داگرت لەسەر ئەوەی هەر دەبێ گیسکەکەی

هەیاست بۆ بگێڕێتەوە، دایکت هەرچەندە گومانی هەبوو لەوەی تۆ بەو تەمەنەوە کە هێشتا ددانی شیریت نەکەوتووە لە حیکایەتی وا تێ بگەیت دەستی بەپشتتدا کوتا و دەستی بەگێڕانەوەی کرد؛

– هەبوو، نەبوو لە مەملەکەتێکدا سوڵتانێک هەبوو، ناوی سوڵتان مەحموود بوو، ڕۆژێک سوڵتان مەحموود وای بەخەیاڵدا هات ڕەعیەتەکەی تاقی بکاتەوە...

– دایە ڕەعیەت چییە؟

– ڕەعیەت خەڵکە، خەڵکی ئەو مەملەکەتەی کە ئەو گەورە و سەرداریان بوو، سوڵتان مەحموود فەرمان دەدا هەریەکە و گیسکێکیان بداتێ بەکێشانە و بەپێوانە، دەبێ چل ڕۆژ ئەو گیسکە بەخێوکەن بەمەرجێ نە زیادی کردبێ و نە کەم...

– ئێ...!

– فەرمانیش دەدا هەر کەسێ توانی ئەو مەرجە بێنیتەدی ئەوە پاداشتی گەورە گەورە لە سوڵتانەوە وەردەگرێ. خەڵکەکەش گیسکەکان دەبەن و خەریک دەمێنن بەدەستییەوە، کە خواردنی دەدەنێ قەڵەو دەبێ و قورس دەبێتەوە، کە ناشی دەنێ لاواز دەبێتەوە و سووک دەبێ، لەناو ئەو خەڵکەدا پیاوێک هەڵدەکەوێ ناوی (هەیاس) دەبێ؛ لە دوای چل ڕۆژەکە کە گیسکەکەی دەباتەوە لای سوڵتان بانگی دەکاتە دیوەخان و لێی دەپرسێ تۆ چۆن ئەم گیسکەت بەخێو کردووە کەوا توانیوتە کێشەکەی بپارێزی. هەیاس دەڵێ:

– گەورەم من بێچووە گورگێکم هێنابوو، هەموو ڕۆژێ خواردنم دەدایە گیسکەکە و تێرم دەکرد بەڵام ئێوارە سەری گورگەکەم پیشان دەدا لە ترساندا دەچووەوە دۆخی جارانی، چل ڕۆژ ئەم کارەم کردووە، هەیاس خەڵاتی سوڵتانی وەرگرت و منیش هاتمەوە کاڵەم دڕا هیچم پێ نەبڕا.

حیکایەتێکی ئاسایی بوو لە لات، بەقەد گوڕنەتەڵە چێژی پێ



نەبەخشیت، نەت دەزانی بۆچی دایکت و ژنانی تر هێندە بەئاخ و داخەوە خۆیان وەک ئەو گیسکە دەبینن، هەروەکو چۆن ساڵێک دوای ئەوەی کە چوویتە قوتابخانە و مامۆستا یەکەم سروودی پێ لەبەر کردن و هاتیتەوە لە ماڵەوە دەتووتەوە دایکت و باوکت چاوەکانیان پڕ دەبوو لە فرمێسک، بەڵام تۆ هەر نەتدەزانی مانای چییە «چاوم هەڵهێنا دیم ئەم میللەتە... دیمەنی ژینی قەنارە و پەتە... گوێم بەدەنگی ئاخ زرینگایەوە... دەمم بەهاوار هەڵهێنایەوە... بۆیە هەر دەبێ پشکۆی تۆڵە بم... قوربانی خاک و هی ئەم خۆڵە بم» نەتدەزانی قەنارە چییە؟ تۆڵە چییە؟

پشکۆ، قوربانیی، میللەت، تەنها وەکو تووتی سرودەکەت وەکو قوتابییەکانی تر لەبەر کردبوو و دەتوتەوە، مامۆستا زۆر شیعری تریشی پێ لەبەر دەکردن و دەیوت ئەمە شیعری کامەرانە، ئێوەی بچکۆلە هەقتان بەسەر ناو و ناوەڕۆکەوە نەبوو، بۆ ئەوەی چەند دارێک نەخۆن و مامۆستا نێو لەپتان سوور نەکاتەوە لەبەرتان دەکرد.

پێت لە بەردێک هەڵکەوت و بەسەر دەمدا کەوتی، ڕزگار خێرا یارمەتی دای، هەستایتەوە، زۆرت ئازار گەیشتێ، جلەکانت قوڕاویی بیوون و دەستیشت قوڕاویی بوو، هەر بەشەڕواڵەکەت دەستت سڕیی و پاک کردەوە، دیسان ڕزگار دەستی گرتی و ئەمجارە پێکەوە دەستتان بەگفتوگۆ کرد، لە درزی ئەو گفتوگۆیانەوە تەماشای ناخەوەی یەکتان دەکرد، ڕۆحت ئاشنای ڕۆحی بوو، ژان و کەسەر و ئازارەکان هیواکانی لەیەک دەچواندن، پێت خۆش بوو ئیدیی هەر لەگەڵ ئەودا هەنگاو بنێیی، هەستت دەکرد ئەو شەوە سەرەتای کۆتاییەکە وەک چۆن کۆتایی سەرەتایەکیش بوو، هەستت دەکرد ڕزگار بۆتە «سوارە» و هێمنانە دەتدوێنێ، هەروەکو دوا ئێوارەی ماڵئاوایی دڵنەواییت دەکات، دەنگی هەمان دەنگی بەسۆز و دەتگوت بێشکەی ڕۆحە شەکەتەکەتن.

بارانەکە خۆشی کردبوو، هەورەکان گەواڵ گەواڵ بەرەو ژوور دەکشان و دەتگوت وەک ئێوە ڕاو دەنرێن، بولێڵی بەیانیەکی سارد و کەوە ڕۆژ بوو،

گەیشتنە ئەو خاڵەی کە دبوا ئیدی ئەوان لەوێ بمێننەوە، کاک سمکۆی فەرماندە ڕووی تێ کردی و گوتی:

– خوشکم ئیدی دەبێ تۆ بڕۆیت و ئێمەش لێرە بمێنینەوە، شارەکان هەموو چۆلیان کردووە و بەڕێوەن! تەنها نابیت، لەم ڕێگایەوە بڕۆ کاروانی خەڵکت دێتە ڕێ.

ساتێ وەستایت و قسەکان لە دەمتدا قەتیس مابوون، دەتگوت ساتی دەم بەیەکدادانی باوکت بوو، حەپسای، خەڵک هەموو بەڕێوەن، گەلە کۆچ، کاروانی خەڵک، چۆلکردنی سەرتاپا وڵات، ئەمە چ کۆچێکە! چ خەونێکی ناخۆشە! چ کابوسێکە! لەبەر بولێڵی بەیانییدا، لەبەر ئەو ڕووناکییە ئێجگار کزەی بەیانیدا کە هەر وەکو گڵۆپێکی سفر بەرچاوی ڕووناک کردبوونەوە سەیرێکی سیمای جەخار گرتووی هەموویانت کرد و سەرنجت وەک پەپوولە لەسەر ڕوخساری ڕزگاردا نیشتەوە، بەو تەنها ساتە دەتتوانی داستانێکی گەورەی ئازار و ژان لە چاویا بخوێنیتەوە، دەستی ماڵئاواییت لە نێو دەستی هەموویان نا، بەڵام ڕزگار دەستێکی جیاوازی هەبوو، لە هەموو ژیانتدا ئەوە دووەم پیاو بوو کە بەدەست گرتنی هەست و تەزوویەکی سەیر دات بگرێ و لەگەڵیدا هەست بە بەدڵنیا بوونێکی پەتیی بکەی، پێش ئەو تەنها دەستی سوارە ئەو هەستە بەچێژەی پێ بەخشیبووی.

ساتی ماڵئاوایی تۆی و ڕزگار دەتگوت ژانی منداڵ بوونە، ڕیزێک فرمێسک بەسەر نیگاتا داباری و تاڵاوی دوا نیگای دابڕان قیژەی نامۆیی و غوربەت بوو لە ناختا دەنگی دەدایەوە، حەزت دەکرد ئەویش وەک ئەو شیعرانە لە کۆڵ نێی و هەمیشە لەگەڵتدا بێت، دڵۆپە ئەشکە قەتیسماوەکەی چاوی ئەویش گەواهی ئەو ئازارە پەنهانە بوو کە ساتی ماڵئاوایی لە دەروونی ئەویشی چاند، باوەشت بەڕزگاردا کرد و پێت گوت:

– هەرگیز تۆم لەبیر ناچێتەوە.

فرمێسکە قەتیس ماوەکەی بەر بووەوە. نیگایەکی سەیر بوو، دەربڕینێکی قووڵی بێ وتن، خۆشەویستی بوو یان لە خۆشەویستی قووڵتر؟ ڕزگار دەفتەرێکی چکۆڵەی لەبەر باخەڵی دەرهێنا و دایە دەستت و گوتی:

– ئەمە یادگاری من بێ لەلات، بەنیازی دیدار.

کە ئەوەت بیرهاتەوە پەشیمان بوویتەوە لەو ساتە بیرکردنەوەیەی کە هانی دای دەفتەرەکانت بسوتێنی و خۆ گەرم بکەیتەوە، هەر بەو ڕێگایەدا هاتی کە بۆیان دەستنیشان کردی و کەوتیتە ناو ئەم ئاپۆڕە بێ ئەژمارەوە.دانیشتی تا ماندوێتی ئەو پیادە ڕەوییەت دەرچێ و شتێ بخۆیت تا هێزت بداتەوە بەر و دووبارە لەگەڵ کاروانە بێ سەر و بنەکەدا وەکو ماراسۆنێکی بێ ئامانج بکەونەوە ڕێ و هەنگاو هەنگاو ئەو زێدە پیرۆزەتان بەجێ بهێڵن.

مەودای نێوان خێزانەکان زۆر نەبوون، هێندە نزیک بوون لە یەکتر کە چاوتان لە جووڵەی یەکتر و گوێتان لە ئاخ و ناڵەی یەکتر بوو، دەتگوت ڕووەکی خۆڕسکن و لەو دەشتاییەدا ڕوواون و با کەروێشکەتان پێ دەکات. نانێکت دەرهێنا و دەستت کرد بە جوینی، بیرت پەرش و بڵاو بووبووەوە و نەشت دەتوانی بە تەواوەتی بیر لە شتێکی دیاری کراو بکەیتەوە، زێدی بەجێهێڵراو، هەرەس، دایکت و بەهاری خوشکت، ڕزگار، ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو، لە یەک کاتدا بیرت لە هەموان دەکردەوە و بیرت لە هیچیشیان نەدەکردەوە، هەروەک ئەوساتە سەختانەی حەپەسان و ڕامانە ون بوون لە نێو ملیۆنەها پرسیاری بێ وەڵام و وەڵامی بێ پرسیار وابوو، کاتێکت زانی ددانەکانت نانێکیان هاڕیووە و ئاودیوی جەستەت بووەتەوە، لە پڕ قیژەی ژنێک سەرتاپای بیر کردنەوە و خەیاڵتی دەرچوو، چاوەکانی داخستبوو هەر دەتگوت خەوێکی سووک خەوتووە و فریشتە دەیدوێنێ، دەتگوت کۆرپەیەکی ساوایە و باوەشی دایکیشی بێشکەیەکی ئەزەلییە، هەروەکو قەت پێشتر چاوی نەکردبێتەوە و ڕۆژگاری نەدیبێ، چاوەکانی داخستبوو، قژە ئاڵۆزکاوەکەی دەتگوت قژی لوولی

کۆرپە فریشتەییەکانی دەوری حەزرەتی مریەمن.

دایکەکە دەگریا، گریانێکی وا کە هەر ئەوەبوو گلێنە ڕەشەکانی هەڵ نەدەوەرین، سەرنجی لەسەر منداڵەکەی لانەدەچوو، دەتگوت دەیەوێ بیگوێزێتەوە قوڵڵایی چاوییەوە، تۆ و ئەوانەی دەوروبەریشی هەموو دەگریان و سەرنجی گریاناویتان چەقیبووە جەستەی منداڵەکە، دەتگوت دەتانەوێ بەسەرنجی بەسۆز ڕۆحی هەڵفڕیوی منداڵەکە بگرنەوە و دایکە بێ دەرەتانەکەی شاد کەنەوە، هەر لەو جێگایە چاڵێکی لاکێشەیی بچوکیان هەڵکەند، ویستیان منداڵەکە لە ئامێزی دایکی وەرگرن و بیخەنە باوەشی زەویەوە، دایکەکە توونـد توونـد منداڵەکەی گرتبوو بەسنگی خۆیەوە، وەک بیەوێ جەستەی خۆی و ئەو تێکەڵ بکات، دەتگوت هەوڵی ئەوە دەدات دووبارە بیخاتەوە نێوە سکی و جارێکی تر بۆ هەتا هەتایە لە سکی خۆیدا هەڵی بگرێ و هەرگیز نەیهێنێتەوە نێو ئەم دنیا بەمەرگ سیخناخ کراوە، لە دەستیان دەرهێنا و خستیانە سکی زەوییەوە، هەروەکو ساتی ژان گرتنی بەو منداڵە ژان گرتیی و تلاویەوە و خۆی خواردەوە، تۆش وێنەی سات بەساتی ژانەکانی دەچوونە ئەلبوومی یادتەوە، گڵکۆی منداڵەکەش هاتە نێو مێشکتەوە و هێندەی تر بیرت بووە شانۆی کارەساتە لە ڕۆژگار و شەوگار گەورەترەکان.

تۆش وەک ئەو خەڵکە جارێکی تریش بارگەت بەست و کەوتیتە ڕێ، ئافرەتەکە هێشتا بەسەر گڵکۆی منداڵەکەوە دەگریا، بارگەی بەستەوە، تا ئەویش بکەوێتە نێو ئاپۆڕەی خەڵک و گەلە کۆچەوە......

***



## ٢

دیلی دەستی کات بوون و نەیدەهێشت شوێن بەخۆتان بگرن، کە هەستتان بەتارمایی خێو ئەندازی شەو دەکرد هەنگاوتان ترسناکتر و گورج تر دەبووەوە، وەک ئەوەی مەرگ لە بەرگی تارکیدا بێ و بیەوێ خۆی بخزێنێتە دیوەخانی ڕۆحی لە چنگدا گرمۆڵە بووتان، تۆ دەڕۆیت و هەمووان دەڕۆن، زرمەی تۆپەکانیش بەدواتانەوەن، کۆڵ و بارەکەت پشتت کووڕ دەکاتەوە و، هەمووان بەپشتی بەسەرما و بار کووڕ بووەوە دەڕۆن، ئێوارەیەکە لە هیچ ئێوارەیەکی تر ناچێ، هەرچی پەڕەی ڕەشی مێژووە هەڵدەیتەوە ئێوارەیەکی تری لە شێوەی ئەم ئێوارەیەی تیا نابینی، مەگەر هەر لە ئەفسانە تۆمار نەکراوەکانی خۆتاندا هەبن، بەڵام نایەتەوە بیرت نە نەنکە پیرە و نە باپیرەت هیچ حیکایەتێکی لەو شێوەیەی بۆ گێڕابیتیەوە، بیر دەکەیتەوە و لە دیمەنی خۆت و خەڵک ڕادەمێنی و گومان دەکەی لەوەی ئەو ئێوارەیە ئێوارەبێ، گومان دەکەی لەوەی کات و شوێن لە ئارادان و ئێوەش مرۆڤی ڕاستەقینەن و ئاسایی هەنگاو دەنێن، هەست دەکەی هەنگاوەکان هەنگاو نین و تەقەڵی گەورە گەورەن و چیا نوشداری دەکەن، ناو سکی کێوان دەبینی لە دەرەوەن و بینراون، جەرگ، دڵ، گورچیلە، هەست دەکەی شاخ وەکو تۆ ڕۆح و جەستەی هەیە و لەو ساتەدا هەنگاوە ترسناکەکان نوشداری دەکەن، بیر دەکەیتەوە و لە خۆت ڕادەمێنی، بەبێ ڕای خۆت قاچەکانت وەک هی مرۆڤی لە تەن دروست کراو دەڕوا و دەڕوا و ناوەستێ، مێشکت هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر جەستەتدا نییە، هێندێ جار عەقڵت فرمانیشی پێ دەکا ڕاوەستێ کەچی سەرپێچی دەکا و هەر دەڕوا، دەڵێی جەستەیەکی یاخییە و چی تر نایەوێ گوێڕایەڵی فرمانەکانی مێشکت بێ، تەنها زرمەی تۆپەکان فەرمانی پێ دەکەن هەنگاو شوێن بەجێ بهێڵێ و ملکەچی ئەو فرمانە زەبر بەدەستە بێ. بەدەم ڕێوە لە خەڵک ڕادەمێنێ،

ڕەنگیان لە هیچ ڕەنگێ ناچێ، پەردەیەکی ترس ئەدگاری هەموویانی داپۆشیوە و ناهێڵێ هیچ ڕەنگێکی دیاریکراویان هەبێ، گوێت لە وژە وژی قسە و باسەکانیانە بەڵام دەنگەکان ئاسایی نین، لە دەنگی مرۆڤانێ دەچن ئیزرائیل لەسەر سنگیان ڕاوەستابێ و بیەوێ هەر ئەو کاتە بیان تاسێنێ، باسەکان ئاسایی نین، تەنها باسی جەخماخە و هەور و باران و با و مەرگن، کەس باسی ژیان ناکات، کەس بەتەما نییە داهاتوو ببینێ. سەیری چاوی پیاوەکان دەکەی شەوقیان نییە و کزکز بوونەتەوە، هەر دەڵێی ئەو پیاوانەش نین کە سمێڵیان بادەدا و وایان دەزانی سمێڵ نێر بوونیان دەپارێزێ و دەردەخا! دەڵێی ئەو پیاوانەش نین لەماڵەکانی خۆیاندا سەردار بوون و ژن و منداڵەکانیشیان ڕەعیەتی بێ دەسەڵاتیان بوون، سەیری چاوی ژنەکان دەکەی، لەو ساتانە زۆر کزترن کە لە ژێر ڕەحمەتی تێڵای مێردەکانیان فرمێسکی ئاشکرا و نهێنییان هەڵدەڕشت، سەیری چاوی مناڵەکانت دەکرد، مات بوون لەو ساتە ماتانەی کە مامۆستا دەستیانی بەدار تۆزاندبووەوە، شێوەکان شێوەی تر بوون، ڕەنگەکان ڕەنگی تر بوون، تۆش نە خۆت بوویت و نە خۆت نە بووی! هەستەکانت لەبەر سەرما و هیلاکی تەزی بوون و نەتدەزانی شاعیریت یان شاعیر نیت!

نەتدەزانی کچیت یان کچ نیت! بیرت بڵاو دەبووەوە و کۆ دەبووەوە، دەچووە لای دایکت و بەهار، ئاخۆ بێ تۆبی چەند ئازاری ئەو دایکە دەروون پڕ لە کەسەرەت بدات، چاوی دایکت دەهاتە بەرچاو کە چۆن شێتانە دەیگێڕێ و تەماشای هەموو کچانی لە تەمەنی تۆ و لە شێوەی تۆ و لە قەبارەی تۆ دەکات و لە حەژمەتان دەستی بەهار تووند دەگرێ نەک ئەویشی لێ ون بێ، بەدیتنی هەر دەموچاوێکی لە شێوەی دەموچاوی تۆ دڵی دادەخورپێ و بانگی تۆ دەکات بەڵام کە دەزانێ ئەو کەسە تۆ نیت خامۆش دەبێتەوە، وەک خامۆش بوونەوەی ئەو ساتانەی کە ئیتر دڵنیا بووەوە لەوەی باوکت تەواو بوو ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ لای، دڵنیاییەکی ڕەشتر لە قەتران. لە سەرەتادا هەستێکی سەیری لابوو، هەرچەندە بەچاوەکانی



لاشەی لەت و پەتی باوکتی دی و لە دوا دەم بەیەکدادانیدا ئاگای لە مەرگی بوو، بەڵام وەک باوەڕی بەچاوی خۆی نەکردبێ، هەستی دەکرد ئەو نەمردووە و دێتەوە، لەگەڵ هەر لە دەرگادانێک ڕادەچڵەکی و سەرەتا دەموچاوی دەگەشایەوە، بەڵام دواجار خامۆش دەبووەوە، وردە وردە دڵنیا بوو کە ئیتر ئەو مێردە کۆتایی هات و نایبینێتەوە، سامناکترین دڵنیایی بوو. لە نەکاو بیرت دەچووە لای ڕزگار، ڕزگارت دەهاتە بەر چاو تاوێرێکی کردۆتە سەنگەر و تۆپەکانیش بێ مێهرانە لەم بەر و لەو بەری زرمەیان دی و دەتەقنەوە، ئەویش لەگەڵ هەموو تەقینەوەیەکدا چاوە گەشەکانی دادەخا و دەستی لە ژیان دەشوا، بەڵام کە تەقینەوەکە تەواو دەبێ و جەستەی خۆی دەبینێ وەکو جاران دەجوڵێتەوە و هیچ پریشکێکی بێ بەزەیی تۆپەکانی بەرنەکەوتووە زەردەخەنەیەک دەکەوێتە سەر لێوەکانی و دەست دەنێت بەزیناتی تفەنگەکەی و تەقەیەک دەکا، گوێی لە دەنگی تفەنگەکەی خۆی دەبێ، دەبیستێ لە چاو دەنگی تۆپەکاندا دەنگی تفەنگەکەی ئەو زۆر هێواش و نەبیستراوە، زەردەخەنەکەی دەکوژێتەوە و تارمایی نائومێدییەک سەرتاپای دادەگرێ... تەماشایەکی بن بەردەکانی تر دەکات هاوڕێکانیشی وەکو خۆی هەمان تارمایی داپۆشیوون، لە ناکاو دەنگی یەکێکیان دەبیستی «کوڕینە دەستوبرد کەن نزیک بوونەتەوە و بەرەو ڕوومان هاتن». تفەنگەکان دەستی پێ دەکەن گوللە وەک برێشکە دەست دەکات بەتەق و تۆق...... پاش ماوەیەک دەنگی تەقەکان ڕادەوەستن، دوژمن شکایەوە، سەربازەکان کشانەوە، ڕزگار و هاوڕێکانی بەشانازییەوە سەیری یەکتری دەکەن و باسی شەڕەکە دەکەن، تا ئەو ساتەی فڕۆکەکان دێن و ، ئەمانیش دەچنەوە بن بەرد و کونە تەیارەکانەوە بۆردومانی شار دەکرێ، بۆردومانی شاخ دەکرێ، سەربازەکان دێنە پێشەوە، هێرش دەست پێ دەکاتەوە، ئەمجارە جگە لە کشانەوەی پێشمەرگە و خۆ دەربازکردن هیچ ڕێگایەکی تر نییە، لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی تر لە شەڕەکە دوور دەکەونەوە، شوێنی سەرکەوتنی یەکەم جار دەکەوێتە دەستی دوژمن، لە بەرەیەکی دوورترەوە

سەنگەر ساز دەکەن، فڕۆکەکان دیسانەوە وەک تەیرەکانی ئەبابیل دێنەوە، پێشمەرگەکان لە ڕوانگەی ئەواندا سوپای ئەبرەهەن و دەیانەوێ دەریان کەن لەو خاکە، چ مێژوویەکی بێ شەرمە ئەوەی مێژوو نووسە بێ شەرمەکان دەینووسن! هەنگاو بەهەنگاو ڕاویان دەنێن تا خاکیان پێ چۆڵ دەکەن. دیسانەوە بیرت کۆ دەبێتەوە و دێیتەوە لای ڕێچکەی مێروولە ئاسای گەلە کۆچەکە، بیر دەکەیتەوە ئەمرۆ چەند شەممەیە، نازانی، زیاتر بیر دەکەیتەوە هەر نازانی! خۆشت نازانی بۆ دەتەوێ بزانی چ ڕۆژێکە و چەندی مانگە، ڕەنگبێ بتەوێ مێژووی ئەو کارەساتە لە مێشکتا بنووسیتەوە، جا بەچی دەچێ، مێشکت پڕە لە مێژووی کارەساتی سەیر، ئەوانەی کە لە هیچ کتێبێکی مێژوودا وەکو خۆیان تۆمار نەکراون، ئەوانەی کە ئەگەر وەکو خۆیان تۆماربکرێن هەموو مرۆڤایەتی دەخەنە ژێر چەتری نیشانەیەکی گەورەی پرسیارەوە.، سەیرێکی لای چەپت دەکەی پیاوێکی چل ساڵی دەستی منداڵێکی سێ ساڵی گرتووە، سەرما و ترس دەموچاوی گرژ و خەمیش مۆنی کردووە و چەندان خەتی کورت و درێژ و ناڕێک وەک نەخشەی جوگرافیای نیشتمانێکی لەتوپەت دەموچاوی شێواندووە.

لێت پرسی:

– ئەرێ کاکە ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟

دەتگوت قورسترین پرسیاری لێ کراوە، هێڵەتەریبەکانی نێو چاوی چوونەوە یەک، کەوتە بیر کردنەوە، تاس بردییەوە، لەوکاتەدا چی وەبیر هاتەوە، کام وەیوشوومە و کام کارەسات، نەتزانی، وەڵامی پرسیارەکەتی پێ نەبوو، ژنەکەی بەکۆڵ و بارێکەوە چەند هەنگاوێ لە دواترەوە بوو، ئەویش نەیدەزانی، پیاوێکی ڕیش سپی ئەو وەڵامە قورسەی پێ درایەوە بەسکاڵاوە گوتی:

– ئەمڕۆ جومعەیە؟ خوایە تۆبە، هەزار و یەک تۆبە، نوێژی جەماعەتیشمان لە کیس چوو.



پیاوە چل ساڵییەکە گوتی:

– خاڵۆ گیان لە جیاتی نوێژی جەماعەت کۆچی جەماعەت دابەستراوە!

وشەی (کۆچ) وەکو چەقۆیەکی تیژی داخکراو چزەی لە گوێتەوە هەڵساند... ئەی تا کوێ بچن؟ چەند ملیۆن هەنگاوی تر بنێن؟ ئەم کۆچە لە کوێوە دەستی پێ کرد؟ لە کوێ کۆتایی دێت؟ کۆچی دوایی، کۆچی دوایی، مردن، تەنها مردن دوا کۆچە، وەک چۆن لە دایک بوون یەکەم کۆچ بوو، چ کارەساتێکە ژیان، بەتایبەتی ژیان لێرە، لە ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی لەو وڵاتەدا... هەنگاو هەنگاوی قووت دەدا، کات دەڕوا و تاوان دەمێنێ خەریکە دووبارە شانۆی شەو نومایشی ئازار و تاڵاوی کۆچتان لەژێر پەردەی تاریکیدا بۆ بەنهێنییەوە بکات، دیسانەوە ژووانتان لەگەڵ هەور و بروسکە و باراندا هەیە، هەور دەڵێی ساڵەهای ساڵە ئێوەی نەدیوە وا لەو ساتەدا بەدیمەنی پەرش و بڵاوبوونەوەتان بەسەر ئەو کێو و هەردەدا دەگرمێنێ و دەبارێ، دەڵێی لە خۆشی نەبوونی ماڵ و دیوار کە جاران بینینی ئێوەی لێ قەدەغە کردبوو وا بەپەرۆشەوە دەتانشواتەوە، دەبارێ و دەبارێ و پشوویەک نادا، تەڕتان دەکا جلەکانتان، پێستتان تەنانەت هێندێ جار هەست بە تەڕ بوونی گۆشت و خوێنی خۆتان دەکەن، هەست دەکەن باراناو تێکەڵ بەخوێنتان دەبێ، هەست دەکەن ناوەوەی جەستەشتان وەکو ئەو دەشت و دەرە بووەتە قوڕ و چڵپاو، بێزار دەبن، دەگریەن، جنێو دەدەن، بەڵام نە هەور لە گرمەی خۆی دەکەوێ، نە ئاسمان لە فلاش لێدان دەکەوێ، هەر دەڵێی بروسکە فلاشە و ئاسمان وێنەی ئەو مەرگەساتانە دەگرێ. بەمنداڵی پێیان گوتبووی خوا یەک دنیای دروست کردووە و لە ئاسماندایە و ئاگای لە خشەی مار و مێرووە، لەوساتانەدا وات دەزانی ئەمە خوایە فلاش لێ دەدا و وێنەتان دەگرێ، لە دڵی خۆتەوە دەتگوت بشێ ئێستا خوا خەمبار بێت کە ئەم دیمەنە تراژیدیایە دەبینێ یان ئەویش وەکو ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان وێنە دەگرێ و سبەینێ لە تەلەفیزیۆنەکاندا پیشانی خەڵکی ئەستێرەکانی دەدا و ئەوانیش هاوکات خەمبار دەبن! بەڵام

که وێنەکان هەڵگیران و خرانە ئەرشیفی تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامەکانەوە کەس مەرگەساتی ئێوەی لە بیر نامێنێ. بروسکەکان وێنەی زۆر مردن و ڕەق بوونەوەی منداڵ و پیریان گرت، وێنەی زۆر درم و پەتا و گیان دانیان گرت، هەموویان لە ئەرشیفی خوادا پارێزراون!

پێش ئەوەی شەو دابێت و تاریکی ناوچەکە بکاتە چاوئەندازێکی ترسناک لە ڕوو و ڕووخساری یەکتر ڕادەمان و تۆخژنتان بەیەکتر دەهاتەوە، هەموتان هەمان شێوە داماویتان لەڕوو دەدرەوشایەوە بەڵام سوپای تاریکی لە یەکتری دابڕیوون و کەس کەس نابینێ، تەنها گوێتان ئاگاداری گریان و کرووزانەوەی یەکدییە... تۆش بەتەنها لە چەندبستێ زەوی شێداردا پەتوویەکت ڕاخستووە و پەتوویەکت پێچاوەتە خۆت و دانیشتووی، گریانت دێ و ناگریەی، خۆشت نازانی بۆ ناگریەی، دەڵێی بەربەستێ لەبەردەم شەپۆلی فرمێسکت دایە و ناهێڵێ ڕەهابێت... تاریک و نوتەکە... ئاسمان دەڵێی لافیتەی ڕەشی پرسەیە، زەوی دەڵێی کێلگەی مرۆڤی خورسکە! هەر دەڵێی قارچکن بەو دەشت و دەرەوە هەڵتۆقیوون، ئەو تاریکییە ژووری ئینفرادی زیندانی وەبیر دەهێنایتەوە لەوێش تارکی وەک پارچەیەکی قەتران چن چاوەکانتی کوێر کردبوو، بەڵام کەس گوێی لە کرووزانەوەت نەبوو، ئێستا گەر گوێ هەڵخەی گوێت لە ملیۆن کرووزانەوەی تر دەبێ، ئەوە زیندان بوو ئەمە کۆچ، کۆچێکی پڕ لە کۆچ، سێ ملیۆن کۆچ لە کۆچێکدا! تیژە وەتیرە و وەڵامەکەی بەدەستی مێژووەوەیە، بەڵام مێژوو هی ئێوە نییە، ئەمە سیاسەتە سیاسەت، سیاسەتیش بەدەستی گەورەکانی ئەم زەمینەوەیە!

هاوارەکانتان نانووسرێتەوە، داد و بێ دادتان ناخوێندرێتەوە، خۆت کوور کردووەتەوە هەر وەکو ئەو هەورازانەی ساڵەهایە بۆ هەنگاوی پڕ لە سامی پێشمەرگە کوور بوونەتەوە، دەتەوێ تاوێک خەو بچێتە چاوەکانت، چرکەیەک ئاگات لەو دنیایە نەمێنێ، کوا سەرما ڕێگەی ئەوەت دەدات؟ ژانەسەر خەریکە دەمارەکانی سەرت دەپچڕێ، هەست دەکەی هەر ئێستا



دەمری و ئەو ژانەسەرە دەتکوژێ، قەت ژانەسەری وات نەدیبوو ئەو ڕۆژە نەبێ کە هەواڵی مەرگی سوارەیان بەگوێتا چزان، ئەو ڕۆژەی کە لە خەیاڵی خۆتدا سەدان نەخشەت کێشا چۆن چۆنی ژووانێ لەگەڵ سوارە سازکەی، جارێک بیرت دەکردەوە لە ناکاو بچی و پێشتر هەواڵی نەدەیتێ ئەوسا شادمانتر دەبێ، جارێک بیرت دەکردەوە نامەیەکی بۆ بنووسی و ئاگاداری کەیتەوە لە ڕزگار بوونت لە بەندیخانە، جارێک بیرت دەکردەوە بنێری بەدوایدا بێتە ئەو دێ نزیکانە و ببینی، هەر جارە و نەخشەکەت دەگۆڕی و دانەیەکی ترت لە جێگەی دادەنا، ئەشکەنجە و ئازاری زیندانت لەبیردەچێتەوە و لەبیر دەبەیتەوە.

هاتیتەوە بۆ ماڵی خۆتان، ئەو ماڵە سارد و سڕەی دەمێک بوو بێ باوکێتی کردبوویە کوانوویەکی سارد و پڕ لە خۆڵەمێش، دایکت بەدیتنی تۆ کۆڵێک شادمان بوو، دەتگوت هەر ئەوساتە تۆی بووە، هێندە شادمان بوو دەگریا، دوای تاوێ هەواڵی سوارەت پرسی:

– دایە گیان «سوارە» چۆنە؟ ئێستا لە کوێیە؟ دەتوانین هەواڵی بۆ بنێرین بێتە ئەم نزیکانە؟ ڕەنگ لە ڕووی دایکت هەڵگیرا، دەتگوت لیمۆی زەردە و گوشراوە، دەیویست وەڵامی پرسیارەکەت بۆ ڕێک بخات و هیچ نەبێ لەو ساتەدا ڕاستیت لێ بشارێتەوە، بەڵام تۆ هەستی دایکت خوێندەوە، زانیت شتێ ڕووی داوە، مردن؟ دڵت داخورپا، خورپەیەک وەک ڕووخاندنی باڵەخانە بەرزەکان لە کاتی بوومەلەرزەیەکی سەرانسەریی وڵاتێک گشت ئەندامەکانی جەستەی هێنایە ژان. سوارە دوومانگ بوو شەهید بوو بوو، حەپەسای، فرمێسکت قەتیس ما و ژانەسەر خەریک بوو بتکوژێ، خەریک بوو دەمارەکانی کەللەسەرت بپچڕێ، بەڵام نەی دەکوشتی، دوو مەرگ و دوو ئازیز حەپەسانێکی مەزنیان تێدا دروست کردی، ئەم شەویش لەوساتە ناهەموار و حەپەساوانەت دەچێ و ژانەسەر خەریکە تەوقی مەرگت لەبەر بکات، بشێ ئەمشەو تەواو بێت، ئەی چۆن تەواو نابێت؟ تۆ ئەو هەموو شەوە دەیجوورانەی زیندانت پێ تەواو کرا،

بەتایبەتی شەوی یەکەم، شەوێکی ئەنگوستەچاو، شەستە بارانی هەورێکی تووڕە و سەرکەش میوانی هەرێمی جەستەی شەکەتت بوو، کەشی زستانی وا تەزیو کەم جار دەبووە میوانی گەرمەسێر، مووچورکی سەرما تەرز بەسەرتاپای جەستەی شەکەتتدا دەهێنا، تەوقی سەرت ببوە مەیدانی هەڵبەز و دابەزی دڵۆپە تەزیوەکان، نیگاکانت لە سنوورێکی تەسکدا ئاوێتەی تاریکی دەبوون، دەلەرزیت و چۆقەی ددانت دەهات، تا ئەو کاتە ڕێکەوتی زستانی وا سەختت نەکرد بوو. سەرما سەختەکە و بارانە بەردەوامەکە لەوە دەچوو فرمانیان پێ کرابێ ئەو شەوە بەنیازی کوشتنی تۆ وا بەخور دابکەن، وەک نابینا چاوەکانت زەق دەکردەوە و هیچیت نەدەدی، ئەو جلانەشی کە لەبەرتدا بوون کراس و تەنوورەی قوتابخانە و چاکەتێکی ڕەش باراناویان لێ دەچۆڕا، کە بارانەکە بۆ چەند ساتێکی کورت ڕادەوەستا و کزەبایەک هەڵی دەکرد ئەوەندەی تر سەرما دەگەیشتە ماسولکە گرژەوە بووەکانت، هەردوو دەستت و لوتت و گوێچکەکانت هەستت نەدەکرد پێیتەوە ماون، دەمێک بوو وەک داوەڵێکی نێو کێڵگە لەوێیان چەقاندبووی، هەستت دەکرد هەردوو پێت توانای هەڵگرتنی نیوەکەی تری جەستەتیان نەما، ویستت بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر چیچکان دانیشی و بحەسێیتەوە، بارانەکەش هەروا سەر و جەستەی دەشوشتیەوە، هەورە بروسکەش جار جار بۆ ماوەیەکی ئێجگار کورت بەر پێی ڕووناک دەکردیەوە، وات زانی بروسکە، یان گرمەی هەورە، بەڵام ئەمجارە نەڕەیەکی لە گرمەی هەور سامناکتر بوو...

– دامەنیشە، سەگی کچی سەگ خۆ بۆ میوانیمان نەهێناوی!

ئای دایەگیان، چەند ترسناک بوو ئەو دەنگە، زوو هەستای، سەرماکە هێزی لێ بڕیبووی، خوێنی شادەمارەکانت لەوە دەچوو بەستبێتی بۆیە جار جار لەبەر ڕووناکی بروسکەکان قامکەکانی خۆت دەبینی سوور هەڵگەڕا بوون و گۆیان نەدەکرد. دوو هەنگاو چوویتە دواوە، وەکو نابینا دەستت بۆ دواوە ڕاگرت بەڵکو دیوارێکت لە پشتەوە بێ و پاڵی پێوە بدەی، بەردێکی



گەورە لە پێت هەڵکەوت و بەپشتدا کەوتی و ئازارێکی سەخت لە پشتت هەڵسا، ئازاری سکت و پشتت هەر لە ئێوارەوە نائارامیان کردبووی، لەوکاتە شوومەدا خوێن ڕێژی مانگانەش سەرباری ئازارەکانی تربوو، ئەو ئازارە سروشتکردەی هەموو مانگێ چەند ڕۆژێ بەدحاڵی دەکردی و ئەوساتەش باران و سەرما زەمینە خۆش کەری ئەو ژانە سەختە بوون.

هەستایتەوە و دوو هەنگاوی ترت بۆ دواوە نا، ئەمجارەیان بەئاوات گەیشتی، ئەوە دیوارێکە، پاڵت پێوەدا و قورسایی جەستەت لەسەر لاقەکانت و بە پشتیوانی دیوارەکە سەقامگیر کرد، لە نزیکەوە دەنگی قاقای ئەوانت دەبیست، ئەوان لە ژوورەوە بەزمی مەی نۆشینیان گەرم بوو، دەنگیان کاسی دەکردی، دەنگیان بۆ تۆ وەک قورقوشمی تواوە بوو دەتگوت گوێی تۆی پێ سیخناخ دەکەن. نەت دەزانی کاتژمێر چەندە؟ دەتگوت قەت ئەمشەو تەواو نابێ و ڕەق دەبمەوە، چاوەکانت لەو سنوورە تەسکەی نوتەکستانەدا ڕەها کرد و لە دووری دوورەوە گڵۆپێکی هەڵکراوت بەدی کرد، لەگەڵ ئەو ڕووناکیەدا بوویتە هاودەم، دەتگوت ڕەنگبێ لە ڕووناکی ئەو ژوورەدا لاوێکی خوێن گەرم دانیشبێت و ڕۆمانێک بخوێنێتەوە، یان کچێکی زیرەکە و بۆ تاقی کردنەوەیەک بەدیار کتێبەکانییەوە بێدارە، یاخود ژنێکە بەم نیوە شەوە ژان دەیگرێ و ماندوو بووە و شەلاڵی ئارەقە و ها ئێستا ها ساتێکی تر کچێکی جوان یان کوڕێکی جوانی دەبێ و مرۆڤێکی کەساسی تر دێتە سەر ژمارەی زۆر و بۆری دانیشتوانی زەوی، ڕەنگە شاعیرێک بێ و ژانی شیعرێک بێ ئارامی کردبێ و بیەوێ گوزارشت لە باری دەروونی خۆی بکا، دەتزانی شیعر چۆن ژووانی نیوە شەوان دادەنێ لەگەڵ شاعیر، ماوەیەک بوو لەگەڵ شیعرا کەوتبوویتە عاشقبازی و زۆر کەڕەت ژووانی نیوەشەوتان پێکەوە هەبوو، زۆر جاران بێ ئاگاداری تۆ دەهات و ئاوێزانت دەبوو، هەروەک ئەو نیوەشەوەی ئەو شیعرەت نووسی و ژانەکانی نێرگزت تۆمار کرد، جگە لە دەربڕینی هەستێکی مرۆڤانە چیت وتبوو؟ ئەو شەوەی نێرگز ژان دەیگرت

زستان بوو، زستان حەسارگەی زۆربەی کارەساتەکان بوو، مامانەکە ئێشکی ئەو ژانەی نێرگزی دەگرت و ئەویش شەلاڵی ئارەق بوو، نەدەیتوانی نە دانیشێ نە هەستێ نە پاڵ کەوێ، دەتگوت بەچەقۆ لە ناخەوە ورگی چەقۆ ئاژن دەکەن، شارێکی خامۆش و سارد، جگە لە گڤەی با کە وەک گورگ دەیلوراند و سامناکییەکی دەخستە دڵەوە هیچی تر نەدەبیسترا، شار دەتگوت لە گەرووی ئەفسانەکانەوە دەرهێنراوە، شەو دەتگوت لە جیووە و قەتران هەڵکێشراوە، نێرگز لە تەنگانەی مناڵ بوون دابوو، مامانەکە گومانی لە ژیانی نێرگز و مناڵەکەی دەکرد، هاتن، کۆمەڵێک چەک بەدەست بەقۆناغە تفەنگ بەربوونە ئەو دوو ئافرەتە... دەیانپرسی:

– کوا؟ مێردەکەت لە کوێیە؟

ئازاد دوو مانگ بوو ڕێی چیای گرتبووە بەر، نێرگزیان برد و دوای دوو مانگ بینیانەوە، «شاخەوان»ی بوو بوو، شەوی ژان گرتنی نێرگز و زیندان کردنی لە شاردا بوو بەسەرباسی هەموو دانیشتنێ، تۆش شیعرێکت بۆ نێرگز نووسی، ئەو شیعرەیان پێ گرتی و تۆشیان گوێزایەوە بۆ هەمان جێ، چەند شەوێکی درێژ بوو، دەتوت قەت کۆتایی نایەت، کەچی کازیوەت دووبارە بینییەوە، خەریک بوو گزنگ و چاوت جارێکی تریش یەکتر بدوێنن، بەڵام بانگیان کردی و، بردیانی بۆ ژوورێکی پۆشتە و پەرداخ، کابرایەکی لاوازی درێژ لە پشت مێزە دارەکەدا دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا، بەتەوسێکەوە پێی گوتی:

– دانیشە!

دانیشتی، زۆرت پێویست بەو دانیشتنە بوو، کابرای لاواز هەستا و بەدەستی خۆی سۆپا نەوتیەکەی لە پێش تۆ دانا، سەیرت پێ هات، بشێ ئەمە بەزەیی پێداهاتنەوە بێ؟! بڕوات نەدەکرد، چونکە لە هەمان شوێن دوا هەناسەی باوکت بینی، قاچەکانی باوکت لە هەمان شوێن ون بوون، ڕۆحی



باوکت لە هەمان شوێنەوە دابوویە شەقەی باڵ و هەڵفڕیبوو ئیدی چۆن باوەڕ بکەی بەزەییان بەتۆدا بێتەوە، دیسانەوە بەتەوسەوە پێی گوتی:

– دەزانی تۆمان لەبیر چووبووەوە و هەر لەبەر ئەو بارانەمان جێ هێشتبووی، سەرمات نەبوو؟

تۆ هیچت نە وت، لە پاڵ سۆپاکەوە دەلەرزیت و گەرمای سۆپاکە هەڵاوی لە جلە تەڕەکانت هەڵدەستاند، هات لە تەنیشتتەوە دانیشت، مژێکی لە جگەرەکە دا، بەدەستی ڕاستی دەستێکی بەپشتت داهێنا و بەهێمنییەوە گوتی:

– هێندێ پرسیارمان هەیە، دڵنیام بەڕاستی وەڵاممان دەدەیتەوە!

تۆ هەر بێ دەنگ بووی، لەو ساتەدا لە دڵی خۆتەوە دەتگوت خۆزگە زمانم نەگرتایە، خۆزگە مرۆڤ قسەی نەکردایە، بێدەنگی چەند دنیایەکی قەشەنگە، خۆزگە لێت بگەڕێن هەمیشە بێ دەنگ بیت بەڵام لێت نەگەڕان. پرسی:

– ناوت چییە؟

– نەورۆز!

– نەورۆز کێ؟

– نەورۆز بایز ئەحمەد.

– باوکت ماوە؟

– نەخێر.

– باوکت چۆن مرد؟

لە جیاتی وەڵام دانەوە ڕیزێک فرمێسک لە چاوتەوە دابارین، دەتگوت بورکانی حەپەسانەکەت تەقیوە و فرمێسکی ئاگرین دەبارێنێ، فرمێسکی گەرم یەک لە دوای یەک دەهاتنە خوارەوە و دەتکانە سەر کراسە سپییەکەت کە بەباران تەواو تەڕ بوو بوو، ئەو هەستا و چوو لەسەر مێزەکە لاپەڕەیەکی

هێنا چەند دێڕێ شیعری تێدا نووسرا بوو گوتی:

– ئەمە هی تۆیە؟

– بەڵێ!

ڕێک لە دەستی خۆت گیرابوو، چۆن نکۆڵی لێ بکەی، لە دڵی خۆتدا دەتگوت کەی ئەو شیعرە هێندە کاریگەرە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، شیعرەکە ناوی خۆتی لە ژێردا نووسرابوو، کاغەزەکەی دانا و پرسی:

– هاوڕێکانت کێن؟

– کام هاوڕێ؟

– لەگەڵ چ گروپێکدا کار دەکەی؟

– لەگەڵ کەس کار ناکەم.

کێبڵەکەی دەستی کە هەر لە سەرەتای دەست بەلێکۆڵینەوە کردن هەڵی گرتبوو کێشای بەسەر پشتت و تەنها هاوارێکی بەرزت لێ هەستا، کێبڵەکەی هێندە لە ناکاو پیا کێشای کە هەر وەکو لە غەیبەوە بوو بێ وابوو، جارێکی تر و دووان و سێیان هەمان پرسیار و هەمان وەڵام، دواجار بەپلیکانێکی دوور و درێژدا بردیانی تا خۆت لە ژوورۆچکەیەکی تاریک و گەنیودا بینیەوە، هەستت دەکرد تەواو لە ژێر حەوت تەبەقەی زەمین دای! وەک چۆن شەوی ڕابردوو لە حەوت تەبەقی ئاسمان دابووی لە سەربانێکی بەرزدا باران دەیشوشتیەوە. لەو ژێرخانەدا و بەو جلە تەڕانەوە وەکو مشکێکی لە ئاو هەڵکێشراو وابووی، خۆتت وەکو ئەو مشک و سیسرک و قالۆنچانە دەبینی کە بەبن دیوار و سەر بنمیچی ژوورەکەدا تەراتێنیان دەکرد. هێندێک بیرت دەکردەوە تا بزانی تۆ کچی یان مشک؟! تۆ مرۆڤی یان سیسرک و قالۆنچە!؟ هیچ جیاوازیتان نەبوو، لە هەمان ژووردا بوون و ئەوان لە تۆ ڕەهاتر بوون، توانای جمجۆڵیان لە تۆ زیاتر بوو، تۆ هێندەت سەرما چێشتبوو توانای جووڵانەوەت نەمابوو، ئەوان لە تۆ ئازادتر فڕکەفڕکیان دەکرد و دەهاتن و دەچوون. لە تارمایی ژوورەکەدا



سەرنجت لە دیوارە بەنینۆک هەڵکۆڵراوەکان گیر بوو، هێزت دایە خۆت و هەستای چوویتە نزیکیانەوە تا بتوانی ئەو نووسینانە بخوێنیتەوە، دیوارەکان پڕبوون لە ناو، سەرکەوت، کاوە، ئاشتی، کاروان، بایز، ئەو ناوە ڕایچڵەکاندی! هاتیتەوە جێی خۆت و دەستت بەگریان کرد و لەبەر خۆتەوە دەتگوت: «ئای بابە گیان ئای... بابە...!» لە سوچی بەرامبەرت باوکت ڕاوەستا بوو، بالاّی دەتگوت سنەوبەرە و چاوی دەتگوت خۆرە دەدرەوشێتەوە، بەهێمنییەکی پێغەمبەرانەوە پێی گوتی:

– «نەورۆز گیان مەگری!»

حەپەسای، خۆ ئەوە باوکتە! نەمردووە! قاچەکانیشی پێوەیە و چاوەکانیشی پێوەیە! فرمێسکەکانت وەستان، بەپشتی دەستت چاوت هەڵگلۆفی تا دڵنیا بی ئەوەی دەیبینی باوکتە، خۆی بوو، چاوی وەک خۆر و بالاّی وەک سنەوبەر، هەستایتە سەرپێ و گوتت:

– بابە گیان!... تۆ نەمردووی؟ ئەی ئەوەی چاوەکانیان هەڵکۆڵیبوو، قاچەکانیان بڕیبووەوە تۆ نەبووی؟ زەردەخەنەیەکی پڕ لە میهر دەم و چاوی پڕ کردەوە پێی گوتی:

– «کچم خۆڕاگر بە! چاویشیان هەڵکۆڵیت هیچ نەڵێی، قاچیشیان بڕیتەوە هیچ نەڵێی!»

دوو هەنگاو چوویتە پێشەوە تا باوەشی پێدا بکەی و لەسەر شانی ئەودا تێر بگریەی، بەڵام ئەو دیارنەما، نائومێد بووی، بۆت دەرکەوت ئەوە تەنها خەیاڵێکی ڕووتە و دوورە لە ڕاستییەوە، بەڵام قسەکانی باوکت لە گوێتا دەزرینگایەوە، دەنگەکە هێمن و پێغەمبەرانە بوو، «کچم خۆڕاگر بە!» دووبارە خەیاڵت ڕەهابوو، سنووری ئەو ژوورۆچکەیەی شکاند، چووە نێو قوتابخانەکەت، یەکەم ڕۆژە نازەی هاوڕێت بەتەنیا دادەنیشێ، وەک لە پرسەدا دانیشتبێ ئازارەکانی خۆی دەخواتەوە و دەری نابڕێ، هەر گوێیشی لە چەقە چەقی مامۆستای مێژوو نییە کە باسی پاڵەوانێتییەکانی سەعدی

کوڕی وەقاس و قەعقاع و تاریقی کوڕی زیاد دەکات، ئەو بیر لەو ڕۆژانە دەکاتەوە کە لەگەڵ تۆدا پێکەوە ڕێگا دوورەکەی قوتابخانەتان دەبڕی و لە ڕێگا زۆر گاڵتە و قسەی خۆشتان دەکرد، زۆر جاریش گفتوگۆتان لە مەڕ کێشەی ئافرەت دەکرد، ئینجا خەیاڵت بۆلای سوارەی دەبردی، ڕێک ئەو ڕۆژەت هاتەوە بیر کە پێکەوە پەیمانی خۆشەویستیتان بەست و بڕیاری بۆ یەک بوونتان دا، چەند ئێوارەیەکی دڵڕفێن بوو، لە قوتابخانە دەگەڕانەوە، تۆ و نازە بەزمی قسەتان گەرم کردبوو، سوارە و هیواش پێکەوە بوون، سوارە داوای یارمەتی لێ کردی کە دەیەوێ بەتەنهایی قسەت لەگەڵ بکات نازەش بەزەردەخەنەیەکەوە دوور کەوتەوە و لەگەڵ هیوادا بەپیاسە بەرەو ماڵ بوونەوە، سوارەیش بێ پێشەکی دەستی بەدەربڕینی هەستەکانی کرد، دەیزانی پێویست بەو پێشەکییە دوور و درێژە باوە ناکا، هەستی کردبوو تۆش هەستی پێ دەکەیت و خۆشت دەوێ، وەک هاوڕێیەک زۆر جار گفتوگۆتان پێکەوە کردبوو، ئەویش سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەدەبیات بوو زۆریش بەپەرۆشەوە شیعرەکانی تۆی دەخوێندەوە و هانی دەدای، چەند ئێوارەیەکی قەشەنگ بوو کە پەیمانی بۆ یەک بوونتان تیادا بەست، جاویدانە یەکترتان خۆش دەویست، باسی سوارەت بۆ دایکت گێڕایەوە، شادمان بوو، ئەو بەشادمانی تۆ شادمان دەبوو، چ دایکێکی دلڕفێن و قەشەنگە، کە سوارەشت پێی ناساند هێندەی تر شادمان بوو، سوارە کوڕێکی هوشیار بوو، سەرەڕای ئەوەی دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشیشی هەبوو، چاوەکانی هەنگوێنی و خۆی ئەسمەرێکی باڵا بەرز بوو، بەتایبەتی ڕانک و چۆخەی هێند جوان لێ دەهات تێر نەدەبووی لە سەیر کردنی، چەندان ئێوارە پێکەوە دەهاتنەوە و گەلێ گفتوگۆتان کرد، بڕیارتان دا لە چەند مانگی ئایندەدا ئەڵقە لە پەنجەی یەکتر بکەن، بەڵام فریای ئەوە نەکەوتن و تۆ گیرای و زیندانی کرای. بیر لە سوارە دەکەیتەوە دەبێ ئێستا بۆ ئەم کارەساتەی تۆ چ ئازارێ بچێژێ؟ ئەی دایکت... دایکت دەهاتە بەرچاو فرمێسک چاوەکانی بچووک کردۆتەوە و هەر دەگریە و پشوویەک



بەخۆی نادا، ئاخۆ هەواڵی گرتنەکەی تۆیان چۆن پێ دابێ؟

ئاخۆ چۆن یەکسەر بووراوەتەوە و بەهاریش بەدیاریەوە هەنیسکی داوە؟ بیرت پچڕپچڕ دەبێتەوە، ئێجگار ماندووی، حەز دەکەی تەنها ساتێ بخەوی، دەلەرزی، لە سەرما و لە ترسا، دەنگی سیسرکەکانی هاوژووریشت کاسیان کردووی، خۆت گرمۆڵە کردوەتەوە سەرت بەسەر ئەژنۆکانتا شۆڕ کردۆتەوە، بیرت کەوتەوە چوار ساڵ پێش ئەوساتەی تۆ باوکت هاوەڵی ئەو گیانداره بچووکانە بوو، هەستت بەخۆشەویستییەکی بێ پایان کرد بەرامبەریان، هیچ نەبێ ئەوان باوکتیان لەم تەنیاییە وەحشەتناکە ڕزگار کردووە و گۆرانیان بۆ وتووە، دەنگی سیسرکەکان کە پێشتر کاسیان کردبووی لە گوێتان بوو بەسەمفۆنیایەکی دڵ هەژین، وات دەزانی باسی باوکت بە سترانەوە بۆ دەگێڕنەوە، هەر بەو شێوە خەوت لێ کەوت، خڕەخڕی کلیلی ناو کونی دەرگاکە ڕایچڵەکاندی، ورگ زلێکی زەبەلاح هاتە ژوورەوە، جوتێ کەلەبچەی لە هەردوو مەچەکت توووند کرد و بردیتی، لە ژوورێکی تردا دایناى، بۆنێکی سەیری لێ دەهات، پەڵەپەڵە خوێن بەدیوارەکانەوە، هەریەکە دیمەنێکی ئەرژەنگی دەنواند، دەتگوت بازاڕی قەسابەکانە، بەدیوار و بنمیچەکەوە هێند پارچە ئاسنی سەیر هەڵواسرابوو، هەر دەتگوت کارخانەیە، پەنکەیەکی ڕەش بەبنمیچەکەوە هەڵواسرابوو، گوریسێکی پێوە بەستراوی لێوە شۆڕ ببوەوە، لە زەویش هێندە وردە شووشەی شکاو و تیژ دانرا بوون دەتگوت کارخانەی شووشەیە، لە یەک بەیەکی پارچە ئاسنەکان ڕادەمای ، هێندێکیانت دەناسییەوە چونکە زۆرت لە بارەیانەوە بیستبوو، زۆرت لە بارەیانەوە خوێندبووەوە، هێندێکی تریانت نە دەناسییەوە، لە دڵی خۆتدا دەتگوت ڕەنگە زانایان ئەمانەیان تازە داهێنابێ و کەس فریا نەکەوتبێ هیچیان لە بارەوە بنووسێ، تۆ هێشتا هەر سەرنجی ئەو داهێنانە نوێیانەت دەدا کاتێ ئەفسەرەکە بەکێبڵەکەی دەستیەوە هاتە ژوورەوە، دوو زەلامی قەبە و درێژی لەگەڵ دابوو کە هەریەکەیان لە قەوارەی سێ پیاوی ئاسایی دابوون،

زەلامەکانیش هەریەکە و قامچییەکی ڕەنگاوڕەنگیان بەدەستەوە بوو لە پشتی ئەفسەرەکەوە ڕاوەستابوون، ئەفسەرەکە بەدەستی ڕاستی کێبڵەکەی گرتبوو دەستی چەپیشی نابووە سەر دەمانچەکەی، بەیەکێکیانی گوت کەلەبچەکەی دەستت بکاتەوە، هاتە نزیکتەوە و گوتی:

– ئەمشەو دەبێ هەموو شتێکمان پێ بڵێی!

تۆ لە ترسا قسەت هەر لە بیر چوو بووەوە، بشتویستایە نەت دەتوانی قسە بکەی، بەبێ دەنگی و واق وڕماوییەوە تەماشات دەکرد، پرسی:

– تەمەنت چەندە؟

دیسان بێدەنگ مایتەوە، کێبڵەکەی گوێزایەوە بۆ دەستە چەپی و بەدەستی ڕاستی شەقازللەیەکی بەبناگوێتدا سرەواند، بەرچاوت تاریک بوو، کەوتی، وردە شووشەکان بەدەست و پێتدا چەقین و هاوارت لێ هەستا، دوو زەلامەکە قۆڵیان گرتی و هەڵیان ساندیەوە، خوێن بەدەست و پلتا دەهاتە خوارەوە و چەندان جێگاشی لە قاچت بریندار کردبوو، لە سۆبی دەست و قاچت فرمێسک بەچاوتا وەک دوو تاڤگەی بچووک دەهاتنە خوارەوە، دووبارە لێی پرسیت:

– تەمەنت چەندە؟

ئەمجارە ترس و زمانتی هێنایە گۆ، خێرا وەڵامت دایەوە:

– شانزدەساڵ.

ئەمجارە بەهێمنییەوە کەوتە گفتوگۆ، دەتگوت ئەکتەرێکە و ڕۆڵێکی تر دەبینێ، تووڕەیی و چاو سوور بوونەکەی پێش یەک دەقیقە گۆڕا بەمیهرەبانی و بەزمانێکی شیرینەوە گوتی:

– کچم، تۆ هێشتا منداڵی، لە پێناوی کەسانێکی خۆ فرۆش و تێکدەر دا ژیانی خۆت تێک مەدە، تۆ دواڕۆژت لە پێش دایە و بۆ خۆت بخوێنی و ڕابوێری باشترە، ئێستا سەرپێچی مەکە و ناوی هاوڕێکانتمان پێ بڵێ تا خۆت ڕزگارت بێ، هەرچییت لێ دەپرسین وەڵاممان بدەرەوە و ڕاستیمان لێ



مەشارەوە چونکە کەس نەیتوانیوە بگاتە ئێرە و ڕاستی شاردبێتەوە و ڕزگاری بوو بێ، دەڵێی چی؟. هیچت نەوت، دووبارەی کردەوە:

– هاوڕێکانت کێن؟

–...

بەزەلامەکانی وت ڕووتت کەنەوە، لە چرکەیەکدا هەر پارچە جلێکت لە سوچێکی ژوورەکەدا بینییەوە، خۆشت وەکو مریشکێکی ئاوەڕووتکراوت لێهات و، ئەفسەرەکە هاتە پێشەوە دەستی بۆ هێنای، هێشتا پەنجە ڕەقەکانی بەمەمکە بچکۆڵەکانت نەکەوتبوون هاوارت کرد، هاوارێک، دوو هاوار سەد هاوار، دوای ماوەیەک هاتیتەوە هۆش، کەوتبوویتە سەر وردە شووشەکان و سەرتاپای جەستەت ونجڕ ونجڕ بوو بوو، دەتگوت کراسی خوێنت لەبەر کردووە، سەرتاپا سوور، هەرکە چاوت کردەوە زەلامەکان جلەکانیان بۆ هێنای لەبەری بکەیتەوە، پانتۆڵێکی کابۆشیان بۆ هێنابووی هەرچەند هێزی لەبەر کردنەوەی جلەکانت نەبوو بەڵام زۆرت لە خۆ کرد، تا لەوە زیاتر بەڕووتی نەمێنیتەوە لەبەر چاوی ئەو زەلامە چاو حیزانە کە سەرەڕای ونجڕ ونجڕ بوونی جەستەشت چاویان تێ بڕیبوویت و سەیری سنگ و بەرۆکیان دەکردی.

جلەکانت لەبەر کردەوە، بەڵام جلەکانت کە لە برینەکانی لەشیان دەدای هێندەی تر ئازارت دەگەیشتێ و برینەکانت دەکولانەوە. نەتدەزانی کات کەیە، بەڵام مەزەندەت دەکرد شەوە، بەڵام شەوێکی بێ ئەندازە درێژ و سامناک، دەتگوت بشێ ئەم شەویش تەواو بێ، بەوێنەی خاچ بەدیوارەکەوە هەردوو قۆڵەکانتیان بەدوو مێخسکەی گەورەوە بەستەوە، پێکانت لەسەر زەوی بوو، ژوورەکە سارد و شێدار بوو، پانکەکەشیان بۆ کردیەوە و بەجێیان هێشتی، دەرگاکەیان خڕ کلیل دا، لەگەڵ زامەکانتدا بەچوار مێخە کێشراوی مایتەوە، شەوێکی ئێجگار درێژ بوو، دەتووت قەت کۆتایی نایە، لە تارمایی ژوورەکەدا تەنها سووڕانەوەی توندی

پانکەکە و جولّەی سامناکی گوریسە هەڵواسراوەکە و چەند ئامێرێکی ترت دەبینی، جلەکانت بەخوێن و برینەکانتەوە نووسان، بای ساردی پانکەکە جلەکانتی بەخوێنەکەوە نزیکە وشک کردەوە، هەستت دەکرد بەو جلە پەڵەپەڵاوی و ئەو شێوە هەڵواسینەوە لە داوەڵی کێڵگەی گەنم دەچێت، بیرت دەکردەوە ئایا تۆ کچی ڕاستەقینەی یان داوەڵ، سەرت بەرز دەکردەوە و سەیری مێخە ئەستوورەکانت دەکرد و بیری داستانەکەی عیسای کوڕی مریەمت دەکەوتەوە، وەک عیسا لە خاچ درابووی، لە دڵی خۆتا دەتوت بشێ ساتێکی تر منیش هەڵ نەکێشرێم بەرەو ئاسمان و خوا نەمکا بەکچی خۆی، خۆشییەک دەهاتە دڵتەوە، کاتێ دێن دەبینن من لێرە نەماوم و فریشتەکان بەرەو لای خوا هەڵیان کێشاوم، دەبم بەپێغەمبەرێکی ژن، دەبم بەکچی خوا.

دەکەوێتەوە بیرت تۆ کچی بایزی، ئەو پیاوەی چوار ساڵ لەمەوبە  هەر لەم جێگایەدا چاوەکانیان هەڵکۆڵی و قاچەکانیان بڕییەوە، نائومێد دەبووی، لە دڵی خۆتەوە دەتوت منیش بەم قۆناغانەوە دەبەن تا چاوەکانم هەڵدەکۆڵن و قاچەکانم دەبڕنەوە، قاچەکانی تۆش وەک هی باوکت درێژ بوون، بالآیان بەرز کردبووی، چاوەکانی تۆش ڕێک لە چاوەکانی باوکت دەچن، خۆتت دەهاتە بەر چاو، بەچاو هەڵکۆڵراوی و قاچ بڕاوی، سامناک و ئەرژەنگ دەهاتیە پێش چاو، لە دوا هەناسەدانتدا دایکت و بەهاری خوشکتیان دەهێنایە سەرت، دایکت چیدیی بەرگەی بینینی ئەو جۆرە مەرگەی نەدەگرت یەکسەر دەکەوت و دەبوورایەوە و...، بەهاریش منداڵێکی هەشتساڵەیە هەست دەکات و ناکات، دەزانێ کارەساتێکی گەورە قەوماوە، بەڵام نازانێ ڕێک چییە دەقەومێ؟

دەزانی ئەو مرۆڤەی گیان دەدا شێوەی لە نەورۆزی خوشکی دەچێ بەڵام دڵنیا نییە ئەوە، ئەو نەورۆزی وەک دار سنۆبەر بینیووە، هەمیشە چاوە گەورە و ڕەشەکانی بەخەمناکییەکی حەپەساوەوە دەگێڕا بەڵام ئەو مرۆڤەی گیان دەدا چاوی نییە و قاچەکانی لێ کراوەتەوە. دایکت نەبووراوەتەوە



بەڵکو ئەو بەو دیمەنەی کە بینی پێش تۆ گیانی دا بەدەستەوە، بەهاریش بەتەنها مایەوە، نە خوشک و نە دایک و نە باب، دەبێ کێ بیگرێتە خۆی و ئەو منالّە سێ جار هەتیو کەوتووە بەخێو کات، گریان قوڕگت دەگرێ و خەریکە بتخنکێنێ، جەستە چوار مێخە کێشراوەکەت تەواو شەکەت بووە، جار جار خۆت ڕادەوەشێنی تا دڵنیابی لەوەی ئەوەی ڕوودەدا خەونە نەک ڕاستی، نائومێد دەبووی، نەخێر ئەمە خەون نییە و کاووسە کاوسی ژیان، ئەوانەی کە ڕووتیان کردیەوە و ئازاریان دای، ئەوانەی کە چوار مێخەیان کێشای شەوە نین و ئادەمیزادن، بەڵام ئادەمیزادی ئاسایی نین، جۆرێکی سەیری ئادەمیزادن، خاڵین لە سۆز و هەست و مرۆڤایەتی، ڕەنگە شتێکی تر بن لە پێستی ئادەمیزاد ئاخنرا بن، بەڵام زۆرن، دنیایان تەنیوە، خۆ هەر تۆ نیت لەم ژوورەدا، خۆ هەر ئەم ژوورە نییە ئەشکەنجەی تیا دەدرێ، خۆ هەر ئەم زیندانە نییە سەدەها ژووری وای تێدایە، خۆ هەر ئەم وڵاتە نییە هەزاران زیندانی کۆنکرێتی تیا دروست کراوە، خۆ هەر ئەم ڕۆژهەڵاتە نییە کە وڵاتەکانی دراوەتە دەستی ئەم جۆرە دڕندانەی کە لە بەرگی ئادەمیزادن؛ ئەمانە زۆرن، دنیایان تەنیووە، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیان تەنیووە، ڕۆژهەڵاتیان کردۆتە خۆراکی ڕۆژئاوا، کیشوەر کیشوەر قووت دەدا، وڵات وڵات دادەپڵۆسێ، گەورە بچووک دەماشێ، ئەمانە زۆرن، دنیایان تەنیووە. نائومێد دەبی، لەبەر دایکت نەبوایە، لەبەر سوارەی خۆشەویستت نەبوایە حەزت دەکرد هەر ئەو ساتە بمری و هەر بەو چوار مێخە کێشراویە وشک بیتەوە و ببیت بەپەیکەر، پەیکەری ئەشکەنجە. بەڵام کە داماوی دایکت بیر دەکەوێتەوە، کە ئەوینی ئێجگار گەورەی سوارەت بیر دەکەوێتەوە حەز دەکەی بەو ئازارانەشەوە بمێنی، دەڵێی بەڵکو ڕزگارت بێ و بەو ڕزگار بوونە دایکت شادکەی و نەهێڵی سوارەی ئازیز مردەبێت، چاوە هەنگوێنینەکەی سوارەت دەهاتە پێش چاو دڵۆپ دڵۆپ ئەشکیان بۆ کارەساتی تۆ دەڕشت، ئاخۆ ئێستا چی دەکا، دەتزانی هەر لەگەڵ گیرانی تۆدا وەکو هەڵۆ لە شەقەی باڵی داوە و بەرەو دووندەکان هەڵفڕیووە، چونکە

زۆر کەس بەئەوینی ئێوەی زانیبوو، گەر هەڵنەیەت ئەنجامی ئەویش ئەم شوێنەی تۆی دەبێ، نیگەران دەبووی بشێ فریای هەڵ هاتن کەوتبێ و نەیان گرتبێ، بشێ ئێستا ئەویش لە ژوورێکی تری وەک ئەم ژوورەی تۆ نەبێ و دایان نەپڵۆسیبێ، کەوتیتە دڵەڕاوکێ، هەستت کرد چاوت هیچ نابینێ، تا هێزت تیا بوو چاوت کردەوە، بەڵام هیچت بەدی نەدەکرد، تارمایی ژوورەکە تا دەهات تۆختر دەبووەوە، چاوت نوقاند هەستت دەکرد چاوەکانت زۆر هیلاکە، هەستت دەکرد هەموو جەستەت سڕبووە، بەجۆرێک سڕبووە ئیدی هەستت بەئازاری برینەکانت نەدەکرد، نەتزانی چەندێ خەوت لێ کەوت یان لێ نەکەوت، دووبارە دەرگاکە کرایەوە، دوو زەلامە ئەستوور و قەبەکە هاتنە ژوورەوە، ئەفسەرەکەش بەدوایاندا هات، تۆ سڕبوو بووی، دەتگوت پەیکەرێکی بەڵام ڕۆحت لەبەرە، ئەفسەرەکە لێت نزیک کەوتەوە، تۆ بەحەپەساویەوە سەیری دیوارەکەی بەرامبەرت دەکرد، جگەرەیەکی داگیرساند و مژێکی لێدا، بەدەستی ڕاستی جگەرەکەی گرتبوو، دەستی چەپیشی نابووە سەر دەمانچەکەی کە بەشلیی شۆڕ ببووەوە، لێی پرسیت:

– هەست بەچیی دەکەی؟

لەو ساتەدا هەستت بەهیچ نەدەکرد، تەنانەت بەترسیش، وات دەزانی پەیکەرێکی بەردینی، دەتگوت با لێشم دەن، لێدان چ لە پەیکەرێکی بەردین دەکا، بێدەنگ بووی، جوڵەت نەدەکرد تەنها گلێنەکانت نەبێ بەحاڵ دەجولان، دەنگی باوکت لە گوێتا دەزرینگایەوە: «کچم خۆ ڕاگر بە! چاویشیان هەڵکۆڵیت هیچ نەڵێی، قاچیشیان بڕیتەوە هیچ نەڵێی!»

– هاوڕێکانت ناویان چییە؟

تۆ بێ دەنگ بووی، دەتگوت بێ دەنگی زمانتە، ئەو بێ دەنگییەت شێت و هاری کردن. جگەرەکەی هێنایە پێشەوە و لەسەر ملت کوژاندیەوە، هاوارت کرد، هاوارێکی ئێجگار بڵند، هەرسێکیان قاقا پێدەکەنین، سوتانەکەی ملت دەکزایەوە، فرمێسکت تک تک دەهاتنە خوارەوە، دووبارە



نزیک کەوتەوە، بەنزیک بوونەوەی ئەو خەریک بوو دڵت بتۆقێ، خەریک بوو ڕۆحت دەرچێ، بەڵام دەر نەدەچوو، مژێکی تری لە جگەرەکە دا، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، بێ دەنگ بووی و دەگریای، جگەرەکەی نا بەقوڕگتەوە، هاوارت کرد، هاوارێکی بڵند، سێ بارە و چوار بارە و دە بارەی کردەوە، دەم و چاوت و ملت و سنگت ببوونە تەپڵەی جگەرەی ئەو، هیلاک بووی، هەستت نەما، ئاگاداری هیچی تر نەبووی، زەمەنێ گوزەرابوو کە چاوت کردەوە، ژوورەکە جگە لە تۆ کەسی تیا نەبوو، تەنها خۆت و داهێنانە تازەکانی تەکنەلۆجیا، جەستەت سڕ و چوارمێخەکێشراو، دەتگوت شەو قەت کۆتایی نایەت، بەڵام ئازار و کات تێ دەپەڕین بەخاوییەوە بە بەردەمتا دەگوزەران، هاتن دەست و پێتیان کردەوە، نەت دەتوانی لەسەر پێ خۆت ڕاگری، کەوتیتە سەر وردە شووشەکان، جارێکی تریش لە ژووانی جەستەت و وردە شووشەکاندا دەیان برینی ترت پێ بەخشرا، بەچوار دەستە هەڵیان گرتی و فڕێیان دایەوە ژوورە تەنگ و تاریکەکەی خۆت، بۆلای هاوەڵەکانی خۆت، مشک و سیسرک و ئەسپێ، ئەوانیش بیریان دەکردی، لەگەڵ دەرکەوتنتا لە دەورت کۆبوونەوە، دەتگوت پرسیاری ئەو سەفەرە دوور و ئەشکەنجاوییەت لێ دەکەن، تۆ ماندوو بووی، نەت دەتوانی هیچیان بۆ بگێڕیتەوە، نەتدەزانی دەتەوێ بخەوی یان ببورێیتەوە، ئاگات لە هیچ نەما، سیسرکەکان لایلایەیان بۆ دەکردی، جەستەت وەکو پارچە پەڕۆیەکی قورس بەزەوییەکەوە نووسا، نەتدەزانی چەند دەخەوی و چەند بێداری، نەت دەزانی کام کاتە شەوە و کام کاتە ڕۆژ، دەرگات لێ دەکرایەوە، پارچە نانێکت بۆ هەڵدەدرا، دەتخوارد، هێندێکت ورد دەکرد و دەتدایە مشکەکانی هاودەمت، دیسانەوە هاتن، بردیانیەوە بۆ ژوورە پڕ لە داهێنانەکە، ئەمجارە لە جیاتی چوار مێخەکێشان بەو گوریسەیان بەستیتەوە کە بەپانکەکەوە شۆڕکراوەتەوە، هەردوو دەست و هەردوو پێت توند شەتەک درا، پرسیارەکەت ئاراستە کرایەوە، هەر بێدەنگ بووی، پانکەکەیان هەڵکرد، سوڕایەوە لەگەڵ

سورانەوەیدا گوریسەکەی دەست و پێت توندتر و توندتر دەبوو، وەک فرۆکە دەسوڕایتەوە تەنها شتێ کە لەوساتەدا بیرت لێ دەکردەوە ئەوە بوو لە خۆت دەپرسی: «بشێ من مرۆڤ بم!» بشێ هێندێ مرۆڤ هەر بۆ ئەوە دروست بووبن کەسانێکی تر ئاوا سوکایەتیان پێ بکەن، بۆت ڕوون نەدەبووەوە مرۆڤی یان نا، ئامێری یان نا، ئەی ئەگەر ئامێری بۆ هەست بەو ئازار و ئەشکەنجەیە دەکەی، بەجەستە بوراوە بووی بەڵام مێشکت هێشتا کاری دەکرد، پانکەکە وەستێنرا و دوای ساتێ پرسیارەکەت ئاراستە کرایەوە، بێ دەنگ بووی، لە ڕاستیدا قسەیەکت پێ نەبوو بیکەی، کەست لەگەڵدا نەبوو تا ناویان بڵێی، لەسەر مێزێکی وەک تاتەشۆری مردووان پاڵیان خستی، جلەکانی سەرەوەیان لەبەرت داماڵی، بەڵام پانتۆڵەکەتیان لەبەر هێشتەوە، وەریان گێڕایتەوە سەر دەم و پشتت ڕووی لە سەرەوە بوو، پرسیارەکەیان ئاراستەت کردەوە، تۆ هەر لاڵ بووی، ئوتوویەکی داخیان هێنا و پیشانیان دای، تۆ هەر لاڵ بووی، ئوتووەکەیان چزاند بەپشتا، تەنها گوێت لە یەک هاواری خۆت بوو، کە چاوت کردەوە سیسرکەکان دەوریان لێ دابووی، دەتگوت دڵت دەدەنەوە، نانێکی وشک لە لای سەرتەوە بوو مشکەکان بەددانە وردەکانیان خەریکی خرماندنی بوون، تۆش چاوت دەکردەوە و دات دەخست وێنەی کەسی ترت نەدەهاتەوە پێش چاو باوکت نەبێ، چاوەگەشەکانی باڵاسنەوبەرییەکەی، دڵی دەدایتەوە.

دەستی بەقژتا دەهێنا، برینەکانی بۆ دەرمان دەکردی، چاوت دەنوقاند و دەکردەوە، دەتگوت ئەمشەو قەت کۆتایی نایەت، دەتگوت قەت ڕزگارییم نایەت...

***



## ٣

شەو کۆتایی هات، بەڵام سەرما هێشتا لە سەرەتادا بوو، شاڵاوی باران و سەرمای تەزیوی ئەو شەوە ڕۆحی چەندان منداڵی هەڵفڕاند، ڕۆحە پەپوولەییەکانیان کە هێندە نەبوو لەسەر دارە پایزییەکانی ژیاندا نیشتبوونەوە، خۆر بەشەرمێکەوە هەڵهات، دەتگوت ئەو لە بەرامبەر ئەو هەموو مەرگەدا خۆی بەشەرمەزار دەزانێ، کزکز بوو، گەرمایی مۆمێکی تیا نەبوو، لە هەر شوێنی تاوێ دادەنیشتن گۆڕستانێکتان بەجێ دەهێشت، گڵکۆی گەورە و هی بچووک.

دووبارە بارگەتان پێچایەوە، ئەو گۆڕستانەشتان بەجێ هێشت، هەرچی گڵکۆ هەبوو لەناو سەرتا جێت کردەوە، وێنەی یەک بەیەکی منداڵە مردووەکانت گرت، چاوت کامیرایەکی مێژوویی بوو، وێنەی زۆ کارەساتی گیان دانی گرتبوو، بەڵام نەتدەزانی ئەو هەموو وێنانە پێشانی کێ بدەی، ڕۆژنامە نووسەکان خۆیان یەک یەک دەهاتن و وێنەی ئەو مردنە قەشەنگانەیان دەگرت و پیشانی هاوڵاتییەکانی خۆیانیان دەدا، کەس نەمابوو ئەو وێنانە نەبینێ، ئەی تۆ پیشانی کێیی بدەی، کێ؟

بارگەت پێچایەوە و وەک هەزاران هەنگاوی تر هەنگاوەکانی تۆش تەقەڵ تەقەڵ ڕێگا قوڕاویەکەی دەدووریەوە، شاخەکان بەحەوت ئاو شۆرابوونەوە، پاک و جوان، دەتگوت قەت خوێن نەخشەی سەدان دەردەسەری و کۆستی لەسەر نەنەخشاندوون، لەبەر تیشکی کزی بەیانیدا دەدرەوشانەوە، تۆش کە هەردەم عاشقی جوانی و دیمەنی قەشەنگی سروشت بووی لەو ڕۆژەدا هیچ جوانییەکت تیایاندا نەدەبینی وات دەزانی شاخەکانی دومەڵی گەورەن و لەژێر هەنگاوە قورسەکانی ئێوەدا دەتەقنەوە و چڵک و کێمی ئەو ئاوارەیی و کۆچەتان بۆ دەردەهێنن. هەزاران و هەزاران هەنگاوی ورد و درشتی یەک لە دوای یەک، کۆڵ و بارەکانیش

تەڕ و قورس بوون و لەژێریاندا سەدان جەستەی بەهێز و بێ هێز، جەستەی گەورە و هی بچووک دەیاننالاند، ڕێگاکە بەرەو هەوراز بوو، ژنەکان زۆربەیان منداڵێک لە کۆڵەپشتەکەیاندا وەکو پەپوولەیەکی کۆچەر خەمێکی نادیاری منداڵانە دەم و چاوە فریشتەییەکەیانی داپۆشیبوو، دەستی مناڵێکی تریشیان گرتبوو کە هەریەکەیان بەهەنگاوی بچووک بچووک پیتی کۆچیان بەسنگی شاخە سەختەکەوە دەنووساند و داستانی ماندوو بوونیان دەنووسییەوە، پیاوەکانیش لەژێر باری قورسدا دەم و چاویان تووڕەیی و ئازاری دەنواند، هەموویان لە دەروونی خۆیانەوە هەستێکی کوژەری شکستی و هەڵهاتن و وڵات بەجێ هێشتن پڕی کردبوونەوە و هەریەکە و سەد فرمێسکی قەتیس ماویان زیندانی کردبوو، تۆش وردە وردە هەنگاوت دەنا و کۆڵەکەشت پڕبوو لە شیعری چەندان ساڵەت، ئەو ئازارانەی کە لە قەبارەی ڕۆژگاردا بوون، ئەو وشانەی بۆ مەرگی دەیان ئازیز و هاوڕێ و دۆستت نوسیبووت، بەڵام هەرچەند لەو کۆچە گەلییە ورد دەبیتەوە، دەڕوانی ئەوەی ڕوودەدا لە هیچ ڕووداوێکی تر ناچێ، ئەوەی دەیبینی نەک لە قەوارەی ڕۆژگارەکان بەڵکو لە قەوارەی ساڵگارەکانی ژیانت گەورەترە، تاوێک بیرت دەچێتە لای ئەو داستانە ئایینییانەی کە دەڵێن لە ڕۆژی حەشر و نەشردا مرۆڤ هەموو پێکەوە دەبن، بەڵام لەو ئەفسانانەدا نەوتراوە خەڵک کۆچ دەکەن، ئەوان دەڵێن لە ڕۆژی حەشر و نەشردا مردووەکان زیندوو دەبنەوە و هەمووشیان چاوەکانیان دەچێتە تەوقی سەریان تا کەس بەئاسانی یەکتر نەبینێ، چونکە نەنگە مرۆڤ بەڕووتی یەکتر ببینێ، بۆ نەنگە؟ ئەی ئەوە نییە شتێکی لەو بابەتە ڕوودەدا، ئەوە نییە ڕۆژی حەشر و نەشرە، بەڵام مرۆڤەکان چاویان لە جێی خۆیەتی و زەق زەق سەیری ژان و ئازار و برسێتی و تینوێتی و ڕووتێتی یەکتر دەکەن، ئەوەی لێرەدا ڕوو دەدات حەشر نییە و مردووەکان زیندوو نەبوونەتەوە تاوێک گومان دەکەیت و سەیری دەوروبەری خۆت دەکەی، بشێ ئەم مەعشەرە مردوو نەبن زیندوو بوونەتەوە، ئەوەتا خۆشت لەگەڵیان



دای، بشێ تۆش نەمردبی! بەگومانەوە سەیرێکی دەوروبەری خۆت دەکەی وەکو لەناو مردووە زیندوو بووەکاندا بۆ باوکت و سوارەی خۆشەویستت بگەڕێی، لە پڕ گومانەکەت دەڕوا و بیرت دەکەوێتەوە تۆ نەمردووی، تا دوێنێش دەژیای و لەگەڵ ڕزگاردا چوویتەوە ناوشار و لەگەڵ پێشمەرگەکاندا گەڕانەوە، ڕزگارت بیرهاتەوە، ئاخۆ ئێستا لە کوێ بێ و لە پاڵ کام بەردی گەورەدا دانیشتبێ، ئاخۆ لەو ڕۆژە سەختەدا ئەویش تۆی بیر دەکەوێتەوە؟ بیرت کەوتەوە دەفتەرێکی ڕزگارت لە لایە و ئەوەتا لە کۆڵە پشتەکەت دایە، دەتگوت ئاخۆ ئەو دەفتەرە چ بیرەوەریەکی تاڵ و شیرینی تیا تۆمار کرابێ، حەزت دەکرد بگەیتە شوێنێ و یەکەم شت کە لە حەسانەوەتدا دەیکەی خوێندنەوەی ئەو بیرەوەرییانە بێت... تەماشایەکی دواوەت کرد، ڕێچکەکە ئەوپەڕی دیار نەبوو، لە پێشیشەوە هەروا بوو، گەیشتبوویتە نێو قەدی شاخەکە لە پڕ دەنگی فڕۆکە جەنگییەکان قیژ و قاویان خستە نێو خەڵک و هەموو وروژان، هەرکەسە لە جێی خۆیەوە بەسەر دەمدا کەوت و توند باوەشی لە شاخەکە دەدا، دەتگوت دەیەوێ جەستەی خۆی بەشاخەکەوە بنووسێنێ! دەنگەکان نزیکتر بوونەوە، وات زانی لە پاڵ گوێچکەتدا تەقینەوەکان ڕوودەدەن، گرمەگرم و هەرا و هوریا تێکەڵ بوون، شاخەکە لە باوەشتاندا بەجۆرێ دەلەرزییەوە واتان دەزانی بوومەلەرزەیە، چاوەکانت توند نوقاند بوو، بوومەلەرزەی شاخەکە سەمای بەجەستەتان دەکرد، نەتزانی چەند چرکە بوو، سنگت بەشاخەکەوە چەسپیبوو بەئاسانی نەت دەتوانی لێی بکەیتەوە، هەستت دەکرد وەک موگناتیس ڕات دەکێشێ، ئەوانەی دەور و بەرت هەستابوون تۆش زیاتر تەکانت بەخۆت دا و هەستای، فڕۆکەکان ڕۆیشتبوون، هەمووان بەرەو لای قەسابخانەکە تەکانی نائومێدانەی ترساوتان دەنا، بەرەو ئەو جێگایەی کە بۆمباکانی بەسەردا بەردرابووە و تەقیبووەوە، دووان و سێیان و دە و پانزدە و پەنجا و سەد و... لە ژمارە نەدەهاتن، قاچ لێرە و دەست لەوێ، هەمووتان بەکوڵ دەگریان، هەموو زیندووەکان بەکوڵ بۆ کوژراوەکان دەگریان، سەری

منداڵێکی بێ جەستە هەر دەتگوت مەرگی مرۆڤایەتییە و لەناو هەموو جەستەکانی ترەوە هەڵقوڵاوە بەڕوونی دەبینرا، سەرەکە دوو چاوی زەردی کراوەی پێوە بوو، چاوەکان دەتگوت نازانن مردن چییە لەو خەڵکە بەکوڵ گریاوە ڕامابوون، سەرەکە دوو لێوی بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە ترسەوەی پێوە بوو دەتگوت بەمەرگی ژیان پێ دەکەنن، قژە لوولە زەردەکەی کە پەڵە پەڵە خوێن بوو بوو بەقردێلە بۆی هێندەی تر دەم و چاوەکەی وەک فریشتە پێشان دەدا، هەموو بەکوڵ فرمێسکتان دەڕشت، جەستەکان بەخوێنەوە لەبەر تیشکی خۆر دەدرەوشانەوە، قەت هێندە مەرگت پێکەوە نەدی بوو، هێندە زۆر بوون لە ژمارە نەدەهاتن، دەست و قاچەکان لێرە و لەوێ کەوتبوون وات دەزانی هەموویان دەست و پێ ون بووەکانی باوکتن، پیاوەکان بەدەم گریانەوە حەستەکانیان کۆ کردەوە، ژن بەجیا و پیاو بەجیا و منداڵ بەجیا، سێ کۆمەڵە جەستەی ئەنجن ئەنجن، سەری منالە قژ زەردەکە هێشتا هەر بەسەر جەستەکانی ترەوە تەماشای دەکردن، زەردەخەنەکەی هێشتا بەسەر لێوەوە بوو، دەتگوت گاڵتەی بەژیان دێت، شێتبوون لە ناختەوە هەڵدەقوڵا، دەتگوت گریانسوارێکی و بەناو مەحاڵ و شێت بوونا غاردەدەی، هەموو بەکوڵ دەگریان و تاڵی گەیشتبووە ڕۆحتان، دەنگی گرمە گرمی بۆمباتان دووبارە هاتەوە بەر گوێ، هێندە دوور نەبوو، هەموو کەوتنەوە هەنگاونان و بەجێ هێشتنی جەستەکان، سەری منداڵە فریشتە ئاساکەش هەر بەسەر جەستەکانی ترەوە بوو چاوە زەردەکانی تێ بڕیبوون. لە پڕ سەرنجتان منداڵێکی کۆرپەی یەک ساڵەی بەدی کرد، منداڵی کێیە؟ هی کەس نەبوو، هی کوژراوەکان بوو، کام کوژراو؟ نازانن، یەکێ لەو کوژراوانە، یان دووان لەو کوژراوانە، شێوەی لە شێوەی ئەو منداڵە بێ جەستەیە دەچێ کە ماوەیەکە تێتان دەڕوانێ، کۆرپەکەش دووچاوی زیت و زەردی بەچوار دەوری خۆیدا دەگێڕا و پێ دەکەنی، دەتگوت بەو مەرگە یەکسانە پێدەکەنێ کە دابەش کرایە سەر ئەو سەدان کەسە، ئای لە مردندا چەند سۆسیالیستییانەن و چۆن بەیەکسانی مەرگمان



بەسەردا دابەش دەکەن، چەند یەکسانن ژن و پیاومان لە مەرگدا، چەند یەکسانن منداڵەکانمان لە مەرگدا، چەند؟!

خەڵک وردە وردە دەستیان بەجوڵە دەکرد تا خێرا لە دەنگی بۆمباکان دوور کەونەوە، هەریەکە و دەستی منداڵەکەی خۆی گرتبوو، یان منداڵەکەی خۆی بە پشتیەوە شەتەک دابوو، پیاوێکی ڕیش چەرمووی گەرمیانی منداڵەکەی لە باوەش گرت و چووە لای چەند ئافرەتێک و تکای لێ کردن ئەو منداڵەش بگرنە خۆیان، ڕۆژێکی ڕەش بوو، خەڵک گیانی خۆیان لێ بوو بوو بەبار، منالەکانی خۆیان کە پارچەیەکە لە جگەریان لێ بوو بوو بەبار، کەس منداڵەکەی نەگرتە خۆی، پیرەمێردەکەش منالەکەی لە جێی خۆی دانا و بەدەم کوڵی گریانەوە ئەو و جەستەکانی بەجێ هێشت، تۆ ماوەیەک وەکو پەیکەر بەدیار منداڵەکەوە وەستای، دەتگوت هەرگیز هەنگاوت نەناوە و ناتوانی هەنگاو بنێیی، ڕەپ ڕاوەستابووی و سەرنجی منداڵەکەت دەدا، تەنها گلێنەت دەجولا و لە نێوان سەرە بێ جەستەکە و منداڵە کۆرپەکە دەهات و دەچووی، دەتگوت سێوێکن و کراون بەدوو کەرتەوە، بەڵام ئەویان گەورەترە، ڕەنگ بێ ئەویان شەش ساڵە بێ، زۆر لە یەک دەچن، تۆ وەستابووی و ئەوانی تر دەڕۆیشتن، خەریک بوو ئەوناوە تەواو چۆڵ بێ، ترست لێ نیشت، ویستت هەنگاو بنێیی نەت دەتوانی دەتگوت سەرنجی منداڵە بێ جەستەکە قاچەکانتی بەستۆتەوە، دانەویت و کۆرپەکەت هەڵگرت و لە باوەشت گرت، هەنگاوت نا، دەتگوت سەرنجەکانی سەرە بێ جەستەکە قاچەکانتی کردەوە، کەوتیتە دوای ئەو خەڵکە، هەمووتان ڕۆیشتن و سێ کۆمەڵ لاشەی ئەنجن ئەنجنتان بەجێ هێشت. منداڵەکەت توند نووساند بوو بەخۆتەوە، سۆزێکی دایکانە پڕی کردیتەوە، هەستت دەکرد دایکایەتیت لێ هەڵدەقوڵێ، هەنگاوت دەنا، دایکت بیر کەوتەوە، سۆزی دایکایەتی چەند سۆزێکی مەزنە، دایک هێندە منداڵی خۆی خۆش دەوێ؟ ئەمە چ ئەوینێکی گەورەیە لە نێوان دایک و منداڵەکەیدا ڕوودەدا!؟ یەک بەیەک هەڵوێستەکانی دایکت بیر دەکەوتەوە،

ئەو ڕۆژەی کە زیندانی کرای کە دایکت هاتە لات و لەبەر چاوی تۆ دەستی یەک بەیەکیانی ماچ کرد تا تۆ ئازاد کەن، تۆ ئەوسا ڕقت لەو هەڵوێستەی هەستا و لە دڵەوە ئێجگار نارەحەت بووی کە دایکت ئەو دەستە گڵاو و خوێناوییانەی ئەوان ماچ دەکا، بەڵام ئێستا دەزانی کە ئەو سۆز و ئەوینە گەورەیەی دایک هەستی پێ دەکا بەرامبەر بەمنداڵەکەی لە کاتی کارەساتی وادا وای لێ دەکا ئامادە بێ کاری لەوە خراپتریش بکا، ئەو بۆ ڕزگار بوونی تۆ ئامادە بوو گیانی خۆشی بەخت بکات، کە دەهاتە دیدەنیت دەگریا و دەیگوت:

– (ڕۆڵە خۆزگە من لە جیاتی تۆ لەم ژوورە تەنیایە بەند بوومایە، هەستت دەکرد دایکت لە دڵەوە وا دەڵێ و بەو بێ پەرجوویەک ڕوو بدا و جەستەتان بگۆڕێتەوە، جەستەی ئەو بەندکا و هی تۆ ئازاد، بەڵام ئەوە نەدەکرا ببێ، ئەویش ئێجگار ئازاری دەچێشت، هەرچەند زامەکانی لەشی تۆی دەدی هەرچەند شوێنەواری ئوتوو و جگەرە و کارەبا و داهێنانە شارستانیەکانی بەسەرتاپای جەستەتەوە دەدی، خەریک بوو شێت بی. تۆ ئازارەکانی خۆت لێ دەشاردەوە و هەر کە ئەو دەهات پێدەکەنیت وات پێشان دەدا کە هیچ ئازارێکت نییە، بەڵام ئەودەیزانی ئەو نەخشە ترسناکانەی سەر پشت و سنگ و مل و قاچ و دەستەکانت مەحاڵە تا ماوی پێوەی نەتلێیتەوە، بیر لە سەرسەختیی مرۆڤ دەکەیتەوە، ئەو جەستەیەی ئێستا هەر دەڵێی ئەو جەستەیەش نییە کە ئەو ڕۆژگارە دەکرا بە خومخانە و ئەنجن ئەنجن دەکرا و بەچوار دەستەوە تووڕ دەدرایە سەردابە پڕ لە سیسرک و مشکەکە، کەچی ئێستا هەر چەند شوێنەواری سوتان و ئەنجن ئەنجن کردنەکانە هێشتا نەخشەیەکی کاڵیان بەسەر جەستەتەوە ماوە بەڵام گورج گورج هەنگاو دەنێی و دەڵێی ئەو دە ساڵی ڕابردووە ئازارەکانی لەبیر بردوویەتەوە و زامەکانی سارێژ کردووی.

توونپد کۆرپەکەت بەسنگتەوە نووساندووە و پەیتا پەیتا ماچی دەکەی، دەڕۆی و شوێنەواری مەرگەکان بەجێ دەهێڵی، پشتت شیعرەکانتی گرتۆتە



خۆ و سنگت ئەو منداڵە بێ کەسە...

گریانی منداڵەکە لە هەموو خەیاڵ و بیرەوەرییەکانی کردیەوە، برسییەتی، هیچ خواردنێکی ئەوتۆ شک نابەی بۆ منداڵێکی بچووک بشێ، شیرت نییە، ئەو چەند نانەی پێتە وا ڕەق بووەتەوە و ئەو منداڵە ناتوانێ نانی وشک بخوا، منداڵەکە دەگریە و تۆش بەخێرایی بیر دەکەیتەوە، لە جێی خۆت دانیشتی، هەر ئەوەندەت بەخەیاڵدا هات مەمکێکت دەرکەیت و بیکەیتە دەمی منداڵەکە، تاوێ بەتووندی مەمکی دەمژیت، بەڵام کە هیچ شیری نەبوو، مەمکی بەردایت و دەستی کردەوە بەگریان، گریانێکی توونپد، نەتدەزانی چی بکەی، سەرت لێ شێوابوو، بیرت کەوتەوە هێندێک شەکرت پێیە، هێندێ شەکرت دەرهێنا و لە کوپێکی نایلۆندا داتنا، بەڵام ئاوت پێ نەبوو قەنداخێ بۆ منداڵەکە دروست کەی، منداڵەکە هەر دەگریا و تۆش بەو ناوەت دا دەڕوانی تا جۆگەلەیەک بدۆزیتەوە، ئەو ناوە جۆگەلەی لێ نەبوو، بەڵام لە چاڵێکدا هێندێ باراناوت دی، بەناچارییەوە چویت و هێندێک لەو باراناوەت خستە کوپەکە و بەپەنجە شەکرەکەت تێکدا، منالەکە شەکراوەکەی خواردەوە و بێ دەنگ بوو، بەو بێ دەنگییەی ئەو تۆش هێندێک حەسایتەوە، دووبارە دوای ئەو جەماوەرە بێ ئەژمارە کەوتی و خۆریش جار جار لە پشت پەڵە هەورەکانەوە دەردەکەوت و خۆی دەشاردەوە، دەترسای باران بباری و بەو منداڵەوە نەتوانی ڕوو بەڕووی سوپای باران بیتەوە، شەوی دوێنێت لە بیر نەدەچوو، ئەو شەوە درێژەی بیرەوەری تاڵی زیندانی بیرهێنایتەوە، ئەو شەوەی کە بەقەد شەوانی زیندان درێژ و نوتەک بوو.

نیوەڕۆ بوو، خەڵکی کۆچەر ماندوێتییان لێ دەتکا و وردە وردە بارگەیان دادەنا تا پشوویەک بدەن و پاروویەک بخۆن، تۆش هەر لەوناوە و لە نزیک خەڵکەوە پەتووەکانت ڕاخست و خۆت و منداڵەکە لە سەری دانیشتن، منداڵەکەت لەسەر کۆشی خۆت دانابوو. نانە وشکەکەت دەرهێنا و دەستت بەخرمە خرم کرد، منداڵەکەش لە باوەشتا خەوی لێ کەوتبوو، کەوتیتە

بیـرکـردنەوە بـۆ پەیدا کـردنی خـواردەمـەنیـیـەک یان قـووتـوویەک شـیـر بـۆ منداڵەکە، بەڵام چۆن و لە کوێ؟

نەت دەزانی، کـە سـەیری منداڵە نازدارەکەت دەکـرد وەکـو فـریشـتـەیەکی پاک لە باوەشتدا خەوتووە گشت گیانت دەبوو بەسۆزی گەرم و چوار چێوەی ئەوی دەتەنی، خـەڵـکەکـەی دەور و بەریشت لە جـمـوجـۆڵ دابوون بـۆ ئاگرکـردنەوە و لێنانی چێشـتێک یان نان کـردن و چا لێنان. خێـزانێک لە نزیکتـەوە بـوون ژنەکـەیان خـەریکی لێنانی قـوبڵـی بـوو، چەند منداڵێکی پۆشتە و پەرداخیش لە دەوری کۆببوونەوە و مێردەکەشی ڕانکوچۆخەیەکی شاڵی لە بەردابوو، بیرت کردەوە ڕەنگبێ ئەم ماڵە دەست ڕۆیشتـوو بن و بتوانن یارمەتیت بدەن، یەک دووجار بڕیارت دا بچی داوای شتێکیان لێ بکەی بۆ ئەو منداڵە، بەڵام لە ڕووت نەدەهات ئاخریی زۆرت لە خۆت کرد و منداڵەکەت بەئاسپاییەوە لە باوەشت داگرت و لەسەر پەتووەکەت دانا و بەچمکێکی پەتووەکەش دات پۆشی، هەستای، دەتویست هەنگاو بەرەو لای ئەوان بنێی گومان پڕ بەجەستەت دەبوو دەترسای دەست بەڕووتەوە بنێن، دوابڕیارت دا و ڕووی خۆت لە ژێر پێت نا و ڕۆیشتی سڵاوت لە ژنەکە کرد و بەڕوویەکی ساردەوە وەڵامی دایتەوە، خەریک بوو بگەڕێیتەوە و هیچ نەڵێی، بەڵام نەدەکرا تازە پێوە ببوویت و دەبوایە داواکەت بکەی. بەقوڕگێکی گیراوەوە کە بەئاستەم دەنگتی لێوە دەهاتە دەر وتت:

– گـوڵبـاجی گـیـان، منداڵێکی کـۆرپەم پێیـە، شـیـر یان خـواردنێ شک نابەم ئەگەر هەیە یارمەتیم بدەن و خواردنێ کە بۆ منداڵ بشێ بمدەنێ...

ژنەکە هێشتا وەڵامی نەدابووەوە، پیاوەکەی هاتە قسە و بەتووڕەییەوە وتی:

– بۆ خۆتە یان بۆ منداڵەکەت؟ هەرکەسێ دێ و بەناوی منداڵەوە سواڵ دەکا!

هیچمان نییە بۆ منداڵ بشێ!!



هیـچت نەگوت و گـەڕایتەوە جێگاکەی خۆت، ڕێکەوتێکی سەیر بوو، بایەکی تووند هەڵی کرد و شاڵاوی ئاگرەکەی بەرەو کراسە گوڵ گوڵیەکەی ژنەکە برد و گڕی لێ بەرز کردەوە، خەڵکە ئاوارەکە خێرا فریای کەوتن و ئاگرەکەیان کوژاندەوە، هەریەکە و بەجۆرێ دڵی دەدایەوە و دەیگوت خوا خۆی ڕەحمی کرد دەنا ئاگرەکە سەرتاپای گرتبوویتەوە، ئافرەتەکە خێرا قوتوویەک شیری بۆ تۆ هێنا و گوتی:

– «ژنەکە گیان هانێ ئەوە لەڕێی خوا و مەولوودی پێغەمبەر، دووعا بکە لە قەزا و بەڵا دوور کەوینەوە، ئێستا قوبڵی بۆ خۆشت دەهێنم».

بزەیەک لێوی گەشاندیتەوە، تا ئێستا قەت ڕێکەوت ئەوەندە یارمەتی نەدابووی!

کە شیرەکەت بەدەستەوە بوو هەستێکی دڵنیایی پڕی کردیتەوە، هێندەی پێ نەچوو قاپێ قوبڵی سووریشی بۆ هێنای، تۆش سوپاست کرد و لەسەر خواستی خۆی هێندێک دووعات کرد لە قەزا و بەڵای خراپ دوور کەونەوە، دەستت بەخواردنی قوبڵی کرد هێندەت برسی بوو بەبێ جووین قووتت دەدا و ئاودیوی قوڕگت دەکردەوە، هەستت دەکرد ئەوە خۆشترین بەلەزەتترین خواردنە کە لە تەمەنتدا خواردبێتت، بەڵام قسەی پیاوەکەت وەکو گرێیەک هەر لە دڵ دابوو، منداڵەکەت لە خەو هەستا، لە کوپە نایلۆنەکەدا شیرێکت بەئاوی شلەتێن بۆ دروست کرد، ئاوە گەرمەکەشت هەر لە لای ژنەکە هێنا، هێواش هێواش دات بەمنداڵەکە، زۆر ئاسوودە بووی کە توانیت ئەو ژەمەش تێری کەیت، ئاسوودەش بووی کە ئێستا قووتوویەک شیرت هەیە و بۆ یەک دوو ڕۆژ باکی خواردنت نییە و دڵنیای، هێندەی نەبرد ژنەکە پەرداخێ چاشی بۆ هێنای، هەستت دەکرد خێر و بەرەکەتی دنیات بەسەردا ڕژاوە، سێ ڕۆژ بوو چات نەخواردبووەوە، شەکر و چاشت پێ بوو، بەڵام قۆریت پێ نەبوو، چاکەشت خواردەوە و هێندێک ناو سکت گەرم داهات، دوای تاوێک خەڵک دەستیان بەخۆ ئامادەکردنەوە کرد بۆ ئەوەی تا تاریکی دا نەهاتووە قۆناغێکی تری ئەو کۆچە ببڕن، تۆش

دووباره خۆت ئاماده کردەوە، قوتووە شیرەکەت کردە نێو کۆڵەپشتەکەت و پەتوەکانت بەستەوە و لە کۆڵ نا، منداڵەکەت لە باوەش گرتەوە و هاوهەنگاو لەگەڵ خەڵکەکە بەڕێ کەوتی.

دەیانوت گەر ڕانەوەستین دوو سەعاتی تر دەگەینە سەر سنوور و ڕزگارمان دەبێ، بەو بارە قورسەوە دوو سەعات پیادەڕەوی سەخت بوو، بارانیش نمەنمە دەستی پێ کرد بووەوە، پەتوویەکی بچکۆلەی منداڵەکەت دابوو بەسەری ئەودا تا پرشی بارانەکە بێزاری نەکا و نەگریەت، تاو تاو دەگریا و تاو تاو ژێر دەبووەوە، نزیکی جادەیەک بوونەوە کە تاک و تەرا ئوتۆمبیلی پێدا دەڕۆیشت، خەڵک بەتایبەتی ئەوانەی باریان قورس بوو دەوەستان و دەستیان بە ئوتۆمبیلەکان هەڵ دەهێنا تا هەڵیان گرێ و ئەو ڕێگایەیان بۆ کورت بێتەوە، تۆش بەخۆت و کۆڵ و بار و منداڵەکەوە چوویتە سەر جادەکە و ڕاوەستای، خەڵکە پیادەڕەوەکە هەر دەڕۆیشتن و ئەوانەشی کە تاکو تەرا هاتبوونە سەر جادەکە هێندێکیان نائومێد دەبوون و دەڕۆیشتن چونکە هیچ ئوتۆمبیلێک ڕانەدەوەستا، خەریک بوو نائومێد بی و دووباره هەنگاو بنێیی، چونکە خەریک بوو بەو وەستانە لە کاروانی خەڵک بەجێ بمێنی، ئوتۆمبیلێک لە دوورەوە دیاربوو، لە دڵی خۆتەوە بڕیارت دا دەست لە وەشیان ڕاگری بەڵکو بوەستێ و ڕزگارت کا لەو ڕێگا دوورو درێژە، دەستت لێ ڕاگرت و ئوتۆمبیلەکە ڕاوەستێنرا، چرکەیەک شاد بووی بەو ئەنجامە بەڵام هەر زوو نائومێد بوویتەوە بەوەی کە پیاوێکی تەنگە ئەستوور کە لە پێشەوە دانیشتبوو لە تەنیشت لێخوڕەکەوە لێی پرسیت:

– بۆ کوێ دەڕۆی؟

– وەک ئەو خەڵکە دەمەوێ بگەمە سەر سنوور.

– جێگامان نییە هەڵت گرین، چاوەڕێ کە ئێستا ئوتۆمبیلی تر دێت.

نائومێد بووی، ناڕەحەت بووی چونکە بینیت نەک جێگەی تۆ بەڵکو



جێگەی سێ کەسیشیان هەبوو، سەیرت پێ دەهات ئەو خەڵکە بۆ وایان لێ بەسەر هاتووە!

خۆ ئەوانە پێشمەرگەش بوون، هەریەکە و سێ چوار ڕیز فیشەکیان لە کەمەر دابوو، بەڵام چاویان لە پێشمەرگە نەدەچوو، جلەکانیان جلی پێشمەرگە بوو، تەنها جیاوازی جلەکانیان ئەوە بوو گەردی نەگرتبوو، دەتگوت ئوتووکراون و لەبەر کراون، پاک و پوختە، ئەمانە پێشمەرگەن یان پێشمەرگە نین؟ چاوی ڕزگارت هاتەوە بەرچاو، ئەو چاوە گەشانە دەتگوت پڕن لە هیوا و ئاوات، دەتگوت هەرگیز لە شکستی ناترسن و بەرەو پێشەوە دەڕوانن، جلە خۆڵاوییەکانی ڕزگارت هاتەوە بەرچاو کە هەر دەتگوت پۆدرەی خاکن و عەتر و بەرامەی خاکی لە خۆی داوە، بۆنی شاخیان لێ دەهات، بۆنی کانییان لێ دەهات، بۆنی عەشق و هیوا و جوانییان لێ دەهات، ئەمانەت هەموو لە یەک دوو چرکەدا هاتنە بەرچاو و خەیاڵ. منداڵەکە لە باوەشتا بوو، دەتگوت ئەویش وەکو تۆ بێزار و نائومێد بووە دەگریا، یەک دوو هەنگاوت نا ئوتۆمبیلێک لە تەنیشتەوە ڕاوەستا، کە بینیت پێشمەرگەن نائومێد بووی وات دەزانی ئەوانیش بۆ گاڵتەپێکردن وەستاون، یەکێکیان لێی پرسیت:

– دادە گیان فەرموو سواربە بابتگەیەنین.

دوو دڵ بووی، بەڕاستیانە یان گاڵتە، سەیرێکی ناو ئوتۆمبیلەکەت کرد جلەکانیان خۆڵاوی بوون، سەیری چاویانت کرد، ڕووانینی ئەمان جیاواز بوو، باوەڕت کرد، ئوتۆمبیلەکە بەزۆر جێگای تۆی تیا دەبووەوە، سواری بووی، چاوەکانت پڕ بوون لە فرمێسک، خەریک بوو بگری بەڵام لە تاو گریانی منداڵەکەت خۆت بێدەنگ بووی و خەریکی ژێرکردنەوەی ئەو بووی، لە مەتارەی یەکێکیان هێندێک ئاو مابوو شیرێکت بۆ کرد و دەرخواردت دا، منداڵەکە بێ دەنگ بوو هێندەش ماندوو بوو لە باوەشتدا خەوی لێ کەوت، تۆش حەپەسابووی، تارمایی کارەساتەکان فشاریان دەخستە سەر مێشکت و توانای بیر کردنەوەتیان دەخستە قەیرانەوە،

مەرگەساتە کتوپڕ و یەک لە دوای یەکەکان بواری لێکدانەوە و ڕووناکی خستە سەر ناتەبایی و کەموکوڕییەکانیان نەدەدای، تا ئەو کاتەش بواری ئەوەت نەبوو لە خۆت بپرسی بۆ ئەمە ڕووی دا و دەبێ چی تریش ڕوو بدا، منداڵەکە وەک بەرخۆڵەیەک لە باوەشتدا کپ نووستبوو، ئوتۆمبیلەکەش بەخێرایی دەڕۆیشت. دیمەنەکان دەهاتنەوە بەر ڕووانگەت و خەندەیەکی پڕ لە شانازییان لەسەر لێوت ڕوواند، چاوەڕوانییەکی بەلەزەت، دێن و کۆتی دیلێتیمان بۆ هەتا هەتایە لە دەست و پێ دەکەنەوە، شەوێکی درێژی چاوەڕوانی و دڵ پڕ بوون و دەمار گرژبوون و جۆش و خرۆش؛ شەپۆلە کورتەکەش بەردەوام بوو لە گەیاندنی هەواڵەکان، دەنگێکی شێر ئاسا دەینەڕاند:

– «ڕاپەڕن!!» دایکانی شەهید، قارەمانانی ئەم گەلە ماندوو نەناسە، وا شاخ و دەشت ڕاپەڕیون! وا ڕووبار و دۆڵ و کانی ڕاپەڕیون! دار و دەوەن ڕاپەڕیوون، وا شەهیدان ڕاپەڕیون!...

دەنگەکە موچوڕکێکی پڕ لە جۆشی بەسەرتاپایاندا دەهێنا، دەنگێ بوو قەت لە ڕابردوودا سەدایەکی وا پڕ لە ئومێدی نەدەدایەوە، گیانت پڕ دەبوو لە ڕق و لە شێوەی تەرزدا بە جەستەتدا دەهات!

بۆ ئاگاداری!

بۆ ئاگاداری !

لە سیروانەوە بۆ ئازاد و فەرەیدوون و نەبەز، لە خاڵی «ب»دا چاوەڕوان بن!

لە کاروانەوە بۆ دەرسیم... دەست بەکاربن!

لە ئاشتییەوە بۆ خەبات و شیرین، «خۆتان بۆ زەماوەند سازدەن!»

*ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان*
*نامرێ ناو و نیشانتان*



*ئێوەبوونە ڕابەری ئێمە*
*بوونە پێشەوای سەنگەری ئێمە*

سروودەکان هێندەی تر خوێنی دەهێنانە جۆش، موچوڕکە لە جێ زامەکانی زیندانتەوە بەئازارێکی بەلەزەتەوە هەڵدەقوڵێن، دێن و ڕادەپەڕین! ئەم داگیرکەرانە لە خاکەکەمان دەردەکەین. شەپۆلەکە هەر خوڕەی دەهات.

*تا شەهید خوێنی نەڕێژێ*
*تاکو گەل تاڵیی نەچێژێ*
*داری ئازادی شین نابێ*
*باخی ژینمان ڕەنگین نابێ*
*ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان*

*ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان*
*نامرێ ناو ونیشانتان*

هێشتا سروودەکان تەواو نەدەبوون و شێر دەنگەکە دەهاتەوە گۆ و موچورکی ئافەرین و شانازی لە تەوقی سەرەوە تا پەنجەی پێ دەبزواند!

مژدە!

مژدە!

هاوڵاتییانی بەشەرەف! دایکانی جگەر سووتاو! خوشکانی ڕەش پۆش! پاش چەند ساتێکی تر مژدەیەکی خۆشتان دەدەینێ!

سروودەکە دەستی پێ دەکرد و تۆش ئەو چەند ساتەت لا درێژ دەبوو چاوەڕێ بووی ئەو مژدەیە دەروونت ڕووناک بکاتەوە، هەر چۆنێ بوو ئەو چەند ساتە تەواو بوو گوێت لە مژدەکە بوو:

مژده! مژده!

هەڵ هەڵە بدەن خوشکانی زووخاو نۆشیوو، جلی سوور بپۆشن دایکانی ساڵە هایە قەترانی پۆشی شەهیدان، وا داستانێکی تریشمان لە لاپەڕەی سەرکەوتندا نووسی و شارێکی تریش ناوی چووە نێو تۆماری ڕزگار بووانەوە، ئیدی داگیرکەران بۆ هەتا هەتایە لە خاکەکەمان بەدەر دەنێین.

وشەی هەتا هەتایە تەرزێکی خۆشی، بەڵام تێکەڵ بەگومانی بەلەشتا هێنا، یەکەم تەقە تاریک و ڕوونی کازیوە بوو، هەستت دەکرد قرمەژنی گوللە وەکو سەمفۆنیای ڕزگارییە و ماڵ ئاوایی کردنە لە کۆیلایەتی، سەعاتێک تەقە بەردەوام بوو، دوایی بوو بەتەقەی تەپڵی، واتە ئەوە سەرکەوتنە و ئێستا خۆمان سەروەرین، ڕات کردە کۆڵان، دەتگوت کۆڵان کۆڵانێکی ترە و شار شارێکی ترە، دەتوت هەر ئەو شارەش نییە کە تا دوێنێ ئێوارە پڕ بوو لەو کەسانەی باوکی تۆیان جنی و باوکی هەزارانی تریش، جەستەی تۆیان کردە خوومخانە و جەستەی زۆری تریش، جادەکان پڕ بوون لە پێشمەرگە و خەڵک، ژن و پیاوەکان دەتگوت لە دایک بوونەتەوە دەردەخەنەی بێ باکی و بێ ترسی لەسەر ڕووی هەر هەموویاندا دەبینرا، تۆش یەکەم جار بوو لە ژیانتدا هەست بەو چێژە بکەی بەهەموو جادە و کۆڵانەکاندا دەگەڕای، سروود و گۆرانی و هەڵبەستی شۆڕشگێڕانە، دنیایەکی سەیر بوو، بەرەو گۆڕستان کەوتیتە ڕێ تا تۆش ئەو مژدە خۆشە بەباوکت ڕابگەینی، گۆڕستان شێوەی گۆڕابوو، مردووەکان بۆمبابااران کرابوون گۆڕەکەی باوکیشت کێلەکەی ڕووخا بوو، بەدەنگی بەرز قسەت لەگەڵ باوکت کرد، مژدەی ڕزگاریی شارت دایە، هاتیتەوە ناو شار و بینیت هێشتا خەڵک هەڵ دەپەڕن و وێنە گەورەکانی دیکتاتۆرەکەش گڕێکی سووری لێ بڵند دەبێتەوە و دەسووتێ، لە ناکاو شایی بوو بەشین، فڕۆکەکان هاتن و شاریان بۆردومان کرد، ڕاو دەنران و دەهاتنەوە، تانک و زرێپۆش دەوری شاریان دا و بوو بەشەڕ، ئەمجارە نەک تەنها پێشمەرگە بەڵکو خەڵک هەموو شەڕیان دەکرد، شەڕێکی نا بەرامبەر بوو فڕۆکە و



تانک و زرێپۆش لە کوێ و ئەو چەکە سووکانەی ئێوە لە کوێ، وردە وردە خەڵک شاریان چۆڵ کرد و پێشمەرگەش کشانەوە، تۆپەکان لە دەوروبەری شاریش ڕاویان نان و نازانی تا کوێی تریش ڕاوتان دەنێن...

ئۆوتۆمبیلەکە گەیشتە سەر سنوور و ئەو سەر سنوورە هێندە قەرەباڵغ بوو، دەرزیت هەڵدابایە دەکەوتە سەر مرۆڤەکان، تا چاو بڕکات خەڵک وەکو برینی کێم کردوو هەڵتۆقیبوون و جەخار و خەمیان لێ دەچۆڕا، تاریکی دووبارە ڕەشماڵە ترسناکەکەی دایە سەر ئازارە بێدارەکان و جموجۆڵ و گریان و تووڕە بوون سیمای تاساوی خەڵکی شاردەوە.

ئۆتۆمبیلەکەیان وەستاند و فەرماندەکەیان پێی گوتی:

– لێرە دابەزە خوشکم، ئەمە سەر سنوورە و خەڵک چاوەڕێن سنووریان لێ بکرێتەوە و ڕێیان بدرێ ئاودیو بنەوە.

یەکێکی تریان پێی وتی:

– هیچ پێویستییەکت نییە؟

– زۆر سوپاستان دەکەم!

یەکێکیان یارمەتیی دای بۆ داگرتنی بارەکەت و لە قەراغ ڕێگاکە داینا، هەر لەو قەراغە ڕێگایە پەتوویەکیانت ڕاخست و ئەوی تریانت دا بەشانتا و منداڵەکەت لە باوەشتدا دانا و داتپۆشی، نمەنمەش باران دەباری، زۆرت سەرما بوو، زۆریشت برسی بوو، ئەو خەڵکەش کە لە دەوروبەرت بوون پێشتر گەیشتبوونە ئەوێ لە نایلۆن و عەبا و پەتوو چادری بچووک بچووکیان دروست کردبوو بە ژێریا هەڵکورمابوون، تاک و تەرا خەڵکیش وەکو تۆ بێ ڕەشماڵ بوون و لەبەر ئەو سەرمایە جەستەی خۆیان گرمۆڵە و بچووک کردبووەوە، بارانەکە زیاتری کرد، تا ئەو زیاتر دەبوو تۆ زیاتر خۆت بەسەر منداڵەکەدا دەدا تا باران لێی نەدا و سەرمای نەبێ، بارانەکە بێ تامی کرد و ئێجگار بەتووندی دایدەکرد، تۆش منداڵەکەت لە باوەش گرت و بەناچارییەوە ڕووت لە یەکێ لەو چادرە بەنایلۆن دروست کراوانە کرد کە

لە تەنیشتتەوە بوو بەڵکو جێگاتان بکەنەوە و ئەمشەو تۆ و ئەو منداڵە بەبێ کەسی نەمرن، ئەمجارەش ڕێکەوت یارت بوو ئەو ماڵەی کە ڕووت لێ نان ماڵێکی میهرەبان بوون و جێگایان کردنەوە، چوویتە ژوورەوە و لە پاڵ ئەو ئاگردانە بچووکەی کە لە سێ بەرد و هێندێک داری سووتاو پێک هاتبوو دانیشتی و ئەو گەرمای ئاگرە جەستەی حەساندیتەوە، ژنەکە پرسیاری لێ کردی:

– (پیاوت لەگەڵ دانییە؟)

– نەخێر هەر من و ئەم منداڵەین.

– «ئەی باوکی منداڵەکەت؟»

– شەهید بوو!

سیمای ژن و پیاوەکە پڕ بوو لە بەزەیی، هێند بەمیهرەبانی و بەزەییەوە سەیریان دەکردی خەریک بوو تێر بگریەی و هەموو خەمی دنیا بەو گریانە هەڵڕێژی، بەڵام پرسیاری دووەمی ژنەکە ڕایچڵەکاندی، کاتێ وتی:

– (کچە یان کوڕ؟)

چرکەیەک ڕاوەستای تا ئەو کاتە نەت دەزانی کچە یان کوڕ، هەروا بەدوو دڵییەوە وتت:

– کچە! منداڵەکەیان کە تەمەنی شەش ساڵ دەبوو هاتە نزیکتەوە و پرسی:

– (ناوی چییە؟)

بۆ ئەمەش چرکەیەک ڕاوەستای و هات بەدەمتدا بڵێی:

– (ئاوات).

ماندووبووی، ڕەنگبێ هەر هۆی ئەو ماندوێتییەش بوو بێ کە هێزی ئەوەت تیا نەبوو بەسەرهاتی ڕێگاکە و منداڵەکەیان بۆ بگێڕیتەوە، لە دڵی خۆتدا گوتت با هەروا تێ بگەن کە منداڵی خۆتە، منداڵەکەت دەگریا،



هەستت دەکرد نەخۆشە، دەستت بەنێوچاویدا هێنا، تایەکی گەرمی هەبوو، نەتدەزانی چی بۆ ئەو منداڵە کلۆڵە بکەی تا لە سەرما و نەخۆشی بێ پارێزی، لەو کاتەدا هیچت پێ نەدەکرا، گریان هەموو گیانی گرتبووی، منداڵەکەت لە تەنیشت خۆتەوە پاڵ خست و داپۆشی، ژنەکە پێی گوتی:

– (تۆش زۆر ماندووی هەر لەوێ ڕاکشێ، ئەمشەویش دەنووین بزانین خوا چی دەکا.)

تۆ هەر لە جێی خۆت گرمۆڵە بووی. ژن و پیاوەکەش و سێ منداڵەکەشیان بەڕیزی یەکەوە خۆیان گرمۆڵە کرد، ئەو ماوە کەمەی کە خەوت لێ کەوت خەوی سەیر سەیرت دەدی، لەو خەونە کابووسانە دەچوو کە لە ژووری ئینفرادی زیندان دەت بینین، بەشاخی سەخت و هەزار بەهەزاردا هەڵدەگەڕای، دەتویست بگەیتە لووتکەکەی، بەفر تا ئەژنۆکانتی نوقم دەکرد بەڵام هەر دەڕۆیشتی تا دەگەیشتیتە نزیک لووتکەکەی لە پڕ دەکەوتیتە خوارەوە، خەونی زۆر لەوە ناخۆشتریشت دەدی لەبەر چاوتدا دایکتیان وەک باوکت دەئەنجنی، قاچ، دەست، لووت، گوێ، چاو، دەیانوت ئەمانە پارچەکانی جەستەی دایکتە ، دەگریای و دەتویست پارچەکان لە یەک بدەیت و دایکت دروست بکەیتەوە، هەرچیت دەکرد نەت دەتوانی لەو پارچانە دایکەکەی خۆت دروست بکەی بەسەر ئەو پارچانەدا دەگریای و هیچ دەسەڵاتێکت نەبوو، باوکت دەهات و لە باوەشی دەگرتی و لە پارچەکانی جەستەی دایکت دووری دەخستییەوە، خەونی لەو ناخۆشتریشت دەدی، سوارەیان لەبەر چاوتدا گوللە باران دەکرد، لە یەک ساتدا سەد فیشەکیان بەرەو جەستەی دەتەقاند، جەستەی دەبوو بەبێژینگ، دواجار تۆیان دەبردە سەر ئەو جەستەیە، دەتویست تۆزقاڵێکی ئەو جەستەیە ببینی، هیچت نەدەدی، ئەوە جەستە نەبوو بێژینگ بوو، ڕادەچڵەکای، دەتبینی سیسرکەکان بەسەر سنگتەوە گەمە دەکەن، سنگت ببووە مەیدانی چاو شارکێ و هاتوچۆی ئەوان، جەستەشت دەتگوت جەستەی سارد و سڕی مردووە و ژینگە و تاراوگەی سیسرکەکانە، ئەو

کورته ساتەی کە لە پاڵ منداڵەکەشدا نووستی دووبارە خەونە تاڵەکان ئامبازت بوونەوە، ئەمجارە جەستەی ڕزگار بوو، دایکت و بەهارت بینی پێکەوە مردوون و لە پاڵ شاخێکدا لە پاڵ یەکەوە پاڵ خراون، ڕاچڵەکای ژانێکی سەخت، ژان و پێچێکی زۆر ناوسکی گرتبوویتەوە، هەموو خەڵکیش ڕاچڵەکی بوون، دەنگی بۆمباکان نزیک بوون، قیژ و قاوی خستبووە نێو هەموو خەڵک، هەموو جل و جێکانیان بەجێ دەهێشت و هەڵدەهاتن، هات هاتێکی سەیر ڕوویدا، تۆش بەدەم ئەو ئازارەوە هەر هێندەت پێ کرا جانتا کۆڵەپشتەکەت لە پشتت قایم کەیت و ئاوات لە باوەش گری و ڕاکەی، پتووە شڕەکانیشت بەجێ هێشت، باران دەباری و بۆمباش دەباری، لێرە و لەوێ، تاریک بوو، کەس مەرگی کەسی نەدەدی، کەس گریانی کەسی نەدەدی، هەموو بەدرێژایی خاڵی سنووردا کۆبوونەوە و پاسدارەکانی سەر سنووریش ڕێگای دەربازبوونیان نەدەدان، لە تاو بۆمباکانی ئەمبەرخەڵک دەیانویست بەزۆر لە سنوور ئاودیوو بنەوە، ئەمجارە دەستڕێژی لەو بەریشەوە دەستی پێ کرد، دەتگوت ڕاوە ئاسک دەکەن، ئەوەتا زیندەوەرەکان کەوتوونەتە داوی جووتێ ڕاوچییەوە، تاریکی نەیدەهێشت مەرگەکان بینراو بن، بەڵام دەرەقەتی دەنگەکان نەدەهات، هاوار و ناڵە بەجۆرێک بەرزبووەوە ئیدی قەت دەنگی لەوە بەرزتر و پڕ لە کۆڵەمەرگی تر بوونی نەبوو، لە دڵی خۆتەوە دەتگوت ئاخۆ چەکی کام لا ئەم جەستە ماندووەم دەپێکێ بریا دەمزانی، لەوساتەدا بیری دایکت و بەهارت دەکرد، دەتگوت دایە گیان ئاخریی بەم دەردەبراین و لە دووری یەکدا دەمرین، ئاخریی من نازانم بەچەکی کام لا دەکوژرێی و تۆش نازانی بەچەکی کام لا دەکوژرێم، بەهار گیان بشێ ئەو دڵە پاکەی تۆش کە هێشتا لە بەهاری هەرزەکاریدا لێ دەدا ئەم شەو نەبێتەوە خۆراکی ئاگر، دایەگیان ئێمە چ مرۆڤانێکی بێ داڵدەین لە ترسی لافاوی نەوتدا پەنا بۆ ئاگر دەبەین! خوایە ئێمە چ کەسانێکی بێ ماڵین لە سێبەری دڕکدا خۆمان حەشارداوە، هەر لە جێی خۆت دانیشتی، لە پاڵ خەڵکانی تردا کە لەبەر



تاریکی ڕوویانت نەدەدی، بەڵام گوێت لە گریانیان بوو، منداڵ بوون، ژن بوون، پیاو بوون، گەنج بوون، پیربوون، نەتدەزانی؟ گریانەکانیان یەک گریان بوو، کۆکتێلێکی پڕ لە ترس و ژان و نامۆیی بوو، ئەو شەوەش درێژ بوو، دەتگوت قەت کۆتایی نایەت، قەت، هەر وەکو ئەو شەوەی بەسەر زامەکانی «ئەمەل»دا دەگریای، ئەو شەوەی کە بردیانی و نەتدەزانی بۆ کوێت دەبەن، چاوەکانیان بەستیتەوە بەپارچەیەکی ڕەشی چڵکن، هێند توند شەتەکیان دا خەریک بوو بیلبیلەکانت بتەقێ، دەستەکانیشت توند بەکەلەبچە بەزنجیرێکەوە بەسترابوونەوە پشتی پیکابێک، بردیانی و نەتدەزانی بۆ کوێت دەبەن و چارەنووست چی دەبێ، بردیانی و دوا نیگای دایکت و شارەکەی خۆت نەبینی، ڕێگایەکی درێژ بوو، نە ڕێگا تەواو دەبوو نە شەو، نە تۆ کۆتاییت دەهات و نە شەو، بایەکی توند و سارد ڕوومەتەکانی شەقار دەکردی، گلێنەکانت لە حەژمەت ئەو شەتەک دانە توندە دەئێشان، مەچەکت لە تاو توندوتیژی ئەو کەلەبچەیە خەریک بوو ببڕێتەوە، تا ئەو کاتەی جەستەت سڕبوو ئیتر هەستت بەهیچ نەدەکرد وات دەزانی تۆ کۆتاییت دێت و ڕێ کۆتایی نایەت، ئەو سڕبوونە ڕزگاری کردی، ئەو سڕبوونە نەبووایە نە شەو کۆتایی دەهات و نە ڕێ، ئەو کاتە زانیت سڕبوون لە ڕێ و شەو و کۆتایی هاتنی ژیان ڕزگاری کردی، کە پەڕۆ ڕەش و چڵکنەکە لە چاوت کرایەوە و کەلەبچەکان لە دەستت کرانەوە و تووڕدرایتە ژوورە بچکۆلەکە، تا دەست و پلت هاتە گۆ و چاوەکانت کرانەوە زەمەنێک بەسەر چوو بوو، کە چاوت بەدەوروبەری خۆت داگێڕا شتێکی سەیرت دی، کچ بوو، کچێکی قژ درێژ، کچێکی ڕووت کە جەستەی لە جەستەی خۆت دەچوو، زامەکانی لە ژمارە نەدەهاتن، ئەو ئاگای لە تۆ نەبوو، تۆ هێشتا هەر بەگومانەوە سەیرت دەکرد لە دڵی خۆتدا دەتوت بشێ ئەمە یەکێ لەو سیسرکانە نەبێ بووە بەکچ!؟ بشێ منیش سیسرک نەبم و بووبم بەکچ، سەرت ڕاوەشاند، نا نا هەردووکمان کچین، چوویتە نزیکیەوە، دەستت بەنێو چاوانی داهێنا، هیچ نەجوڵا، دەستت

بەگریان کرد، خۆ ئەوە مردووە، هەستت دەکرد بەسەر لاشەی خۆتدا دەگریت، جەستەی وەک جەستەی تۆ پڕ بوو لە زام، قژە درێژ و ڕەشەکەی ئاڵۆزکاو و ڕاکێشراو بوو، بەڵام ئەو مردبوو تۆ زیندوو بووی، گریای، گریای، چاوەکانت سوور هەڵگەڕان، دەستت بەقژ و نێوچەوان و زامەکانی لەشی دادەهێنا، مەمکەکانیان کردبووە تەپڵەکی جگەرە، نە جگەرەیەک و نە دووان نە سیان، جێگاکانیان ترسناک بوون، جەستەی دەتگوت شانەی هەنگە، کون کون هەر وەک مەملەکەتی هەنگ، شەو هێشتا هەر درێژتر دەبووەوە، چەند شەوێکی لاستیکییە! ڕێگاش تەواو بوو هەر تەواو نابێ، بەڵام ئەو شەوەش کۆتایی هات، ژیان چەند تراژیدیایەکی بەکاوەخۆیە، هێشتا لە سەرەتای کۆتایی هاتنی شەودا بوو، تۆ دەستت هەر بەناو زامەکانی هاوژوورەکەتدا دەگێڕا، چاوەکانی کردەوە، هەستت دەکرد چاویشی لە چاوی تۆ دەچێ، لە دڵی خۆتدا گوتت ڕەنگبێ هەموو زیندانییەکان لە یەک بچن، گەر پێشتریش لە یەک نەچووبن بەو داهێنانی شارستانیانەی لە ژووری ئەشکەنجەداندا لەسەر جەستەی زیندانیانی تاقی دەکەنەوە وا دەکا لە یەک بچن، سەری لە کۆشتا بوو، دەستەکانت بەنێو چەوانیدا دەهێنا، دەیویست قسەیەک بکات، زمانی لە گۆ خرا بوو، ماوەیەک بەبێ دەنگییەوە سەیری یەکتان کرد، دەتگوت بەو سەرنجانە ناخی یەکتر دەخوێننەوە، تۆ برینێکی کۆن بوویت و ئەو برینێکی نوێ، دەبێ دوو برین چۆن ناخی یەکتر ببینن، دەبێ زمانی نێوان دوو برین چ زمانێک بێت، دەبێ بەچ زاراوەیەک باسی ئازارەکان بکەن، زمانی هاتە گۆ بەڵام دەنگی بەحاڵ دەردەهات، زمانتان جیاواز بوو وەک ناوەکانتان، بەڵام لە زاراوەکانی یەکتر دەگەیشتن، دەنگەکەت بەحاڵ دەبیست، هەر بەئاستەم:

- تۆ کێی؟
- من ناوم «نەورۆز»ە ئەی تۆ؟
- (ئەمەل)!



ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەوان بێن و لە یەکترتان جیاکەنەوە، بەڵام لە هەمان ژووردا. تۆ لە سوچێک و ئەو لە سوچێ، هەڕەشەیان لێ کردن نابێ قسە لەگەڵ یەکتر بکەن... ئێوەش هەر بەسەرنج یەکتریتان دەدوان، بەزمانی برین قسەتان دەکرد، بەو سەرنجانە دەتانتوانی داستانیش بۆ یەکتر بگێڕنەوە، تۆ باسی خاکی خۆت و شاری خۆت بۆ ئەو بکەی و ئەویش باسی شاری خۆیت بۆ بکا، تۆ باسی کوردستان و ئەو باسی باشووری وڵاتەکەیت بۆ بکا...

لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدان کەسدا ئەو شەوە شوومەش کۆتایی هات، ئەمجارە مەرگ لە دوو قۆڵەوە شاڵاوی هێنابوو، نەتاندەزانی ئەو هەموو جەستە شەلاڵی خوێنە بەچەکی کام لا کوژراون، پاسدارەکان یان سەربازەکان، گریان چاوی زیندووەکانی شووشتەوە، ئەمجارە ئەو گۆڕستانەی بەجێتان دەهێشت گەورەتر بوو، وەک گۆڕستانەکانی تر نەبوو، کوژراوەکانی دووجار کوژرابوون جارێکیان بەگوللەی ئەم بەر و جارێکیان بەهی ئەو بەر، هەر مەرگێ دوو مەرگ بوو لەناو خۆیدا، بۆیە گریانەکانیش جیا بوون، لە جیاتی دڵۆپێک فرمێسک هەر جارەی دوو دڵۆپ لە یەک ساتدا لە چاوەکانەوە دەبارین، ئافرەتەکان شیوەنەکانیان وەک شیوەنی تر نەبوو لە یەک ساتدا دوومستی قاییمیان بەسنگی خۆیاندا دەکوتا و دوو جار قوڕیان لەسەر خۆ دەگرت، چ پرسەیەکی گەورە بوو ئەو بەیانییە، هەر لە عاشورای ئەوان دەچوو، بەڵام سەدان حوسەین و سەدان حەسەن شەهید بوو بوون، جگە لەوەش سەدان خوشکی حوسەین و کچی حوسەین و دایکی حوسەین گەوزێنرابوون لەناو خوێنی خۆیان، سەد عاشورا بوو لە ساتێکی ترسناکی ئەو بەیانییە تەزیوەدا، خوێنەکان تێکەڵ بەقوڕاو ببوون، هی ژن و پیاو و منداڵ، لێک جیا نەدەکرانەوە، دیسانەوە زیندووەکان دەستیان بەچاڵ لێدان کرد تا کوژراوەکان بشارنەوە، هەر چاڵە و دوو شەهیدیان تیا دەناشت، شەهیدێکی کە بەگوللەی ئەم بەر و دانەیەکی بەهی ئەوبەر شەهید کراو، هەموو لە پرسەدا بوون، دەگریان و چاوتان دەگێڕا، هەموو

دەتگوت بەدوای خۆتاندا دەگەڕێن تا دڵنیا بن لە مانەوەی خۆتان.

تۆش هەر چاوت دەگێڕا، نەتدەزانی بۆ خۆت دەگەڕێی یان بۆ دایکت و بەهار، گلێنەت نە دەسرەوت، ئاوات لە باوەشتدا بێ هۆش بوو، تەنانەت ترسی ئەوەت لێ نیشتبوو بمرێ، چاوەکانت شێت بوو بوون هێندە بەدوای خۆت و دایکت و خوشکەکەتدا گێڕابوون، گلێنەت لە گلێنەیەک گیر بوو، خۆ ئەوە چاوەکانی دایکتن، ئەویش شێت ئاسا چاو دەگێڕێ و دەگریە، چاوەکانت هەڵ کلۆفت تا دڵنیا بی ئەوەی دەیبینی بەڕاستی ئەوە، چاوەکانی بەهاریشت بەدی کرد، دەستت بەگریانێکی توونید کرد و بەرەو لای ئەوان غارت دا، هەرسێکتان باوەشتان بەیەکدا کرد و ماوەیەک پێکەوە نووسابوون و دەگریان، نەتدەزانی ئەمە ڕاستییە ڕوودەدا یان خەون، سەرانسەری داستانەکەت وەکو خەون دەهاتە بەرچاو، هەر لەو ڕۆژەوەی کە ماڵەکانتان بەجێ هێشت، سەرانسەری ژیانت وەک داستان و خەون دەهاتە بەرچاو، هەر لەو ڕۆژەوەی باوکت بەبێ دەست و قاچ بینییەوە، ئەوڕۆژەی کە خۆت لە زیندان و ژووری ئەشکەنجە بینییەوە، ئەو ڕۆژەی خۆت لە پرسەی سوارەی خۆشەویستدا بینییەوە، تا ئەو کاتەی سەری منداڵە فریشتە ئاساکەت بینی و چەندان گۆڕستان و کۆمەڵ کوژیت دی.

– ئەمە منداڵی کێیە!؟

دایکت منالەکەی لێ وەرگرتی و تۆش داستانەکەت بۆ گێڕانەوە، ئاوات بێ هۆش بوو، تۆ لەو بێ هۆشتر، بەڵام دایکت لە خۆشی دۆزینەوەی تۆدا گوڕی دەدایە خۆی، چوون لە جێگایەک کە دایکت بەعەبا و پارچە نایلۆن کەپرێکی بچووکی دروست کرد بوو دانیشتن، دایکت خەریکی منداڵەکە بوو تا پاکی بکاتەوە، کە جلەکانی داکەند ئەوسا زانیت کوڕە، دایکت بەسۆزەوە لە باوەشی خۆی دانابوو، بەهاریش لەو دەوروبەرە هێندێ دار و پووش و پەڵاشی کۆکردەوە و ئاگری کردەوە، دایکت منداڵەکەی لای تۆ دانا و هەستا وەک پیشەی هەموو کاتێکی گورج و گۆڵانە نیسکێنەیەکی لێنا،



ئەو نیسکێنە گەرمو گوڕە گەدەی بوژاندنەوە، هاتیتەوە هۆشی خۆت، بەڵام دەترسای ئەو منداڵە بمرێ دایکت دڵی دەدایتەوە.

– کچم خەم مەخۆ چاک دەبێتەوە، ئەوەتا ئەمڕۆ سنوورمان لێ دەکەنەوە و دەچینە ئەودیو، لەوێ دەیبەینە لای دکتۆر و چاک دەبێتەوە، دەڵێن دوکتۆری چاکیان هەیە.

ئەو قسانە تۆزێ ئارامیان دەکردیەوە، لە پاڵ منداڵەکە خەوت لێ کەوت، نەتزانی چەند خەوتووی، بەڵام ئەو خەونەیان کە سەرت لە کۆشی دایکتدا بوو خەوێکی پڕ لە دڵنیایی بوو، دایکت بەدەستە بەسۆزەکانی هەڵی ساندی:

– نەورۆز گیان، نەورۆز...! هەستە باوانم، ئەوە ڕێگای خەڵکیان داوە بۆ ئاودیو بوونەوە، خێرا کەن با ئێمەش خۆمان کۆکەینەوە و بڕۆین...

***

## ٤

چەند هەستێکی سەیرە، ئەم جەستانە دەڵێی تەرمن و بەرەو گۆڕستان دەڕۆن، ئەم کاروانە دەڵێی کاروانی مردووانن و بەپێی خۆیان دەڕۆن خۆیان بەخاک بسپێرن، ئەم بایە دەڵێی ئاوازی ئەو شمشاڵە خەمناکانەیە کە لە بەرنامەی کاروانی شەهیدان لێ دەدرا، چ ئاوازێکی بەجۆشە و فرمێسک بەخوڕ لە چاوی هەمووانەوە دەبارێنێ، کێ دەیزانی ئەو هەموو کۆچە ڕوودەدات، ڕزگاربوونمان لە چی و ئاوارە بوون و کۆچمان لە چی، ئەمجارەش بووینەوە بەگیسکەکەی هەیاس، وا ئاودیویش بووینەوە و هەموو شتێکمان بەجێ هێشت، گوڵ، کانی، شاخ، یادگاری، ڕابردوو، مێژوو، گۆڕستانی کۆن و هی نوێ، هەموومان بەجێ هێشت! ئاوات گیان! تۆ چەند لە زەمەنێکی شێتدا لە دایک بووی، هەمووشتی فێی لێ هاتووە و هەمووشتێ دەتەقێتەوە، تۆ دەڵێی هەر بۆ ئەوە ماویتەوە بەردەوانی بەکۆچی دایکت و باوکت و خوشکە فریشتە ئاساکەت بدەی، کۆچ میراتییەکی هەمیشەییە و لە باو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، بۆ لەم زەمەنە هار و شێتەدا لە دایک بووی ئازیزم؟ ڕەنگبێ تۆش وەک من گەورەبی و لە تەمەنی خۆتدا بۆ تروسکاییەک بگەڕێی و نەیدۆزیتەوە، یاخی ببی لە هەموو شتێک. لە هەموو شتێک ڕامێنی و سەدان پرسیارت لا دروست بێ کە تا دنیایە بێ وەڵام دەمێننەوە، ڕەنگە دیاردەکان تووشی حەپەسان و سڕبوونت بکەن... ئەفسوس لە زەمەنێکدا لە دایک بووی مەرگ و کۆچی لێ هەڵ دەقوولێ، لە زەمەنێکی بێ خاوەندا بڕیاری هاتنە دنیات دا، جا کێ دەڵێ خۆت بڕیاری ئەم هاتنەت داوە و ئەم گەشتی ژیانەت بەسەردا نە سەپێنراوە، ئەم بێ هۆشییەت دەڵێی زەنگی ناڕەزاییە لە شێوەی بێ دەنگیدا لێ دەدا و من پڕ بەگوێم دەیبیستم، دەتەوێ بمری؟ نا ئاوات گیان ئەوە نەکەی بەرگەی ئەو هەموو کۆست کەوتنە ناگرم، ئێستا



تۆ بووی بە بەشێ لە من و هەستی دایکایەتیم لێوە هەڵدەقوڵێ، بەمردنی تۆ هەست بەنوێ بوونەوەی کۆست و جگەر سووتان دەکەم، نەمری ئاوات گیان ئێستا تۆم لە شیعر خۆشتر دەوێ، ئامادەم هەموو شیعرەکانم بسووتێنم تا تاوێ تۆ گەرم بیتەوە و نەمری، تەنها ئەو شیعرانە نەبێ کە لە زیندانەوە لەسەر دەسماڵی کاغەزین دەمنووسین و بۆ سوارەم دەناردن، ئاوات گیان ببوورە کە دەڵێم ئەو شیعرانە ناسووتێنم چونکە ئەوانە دیاری و یادگاری من بوون بۆ سوارە و دیاری و یادگاری ئەون بۆ من، تۆ نازانی چەندمان یەکتر خۆش دەویست، قەت ئەو ڕۆژەم بیر ناچێتەوە کە دەستمان لە ناو دەستی یەکتر نا و نەخشەمان بۆ ئەو داهاتووە دەکێشا کە دانەهات، کاتێ پێکەوە دەدواین چاوەکانی دەبریقانەوە، پێم دەوت:

– ئەوە بۆ کاتێ قسەم لەگەڵدا دەکەی چاوەکانت پڕ دەبن لە فرمێسک؟

– لە خۆشەویستییا.

کە وای دەوت منیش پڕ دەبووم لە فرمێسک و بەبێ دەنگییەوە دەگریام، دەی وت:

– منداڵمان ببێ ناوی دەنێین «ئاوات».

– کچ بێ یان کوڕ؟

– کچ بێ یان کوڕ ناوی دەنێین ئاوات. ئێستا وا هەست دەکەم تۆ ئەو ئاواتەی دەمێک بوو من و سوارە خەونمان پێوە دەدی، ئێستا زانیت ئاوات گیان بۆ ئەو شیعرانەم ناسووتێنم، ئەوانە تاقە دیاری و یادگاری سوارەی باوکتن بۆ من!، خۆ گەر هەر بزانم ئەو شیعرانە ژیانی تۆم دەدەنەوە دەیان سووتێنم، دەیان سووتێنم و تۆ دەبیتە یادگاری نێوانمان...

– نەوروز گیان تۆ ماندوو بووی ئاوات بدە من هەڵی گرم.

دایکت ئەو گفتوگۆ یەکلایەنییەی نێوان تۆ و ئاواتی بڕی، سێ شەو و سێ ڕۆژە خەیاڵ هەرجارە و بۆ لایەکت دەفڕێنێ، لە واقیع هەڵدێی و دەچیتە نێو جیهانی خەیاڵەوە، بەڵام ئەوێش تاڵترە، بەناو یەک بەیەکی

خەیاڵەکاندا هەڵدەفڕی، لە هیچ کوێیەکیش ئۆقرە ناگری و نانیشیتەوە، چەند کچێکی هەستیار و سەیری، هەموو جووڵەیەک دەتهەژێنێ و کانیاوی شیعرت دەتەقێنێتەوە و نایەنووسی، چی بنووسی؟ کەی ئەو ڕووداوانە لە بۆتەی شیعردا جێگایان دەبێتەوە؟

ئاوات لە باوەشی دایکت دایە و هەر سێکیان هەنگاو دەنێن، زۆری نەماوە بگەنە ئۆردووگا، بەهاریش بێ دەنگە، ئەڵێی سەرەتای حەپەسان و پرسیار لە خۆ کردنێتی، کۆڵەکەی پشتی لە خۆی قورسترە و هەنگاوەکانیشی قورسن، ماوەیەک بوو هەستت دەکرد ئەویش کەڵکەڵەی ئەدەب لەسەری داوە، لە کتێبخانەکەی تۆدا کتێب دەردەهێنێ و دەیخوێنێتەوە، شەوان تا درەنگێ بەدیار کتێبەوە دادەنیشێ، هەر لەو ڕۆژانەش پەڕە کاغەزێکت لەنێو کتێبخانەکەتدا بینی بەخەتی ئەو نووسرابوون، هەڵت گرت و خوێندتەوە، بزەیەکت هاتێ، بەهار دەیەوێ چیرۆک بنووسێ، بەڵام بۆ باسی نەکردووە؟ کە لە قوتابخانە هاتەوە ماچێکت کرد و پێت وت:

– ئافەرین بەهار گیان، ئەوە چیرۆک دەنووسی؟

بەشەرمەوە پێکەنی و گوتی:

– دادە گیان خوێندتەوە؟

– بەڵێ، زۆر جوان بوو.

–بەڕاستیتە؟

– بێ گومان.

لەو ڕۆژەوە بەهار زیاتری دەخوێندەوە، بەڵام هیچی تری پیشان نەدای کە نووسیبێتی، ئێستاش بەحەپەسانەوە لە شتەکان دەڕوانێ دەڵێی خۆ بۆ نووسینی چیرۆکێ پڕ دەکا، بێ دەنگییەکەی نائاساییە و تووڕە بوونی لێ دەبارێ.

دایکیشت بەسۆزەوە ئاواتی لە باوەش گرتووە و چاوەکانیشی بەرەو



پێشەوە دەڕوانن، زۆرتان نەماوە بگەنە ئۆردووگا، هەموو سەرنج لە پێشەوەی خۆیان دەدەن و دەڵێی نایانەوێ پشتەوەی خۆیان ببینن. دەڵێی سیمای سوپا سەربازییەکەی کە هەر ڕاویان دەنێ هێندەی تۆقاندوون نەوێرن ئاوڕ لە دواوە بدەنەوە، دەڵێی هەموو خەون بەو ئوردووگایەوە دەبینن کە ساتێکی تر پێی دەگەن، دەبن بەخاوەنی ڕەشماڵێکی تایبەتی، ئەو ڕەشماڵە لە بارانیشتان دەپارێزێ و لە سەرماش، ئەو ڕەشماڵە قەرەبووی گشت ئەو سێ ڕۆژی سەرما بوونەتان دەداتەوە. بەمنداڵیی ڕەشماڵی قەرەجەکانت دەدیی لە قەراغ شار هەڵدراون دڵت پێیان دەسووتا، دەتگوت چەند گوناحن ماڵیان نییە، بەڵام ناڕەحەتیت لە ڕووی ئەواندا نەدەبینی، ئەوان دەتگوت ئەوە ماڵێکی ئاساییە و وا دەزانن ئەوەی لە ڕەشماڵ بترازێ ماڵ نییە، هێندە ڕاهاتبوون بەو ماڵانەی خۆیان و دڵشاد بوون پێی و ڕوویان هەمیشە خۆش و گەش بوو.

ئەوەش ئۆردووگا، هەزاران ڕەشماڵ لە دەشتێکی ڕەقەن، نامۆیی سەرتاپای گرتیتەوە، دەتگوت دڵۆپە فرمێسکێکی گەورەیت و لە چاوی ڕۆژگاردا قەتیس ماوی و ناڕژێی، ڕەشماڵتان هەڵدا و چوونە ژوورەوەی، مناڵە بێ هۆشەکەت لە کۆشت دانا، تۆ لە ژوورەوە مایتەوە تا ئێشکی ئاوات بگری و دایکت و بەهار وەدەرکەوتن تا ئاو بهێنن و خواردنێ بەدەست بهێنن، ئاغا و پاسدارەکان خواردنیان دابەش دەکرد، ئەوانیش هەر وەکو خوا دابەشیان دەکرد...

ئاوات لە کۆشتدا بوو، دوو ڕۆژ بوو ئەو تا گەرمە بی هۆشی کردبوو، دڵت نە دەهات لە عەرزی دانێی، لە جانتاکەتدا دەفتەرە چکۆلەکەی ڕزگارت دەرهێنا، لاپەڕەی یەکەمت کردەوە بەخەتێکی جوان نووسرابوو: «هەنگاوی یەکەم بەرەو شاخ»، لە خوارەوەشی بەخەتی ورد نووسرابوو: (ئەمڕۆ لە پەتی سێدارە ڕزگارم بوو، دوای شەش مانگی پڕ لە مردن بەبڕیارێک بەخشراین و منیش لە ژووری زیندان و چاوەڕوانی سێدارەوە بڕیارم دا یەکەم هەنگاو بەرەو شاخ بنێم.»

سەیری بەرواری نووسینەکەت کرد، واتە ڕزگار حەوت ساڵە پێشمەرگەیە، لە ژووری لە سێدارەدانیشدا بووە، بیرت چووە لای ژووری سێدارە، دەبێ چەند سامناک بێ، مردن هێند لێتەوە نزیکە دەتوانی بەچرپەش قسەی لەگەڵدا بکەی، ئیزرائیلەکەشت گشت چرکەیەک لەبەر دەمت دایە و پێش ئەوەی ڕۆحت بکێشێ سووکایەتیت پێ دەکا، چەند مردنێکی سامناکە ژیان لەو ژوورەدا موچوڕکێکی ترس و ناخۆشی بەلەشتا هات، لاپەڕەی دووەمی پەڕەکەت هەڵدایەوە، بەدێرێکی گەورەی وەکو سەرناوی چیرۆکێک نووسرابوو: «کۆمەڵ خەجێی سووتان!» ناونیشانەکە سەرنجی ڕاکێشایت و دەستت بەخوێندنەوەی کرد. «خەجێ» نازانم بڵێم چەندەمین ئافرەتە کە خۆی سووتاند، یان کۆمەڵ سووتاندی!

کە دەمویست لە دوا ساتەکانی ژیانیدا ئەو ئاگرە بکوژێنمەوە کە لە جەستەی بەر بووە، هەر هێندەی هێز تیا مابوو بەدەنگێکی سووتاوەوە بڵێت:

مەمکوژێنەرەوە، ئێوە منتان سووتاند.

خەجێ ڕاستت کرد ئێمە تۆمان سووتاند، ئێمە ژیانمان لێ کردیتە دۆزەخ.

من دوایی زانیم کە لەگەڵ ئەو حاجییەدا چەندا ژیانێکی سەخت ژیا بووی، من تۆم نەدەناسی خەجێ، نەمدەزانی پێش ئەوەی بسووتێی چ ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بووی، دوایی زانیم لە گشت ئەم ناوچەیەدا کەسێکی لە تۆ شۆختری تیا نەبووە، من کاتێ تۆم بینی خەڵووز بووی، نەمدەزانی هەرچی لاوی ئەم مەڵبەندە هەیە شێت و شەیدای تۆ بوون، دەڵێن جگە لە جوانی چاو کراوەش بووی، ئافرەتێکی گورج و گۆڵ و وریاش بووی، من سەرسام بووم بەو پەسنانەی لە بارەتەوە بیستم، کەچی ژنی ئەو پیاوە پیرە دەمارگیرە بووی کە تەنانەت نەیدەویست ئاگرەکەی جەستەشت بکوژێنێتەوە! دوایی ئەو نهێنییەشم زانی، کە کوڕە خۆفرۆشێکی شاریی، گوایە پێشمەرگە بووە و تۆی بەقسەی ڕازاوە



هەڵخەڵەتاندووە و بەنیازی هێنانی کردووی، تۆش باوەڕت پێ کردووە و ڕۆژێک پێش ئەوەی هەڵبێتەوە بۆ ناو شار و خۆ لە باوەشی ڕژێم بهاوێتەوە کارێکی نا بەجێی لەگەڵ تۆدا ئەنجام داوە، کارێکی کە هەر لە ناو ئێمەی دواکەتوودا هێند بەسەختی دەبینرێ، سکی پڕ کردووی و خۆشی ئیدی نابینیتەوە.

خەجێ گیان...! جا چی دەبوو گەر یەکێ لەو لاوانەی شێت و شەیدات بوو بوون ئەو کارەیان کردبا و تۆیان خواستبایە تا ئەوە چارەنووست نەبوایە و برا و باوکت هەڕەشەی کوشتنیان لێ نەکردبای، گوایە ئەو حاجییە تۆی ڕزگار کردووە و چووەتە لایان و وتوویەتی من دەیخوازم، تۆ بیست ساڵ و ئەو شەست و پێنج ساڵ، ئاخۆ ئەو دووساڵە چۆن ژیابی لەگەڵیدا و کەی ڕەوایە تۆی خونچە گوڵ لەگەڵ پیاوێکی لە تەمەنی باپیرتدا بژی؟ دەڵێن ڕۆژ نەبووە بەگۆچانەکەی لێت نەدا و تۆش لە ترسی باوک و برا و خەڵکی دێ نەت توانیوە فزە بکەی.

بۆ دەبوو لە ئێوارەیەکی وادا ئەو کارە بکەی خەجێ و ئەو ئاگرە لە خۆت بەردەی، من هاتبووم خۆم گەرم کەمەوە، ئەو ئێوارەیە زۆرمان سەرما کێشا بوو.

بەفرێکی زۆر باریبوو، شاخ دەتگوت کراسێکی ئاو دامانی سپی پۆشیوە، دارەکان دەتگوت لقی بەفریان گرتووە، ئێمەش لە بەیانی زووەوە لە ڕێ بووین، خەیاڵمان هەر لای گەیشتن و گوند و ئاگردانی ماڵەکان بوو تا جەستە تەزیووە لە گۆچووەکانمان بخاتەوە گۆ، گەیشتینە دێ و دابەش بووینە سەر ماڵان، من لە دەرگای ماڵی ئێوەمدا بێ ئەوەی بزانم ئێوە کێن، کە پیرەمێردەکە دەرگای لێ کردمەوە هاواری تۆم بیست، ئەو هەر باکیشی نەبوو، گوتم ئەو هاوارە چییە، هیچی نەگوت، لە ژوورەکەوە ئاگر بڵند دەبووەوە، خێرا ڕام کرد بینیم شتێک دەسووتێ، نەم دەزانی مرۆڤە یان چی؟ من پارچە خەڵوزێکم بینی تەنها گوێم لەو ڕستە سامناکەت بوو کە وتت «ئێوە منتان سوتاند.» ڕاست دەکەی خەجێ هەموومان دەستمان لە

سووتانی تۆدا هەبوو، هەمووسان.

ئەو بەسەر هاتە کاری تێ کردی وەک کارتێکردنی هەموو ئەو کارەساتانەی کە ڕۆژانە دەتدی، دەتبیست، دەتخوێندەوە و دەتنووسین. کارەساتی دیاریت بیر هاتەوە، براکەی گۆڕییەوە بەژنێک بۆ خۆی، کارەساتی سەوزەت بیر کەوتەوە فرۆشتیان بەچەند هەزار دینارێک و براکەی ئۆتۆمبیلێکی پێ کڕی!

هەروا بەسەرهاتت بیر دەکەوتەوە دایکت هاتە ژوورەوە و تەنەکەیەک ئاوی لە سوچی لای دەرکی ڕەشماڵەکە دانا و بەهاریش هێندێ نان و چەند قووتوویەک خواردەمەنی هێنابوو داینا، دایکت گوتی:

– نەورۆز با هەردووکمان ئاوات بەرینە لای دکتۆر ئەوەتا ئەو ڕەشماڵە گەورەیە دکتۆری لێیە و زۆریش قەرەباڵغە دەبێ ڕیز بگرین.

دەفتەرەکەت داخست و خستتەوە ناو جانتاکە، ئاواتت هەڵگرت و لەگەڵ دایکتدا بردتان بۆ لای بیمارستانە بەڕەشماڵ دروست کراوەکە.

دوای دوو سەعات نۆرە گەیشتە ئێوە و منداڵەکەتان گەیاندە لای دکتۆرێک، هێندێ تەماشای کرد و بیستەکەکەی نا بەسنگییەوە، دەرمانی بۆ نووسی و هەر لە بیمارستانەکە شووشەی مەمە و شیر و دەرمانیان دانێ، دەبوایە دەرمانەکەشی بەشووشە مەمە بدەیتێ و پێی گوتن گەرم ڕایگرن. هێدی هێدی دەرمانەکان کاری خۆیان کرد و ئاوات هۆشی هاتەوە... چەند شادمان بووی کە ئاواتت دەدواند، بۆت پێدەکەنی و دەتریقایەوە، بەهار و دایکیشت لە تۆ زیاتر هۆگری ئاوات بوون و بەهەرسێکتانەوە خزمەتتان دەکرد، کە چەند ڕۆژێک تێپەڕی و ڕۆژ بەڕۆژ ئاوات چاکتر دەبوو، دات دەنیشاند و خواردنی تایبەتیت بۆ دەکرد و دەتدایە، هەر بەناو ڕەشماڵەکەدا دەستتان دەگرت و تۆ و بەهار فێری ڕۆیشتنتان دەکرد، ئەو ژیانە سەخت و نالەبارەی ئۆردووگا، ئەو ماندوو بوون و ئاو هێنان و بەکۆڵەمەرگی خواردن پەیداکردنەت بەدیتنێکی ئاوات



لە بیر دەچووەوە، هەر چەندە کارەساتەکان لە ئەندازەی ڕۆژگارەکان گەورەتربوون، خۆ قەت ناتوانی دیمەنی ئەو ژنەت لەبیر بچێتەوە کە هاتبوو مەنجەڵێ ئاو بۆ منداڵەکانی بێنێ و مەنجەڵەکەی لەژێر تەنکەرەکە ڕاگرتبوو تا تنۆک تنۆک ئاوی تێ بچێ، بەڵام شوفێرەکە لە شلوقی و پاڵ بەیەکترنانی خەڵکەکە بێزار بوو سواری ماشێنەکە بوو خێرا پێی پیانا و ژنەکەش لەژێر پێچکەی تەنکەرەکەدا بەزەویەکەوە نووسا، تۆ ئەو دیمەنەت هەرگیز لە یاد ناچێت کە خوێن و پارچە گۆشتی ژنەکە بەقەد پێچکەی ماشێنەکەوە بوو تێکەڵ بەقوڕ و لیتەکە دەبوو، ژنەکەش کەس نەیدەزانی ژنە یان پارچە کراسێکی خوێناوی بەسەر زەویدا ئوتوو کراو، منداڵە وردەکانی دەگریان و دەیانوت: «کوا دایکم...!» نەیاندەزانی ئەو پارچە کراسە خەڵتانی خوێنەی بەناو ئەو قوڕاوەدا ئوتوو کراوە دایکی ئەوانە، ئەوان وایان دەزانی دایکیان ونبووە، دەگریان و چاویان دەگێڕا، خەڵکیش جگە لەوەی بگریەن نەیاندەزانی چۆن ئەو منداڵانە لە دایکیان بێ تەما کەن.

ئەی قەت دەتوانی دیمەنی نان و خوێنەکەی سەر سنوور لە بیربکەی، ئەو ماشینە پڕ لە نانەی کە هێنرا بوو سکی برسی ئێوەی پێ تێر بکرێ، هەرکە خەڵکی برسی نانیان بینی بەرەو ماشینەکە غاریان دا، بەڵام ماشینەکە لە جێیەکی هەڵە وەستێنرابوو، ئەو شوێنە کێڵگەی مین بوو بەژێر پێی خەڵکدا تەقینەوە و دەیان کەس شەهید بوون و نان لە باوەشیاندا خوێناوی ببوو.

ئەوانەت لە نەستتدا شاردبووەوە تا ڕۆژێ بیانکەی بەشیعرێ یا بەداستانێ یا بەهەر شتێ کە وێنەکان لە نەستتەوە بگوازێتەوە سەر لاپەڕە و ئاسوودە بی، تا لە ئۆردووگا بووی هیچت نەدەنووسی، نەتدەتوانی هیچ بنووسی، بەڵام نەستت ببووە کۆگای گشت کارەساتەکان، هەر وەک ئەو کاتانەی کە لە هەستتدا جێگەی ئەو هەموو مەرگەساتانەی ڕۆژە درێژەکانی زیندانی تیا نەدەبووەوە کۆت دەکردەوە و مێشکی پڕ دەکردی و تەنها دوای

رزگـــار بوونت توانیت دەریان بریت، رزگـــار بوونەکـــەت ســـەیر بـوو، هەر دەتگوت کارەساتی فیلمێکی ناواقیعییە، دەرگاکەیان کردیەوە و گوتیان:

– خێرا ئامادە بە دەتبەین بۆ دادگا.

تۆ دەمێ بوو ئاواتە خواز بووی بدرێیتە دادگا و هەر چۆنێ بێ و بەهەر حوکمێ بێ بۆت روون بێتەوە دەیانەوێ چیت لێ بکەن، هۆڵی دادگات لاسەیر بوو، پێشتر تەنها لە فیلمدا بینیبووت، هەمیشە هەستت دەکرد ئەو مرۆڤەی لە قەفەزەکەدایە بێ تاوانە، زۆربەی جاریش هەستەکەت راست دەبوو، لە کۆتایی فیلمەکەدا دەردەکەوت کە مرۆڤی ناو قەفەزەکە ئەو ئاژەڵە دڕندەیە نییە کە پارێزەری گشتی نەفرەتی لێ دەکا، دەردەکەوت کە مـــاوەیەکی دوور و درێژە ئەویان لە پای هیچ بەند کـــردووە و ئازار و ئەشکەنجەیان داوە. یەکەم جار پێکەنین گرتبووتی کە خۆت لە ناو ئەو قەفەزە بینییەوە و دوو پۆلیسی پاسەوان بەچەکەوە لەم لا و لەولات وەستا بوون، لە دڵی خۆتدا دەکەوتیتە گومان ئایا بەراستی تۆ تاوانباری و لەم قەفەزەیان ناوی یان هەر رۆڵێکە و بۆ فلیمێک دراوەتە تۆ و لە کۆتاییدا دەردەکەوێ بێ تاوانی و رزگار دەبی، بەڵام دەکەوتەوە بیرت کە تۆ ئەکتەر نیت و شاعیریت، حەزت دەکرد ببی بەئەکتەر و لەسەر شانۆدا رۆڵ ببینی، بەڵام ئەو خەونەت نەهاتە دی و لە شیعرا هاتەدی، لە قەفەزەکەدا راوەستابووی وەکو پەیکەر، رێک راوەستابووی و سەیری پێشەوەی خۆت دەکرد، مێزێکی درێژی بریقەدار سێ کەسی هاو قەبارەی چوار گۆشەیی وەک سێ تاوێری نارێک لە پشتییەوە دانراون، لە لای راستییەوە، مێزێکی بچووکتری بریقەدار، پیاوێکی درێژی سەر رووتاوەی لە پشتەوەیە، لە خوارەوەشی مێزێکی تر، پیاوێکی ئاسایی لە پشتەوەیە، لە بەرامبەریاندا چەندان ریز کورسی چۆل و هۆڵ، سەرەتا بێ دەنگی هۆڵەکە و نەجوولێیی تۆ و ئەوان ترسێکی سامناکی خستە دڵتەوە، وات دەزانی هێنراوی بۆ مۆزەخانەیەکی کۆن کە پێش سەدان ساڵ هۆڵی دادگا بووە و ئەوەش پەیکەری تاوانبارەکەی، هێندێ خۆت جولاندەوە تا دڵنیابی لەوەی



پەیکەر نیت، پیاوە چوار گۆشەییەکەی ناوەڕاست جولەیەکی کرد، هێمایەک بوو، یەکسەر دەنگێکی بەرز لە سەرتا دەنگێکی ترسناکی دایەوە.

– مەحکەمە!

سێ کەسە هاوقەبارەکە بەچپە چپ هێندێ شتیان بەیەکتر وت، تۆش سەرنجت چەقیبووە وێنەی تەرازووە هاوسەنگەکەی کە لەسەر سەری ناوەڕاستینەکەیان هەڵواسرابوو، ئەو تەرازووە هێمای دادپەروەری بوو کە برینەکانی تۆی دەهێنایە سوێ، دە رۆژ یان بیست یان زیاتر لەو ژێرخانە ترسناکەدا دەیان دەزگات بینی و پێت تاقی کرایەوە، ساڵێکی دوور و درێژە لە ژوورێکی ئینفرادیدا دانراوی و وەکو ئاژەڵ تەماشات دەکەن، تەنها چەند رۆژێ لەگەڵ ئەمەلدا دایاننای و نەیان هێشت قسەش بکەن، تەنها بەسەرنج یەکتریتان دەدواند، ئێستاش دوای ساڵێ تەمەنی زیندانی بوون بەرامبەر ئەم تاوێرە چوار گۆشەییانە دایاننای کە دەچپێنن بەگوێی یەکتردا و دەیانەوێ مەلەفەکەت تاووتوێ بکەن، تۆ سەیرت دەکردن و ئەوانیش بەدەم هەڵدانەوەی دەیان لاپەڕەی مەلەفەکەتەوە جار جارسەیرێکی دەموچاوی تۆیان دەکرد و تووڕە بوونێک دەموچاوی داگیر دەکردن، تووڕە بوونەکەشیان ئاوێتەی سەرنجێکی پڕ لە سەرسوڕماوی دەبوو کاتێ سەیری جەستەی باریکی تۆیان دەکرد دەم و چاویشت منداڵانەتر دیار بوو لە شانزە ساڵ، لە پڕ بیرت هاتەوە کە ئەو رۆژە رۆژی لە دایک بوونتە، ئەو ئێوارەیە لە دایک دەبی، ئێوارەی نەورۆز، چەند رێکەوتێکی سەیرە، باوکیشت لەو رۆژەدا گیانی دا بەدەستیانەوە، فرمێسک چاوەکانی پڕ کردیەوە، وەک ئەوەی یادی مەرگی باوکت بکەویتەوە و یەکەم شیوەن بۆ مەرگی خۆشت بگێری، ئەوانە پەڕە پەڕە مەلەفەکەیان هەڵدەدایەوە و تۆش بەرگری ئەو فرمێسکانەت دەکرد کە پڕ بەچاوەکانت بوون و نەت دەهێشت برژێن، ئەو بیرەوەرییە تاڵەی کە بیرت کەوتەوە، لە دایک بوونی خۆت و مەرگی باوکت خستیانیتیە گومانێ کە هەر لەو رۆژەدا حوکمی لە سێدارەدان بۆ

تۆش دەردەچێ و لە پێنجەم ساڵڕۆژی مەرگی باوکتدا حەڤدەیەم مۆمی تەمەنی تۆ دەکوژێننەوە، زەمەن چەند سەیر دەڕوا، ساڵێکە بەندی، کاتێ گیرای شانزە ساڵ بووی و باوکیشت چوار ساڵ بوو گیانی دابوو بەدەستیانەوە، بیرەوەریەکانت بەدەنگی حاکمی شۆڕشەکەیا پچڕا، پرسی:

– ناوت چییە؟

ساڵێ بوو ناوەکەت لەبیر کرابوو، کەسێ نەبوو بیڵێتەوە، تەنانەت دەنگە بەسۆزەکەی دایکت کە لە خەو هەڵی دەستاندی و بەهێمنییەوە دەیگوت:

– «نەورۆزەکەم... هەستە باوانم درەنگە بۆ قوتابخانەکەت.»

تەنانەت دەنگە هەژێنەرەکەی بەهار کە کتێبەکەی دەهێنا و دەیگوت:

– «دادە نەورۆز ئەم دەرسەم پێ بڵێرەوە!»

ساڵێکە گوێت لە ناوی خۆت نەبووە، بەگومانەوە وتت:

– نەورۆز بایز.

– تەمەنت چەندە؟

– حەڤدە ساڵ.

هەستت دەکرد ئەو ساڵە نەژیاوی بەڵکو ساڵێ مردووی، نەک ساڵێ، هەستت دەکرد دە ساڵ مردووی، ئەو ساڵە ساڵ نەبوو، ئەو ڕۆژانە ڕۆژ نەبوون، ئەو شەوانە شەو نەبوون، نەتدەزانی ناویان بنێی چی، نەتدەزانی بەچی بیانپێوی، بەزامەکان، یان بەو مەرگەساتانەی کە سووکایەتییان پێ دەکردی و دەیان جنێویان پێ دەدای، بەتایبەتی ئەو کاتانەی لێیان دەدایت و پێیان دەگوتی: ئاژەڵ!... نەت دەزانی تۆ ئاژەڵی یان ئەوان؟ بەڵام تۆ گیاندارێکی بێ دەسەڵات بوویت ئەوان دڕندەیەکی پەلاماردەر، تۆ بچووک بوویت و ئەوان هەریەکەیان بەقەد تاوێرێکی چوار گۆشە بوون، هەر وەک ئەم تاوێرانەی کە ئێستا تۆیان خستۆتە ئەم قەفەزەوە و تەماشات دەکەن،



پیاوە ناوەڕاستینەکە پرسی:

– تۆ ئەم هەموو شیعرەت نووسیووە؟

کە وای وت مەلەفەکەی بەرز کردەوە، مەلەفەکە پڕ بوو لە کاغەز، سەد لاپەڕە دەبوو، سەرت سوڕما، تۆ تەنها کۆپلەیەک شیعرت نووسیبوو ئێستا دیوانێکت بۆ ڕێک خراوە، خێرا گوتت:

– نەخێر؟

– بەڵام تۆ ئیمزات کردووە کە هی تۆن.

– من تەنها یەک کۆپلە شیعرم نوسیووە و هەر بۆ ئەوەش ئیمزام کردووە.

– ئەی ئەم هەموو شیعرانە؟

– نازانم!

– لێیان داوی؟

– بێ گومان بەهەموو چەشنێ!

لەگەڵ دادگەری لای ڕاستی هێندێ چپەچپی کرد و لەگەڵ ئەوەی لای چەپیشی هێندێکی تر، تۆش هەر سەرت سوڕمابوو، دادگایان دواخست بۆ هەفتەیەکی تر، حەوت ڕۆژی تریش بردیانیە زیندانێکی تر، زیندانەکان هەموو لە یەک دەچوون، تەنها بەناوە نووسراوەکانی سەر دیوارەکان دەتزانی ئەو زیندانە ئەوی پێشوو نییە، سەدان ناوی جیاوازی لەسەر نووسرابوو یان هەڵ کۆڵرابوو، دەتزانی هەریەکە لەو ناوانە کەسێکی وەک تۆن و داستانێکی جەرگ تەزێنی وەک ئەوەی تۆیان هەیە، لەو زیندانەشدا دەیان پەڵە خوێنی وشکی ترت دی، خوێنەکان دەتگوت لە گروپی خوێنی تۆن، قاوەیی دەچوونەوە، تۆش لە گروپی خوێنی باوکت بووی، ڕەنگێکی یاخی هەبوو ئەو گروپە خوێنەی ئێوە، دەتگوت دەشریخێنێ و دەیەوێ دیوارەکان بڕووخێنێ، دەتگوت هەڕەشە لە دیوارەکان دەکا، گروپێکی ڕاپەڕیو بوو ئەو خوێنەی ئێوە، تا بنمیچەکەش هەڵزنابوو، دەتگوت هەڕەشە لە بنمیچە

کۆنکریتەکان دەکات.

ئەو حەوت ڕۆژەت لە زیندانێکی تر تەواوکرد و دووبارە بردیانیەوە بۆ نێو قەفەزە تاوانبارییەکەت و بەرامبەر بەسێ کەسە هاوقەبارە چوار گۆشەییەکە ڕایان وەستاندی دووبارە دەنگە تیژەکە گوێچکەی سمیت و سەدا ترسێنەرەکەی لەناو ڕۆحتا دەنگی دایەوە.

- مەحکەمە!

ئەمجارە هیچیان لە تۆ نەپرسی، تەنانەت ناو و تەمەنیشت، ڕێک بەرامبەریان وەستابوویت و سەیری تەرازووەکەی سەر سەریانت دەکرد، هەستت دەکرد تەرازووەکە پارسەنگ نییە و لایەکی بەرز و لایەکی نزمە، چاوت هەڵ کلۆفت، وات دەزانی چاوت ڕێشکە و پێشکە دەکات، قازییەکان لە چپەچپ کردنی خۆیان بوونەوە، ئەوەی ناوەڕاستیان پارچە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو خوێندیەوە. «بەپێی یاسای ژمارە (...) فەقەرەی (...) بڕیارمان دا تاوانبار نەورۆز بایز بەکەفالەتی هەزار دینار ئازاد کەین، چونکە دوای لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت کە مەلەفەکەی بەهەڵە لە مەلەفی زیندانیەکی تر دانراوە».

سەرت دەسووڕا، هۆڵەکە لە بەردەمتدا کەوتە جووڵە جووڵ، قازی و کەسەکانی تریش کەوتنە سەماکردن، تەرازووەکەش لاسەنگ دەبووەوە جارێک بەملا و جارێک بەولا، کاتێ بەئاگا هاتییەوە، هۆڵەکە تەنها دوو پۆلیسەکەی تیا مابوو کە هەر یەکە و قۆڵێکیان گرتبووی، ڕێک وەکو ئەو فیلمانەی کە لە کۆتاییدا دەردەکەوێ تاوانبار بێ تاوانە و تەرازووی دادگا تەرازوو نییە، پۆلیسەکان هێنایانییە دەرەوەی هۆڵی دادگا و لە ژوورێکدا هەر دە پەنجەی دەستیان مۆر کردی، دووبارە چاویان بەستیەوە سواری ئوتۆمبیلێکیان کردی، سەیرت پێ هات، باشە دووبارە بۆ کوێم دەبەن؟ ئەی قازی ئازادی نەکردم؟ بشێ قسەکانی ئەمان ماناکانی پێچەوانە نەبێ؟ ئەگەر نا بۆ دووبارە چاوەکانیان تووند شەتەک داوم و دەبێ بۆ کوێم ببەن!؟



بۆ شارەکەی خۆت، بەڕەڵایان کردی، نیوە شەو بوو لە تاریکیدا خەریک بوو کۆڵانەکەی خۆتان نەناسیتەوە، گێژ و وێژ و ماندوو بووی، لۆژە لۆژە دەڕۆیشتی، ڕاوەستای تاریکی نەیدەهێشت ڕەنگی دەرگاکە ببینی و دڵنیابی لەوەی ئەوە ماڵی خۆتانە، لە دەرگات دا، دایکت بەترسەوە دەرگای کردەوە، وتت:

- دایە! ئەوە منم... نەورۆز...

تۆزێک ڕاوەستا، دەتگوت گومان دەکا لەو ڕاستییە و وا دەزانێ خەونە، دووبارە هاوارت کرد و باوەشت پیا کرد:

- دایە گیان...!

هێند توووند باوەشتان بەیەکدا کرد دەتگوت دوو جەستەی پێکەوە نووساون و ناتانەوێ لە یەکتر ببنەوە، چاوەکانی هەردووکتان فرمێسکی دەباراند، بۆنی یەکترتان دەکرد، یەکترتان دەلستەوە، کاتێ جەستەتان لە یەک ترازاند دایکت دەرگاکەی توووند داخست وەک ئەوەی بترسێ ئەوان دووبارە بێنەوە بتبەن، چوونە ژوورەوە، بەهار نووستبوو، هەر بە نووستوویی تێر تێر ماچت کرد هێندە بەتووندی ماچت دەکرد چاوەکانی کردەوە، بەچاوە خەواڵووەکانی سەیری دەکردی و وەک ئەوەی باش نەتناسێتەوە، بەڵام تۆزێکی تر وریا بووەوە و دەستی لە مل کردی و تێر ماچی کردی و گوتی:

- دادە نەورۆز گیان ئەوە تۆی... ئینجا سەیرێکی دایکتی کرد و بەهێمنییەکی پڕ لە دڵنیا بوونەوە پێی گوت:

- دایە گیان نەم گوت دادەم ماوە و بەردەبێ...

***

## ٥

– دیسان چوونەتەوە بۆ پایتەخت.

– بۆچی؟

– مفاوەزات.

– ئەوان چەند ڕۆژێ پێش ئێستا نەهاتنەوە و وایان دەربڕی کە مفاوەزات سەرناگرێ؟

– دووبارە و سێ بارەش دەچنەوە... لێبوردنی گشتی لە پایتەختەوە دەرچووە و ئەمانیش داوا لە خەڵک دەکەن بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان.

– بەڕاستیتە؟

– ئێستگەش ڕای گەیاند... وا خەڵک وەک چۆن بەلێشاو هاتن ئاواش بەلێشاو دەڕۆنەوە.

– ئەی مەسەلەی چارەنووسی میللەت؟

– داوای ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەمان بۆ دەکەن.

– دیسان ئۆتۆنۆمی؟

– ئەگەر بیشیدەن باشە.

***

– ئێوە ناگەڕێنەوە؟

– نەخێر... بشمرم ناگەڕێمەوە، دیسانەوە بەسەرشۆڕیی لە ژێر دەستی ئەواندا بژیم؟

– ئێستا وەک جاران نییە، پێشمەرگەش لە شاردایە.

– تا کەی؟



– هەتا مفاوەزات بەردەوام بێت.

– ئەی دوای ئەوە چی بکەین؟

– بڵێم چی، ئێمەش وەک ئەو خەڵکە کە بەلێشاو دەگەڕێینەوە.

– من ناگەڕێمەوە، با هەر لەژێر ئەم ڕەشماڵەدا خۆم و منداڵەکانم دابڕزێین، نەخێر قەد تەحەمولی بینینی ئەوانم نەماوە.

– بەخوا منیش تەحەمولی ئەم پاسدارانەم نەماوە، ئەم سەگانەش وەک ئەوان درن، بەچاک و خراپ پێمان دەوەڕن.

***

– دەڵێن لەم ڕۆژانەدا بەیان دەدرێ.

– بەیانی حوکمی زاتی؟

– بەڵێ... خۆم گوێم لێ بوو لە ئێستگە باسی کرد.

– ئەم قسانەی دەیکەن هەمووی درۆیە... چاومان پێی ناکەوێ.

***

– دەبێ بچینەوە لەسەر هەردەکە بخەوین.

– بۆ؟ ماڵی ئێوەش تالاّن کراوە؟

– دار و بەردیشیان سووتاندووە، شار بەجارێکی کاول کراوە.

– وتمان ئەم کۆڕەوە ئەنجامێکی دەبێ کەچی هیچ! دەڵێن تەلەفیزۆن پێشانی داوە، چۆن ئەملا و ئەولای دەلێسنەوە و ماچی دەکەن.

– بۆ نایکەن... ئەمانە خاوەنمانن بۆیە وا چاکمان شۆڕە.

***

ئەوانە قسە و باسی ڕەشماڵەکان بوون، دایکت چاوەڕێی بڕیاری تۆ بوو، چی بکەن بمێننەوە یان ئێوەش بگەڕێنەوە شار، دوو ڕیانێکی سەختە، ڕێگاکان ڕێ نین، هەردووکیان بەدڕکەزیی تەنراون، مەرگەساتی ئۆردووگا

و کارەساتی شار، وردە وردە ڕەشماڵەکانی دەور و بەرتان هەڵ دەگیرێن و دەور و بەرتان چۆل دەبێ، تۆش بڕیاردانت لا سەخت بوو، دەتگوت قەت لە تەمەنتا هاوکێشەی وا لاسەنگت تووش نەبووە، بەهار ئەمساڵ دەبێ بخوێنێ و دەرچێ تا بچێتە کۆلیج، ئاوات منداڵێکی بچوک و بێ کەسە و لە شاردا چاکتر بەخێو دەکرێ، دایکیشت بەساڵاچووە و ئیدی با لە مەرگەساتی ئاو هێنان و دەردەسەری ئۆردووگا ڕزگاری بێت، تۆش هەرچەندە حەز دەکەی دێوو درنج ببینی بەڵام جارێکی تر ڕوخساری ئەوان نەبینی. ناچار بووی بڕیاری گەڕانەوە بدەی، تازە چارەنووسی تۆ و سێ ملیۆنی تریان بەمفاوەزات دیاری کردووە، تازە بەزۆر مارەی میللەت لە ئۆتۆنۆمی دەبڕن، بڕیارتان دا سبەی بگەڕێنەوە.

ئێوارەیەکی سەیر بوو، دڵت دەگوشرا، هەستت دەکرد لە کێڵگەیەکی دڕکدا گیرت خواردووە و چۆن پەل دەهاوێژی دڕکت پێدا دەچەقی، دەتویست بەناو هەموو بیرەوەری خۆتدا بگەڕێی تا تروسکاییەک لە ڕابردووی دوور و نزیکتا ببینی، نایبینی، هەموو ساتەکانی ڕابردوو لە قەتران هەڵکێشراون، دەگەڕێیتەوە بۆ زۆر منالّیی، ئەوساتانەی کە شەوان لە سەربان دەنووستی و دایکت چیرۆکی منداڵانەی بۆ دەگوتی، خێرا بیرت دەچێتە لای چیرۆکەکەی گیسکەکەی هەیاس کە ئەوسا ئاسایی بوو لە لات، وەک ئەو سروودانەی مامۆستا پەخشان فێری دەکردن و لەبەرتان دەکرد، کە دەهاتیتەوە و بۆ دایک و باوکت دەوتەوە، ئاخیان هەڵ دەکێشا، بەکون بەکونی بیرەوەریەکانتدا دەچی و تەنها ئەو ساتە شەنگانەی تیا دەبینی کە لەگەڵ سوارەدا دادەنیشتی و چەند قسەیەکتان دەکرد:

– دەمەوێ شتێکی ترت بۆ بدۆزمەوە و پێت بڵێم، وشەی «خۆشم دەوێی» کۆنە، زۆر وتراوەتەوە، سوارە.

س– من دەمەوێ بەکردەوە گوزارشت لەم عەشقەمان بکەین.

– سوارە گیان! شیعرەکانیشم بێ توانان لە دەربڕینی ئەم ئەوینە.



– دەبا تێر ماچت کەم.

ئەوە ماچ بوو یان پەیام؟ چەند گوزارشتێکی پڕ بەپێستی خۆشەویستییە، هەستت دەکرد هەموو وشەکانی هەموو فەرهەنگەکانی دنیا بەقەد ماچێک ناتوانن گوزارشت لە ئەوینێکی قووڵ بکەن، چەند گوزارشتێکی شیرینە ماچ، سوارە شەهید بوو، بەڵام گوزارشتێکی مەزنی لە بیرەوەریتا جێ هێشت.

گوزارشتێ کە هەردەم بیرەوەریت ئاوەدان دەکاتەوە، وەبیر هاتنەوەی مەرگی سوارە دەمی تاڵ کردی، هەستت بەخنکان دەکرد، هەستت دەکرد پێویستت بە گریانێکی زۆرە، هەستای خێرا ئاواتت لە باوەش گرت و لە ڕەشماڵەکە هاتیە دەرەوە و بەرەو کانیاوەکەی بنار شاخەکە هەنگاوت نا، بەنیازی ئەوەی گریانێکی زۆر بگریەی و دەروونت بشواتەوە، حەزت دەکرد دوور لە چاوی دایکت و بەهار بگریەی و هێندەی تر دڵی ئەوانیش تەنگ نەکەی، بەدەم ڕێگاوە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکەکانت ڕەها دەبوون و بەڕوومەتتا دەهاتنە خوارەوە، ئاواتیش بەدەستە بچکۆلانەکانی یاری بەقژت دەکرد، خەریک بوو لە کانییەکە نزیک ببیتەوە، ئەو ئێوارەیە سەرکانییەکە چۆڵ بوو، حەزت دەکرد بەتەنها بیت و کەسێ لێت نەپرسێ بۆچی دەگریت!؟ وەڵامی ئەو بۆچییە زۆ گرانە، وا بەئاسانی و بە وشەیەک نادرێتەوە، تۆش لەوساتەدا پڕی لە غوربەت و نامۆیی، زەویت لا هێندە بچووکە لە ئۆردووگا و سەرکانیەکە تێ ناپەڕێ، هەنگاوت دەنا و کەست نەدەدی، دەنگێک بانگی کردی و وریای کردیتەوە:

– نەورۆز!

– ڕزگار!

ئێوارەیەکی سەیر و ڕێکەوتێکی دڵڕفێن، نەتدەزانی چەند خێرا باوەشتان بەیەکدا کرد، سەیر بوو تەنها ماچێ لە نێوانتاندا ڕوویدا، ماچێکی سەیر بوو، هەردووکتان سڕبوون و ماوەیەک سەیری یەکترتان کرد،

تۆ فرمێسکەکانیشت هەر بەردەبوونەوە، بێ ویستی خۆت بەردەبوونەوە، دەسەڵاتت بەسەریاندا نەمابوو، ڕزگار فرمێسکەکانتی بەدەستەکانی سڕیەوە، وەکو ئەوەی چەندەها ساڵ بێ یەکتری بناسن و چەندەها ساڵ بێ لە دڵی یەکدا بن، گوتی:

– ماچ چەند گوزارشتێکی سەیرە... تەنها ئەو دەتوانێ ئەوین دەربڕێ.

هێشتا نەت دەتوانی قسەیەک بکەی، بەڵام تۆش هەستت بەو پەیامی ماچە کرد، پێکەوە چوونە سەرکانییەکە یەکەم قسە کە کردت ئەوەبوو سەیری چاوەکانی ڕزگارت کرد و وتت:

– چەند ڕێکەوتێکی سەیر بوو کە تۆم دی.

– ڕێکەوت نەبوو.

– ڕێکەوت نەبوو؟

– نەخێر، من بۆ لای تۆ هاتووم، بەپرسیارکردن دۆزیمیەوە، چوومە ڕەشماڵەکەتان دایکتم بینی و هەواڵم پرسیت وتی وا بزانم چووەتە سەرکانییەکە منیش خێرا هاتمە ئێرە.

– کەواتە تۆش بیرت لە من دەکردەوە؟

– هەستێکی سەیر بوو ئەو شەوەی پێکەوە چووینەوە شار و پەرتووکەکانت هێنا، لەو شەوەوە بیرت لێ دەکەمەوە. بەڵام چۆن بیرکردنەوەیەک، وەک ئەوەی هەموو ژیانی ڕابردووم لەگەڵتدا بووبم، زۆرم بیر دەکردی!

تۆش هەستەکانی خۆت بۆ ئەو دەربڕی. پێکەوە باسی ئاواتتان کرد، باسی ئەو منداڵەی کە ئێستا گۆشەیەکی گەورەی لە دڵتدا گرتووە، باسی ئەو هەستە مەزنەی دایکایەتی کە بەرامبەر بەئاوات هەتە، ڕزگار ئاواتی لێ وەرگرتی و لە باوەشی خۆی داینا و بەسۆزەوە ماچێکی کرد، سەیرێکی قووڵی کردی و گوتی:



– تامی ماچەکەی تۆ دەدا.

– ماچی خوایی!

بەهەستێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە دەستت لە نێو دەستی نا، ڕزگار پەنجەکانتی دەگوشی و چاوەکانیشی پڕبوون لە عەشقێکی پەتی و پێی گوتی:

– نەورۆز گیان...! من و تۆ پێویستمان بەیەکترە، ئاواتیش پێویستی بەهەردووکمانە، پێویستە هەر سێکمان پێکەوە بژین. بەخەندەیەک وەڵامت دایەوە، ئێوارەیەکی سەیر بوو، هەستت دەکرد کودەتایەک ڕوویدا و ڕژێمی سروشتی گۆڕی، سروشتی دەروونی تۆشی گۆڕی، ئاوات پێدەکەنی، دەتگوت هەر لە ڕۆژی لە دایک بوونییەوە ڕزگار دەناسێ، بۆی دەتربقایەوە، پێکەوە هاتنەوە بۆ ڕەشماڵەکەی خۆتان، دایکت چەند شادمان بوو بەو دەنگ و باسە کە دەمێک بوو حەزی دەکرد ڕوویدا زۆر جار پێی دەگوتی:

– نەورۆز گیان...! تازە سوارە کۆتایی هات، دەبێ چارەنووسی خۆت ببینی و شووبکەی...

– کێ وەک سوارە دڵسۆز دەبێ بۆم؟ کێ وەک سوارە خۆشی دەوێم؟

هەر ئەوەندە بوو لە خۆشیان بگریی، بەهاریش شادمان بوو بەو هەواڵە و پیرۆزبایی لێ کردن، ئەوشەوە تا درەنگێ دانیشتن و قسەتان کرد، هەروەکو بڕیارتان دابوو سبەینێ گەڕانەوە، ڕزگاریش تا ماڵەوە لەگەڵتان هات، ڕزگار پێی گوتی چەکەکەی داناوە و ئێستا پێشمەرگە نییە، دەیەوێ دەست بەتەواو کردنی خوێندنەکەی بکا، هەر ئەو هەفتەیە کاروبارتان ڕێک خست و ئیتر پێکەوە ژیان، ژوورێکی بچکۆلە لە ئاپارتمانێکی سێ نهۆمی، جاران ئەو شوێنە زیندان بوو، ئێستا ئێوە و چەندەها ئاوارەی تری تیا دەژێ، کەس و کاری ڕزگاریش تەنها دایک و باوکێکی بەساڵاچوو بوو، براکەشی لە هەندەران دەژیان، ئێوە لەو ژوورە و دایکی و باوکی ڕزگاریش

له ژوورەکەی تەنیشتتان دەژیان.

ئاوات لەبەر چاوتدا ڕۆژ بەڕۆژ گەورە دەبوو، هەردووکتان دنیایەک دڵتان پێی خۆش بوو دنیایەک هەستی دایکایەتی و باوکایەتیتان تێ ڕووا بوو بەرامبەری، بەقەد ئەوەی یەکترتان خۆش دەویست ئاواتیشتان خۆش دەویست، ئاوات بۆ ئێوە ئاوەدانی و ئاوات بوو.

***

– نامەیەکم لە ئازادی برامەوە پێ گەیشتووە.

– دەڵێ چی تیایدا.

– پێشنیاری بۆ کردووین بچینە ئەوێ.

– ئێمە؟

– بەڵێ بۆ ئەوەی لەوێ خوێندنەکەم تەواو بکەم. ڕات چییە؟

– ڕزگار گیان بڕیاری وا سەختە ئەبێ زۆر بیری لێ بکەینەوە.

– تۆش دەتوانی درێژە بەچالاکی ئەدەبی خۆت بدەی و بخوێنی و ئاواتیش چاکتر پەروەردە دەبێ.

– لەوە دەچێ تۆ حەز بکەی؟

– با پێکەوە بیری لێ بکەینەوە.

***

دیسانەوە کۆچ، ئەو وشەیە دەیترساندی، کۆچ بەرەو هەر کۆی بوایە موچوورکی ترسی پێدا دەهێنای، زیندان، سەرسنوور، هەندەران، ئەم کۆچانە چین تووشتان دەبن، کامیان دوا کۆچە، کۆچی دوایی؟ وشەیەکی ترسناکترە، ئەی چییە وا بەم ژیانە سەختەت دەبەستێتەوە، بشێ خۆشەویستی نەبێ؟

گومان دەکەی، تەنها ئەوە بەبوونەوە گرێت دەدا، خۆشەویستی مرۆڤ، سروشت، شیعر، دایکت، ئاوات، سوارە، ڕزگار، بەهار، باوکت، گەلێ



کەسی تر، جاری وا هەیە هەست دەکەی دڵت جێگەی ڕقی تیا نەماوە هێندە سیخناخە بەخۆشەویستی، جاری وا هەبوو بیرت دەکردەوە ئایا ڕقت لەوانە نییە کە لە زینداندا ئەشکەنجەیان دەدای؟ ئەوانە باوکتیان کوشت، ئەوانە سوارەیان کوشت، ڕاویان نان و وڵات بەدەریان کردن، شاریان سووتاندن و دێکانیان وێران کردن، کانیەکانیان کوێر کردنەوە، ڕەز و باخەکانیان تێک دان، نەت دەزانی ئایا ڕقت لێیانە یان هەر تەنها خۆشت ناوێن؟ زۆرتر بیرت دەکردەوە، دەگەیشتیتە ئەو یەقینەی خۆشت ناوێن، کە هەست دەکەی ڕقت لێیانە، ئەوان ژیانیان لێ کردووی بەدۆزەخ، یەک بەیەک ئازیزەکانت هەڵدەبژێرن و ئازیزەکانی خەڵکی تریش هەڵدەبژێرن و دەیکوژن. ئایا دەتوانی تۆش وا لەوان بکەی گەر دەستت کەون، بیرت دەکردەوە، گریمان بەردەستت دەکەون و تۆ دەبیتە دەسەڵاتدار دەتوانی وەک ئازاریان دای ئازاریان بدەی، وەک ئازیزانیان کوشتی ئازیزانیان بکوژی، لە وشەی کوشتن چاوت دەنوقاند، هەرگیز، بەو هەموو کۆست و ئازیز مردنە هێند ناسک ببویتەوە قەت بیرت لەوە نەدەکردەوە ئازاری کەس بدەی و ئازیزی کەس بمرێنی، شاعیر کەی دەتوانێ دڕەندە بێ؟ تۆش بیان گوشیبای شیعرت لێ دەچۆڕا، هەست و سۆزی پاراوت لێ دەچۆڕا، بەهێمنییەوە فرمێسکەکانت دەبوون بەشیعر، خەڵک ئەو فرمێسکانەیان دەخوێندیتەوە و ئافەرین و دەستخۆشییان لێ دەکردی، بەڵام هێشتاش کەسانێ هەبوون لەبەر ئەوەی ئافرەتی دانیان پێدا نە دەنای، جا چییە، با هەر دانت پێدا نەنێن، ئەوان دەترسێن، لە چاوی ئافرەتی یاخی زۆر دەترسێن، لە قەڵەمی یاخی زۆر دەترسێن، تۆش تا سەر ئێسقان یاخی بووی و بەڕووی گشت ناتەباییەکدا دەتگوت نەء... ! نەئەکانت شریخەی هەور بوون و گوێی ئەوانی کاس دەکرد، قەڵەمەکەت سەربەرز و سەرکەش و یاخی بوو دەیزانی چۆن دەچێ بەگژ هەموو یاسایەکی ناتەبا، ئەوان دژایەتیان دەکردی، شەڕێکی نهێنییان لەگەڵ دەکردی، دەیانوسیت ماندووت کەن و هەناسەت سوار بێ و ئیدی توانای ئەو جەنگە نهێنییەت نەمێنێ و ئاڵای سپی هەڵ

کەی، تۆش تۆوی یاخیبوون زیاتر لە ناختا دەڕسکا و بڕیارت دابوو تۆ ئاڵای سپی بەوان هەڵکەی، جەنگی نهێنی تا ئێستاش بەردەوامە، هەناسەت سوار نەبووە و بەردەوام بەگژیاندا دەچیتەوە، لاپەڕە مەیدانی ئەو جەنگەتە و پێنووس جوانوویەکی تووند و تیژە، بڕیارت وایە تا کۆتایی هاتن نەوەستی.

ڕزگار پشتیوانتە، بەو پشتیوانییە هەنگاوەکانت پیرۆزتر دەکا، سەرەڕای کارەسات و کۆچ، سەرەڕای نەبوونی و برسێتی هێشتا هێزی ئەو جەنگە نهێنییەت تیا ماوە.

بیرت لەو کۆچەش کردەوە، چۆن ئەو خاکە بەجێ بێڵی؟ لە پێناوی چی؟ بیرت دەکردەوە، بەدەنگی بەرز تۆ و ڕزگار بیرتان دەکردەوە:

– چۆن ئێرە بەجێ بهێڵین، ئێمە هونەرمەندین، پەیامان پێیە و ئێستا کاتی گەیاندنی ئەو پەیامەیە.

– دەتوانین پەیامەکەمان بەهێزتر بێ و کاریگەرتر بێ، ئێمە دەبێ لە پێناوی نزیک بوونەوەدا دوور کەوینەوە.

– من پێویستە مەیدانی ئەم جەنگە نهێنییە چۆڵ نەکەم.

– نەورۆز گیان...! دەتوانی ئەم جەنگە هەر بکەی، گشت دنیا مەیدانی جەنگی پێنووسە، تۆ دەتوانی بەفێر بوونی زیاتر و پێگەیشتن ئەو جەنگە باشتر بگێڕی.

***

– ئەو تەقانە چین؟

– شاییە... کاک «شاسوار» ژن دێنێ.

– ئەی ئەو هەموو تەقانەی بۆچییە، خۆ وام زانی شەڕە.

– ئاخر فەرماندەی بەتالیۆنە و کچی «ئەوڕەحمان» بەگی هێناوە!

***



– هەرچی هەبوو ئاودیویان کردەوە، تەنانەت کورسی و مێزی قوتابخانەکانیش!

– ئێ خۆ ئەو شتانە مڵکی حکومەت نین وا تاڵانی دەکەن، ئەی منداڵەکانمان چۆن بخوێنن، تۆ بڵێی قوتابخانەکان داخرێن؟

– شۆڕشی وام قەت نەدیوە و نەبیستووە، سەر و ڕیشم سپی کردووە قەت نەم بیستووە شۆڕش وابێ!

– کێ دەیکا و کێ دەیخوا!

***

– قڵێشاوەتەوە.

– دیسان شەڕە؟!

– مفاوەزات تێک چووە و دیسانەوە شارەکان بۆردومان دەکەن.

– سەرباز و ئەمنەکانی ناو شاریش تەقە لە خەڵک دەکەن.

– پێش تۆزێ منداڵێکی دوو ساڵە لە باوەشی دایکی کوژرا، گوللەیەک بەر سەری کەوت.

– دەڵێن ئەوە دایکی نییە، گرتوویەتییە خۆی.

– منیش بیستم کە لە کۆچ و ڕەوەکە دایک و باوکی بەهێرشی فڕۆکە شەهید کراون.

***

ئاخری جگەرت سووتا و کۆستێکی تریشت کەوت، ئاخری گشت ئەو نەخشانەت هەڵوەشانەوە کە بۆ پەروەردە کردنی ئاوات لەگەڵ ڕزگاردا کێشاتان.

ئاوات گیان، ئەی ئەو گوللەیە بۆ بەر سەری من نەکەوت تا مەرگی تۆ نەبینم، ئەم لە دایک بوونەی تۆ لە چ زەمەنێکی هاردا بوو، چ دیدارێکی کورت بوو هاتنە ژیانت، ئەوەتا شێت دەبم بۆ ئەم مەرگە چاوەڕوان

نەکراوەی جگەرمی کون کرد.

ئاوات لە کوێی ئەم تاراوگە گەورەیە بم وەک برینێکی قووڵ لە جەرگمای و لەگەڵ خۆمدا دەتبەم، ئەمە زەمەنە یان هیستریا ؟ مەرگ و شێت بوون هەڵدەقووڵێن.

ئەی بۆ نەبووم بەقەڵغانت، بەسەنگەرت تا ئەو سەرە بچکۆلەیەت بپارێزم، ئەم مەرگە لە کەیەوە بەدواتدا دەگەڕا، چۆن توانی لە ناخی مندا بتدۆزێتەوە، ئاوات گیان، کۆرپە شیرینەکەم خۆ تۆ لە ناخی مندا بووی چۆن مەرگ شەرمی لەو هەموو بەدبەختییەم نەکرد و ئەو هەموو کۆستەی خستم، بۆ نەمتوانی بتپارێزم، ئاوات گیان چۆن بۆت بگریەم لە کاتێکدا ئیدی گریانیش ناتوانێ دەروونم بشواتەوە، چۆن گوزارشت لەم مەرگەت بکەم لە کاتێکدا شیعر لاڵە و گەورەییت بچوکی کردوومەتەوە، تۆ گەورە بووی لە دڵمدا بەقەد ئەو ئاواتانەم کە نەهاتنە دی، بەقەد ئەو ئاواتانەی کە ئێستا لە دڵم دان، گەورەییت لاڵی کردووم و ناهێڵێ هیچ بڵێم.

دەمویست ژیانمت بۆ تەرخان بکەم، بەجۆرێ پەروەردەبی لە هەموو شوێنێ دیاربی و پەنجەت بۆ ڕابکێشرێ، چاوەکانت گەشی و هیوایەکی سەیریان تیا بوو، دەتگوت پەیامی پێغەمبەری ڕاستیت، دەمویست بۆ ئەو مەبەستە پەروەردەت بکەم و تۆ بتوانی گشت یاسا ئاوەژوو بووەکان ڕاست کەیتەوە و گشت ناتەباییەکان تەبا کەیتەوە، دەمویست بەجۆرێ پەروەردەت کەم ببی بەپەیامبەری ئەو خەڵکەی جڵەویان لە دەستی پەیامبەرە درۆزنەکانە، ئەو پەیامبەرە تەڵەکەبازانەی یاری بەچارەنووسی خەڵکەوە دەکەن.

ئاوات گیان چۆن توانییان لە باوەشمت دەرکەن، خۆ من وام نووساندبووی بەسنگمەوە خەریک بوو سنگم شەق بێ و بچیتە ناو دڵە بێ ئۆقرەکەی ناو قەفەزەکەی سنگم، خوێنەکەت بەرگە سپییەکەی هەردووکمانی ڕەنگین کرد، ئەو پێغەمبەر کوژانە چۆن توانیان پێڵووەکانت داخەن؟ خۆ تۆ چاوەکانت دەتگوت خۆرن دەدرەوشێنەوە، چەند سەیرم



دەکردی وێنەی ئەو پەیامبەرە دڵسۆزەم تیا دەبینی، بشێ ئەوانیش ئەو پەیامەیان لە چاوەکانت نەدیبێ و هەر بۆ ئەو مەبەستە ئەو شەڕەیان هەڵ نەگیرساند بێ، هەر دوای مەرگی تۆ شەڕیش کپ بووەوە دەتگوت ئامانجەکەیان پێکاوە، دووبارە شار وەکو خۆی لێهاتەوە، دووبارە هەموو لایەک ڕێک کەوتنەوە و مفاوەزاتیش بەردەوام بوو...

ڕێک دەتگوت ئەو پەیامە نهێنییەی داهاتوویان لە چاوتا دیبوو، پێغەمبەر کوژەکان کوشتیانی، ئاوات گیان تۆیان لێ سەندین و بردیانیە تاراوگەی گۆڕستان.

دوای مەرگی ئاوات ژیانت مانایەکی تری گرتە خۆ، دەتگوت خۆ بۆ لە دایک بوونی ئاواتێکی تر ئامادە دەکەی، دەتویست بەلەدایکبوونێک وەڵامی مەرگ بدەیتەوە، بەلەدایک بوونی پێغەمبەرێکی ڕاستی شەڕ لەگەڵ پێغەمبەرە درۆینەکان بکەی، یاخی بوونت لێ هەڵدەقوڵا.

– نەورۆز گیان... با لە پرسە و بەرگی ڕەشی ئاوات دەرچین.

– بەلەدایک بوونی ئاواتێکی تر دەتوانم لە پرسەی ئەو ئاواتە مەزنە دەرچم ڕزگار گیان!

– کەواتە با بناغەی ئەو ئاواتە دانێین.

ئەو ئاواتەی کە ئێستا لە سکتایە، کە لە دوو توێی ڕۆحتا هەڵت گرتووە بەرهەمی خۆشەویستییەکی مەزنە کە لە تێک ئاڵانی دوو جەستەی یاخی و ئاگر ئاسای تۆ و ڕزگار دروست بووە، تۆ و ڕزگار چاوەڕوانی لە دایک بوونی ئاواتن، ئاواتێکی پێغەمبەر، پێغەمبەری ئاواتەکان.

بڕیاری ئەم کۆچەتان دا، تا ئەو ئاواتەی لە دایک دەبێ نەکەوێتە کەمینی پێغەمبەر کوژەکانەوە، تا ئاواتێکی گەورە و پێگەیشتوو بگەڕێتەوە و بەگەورەیی پەیامەکەی بگەیەنێ، تا بەساوایی نەیکوژن.

ڕزگار مانگێکە گەیشتووەتە ئەوێ، ئێستا بەپەرۆشەوە وەستاوە و چاوەڕێت دەکا تۆش وەکو هەر کۆچێکی پێشووت جانتاکەت پڕە لە پەڕە

کاغەز و قەڵەم، ئەو چەکەی تەمەنێکە هەڵ گرتووە و پێی دەجەنگی، ئەو جەنگەی کە لەوەتی لە دایکبووی و تا دەمری و تا دوا کۆچ هەر بەردەوامە.

بەڵام لەم کۆچەتدا جگە لە پەڕەکاغەز و پێنووس، ئاواتێکت لە ناوەوەت هەڵگرتووە، ئەو ئاواتەی بڕیارە ببێ بەپێغەمبەر و پەیامی ڕاستی بگەیەنێ......

زستانی ١٩٩٣ سوێد



## پێڕست


پێشکەشە ........ 4
من ........ 7
یەک یەکسانە بەسفر ........ 15
گیاندان ........ 23
نیگارە ناتەواوەکان ........ 31
چرپەکان ........ 35
لە نێوانی شایی و شیندا ........ 39
گەورەبوون ........ 47
مەرگی مرۆڤ و نیوێک ........ 55
فەنتازیا ........ 61
لە ڕۆژژمێری نیگارکێشێکدا ........ 67
دۆنایدۆن ........ 73
ئای چەندم خۆش دەوێی ........ 81
کچێکی وەنەوشەیی ........ 91
زاوا شووشە ........ 105
خۆرنشین ........ 119
پەردە ........ 131
ڕۆمانی کۆچ ........ 135